# شەیتاری



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شەیتاری

کامەران ئیسحاق پەری



ناوی کتێب: شەیتاری - ڕۆمان
نووسینی: کامەران ئیسحاق پەری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٤١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٩٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## ١ مێترۆ و شەیتاری

## ... مێترۆ کتێبێکە

### شەیتاری هەوڵی نووسینی داوە..؟!

بەلاتەوە سەیرە کەسێک بیەوێت کتێبێک بخاتە بەردەم خوێنەرانی، لە پاڵیدا بنووسێت هەوڵی نووسینی داوە... لە خۆتەوە دەپرسیت چۆن؟!

– پێت دەڵێم هەوڵی نووسینیم داوە بەو مانایەی کەمن نووسەری کتێب نیم، مێترۆش یەکەمین هەوڵی نووسینی منە... تۆش دەڵێیت چ قێد دەکات تۆیش یەکێک بیت لەوان، چ زۆرە نووسەری کتێب زۆرە، منیش دەڵێم نامەوێت ببم بە یەکێک لەوان.. دەمەوێت ئەوان ببن بەمن.!

بەرلە هەموو شتێک دەبێت بزانیت مێترۆ چییە؟ کاری منیش لە ناو مێترۆ چییە؟، مێترۆ ئەو شەمەندەفەرەیە کە جەنگەڵ و قەرە باڵغی، شارەکان هێنایە بوون، ئارەزووی هێمنخوازیی دەشتییەکان بۆ ڕزگاربوونیان لە هاتوچۆو شەڕەنگیزی سەر شەقام و باژێرەکان بەس بوو بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر هێنانەکایەی مێترۆ بدەن، کاری منیش لەناو مێترۆدا جابیەکی مۆدێرنە، چاودێرم بەسەر ئەو گەشتیارانەی کە نایانەوێت بلیتی سەفەری مێترۆ ببڕن، لەڕاستیشدا سەرەتا خۆم لەوباوەڕەدا نەبووم، کە پێویستییەک هەبێت بۆنووسینی مێترۆ، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە دەبێت نهێنییەکانی کارم لەمێترۆدا بنووسرێتەوە و ببێتە هەوێنێک بۆ هۆشیاربوونەوە، ژوان لە مێترۆ چێژێکی تایبەت و جیاوازە، بۆ خوێندنەوە و ئاشنا بوون بەو جیهانە پێویستە بڕێک لەدابونەریت و کولتووری کارپێکراوی نێو میتر بزانیت، دەبێت هۆشیار بیت و بزانیت لە بەرچی هاموشۆکەرانی مێترۆ، سپێدە جگە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی مێترۆ، ئارەزووی خوێندنی هیچ ڕۆژنامەیەکی تر ناکەن.



گەڕان بە دوای جۆر و کەسیەتیی شۆفێرو جابی و موسافیرەکانیشدا، بەشێکی تری ئەو زانینەیە کە دەبێت لێی خافڵ نەبیت، بڕیاری نووسینی سەرەتاو دەستپێکێک بۆ میترۆ کارێکی سەخت و پڕئەزێت بوو، دەتونم بڵێم سەختترین و دژوارترین فەسلی مێترۆ بوو، کاتێکی زۆری لێ گرتم دواجار لە پاش گەران و پشکینینێکی زۆر من (مێترۆ)م بە شیاوترین دەروازە بۆ ناسینی شەیتاری زانی.. من وەک حیکایەت خوانێکی نەفەسدرێژ بەڵێنم داوە کە هەرچیم پێکرابێت لەپیناوگەیاندنی شتێک لەڕاستییە نەگۆڕەکان، گەیاندنی جۆری ژیان و گوزەری پر لە پرسیاری شارەوەو نەدیتراوی مێترۆ درێغی نەکەم... تۆش بەڵێنم پێ بدە کەمێک لە کاتی زۆری مێشک خەساندنی خۆتم بۆ تەرخان بکەیت، تا بزانیت "ئەم هەویرە چەند ئاو دەکێشێت" ئەوەش بزانە کە مێترۆ.. وشە بە وشەی دێر بە دێری، بەش بە بەشی تێکەڵە بە هیلاکی و شەونخونییەکی بێوچان وپاش هەموو گەڕانەوەیەکەم لەمێترۆوە ماندوو نەناسانە دەستم بە نووسینی کردووە، یەکەم دەستنووسی مێترۆ لە گەڵ لەدایکبوونی، یەکەم شەوی هەزارەی سێیەم هاتەبوون، ئەوکاتەی کە هەمووتان خەریکی ماڵئاوایی کردنبوون لەهەزارەیەک من بەمێترۆ پێشوازیم لە هەزارەی سێیەم کرد، جەنگێک بوو لە گەڵ دەوروبەرو "خود" دا... سەرەنجام مێترۆی لێ کەوتەوە بۆ من زۆر گرنگە بزانم تەمەنت چەندە کە دەبیتە خوێنەری مێترۆ، تکایە گەر تەمەنت شەستساڵ نییە مەیخوێنەرەوە!، چمکێکم ئەم جۆرە دەقانە لەپاش تەمەنی شەست ساڵییەوە چێژ لە خوێندنیان دەبینرێت... ئەو تەمەنەی کە بە داخەوە ناومان ناوە تەمەنی خانەنشینی و ماڵئاوایی لە گەنجیەتی.. تۆ دەڵێیت چی؟

مێترۆ و سەمەنگوڵ

– ڕات چییە گەر دەنگی (من) کانم بەرزتربن لە ڕەنگ وهاوارو دەنگی (تۆ) یەکانی تۆ؟

بەر لە ئێستای نزیک، ساڵانێکی زۆر لە میحنەتی جەنگ لەگەڵ دۆراوییەکانی "خود"دا بووم پێم وابوو بنیادەم کەمتر لەوە هەڵدەگرێت باسوخواس و پرسیاری هەبوونی بکرێت، لەباسی نسرمەکان دەمگوت "مەردوم خۆی چییە تا نسرمی هەبێت"؟ خۆشتان دەزانن چەند گرانە، بەهاو نرخ بدەیتە شتێک کە خۆی لە

بنچینەدا بێ نرخ و بێبەهابێ، وەلێ کارکردنم لەناو مێترۆدا هانی بەخۆدا چوونەوەو بەهۆش هاتنیدادام و ڕاستی ئەو پەندەی پێ سەلماندم کە دەڵێت.."پیشەی ڕاستەقینەی مرۆڤ بریتییە لە گەڕانەوە بۆخود" نهێنیی پێشکەوتنیش بەخۆدا چوونەوەیە، پێم وایە بەشێکی زۆری مێترۆ گەڕانەوەیە بۆ خود. پێش هەمووتان سەمەنگوڵی بۆراق دەزانێت مێترۆ چییە؟ چونکێ سەمەنگوڵ لە زۆربەی وێستگەو وەستان و نشێویەکانی میترۆ لە گەڵمدا هاوکارو هاوخەمە، بەر لە نووسینەوەیشی زۆربەی لێ خوێندووەتەوە، هەمیشە پێی وابووە کە ئەم دەقە زۆر ڕەقەو لە ناو فەرهەنگی ئەمڕۆی نووسیندا جێی نابێتەوە، دەتوانم بڵێم هەر ئەمەشە وای لێ کردم لە نووسینەوەی مێترۆ دەست هەڵنەگرم، ترسی من ئەوە نییە کە داخۆ فەرهەنگی ئەمڕۆی نووسین جێگە بۆ مێترۆ دەکاتەوە یاخود بەرد و توانجی تێ دەگرێت؟ ترسی من ئەوەیە کە دەترسم ئەم دەقە "بە هەتیوی لەدایک بێت و تاقە نووسینی پێش و ئێستاو داهاتوشمان ڕۆشتن و بەجێهیشتنی شەمەندەفەرەکان، وێستگەکان، وەرزەکان، فڕۆکەکان، ڕۆژەکان، یادەکان، نەمرەکان، جەنگەکان، و پۆلا خۆرەکان، وای سەپاندووە کە ئاگامان لە پێش و دوای خۆ نەبێت. بۆ ئاگاداریت مێترۆ نە دریژە چیرۆک، نە یاداشت و بیرەوەری، نە ڕۆمان. نە پەخشان، نە ڕێسای خان، نە ئاسمان و یەزدان نە هیچیشە، دەقێکە شەیتاری خۆشی نازانێت چۆن ناوی لێ بنێت، چ جای تۆی کۆیلەو نەخوێندەوار!؟. زێدەرۆیی نەبێت دەتوانم بڵێم، میترۆ هەنگاوێکە لە دەست و پێی هۆشیارییەوە ملی ناوە بۆ ڕزگاربوون ماوە بزانیت بۆچی مێترۆکان هەیە، مێترۆ خۆی چی بێت تا جابی و چاودێری هەبێت، وابزانم یەکەم جار کەمێترۆ هاتەبوون چاودێری نەبوو، وەلێ پاش ئەوەی دەرکەوت بلێتی مێترۆ نابێتە فەرمانێکی "خوایی" و هیچ سزایەکی یەزدانی بەسەردانایەتە سەپاندن، موسافیرەکانیش، لەپاش چەند سەفەرو جێهێشتنی وێستگەیەک بۆیان ئاشکرابوو کە بلیت نەبڕین نابێتە هۆی کوێری، نابێتە هۆی لاڵبوون، گوێشیان پێ کپ ناکات.. ئیدی کەوتنە خۆدزینەوە لە فەرمانی بلیت بڕین.. سەرانی میترۆش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی سەفەر بڕیاری چاودێرییان هێنایە کایەوە، بۆیە پەیوەندیی چاودێر و موسافیرەکان پەیوەندییەکی بابەتییە، گرێبەستێکە لەجۆرێکی



تر، گەر دەتەوێت بەردەوام بیت لە سەفەرەکەمان دەتوانیت، مادەکانی ئەم گرێبەستەی لای خوارەوەمان بخوێنیتەوە، پاشانیش سەرپشکی لەدرێژە پێدان یاخود بەجێهێشتنم.. لە هەرشوێنێک کە ئیرادەی خۆت بڕیاری لەسەردابێت، بەڵام هەرچەند سەریش دەهێنم و دەبەم عەقڵم نایبڕێت بەردەوامبیت، هەر چەند تەماشای وەزع و پەشۆکاویت دەکەم، دوو دڵم لەبەردەوامیت، واهەست دەکەم لێرەش نەبێت لەناوەندا بەنیوە چڵی جێم دێڵیت،و دەڵێیت تورەهاتە، با بچمەوە بۆ لای «ماڵە باجێنە» گەر هەر زۆر دانیشت بەخۆداگرت و بەردەوام بوویت، کۆڕو کۆبوونەوەی شایەرەکان، سەگ وگورگی، سەرجادەکان، سەرۆک و گەورەی، ماڵەکان، راکاسەکان، قاش پاشاکان، رەشکۆکان، خەجێکان، تاڤەکان، دەبنە "تەختە قورس،" دەبنە ئەژدیهاو ئەغیار. تێفکرینت دەڕووشێنن، دواجار بە ناچاری بۆ ڕزگاربوون لەسێبەر و تارمایی رەشیان خۆت دەدەیت بە دەستەوەو لە گەڵیاندا دەست لە خوێندنەوەی، شەونخونی و بەدکارییەکانی، خۆت و باوەرەکەت هەڵدەگریت...و هەلێکی برۆنزی لەدەستخۆت دەدەیت، وەک ئەو هەل لە دەستدانەی کەنیژیرپەو، سلاخیو، ئادالینو، سەمەنگوڵ و مزرقی کراسپێدیا. لە دەست خۆیانداو بۆ دواجار بڕیاریان دا «هەیڤ لەتاریکیدا بکوژن».

## ٢ گرێبەستی من و تۆ

مادەی یەکەم/ ئەم دەقە لە هیچ دەقێکی ترناچێت، چونکە گەر تەنیا باسی من و تۆی بکردایە، ڕەنگە پێویستی بەو هەموو ئەزێت وکات لێگرتی تۆ نەبووایە، لە جیاتی خوێندنەوەو خۆ خافڵ کردنت، پێی پێمان دەگوتی گەنم گەنمێن و پەت پەتێن و تۆپانێ بکە، سێ ڕسکێن و خەتخەتێن بکە، بەر لەوەی کفتی، ڕێگەی تۆپانێ و مێش قەپانت لێ بگرێت، پێ بکەنە بەر لەوەی گریان پێ کەنینیت لێ بڕەنجێنێت، مێترۆ باس لە تۆ و نسرمەکان دەکات، هیچی ئەم بەسەرهات و مەینەتی و دەردەسەرییانە هی من نین، ئەوەی ڕاستی بێت هەندێکیان لە شەوی تاریک و مانگ بە شەرم دەرکەوتووەکان، بەدەم قوڕاوی بوونی بەرماڵەکان، بەخوێناوی بوونی دەستە چرچ بووەکان، بە چرپە و بێئاگایی پاسەوانی بەرقاپیی سەرۆکەکان، هەندێکی تریشی لەشەوی بڕین و نەمانی کارەبا بەدیار ڕۆشنایی و دووکەڵی چرا و ترپە ترپی مۆمی ساختی دراوسێکان، بەدەم شەوە درێژو کۆتایی نەهاتووەکانیی، چاوەڕوانی دەربازبوون لەگێژاو، بەدەم خەو و خەم و زوخاوی کوشتنی نەئەکان "لە ژێر بەڕەوە بۆم خراوەتە سەربەرە"، لەوبەینەدا زۆر گەڕام، کەس نەبوو خۆی بکاتە حیکایەتخوان و پاڵەوانی نەئەکان، ناچار خۆمم کردە کاپیتانی نسرمەکان.

تکایە پێش وەخت بریارێکی ناتەواو نا دروست و سەرپێیانە مەدە؟

مادەی دوهەم/ من پێش ئەوەی بگریم بیرم لەگریان کردووەتەوە، کەمیشن ئەوانەی بەتەواوی تێفکرینیان بیریان لە گریان کردبێتەوە، زۆریشن ئەوانەی کە بەتاسەوە ویستوویانە پێ بکەنن و گریان ڕێگەی زەردەخەنە و پێکەنینی پێ گرتوون، هەموومان لە ترسی شێتە گریان پێکەنینمان، لە بیرخۆبردووەتەوەو پێکەنیوین و بزەی لیوەکانمان لە بیرچووەتەوە نازانین، پێکەنین چییە؟!، سوورە یان زەرد، ڕۆژنامەکان باس لە هەموو شتێک دەکەن، پێکەنین نەبێت، لە هیچ کام لە مێدیاکان باسی لێوە



ناکرێت، لەهیچ کام لە ڕۆژنامەکان پێنووسی بۆ ناخرێتەگەڕ، بۆیە مێترۆ بڕیاری دا لەگریان نەترسێت و شورای بەرزی زۆرداری گریان، بڕووخێنیت و ببێتە باسکەر و ڕێکخەری پیکەنین و زەردەخەنە پڕ لە مەکرەکان، بە مەرجێدا ڕووخانی بەستەڵەک و شوورای بەرزی گریان بە دەربڕینی ڕاستگۆیی دەبێت. با ترسیش هەبێت.. ڕاستگۆیی و ترس هەندێک جار جوانییە، وەختیەتی دەست لە زۆربەی ئەو نەریتانە هەڵگرین کە ژیانیان لێ ئاڵۆز و تاڵ کردووین و پێکەنینیان لێ ڕەنجاندوین، دەست هەڵگرتن لەو کەسانەی کە ڕێکەوت و ناسینێکی کەم دەیان کات بە هاوڕێ برگەیەکی گرنگی زاڵبوونە بەسەرگریاندا، وەختیەتی چی تر لەهیچ وخۆڕایی خۆمان نەکەین بەهاوڕێی خەڵکانیکی، وەختیەتی کاتی خۆمان بە پرسە نەمرەکان، بەسەردانی گۆڕستان و قەبری ئازیزان نەکوژین. وەختیەتی بپرسین باوک نسرم دەهێنێتە کایەوە، یاخود نسرمە باوکی هێناوەتە ئاراوە؟ یاخود هیچیانە و مرۆڤ و نسرمەکان، با وەکو تارماییيە ڕەشەکان بەیەکەوە لەدایک دەبن.

مادەی سێیەم / ڕەنگە پێش وەخت بڕیارت دابێت و بڵێت درۆ دەکەم، قوسامەدینیش بڵێت باسی حیکایەتی فیلمێک دەکەم کە کۆتاییيەکەی بە ماچێکی نێودەم و ئۆپەرێتێکی دانس، کۆتایی دێت، ئەختەرە ڕەشی دراوسێشتان وا تێ بگات شەیتاری، وڕێنەیەکە وەک ئەو وڕێنانەی کە خۆی بەدەم گوڵەبەڕۆژە خواردنی بەردەرگا دەگەڵ ڕەیحانە و ئایشەمەرکانە و پورەرگوڵێ و فاتە جامباز و خاوەر، دەیان کات، دەق دزەکانیش بۆ دزینی ڕۆمانێکی لەو شێوەیە هان بدەم، وەرگێڕە تازە هەڵکەوتوەکانیش بەدوای وەرگێڕانی چیرۆکێکی لەم جۆرە وێڵ کەم. نا ئەی «تۆ»ی دەور قەرەباڵغ خۆت دەزانی هەنووکە دزینی شتە ئانتیک و کریستاڵییەکان، لەبڕینی گیرفانەکان، لەسواڵ و دەستپانکردنەوەی سەرجادە و تونێلە تاریکەکان، لە فرۆشتنی گوڵەکان. لە سەردانی مەزاری نەمران، لە ژەنینی هارمۆنیکە ژەنگاوییەکان خێری زیاترە... وریابە نەکا لەکاتی سەفەر و گەرانەوەی «زەمەنی نێرگز» و «وەرزی سەمای بۆنەکان»، تۆش یەکێک بیت لە پاڵەوانە بەدخووەکان، بێ ئاگا بەسەرهاتێکی خۆت و حەزلێکەرە بەدناوەکەت، باوکت، حزبەکەت، فێرگە و مامۆستاکەت، خوشکە بەسە زمانەکەت، برا لەخۆ گچکەکەت، دایکە نەفامەکەتی تیابێت دواییش بۆ شاردنەوەی ئابرووچونەکەتان خۆت و سەرەخۆرەکان، دایکت و

سۆزانییەکان بێنە سەرم وببنە بانگوشی سەر بانە گڵەکەم. ئەی «تۆ» بەر لەوەی ژیانم بخەیتە مەزاد، بەر لەوەی چارەنووسم بە چارەنووسی گێلیەتیی خۆت بەریت، دەبێت بەئاگابیت لەوەی کە مێترۆ سەفەرێکە، لە زەمەنێکا کە هێشتا پێمان نەخستووەتە یەکەم پەیژەی گەیشتن پێی، مێترۆ بۆ جێیەکە خوێندەواریمان بالاّ بێت بەسەر نەزانی و دوا کەوتوویمان، بۆ زەمەنێکە کە هۆشیاری بەسەر دواکەوتوویيدا، بالاّدەست بێت. مێترۆ هەولێکە، هەوێنێکە بۆ زەمەن پێشخستن، دەڵێن گوایە گەر بنیادەم بیەوێت زوو بگات، پێویستە بە خێرایی تیشکی ڕۆژ سەفەر بکات تا زوتر لە هەمووان بگاتە «مارش» و زەمەن پێش بخات و زووتر بە ئاگا دەبێت لەگەمەو فێڵی ژیان.

سوێندم بۆ بخۆ بەوەی کە پیرۆزە لەلات. قەسەم بدە لە پاش ئەم سەفەرەی مێترۆ ڕق و کینە لەخۆت هەڵنەگریت. قێزیش لەشەیتاری نەکەیتەوە.کێ ناڵێت شەیتاری، لەزەمەنێکی ترا نابێتە ڕزگارکەر و ڕێ پیشاندەری «ڕێگای روناکی».

مادەی چوارەم/ بەڕق هەڵنەگرتنی تۆ لەم گەشتە، بە حیساب نەکردنی ئەم حیکایەتە بە «حیکایەتی میشی خاوەن شکۆ» بە خۆشەویستیت بۆ خۆت دەتوانین یەکەم وێستگەی گەشتەکەمان بەسەرکەوتوویی ببڕین. جارێکی تریش وریابە، لەکاتی سەفەرکردنەکەمان بەنێو ناواخنی مێترۆ و خێرایی شەمەندەفەرەکە، هەست دەکەیت کە هاریکار و یەکگرتن بۆ ڕاگرتنی موسیبەتەکان، پێویستییەکی حەتمییە و بە وەستان و بڕینی هەریەک لە وێستگەکان، هەست دەکەی بەر لەکفت بوون، فەنابوونت هێناوەتە بەرچاوی خۆت. دەزانیت چەند مانا بەخشە گەر مرۆڤ بتوانێت بەر لە مردن بەهەشتی دیبێت، چ گەورەییەکە؟ یەکێک بیت لەباسکەران و پۆلاخۆرانی بەهەشت، ئەو بەهەشتەی کە هەتا ئێستا کەس لێی نەگەڕایەوە شتێکمان لێی بۆ باس بکات، مێترۆ بە دوای ئەو هۆشیارییە دەگەڕێت کە بەر لە هەلایسانی جەنگ، شکست و دۆڕاندنی لەبەرچاو گرتبێت، دەشێت زۆرجار هەست بکەیت، پاڵەوانەکان دەقەکان، وێستگەکان، بەنزینفرۆشەکان، سروتی ئیشقەکان بۆ زەمەنی تۆ نەهاتوون، کەچی لەگەڵیشیا هەندێ جار هەست دەکەیت... ئەم نووسینە خۆتی، هاوڕێکەتە خوشکە وەهمییەکەتە، دراوسێکەتە، سەرۆکەکەتە خاترخواکەتە، زامەکانتە، ئازارەکانتە، درۆکانتە، خامەکانتە، نامە خواییەکانتە، هەموو نسرمەکانی بوونیشتە، منیشم.

مادەی پێنجەم/ سەفەرکردن بە میترۆدا، تا ڕادەیەک بێسەر و بەرییەکی تیایە، ژیان خۆشی لەسەر بنچینەیەکی بێسەروبەر هەڵچنراوە، بەسەرهات و نسرمەکانیشمان هێندە سەرلێ شێواون، هێندە کوێرەگرێیان لێ دراوە، نازانیت لە کوێ دەست پێ دەکەن و لە کوێ سەردەنێنەوە، بۆیە ئاسایی بێت، لەلات لەکاتی وەستانی مێترۆ، لەیەکێک لەوێستگەکان، لەکاتی گۆڕینی شەفتی شۆفێرەکان، هێندێ جار فارگۆنەکان جگە لە تۆ و رووناکیی کزی تونێلەکان، جگە لە تۆ و سێبەرە ڕەشەکان هیچی تر بەدی نەکرێت.. ئەی «تۆ» لە کاتی دابەزینیشدا لە گەڵ کردنەوەی لەپڕی دەرگاکان ،پێویستیان بە وەستانێکی ژیرانە هەیە.. وریابە بەر لە دڵنیابوون لە وەستانی تەواوی شەمەندەفەرەکە و بیستنی دەنگی «دەرگا ژەنەکان»، دەرگا نەکەیتەوە، هەوڵیش مەدە جگە لە دەرگا، ڕێگەیەکی تر بۆ دابەزین بدۆزیتەوە، چونکە سەرەنجام گەشتێکەو (مایەی سەفەریش سەلامەتییە)، ئەی تۆ، بۆ دواجار بیرت دەخەمەوە ئێستاش هیچ رووی نەداوە ئازادی لە بەجێ هێشتنم لەهەر وێستگەیەک کە بزانیت ئیدی پێویست ناکات بزانیت لە وێستگەی پاش ئەمە چی هەیە، ئەوەش بزانە کە لەم گەشتە دا زۆرێک لە گەشتیارەکان کە سەردەکەون پێیان وایە زەمەن تا کاتی دابەزینی ئەمان ڕاگیراوە و لە حەشمەتا سروشت و گەردون لە جووڵە کەوتوون. ئەم گەشتە لەوگەشتانە ناچێت کە پاش نیشتنەوەی کۆلارەکان هەمووان بۆ سوپاسی کاپیتان، چەپڵە لێ بدەین لەم گەشتەدا چەپڵە لێدان قەدەغەیە، هوتاف کێشان و خۆپیشاندانیش هیچ مانایەکی نارەزایی نابەخشن. سەرۆکەکانیش هەموویان دەمرن، تەنیا تۆ دەمێنیتەوە تۆ و وێستگەکانی ژیانت.

تێبینی/ من کەناوم (....) تەواوی ئەم گرێبەستەم خوێندووەتەوە و لە هەمووشی گەیشتوم بۆیە بڕیارم دا موسافیرێکی مێترۆبم و لەخوارەوەش ئیمزای خۆم بکەم و ڕێزیش لە ئیم زاکەم بگرم!؟ لەبەر ئەوەی وەختیەتی ئیدی ڕێز لە ئیمزا بگیرێت و واز لە پەنجەمۆر بهێنرێت.

| | |
|---|---|
| ئیمزا | ئیمزا |
| من | تۆ |

## ٣

## ناوەکان پەیوەندییان بە ڕەنگ و باوەڕی بوونەوەرەکانەوە هەیە ڕەنگەکان..!؟، حزب و باوەڕ، وەرزی هاتنە بوونیان دەردەخەن

جاران من و بەفر پەیوەندییەکی سەیرو گرێدراومان پێکەوە هەبوو، ڕەنگە لە هەمووتان زیاتر تامەزرۆی دیدەنی بەفر بووبێتم لە هەمووشتان زیاتر هەستم بە جوانیی دیمەنی سووربوونی ئاسمان لەشەوانی بەفربارین و سپی بوونیشی، لە کازیوەدا کردبێت، چونکێ هەر منم کە بەرواری هاتنە بوونم هاوزەمانە لە گەڵ وەرزی سپی بوون و بەفرانبار. وەلێ ئەفسووس لەم مەملەکەتی زۆر بەفربارینەدا چیژوو ئارەزوو لەدیدەن و بەفرماڵین ڕۆژ بەڕۆژ کزدەبێتەوە، لێرە ئارەزووی دیتنی بەفر  تەنیا لەو دیوو پەنجەرە تەم گرتووەکانەوەیە، ئەم «کۆمارە» جگە لە بەفر هیچی تری نییە، پێمانی بدات، بەفر لە وڵاتی ئێمە دەیزانی کە دەبێت بتوێتەوە، دەیزانی کە دەبێت ڕێگە بۆ دەرکەوتنی ڕەنگ و بۆنەکانی تری سروشت بدات، ئەم بەفرەی ئێرە گەلێ بێ حورمەتە، هەرخۆیەتی و بەس، نایەوێت جگە لە خۆی ڕەنگی تر لەم دنیایە هەبێت لەگەڵ بڕیاری خۆ نەتوانەوەی بەفر منیش بڕیارم دا ئارەزووی شەڕەبەفرێن و چون بۆ سەر شاخ و گرتنی وێنە کریستاڵییەکان و نۆشینی «سووره شەراب»، لە قەدپاڵی چیاکان لەجیاتی هەلوکێن و ماڵە باجێنە و خەتخەتێن و قیژە و هاتوەۆر و بێنەوبەری بڵحی گەڕەکە هەژارەکان، هەموویان بمرێنم و لەگەڵیا گۆشەگیر و لە ماڵ نەهاتنەدەر بکەمە هاوڕێی پێکەوە ژیان.. لەم مەملەکەتی خەمە، زۆرجار لەودیو تاقی پەنجەرە تەماوییەکەوە، دەکەومە خەڵوەت و پرسیاری گەورە لەبەفر، زۆرجار لێی دەپرسم تۆ بڵێیت لە تەمەنی کفتیدا کەسێک هەبێت ڕیشم بۆ بتاشێت، گەر هەبێت ئەو زادە کێیە؟ ئەو مەخلوقە هەرهەمان بوونەوەرە کە باپیرە گیانم پێ دەڵێت، یاخود بێگانەیەکە و بەفرماڵ ناردوویەتی، یاخود تا ئەو کات کەس نامێنێت ڕیشم بۆ



بتاشێت لە جێی کەس و بێ هەستێک، مووی سپی سەرگۆێچکە کپەکانم بۆ دەکروزێنێت، باشە کە ئێرەیەک مەملەکەتی کوشتنی منداڵی و هەرزەیی و یادگاریمانە، بۆچی ڕێگە بدەین ببێتە مەملەکەتی کوشتنی پیرێتیشمان، ئێمە لە چیمان کەم بوو هاتینە ئێرە؟ بۆچی هەموومان هاوسات لەگەڵ زۆر بوونی بەفر بارین و هەڵمژینی هەوای حەسرەت بۆ نیشتیمان، بڕیاری گەڕانەوە نادەین؟ دیدەنی بەفرەکە ناهێڵێت دەستی لێ هەڵگرین، یان کەناڵە خۆشەکەی بەهەشتە، یاخود ناو گۆڕینە، وای کردووە نەمانەوێت  تەنیا بۆ ساتێکیش بیر لە گەڕانەوە بۆلای وزەی خۆر بکەینەوە. باوەڕ ناکەم بەفر هێندە هێزداربووبێت لەئاست هێز و بازووی دەرکەوتنی خۆر، چونکە چەند بەفرببارێ، بۆ چەند ساتێکی کەمیش بێت هەتاو خۆیمان بۆ هەڵدەخات، هەندێک جار وادەزانم کە ئەم کەم دەرکەوتنەی خۆر لە ساتە وەختی بەفرانباریدا  تەنیا بۆ ئەوە بێت بڵێت من هەم با بەفر نەهێڵێت زۆر دەرکەوم، بەڵام من ناوم هەتاوە. ئەی چی بێت؟ کەواتە سرووتی بەفر نەبووەۆتە ڕێگر، باوەر ناکەم کەناڵەکە بێت. نا کەناڵە خۆشەکەی بەهەشتیش نییە.. کە هەموومان لەبەرترسی بێگانە و دراوسێکان. خۆمان لەدیتنی بێبەش کردبوو. ئەی باشە چی بێت، من دەڵێم هەر ناوگۆڕین ماوە ببێتە سەرچاوە و هەوێنی نەگەڕانەوەمان بۆ خاپورە وڵات. هەمووی چەند ڕۆژێکی کەم لەدەستبەکاربوونم بەچاودێر لە مێترۆ، بوومە ئاشنای «سەمەنگوڵی بۆراق» و لە یەکەم ڕۆژەوە منیان لەگەڵ سەمەنگوڵدا دانابوو کە پێکەوە چاودیری بکەین، سی ساڵ دەبێت سەمەنگوڵ چاودێری مێترۆیە و کەسێکی لەخۆڕازییە، لەگەڵ هەبوونی مێترۆ لەم شارە، ئەمیش لە جابییە کۆنەکانیەتی، کەسێکی شارەزایە هەر پرسیارێکت لەسەر مێترۆ و هێڵەکانی لێ عاسی بێت، لای سەمەنگوڵ بەرچاو ڕوونیت دەست دەکەوێت، هەر ئەمەشە وای کردووە کەسام و سەنگێکی پتەوی لەناو جابییەکاندا هەبێت، ڕۆژانی یەکەمی پیکەوە کارکردنمان بەناوی خۆم بانگی نەدەکردم تا پێم گوت بۆچی بەناوی خۆم بانگم ناکەیت، پێی گوتم ناوەکەم قورسە لە سەرزار، پێم گوت تاوانی من نییە، تاوانی باوکمە، ئەو ئەو ناوەی لێ ناوم یان تۆ ناتەوێت بەو ناوە بانگم بکەیت کە باوکم پێشوەخت بڕیاری لەسەرداوە؟ پێی گوتم نا، بەڵام تۆ لەچ ڕۆژ و مانگێک لە دایک

بوویت؟ گوتم هاتنی من هاوزەمانە لە گەڵ سپی بوونێکی نوێ!.. بەڵام بۆ دەپرسیت؟ ڕۆژ ژمێرێکی کۆن و پەرپووتی لەگیرفان دەرکردوو کەوتە گەران و پەران بەنێومانگەکاندا تا گەیشتە سەرئەو ڕێکەوتە کە من تیا لەدایک بووم، لەژێر چاویلکەکەیەوە بەدەعیەو فیزێکەوە سەیرێکی کردم و گوتی لە «بەفرانبارو پایزە ڕێزان» لەدایک بوویت؟ گوتم بەڵێ.

– زۆرچاکە کەواتە تۆ بە پێی ئەم ڕۆژ ژمێرە کە ناوەکان لەگەڵ بەرواری لەدایک بووەکان دانراوە تۆ ناوت (شەیتاری)یە! شەیتاریش ناوێکی ئاسانە لەسەر زووبان و خەڵقی زوو فێری دەبێت.

– لێم پرسی.. شەیتاری چ مانایەک دەگەینێت؟

– پێی گوتم گرنگ نییە بۆ ئەم ساتە وەختەی جەنگەڵی چ مانایەک دەبەخشێت گرنگ ئەوەیە من دەتوانم بەو ناوەبانگت بکەم، هەتا ئەو ڕۆژەی کە خۆت بڕیار لەسەرگۆڕێنی ناوە قورسەکەت دەدەیت من بەشەیتاری بانگت دەکەم

– پێم گوت سەمەنگوڵ پێ دەچێت هیچ لەهونەری ناو نەزانیت، هیچیش لەماوەی ئەم سی ساڵەی کارکردنت لەمێترۆدا لەئاست ناولێنان هەڵنەچنیبێت؟ سەمەنگوڵی بۆراق، ئێمە بەهۆی ناوەکان ڕەنگی باوەڕی مرۆڤەکان لەیەک جیا دەکەینەوە، هەر لەڕێگەی ناویشەوە دەتوانیت لە مەبەستەکانی باوکمان بگەین، تێ بگەین، بۆچی ویستوویەتی لەو زەمانەدا ئەو ناوەمان لێ بنێت. هەر بە هۆی ناوەکانیشە دەتوانین باوەڕ و ڕەنگی تێفکرین و خیتابەکان لەیەک جیاکەینەوە.

– ئەمە لای ئێوە، بەڵام لێرە زۆر ئاساییە گەر پێت وابوو ناوەکەت سەرئێشەت بۆ دروست دەکات، بیگۆڕیت بەناوێک کە سەرئیشەی بەدوا نەبێت، لەوەش زیاتر گەرخواست و مەرامی ناولێنانی باوکت لەگەڵ ئەمڕۆی مۆدێرنیەتی تۆ ناگونجێت دەتوانیت زۆر بە ئاسانی و بێ ستەم بیگۆڕیت، لەنێو باڕو مەیخانەکانیش بەناوێک بناسرێت کە «تۆنێکی زایەندی» هەبێت، بە تایبەت گەر بتەوێت لەگەڵ نەناسێک کەمێک دەستبازی و سەماو مەی نۆش و نقورچ گری بیت، بەم ناو گۆڕینەی تۆ "محۆ"ت هێنایەوە بیر. شەیتاری هاورێیەکم هەبوو، ناوی «محۆ» بوو، لەشەوانی خۆکردن بە باڕو دیسکۆکان کە دەچووە پێش بۆ سەماکردن لەگەڵ هەرشۆخێک کە



دەیگوت من ناوم (محۆ) یە، کەس نەدەبوو ببێتە هاورێی، «محۆ» ناچار هاموشۆی مەیخانەو مەیانی سەمای لەخۆ حەرام کرد، ماوەیەکی زۆر بەوحاڵە، ناڵاندی تا دواتر ناوی «مایکل»ی لە خۆی نا، ئیدی لەو ڕۆژەوە نە لە کیژان بێ بەش بووە، نە کەیف و سەماشی لێحەرامە، پاشان شەیتاری ناوێکی شەرماویی بێ مانا نییە، بگرە ئەوکەسەی ناوی لەگەڵ بەرواری لەدایکبوون بگونجێنێت، پایەدارترە، شکۆدارترە. ئا بەڵام تۆ نازانیت کە «محۆ» پابەندییەکە بۆ باوەڕی باوکی و لەبەرخۆشەویستی باوکی بۆ ئەو باوەڕەو لە پێناو دووپاتکردنەوەی ئەمەکداری بۆ ئەو باوەرە ناوی «محۆ»ی لە کوڕەکەی ناوە.. ئەوەی کەناشی زانیت ئەوەیە، گەر باوکی بۆی ئاشکرا بێت «محۆ» لەبەرخاتری سەمایەک یاخود لەپێناو مەستی و هۆشچوونێک "ناو" و باوەڕی خۆی گۆڕیوە، هەرگیز لێی قبوڵ ناکات و بە دووریشی مەزانە، حاشای لێ نەکات، پاشان «شەیتاری» هیچ پایەدارییەکی تیا بەدی ناکەم...!؟

– چۆن، نا شەیتاری ماوەیەکە پێمان دەڵێت مرۆڤ هەمیشە دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکێان پەری زادەو ڕوویەکەی تریشییان شەیتان ئاسا... ئا بەڵام ناولێنان لای ئێمە شتێکی ترە.. لای ئێمە بوون بە ئەندام لە حزب، واتە خۆپۆشین بە ڕەنگی حزب، ئەو ڕەنگانەی کە حزب لەسروشتی داگیرکردوون و بەهی خۆی دەزانێت،

ئەندامیەتی واتە نووسین بەو پێنووسە ڕەنگانەی کە هاورەنگن لەگەڵ رەنگی حزب، پەڕۆو لەچکەش، ئەوپەڕی دۆستایەتی بۆ فەرهەنگی خەبات و تێکۆشانی حزب دەنوێنێت، لای ئێمە حزب ئەخیارەکانی بە ڕەنگی پۆشتەو پەڕۆی ناوچەوان و ڕەنگی خامەو بەرگی دەفتەرەکان دەناسێتەوە، جیاکردنەوەی دۆست ونەیار، خەمخۆرو خەمسارد، بەئایدیاو دیالۆک و گوتارەکان نییە بە "ناو" و ڕەنگی دڵیانە. سەرنج بدە سەمەنگوڵ لەم قسانە، ڕەنگی دڵی مامۆستا " ئیشەڵا "ی فێرکاری ئاین لەقوتابجانە، لەگەڵ ڕەنگی دڵی من نەدەگونجا چەندین جارو لە چەند بۆنەیەکدا پێی دەگوتم کە ڕەنگی سووروسەوز چاوکزی بەدوا دەبێت، من گوێم پی نەدەدا تا دەهاتیش من سوورترو ڕق هەڵگرتر... نەشم دەویرا پێی بڵێم ئەی بۆچی کتیبی ئاینەکەی دەستت بەڕەنگی "قاوەیی" بەرگ گرتووە، ئەی بۆچی خۆت بێ لەکراسی قاوەیی هیچ کراسێکی تر لەبەرناکەیت، ئەگەر ناوت "ئیشەڵا " نەبووایە دەبوویتە مامۆستای

ئاین..؟! هەرگیزنا.. سەمەنگوڵ، حاشا لای ئێمە تەنیا ئەو بەدخوانە ناو دەگۆڕن کە بەدکارییەکیان کردبێ، لەترسی ناسینەوەی خراپەکارییەکان ناوی خۆدەگۆڕێ دەنا کەس زاتی ناوگۆڕین ناکات، هەرهیچ نەبێت لەبەر ڕێزی باوکمان و دەمکوتکردنی پووره گۆڵێ و دراوسێ و هاوسێ، لەخۆفی پلاریان باوەربکە هەر هیچت پێ نەڵێن پلارێکت لێ دەدەن و دەڵێن.. فیرنە گوللە، بەناولێنان و باوەڕی باوکی ڕازی نییە؟ سەمەنگوڵی بۆراق، دوو کەس نەبێت بەهۆی ناوگۆڕینیان سوودیان بینی و لەڕکی جەماوەر خۆیان قورتارکرد.. کەسی ترم نەدیوە ناوی خۆی بگۆڕێت، ئەو جووتە مامۆستایە بە گۆڕینی ناوی خۆیان بۆ مامۆستا (هەڵۆ) و" مامۆستا (سوارە) نەک هەر خراپە کارییەکانی پیش شۆرشیان شاردەوە.. بگرە بەوناوە بوونە قارەمان و پێشرەوانی جەماوەری شۆڕشگێر... پاشانیش بوونە هێزو بازووپارێزەری دەسکەوت و خەباتی شۆڕش لەم دواییەشدا بوونە داهێنەری بیری نوێی خوێندنی هاوچەرخ. ئێستاش لە بیرم ناچێتەوە «نەجە شێت» کە ئیستاکێ مامۆستا (هەڵۆ)ی پێ دەڵێن چەند رۆژێکی کەم بەرلە تەقینەوەی ڕووداوەکان لەناو گۆڕەپانی قوتابخانە.. لەکاتی گوتنی مارشی گیانم فیدات سەرۆک، ڕۆحم فیدات سەرۆک، باوێشکێکم دا، بە تەنیاش هەرئەو جارە لەکیسم چوو، بلێم گیانم فیدات سەرۆک، هەرئەوجارە بوو فریا نەکەوتم و نەمگوتەوە تا کاتی تەواوبوونی مارشی ڕیزداری بۆ سەرۆک. «نەجەشێت» بەقێزەوە تەماشای دەکردم، هەر لەوێوە لە جێێ خۆم بۆ ئەوەی ببمە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانەی کە نایانەوێت بلێن گیانم فیدات سەرۆک، بۆ ئەوانەش کە باوێشک لەکاتی سروودی گیانم فیدات سەرۆک خافڵیان دەکات، لەناو هەموویاندا مستۆکەو شەپازلەیەکی لێ دام، هەرگیز ئازاری ئەو شەپازلەیەم لەیاد ناچێ.. هەتا ئەبەد جێ پەنجەی ئەو دەستە رەقانە لەسەر ڕوومەتم لاناچن.. لە "تا لە لوتبەرز"یش خۆش نابم، کە ئیستا بۆتە مامۆستا «سوارە»، ئەوکات لەبەر ئامادەنەبوونم لەوانەی وێنەکردنی سەرۆک، دارکاریی سەرەمەرگی کردم و دەیویست بەزۆری زۆرداری دەستم لەسەر وێنەکردنی سەرۆکی فەرماندەو تێکۆشەر ڕاهێنێت. دەیویست بەزۆر هەستی کێشانی نیگا بوغزاوییەکانی سەرۆک بکێشم، ئەوبوو هەستی نیگار کێشانی لێ بڕیم. دەنا بە دووری مەزانە، ئێستا من یەکێک بوومایە لە نیگارکێشە هەرە



ناودارەکانی شارو خاپورە وڵات، هەرگیز روخسارو دیمەنی ئەو دوو بەدکارە ستەمکارەم لەیاد ناچێت.. ماوەیەکی زۆریش لەپاش سووتانی بازاڕەکان بە دوایاندا گەڕام کەچی دەستم نەکەوتن، کاتێک بینمنەوە لەسەردەمانێکا لەچەرخێکا، سەریان دەرکردەوە، بەناوە تازەکەیان بانگ دەکران و هەرچی ناو و شوێنەواری خراپە کارییەکانی ڕابڕدوو لەلای خەڵق و خوا لە بیربردبووەوە. لەزەمەنێکدا بینیمنەوە کە کەس باوەڕی پێ نەدەکردم گەر بێت و بڵێم ئەم ناوانە، ناوی درۆن، ئەم ناوانە ناوی خۆیان نین، لەژێر ئەم ناوانەوە نهێنییەکی گەورە و ستەمێکی بێشومار هەیە. سەمەنگوڵ من بەهەزارحاڵ خۆم لە گێژاوی ناو گۆڕین قوتارکردووە تازە بەتازە تۆ دەتەوێت بمخەیتە گێژاوێکی تری ناوەکانەوە، ئازیزەکەم «محۆ» لەناخی خۆیدا هەر (محەمەد)ە، با خەڵکی وا تێ بگات (مایکلە) پاشان کە ناوت دەگۆڕێت نابێتە دووگیاندار، بەپێچەوانەوە دەیتەنی و گیان، دەبیتە کەسێکی کەم ئەندام... من زۆرم دەوێت تا خۆم لەگەڵ ئەم ناوە تازەیە ڕابێنم، ڕەنگە جەند جارێک لەسەر یەک بانگم بکەیت ئاوڕت بۆنەدەمەوە، چونکە گوێم لەسەربیستنی ئەو ناوە ڕانەهاتووە. باوکەکانیشمان مەبەستیانە ناوێکمان لێ بنێن کە لەگەڵ باوەڕەکەیان بگونجێت و پێکەوە خۆم و.. ناوەکەم.. کار بۆ بەدیهێنانی ئارەزوە خۆویستەکانی باوک بکەین.

## ٤ ترس تا ئەوکات جوانە کەمۆتەکەی لێ نەبێتەوە... تا ئاستێکیش باشە هەبێت، کە نەبێتە ئامرازێک بۆ لە ناوچوون

کورسی و جێ دانیشتنی پیروپەککەوتەکانی هێڵی چواری شەمەندەفەری مێترۆ بووبووە کورسیی مۆتەکەی کابرایەکی ڕیش کەوتووی زەردبوویی پرچ درێژ. بە ڕوخساری و ڕیشیدا دیاربوو کە چەند ساڵێک دەبێت، گوێزان بەر ڕیشی نەکەوتبێت و ڕیشی نەتاشیبێت. جار نەبووە بەدەرکەوتنی من و سەمەنگوڵ شپرزەو سەغڵەت و بێ ئارامی و سەر لێشێواوی نەنوێنێت، سەرەتا وا تێ گەیشتبووین لەبەر بلیت نەبڕین وا خۆی نیشان دەدات، تا پاشتر بۆمان دەرکەوت کە ترسە وا دەیلەرزێنێ، ترسە دەیهەژێنێت ئەو کابرایە بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی بلیتی لێ بکەین، بێ ئەوەی هیچی لێ داوا بکەین، دەشڵەژا و قسەی هەلەق و مەلەق و بەسەریەکا شکاوی دەکرد، هەمووجارێک دەیگوت، کورسیم پێ نەگۆڕن، دەزانم «ئەم جێگایانە» هی کەم ئەندام و پەککەوتەکانی شۆڕشن وەلێ منیش کەم ئەندام و پەککەوتەی بیری ژینگەم، من ڕابەری بیری ژینگە پارێزیم، هەڵنەخەڵەتابن، ئێوە ناتوانن دەست بەسەرم کەن ئێوە ناتوانن لەوخەوە خۆشەم بکەن، ئەو خەوە خۆشەی بە هاتنە دیی، ئیدی ئێوە لەناو دەچن و نامێنن، ئێوە دوژمنانی ژینگەن، ئێوە دەتانەوێت دێهاتییەکان لەسەر ئەم جۆرە هاتوو چۆیە ڕابێنن کە لەژێر ئەرزەوە بە شەمەندەفەرە خێراکان هاتوچۆ بکەن و بێ بەشبن لە دیمەنی جوانی سروشت و هەوای ئاسمانی بێگەرد دەتانەوێت دەشتەکییەکان بەدەردی کۆن بەرن و شەڕیان پێ بکەن... ئەم کورسییانە نەبێت، هیچی تر دادی دەردو ناسۆرەکانی من نادات. من بۆیە لەسەرئەو کورسییانە دادەنیشم تا ببمە هەوێن و دەنگی ناڕەزایی و گلەیی لەمێترۆ. دانیشتنم لەسەرکورسیی کەمئەندامان ناڕەزایەتییە لە دژی بیری هاوچەرختان. زۆری دەبرد. وازمان لەحیکمەتەکانی دەهێناو بەرەو لای موسافیرەکانی تر دەڕۆیشتین. هەموو



جارێکیش بە پێکەنینەوە کابرامان بەجێ هێشت و گوێمان نەدەدایە «حیکمەتەکانی» جار لەدوای جار هەستم دەکرد کەشتێکم بە بیر دەهێنێتەوە، هەستم دەکرد لەگەڵ ئەو ترسانە ژیاوم. ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو وەختێک هەڵسوکەوت و قسەکانی ئەو کابرایە، ڕۆژانی ترس و سکۆم دەهیننەوە یاد. ئەو ڕۆژانەی کە بووبوونە نەریتێک لەژیان و گوزەرمان، ئەو ڕۆژانەی کەباوی هەڵکوتانی بێ هۆی جەلادەکان بوو بۆ سەرماڵ و حاڵی خەڵکی بێ گوناهی شار، ئێستاش ئەو دیمەنانەم لەبەرچاوە کە چۆن دڵڕەقانە و بێ حورمەتانە خۆیان دەکرد بەماڵدا ژوور بە ژوور دەگەڕان، یەکەم جار هەڵیان دەکوتانە سەر، ژووری خەوتنی ژن و مێردەکان، جێژووانی خەمەکان، گەڕان و پشکنین لە نێو باوڵی مەمکان و دەرپێ لە ڕەنگ کەوتووی ژنەکان، یەکەم مۆڵگەی گومان لێکراویان بوو، گەر هیچیان لەو دەمەدا بەردەست نەکەوتایە، ژنی ماڵەکانیان دەبرد، بە پیاوو گەورەی ماڵەکەشیان دەگوت کە ئەم ژنە قەدەغەیەو بەپێی ڕاسپاردەکانی سەرۆکی فەرماندەو ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش دەبێت ڕاپێچ بکرێت بۆ گرتوخانەو لەوێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت بە تۆمەتی هەوڵدان و هاندانی هێلکە دانەرەکان بۆ دروستکردنی بەچە یاخی بوویەک دژی ڕژێم و سەرۆکی فەرماندەو میهرەبان. شارییەکان ناچار لە ترسی دەرکەوتنی لەناکاو زیلی گاردی کۆماری و هەڵکوتانی زۆرداران، وێنەی سەرۆکی فەرماندەیان بە دەستەو بەسەفتە لەژێر جێ خەوی هاوسەرەکان ڕادەخست ڕەشکۆو ڕەیحانەش چەند دانەیەکیان لەژێر سیسەمی خەویان دانابوو، بەئومێدی ئەوەی سەرۆکی فەرماندە ئاگادار بێت کە لەشەوی دەگمەن هەڵکەوتووی پیکەوە بوون و جوتبوونیان هیچ کامێکیان هانی دروست کردنی بەچە یاخیبویەکیان نەداوە. ئەو ماوەیە بە ناچاری هەموو ماڵەکان و لە تەواوی کولانەی مەرگەکان. لەجیاتی مۆنالیزا، لە جیاتی ڤینۆس، لەجیاتی تابلۆی نیگارکێشێکی ناودار، لەجیاتی سورەتی "الله اکبر" لەجیاتی خاچێکی لەدارهەڵکۆنراو. وێنەی سەرۆکی فەرماندە، بە کولاوی بە برژاوی، لە هەموو ماڵەکە لە حەمام و ئابخانەکانیش هەڵواسرا. بەڵام دیاربوو هەبوونی وێنەی سەرۆک و هەڵواسینی بە تەنیاو بێ سوجدە بردن لە ئاست زۆرداری و تونیەتیی کوشتنی بێ تاوانەکان، شتێکی یەکجارکەمەو میللەت دەبێت لەوە دڵسۆزتر بێت بۆ خاوەن شکۆ،

هەر بۆیە جەللادەکان لە دەشت و کێوەکانەوە دەستیان بە پاکسازی و پشکنین کرد. لەپاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕووخانی لادێکان و سووتاندنی دەغڵی گوندەکان و لە ناوبردنی هەموو ئاڤس و زارۆکی ناو بێشکەکان، لەناو چایخانەی شارەکان. هەواڵی درێژە پێدانی ستەم گەرمتربوو، پورە گوڵێی دایکی جگەرسووتاو، لەهەوڵێکی تری دان بەخۆگرتندا گەورەو ریش سپی گەرەکەکەی کۆکردەوە...ئاگاداری کردنەوە کە شالاوو گەردەلولێکی پڕلە مەترسیی جەللادەکان بەڕێوەیەو بەرەوشار هەڵ دەکات، بۆیە دەبێت وێنەکان هەڵبواسرێن و چیدی شاردنەوەیان لەژێرجێ خەوەکانمان دادی ئەم ستەمکارانە ناداتەوە، بۆ ئەمەش پیشنیار دەکەم کە چوار چێوەیەک دروستکەین دوو دیوو بێت، بەدیوێکیان وێنەی سەرۆک هەڵواسرێت و دێوێکەی تریشیان ئەو تابلۆیە بێت کە هەمووان ئارەزوو دەکەین، ماڵەکەمان برازێنیتەوە، گەرهاتن بە ڕووی سەرۆک هەڵیگێرن و بەڕۆیشتنیان بەڕوەکەی تریا دەریخەن. هەموو پێشنیارەکەی پوورە گوڵێی پشت چەماویان قبووڵ کرد، ڕەشکۆ لە پێش هەمووان بەپەلە چووە بازارو دیمەنی درەختێکی کڕی و هێنایە ماڵەوە ئێستاش لەیادمە لەژێر دیمەنی قەشەنگی درەختەکە لەسووچێکی بچووکدا نووسرابوو"درەختی تێگەیشتن لە ژیان" تێ نەگەیشتم مەبەست لەو دیمەن و نووسینە چییە... بارودۆخەکە لەو زەمانەدا فرسەتی تێگەیشتن و شیکردنەوەی مانای تابلۆکانی نەدەدا.. ترس لە هەڵچوون و تورەبوونەکانی سەرۆک بووە خەمی یەکەمی خەمخۆران. بووە درێژترین بابەتی باس لێ کراوی قاوەڵتی و پارشێوەکان، لەو زەمەنەدا تەنیا لەوە تێ گەیشتم، ڕەشکۆ ڕۆژ بە دوای ڕۆژ لە گەڵ گەرمبوونی ئەو هەواڵە جەرگبڕانە ئۆقرە بڕاوتر دەهاتە بەرچاو بە تایبەتیش لەو کاتانەی کە «کەروێشکەخەو» دەیبردەوە لەسەر ئەو تاک قەنەفەیەی کە تەمەنی دوو ئەوەندەی تەمەنی من و باوکمی هەبوو، «قەرەی قەساب» هەموو جارێک دەیگوت لەگەڵ هاتنیان بۆ ئەم ماڵە، کڕیویانە، ناوم نابوو "قەنەفەی ترسەکانی باوکم" ڕەشکۆ کەمۆتەکە دەیگرت، هاواری دەکرد بۆ خەلاسی، دیاربوو لەخەویدا لەژێر ئەشکەنجەدایەو ئازاری جەستەی دەدەن لەخەویدا، پشتیان دەسووتاند، تێزابیان دەکرد بەچاویا، نینۆکیان لە ڕەگوریشەوە دەردەهێنا، لەهەمووشی سەیرتر، بێ بەرای خۆی باسی دەکرد لەتۆمەتی بوون بەشۆڕشگێر، بەدەم خەوەوە هاواری دەکردو دەیگوت: "مەمکوژن من نەبووم کە مەنشوراتم بڵاوکردبێتەوە، من نەبووم کە دوێنێ لەسەردیوارەکان نووسیم بڕووخێ ڕژێم و بژی شۆڕشکەران، من مامۆستایەکم دەستم بەکڵاوەکەی خۆمەوە گرتوو، با نەیبات".
جارجار ناوی «ڕەیحان»ش دەهاتە ناوناوانەوە، بەدەم هاوارکردنەوە دەبووە قوربان و بەساقەی هەتا دەهاتیش جووڵە بڕاو نەفەس توندتر دەهاتە بەرچاوو قەنەفەکەش جیرەوجوولەی زیاتری تێ دەکەوت لەگەڵیا، هەتا دەهات، مۆتەکەو هاوارەکان لەئیرادەکان بەهێزتر دەبوون، هەتا خەبەرمان نەکردایەتەوە ئەم قەوانەی لێ دەدا، جاری واهەبوو هەستم دەکرد کە بەراستی هەنووکە بەسەر سەریەوەن و دەیانەوێت بزانن بۆچی وێنەی سەرۆکی هەڵنەواسیوە، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە «ڕەشکۆ» جگە لەکاتی مۆتەکەکان هیچ کات بەقوربان و بەساقەی «ڕەیحانە» نەبووە، هەمیشەش بە خزمەتکارێکی ئەو ماڵەی دەزانی، ئەویش بە پیشەی زۆری میرخاسەکان پێی وابوو کە نابێت جگە لە جێ خەوی شەوان ژنەکانمان خۆش بوێت، جگە لە جێێ خەویش نابێت لەبەرچاوی هیچ کەس ماچ بکرێن، ڕەشکۆ ڕاهاتبوو «ڕەیحانە» بە سەگباب بانگ بکات، بۆیە دەتوانم بڵێم مۆتەکەکانی «ڕەشکۆ» کاتی خۆشگوزەرانی و بزواندنی شەهوەت و نەشئەی «ڕەیحانە» بوون چونکە تەنیا لەو کاتانەدا، ڕەیحانە گوێبیستی ڕەیحانە گیان دەبوو، تەنیا لەوساتە مۆتەکاویانەدا بە سەگباب و کافرباب ودەعەجانی بانگ نەدەکرا.. ئاسایی بوو «ڕەیحانە» لە پیناو زۆرترین گوێبیستی بەساقەو بەقوربان و حورمەت و ڕێزێکی مۆتەکاوی هەتا بۆی بڕەخسێت هەتا بۆی بلوێت، ڕەشکۆ بەخەبەر نەکاتەوە... ئێستاش دەپرسم خەتای کامیان بوو؟ کامیان ئارەزووی ئازاردانی ئەوی تری بوو.. «ڕەشکۆ» بوو یان «ڕەیحانە»، یاخود هەردووکیان بەیەک ئەندازە چێژیان لە ئازاردانی یەک دەبینی.. لە لایەک دەڵێم «ڕەشکۆ» نا هەقی نەبوو، کە بێ ڕێزبێت لە بەردەم «ڕەیحانە». چونکە هەر «ڕەشکۆ» نەبووە کە نازی لەژنەکەی بریبێت، سەرۆکەکانمان لەبەرچاوی خەڵک ماچی حەبیبەو هاوسەرەکانیان نەدەکرد، ماچی ژنەکان قەدەغەبوو، لادان بوو لەنەریت و ئەدەبیاتی نارێزی بەرامبەر ژن و خۆشەویستەکان، بەڵام ئاسایی بوو بەدزی ژنەکانیان، ئەو ژنە ماندوو نەناسانەی کە زوخاوی ڕۆژانی سەختیان لەگەڵ

بۆره پیاوەکانیان چێشت، لەگەڵ وادەی چاوخافڵی و شەکەتی ژنەکانیان، لە باوەشی سۆزانییەک شەو بەڕێ بکەن و ڕۆژ بەخێر بکەنەوە، سەرۆکەکان تامیان لەوە دەبینی کە بڵێن ئەمشەو لە باوەشی سۆزانییەک خەوتووین، ماوەیەکیش وای لێ هات شار لەبەر چڵێسیی سەرۆکەکان و کەمبوونەوەی ژمارەی سۆزانییەکان، بەشی مێردمنداڵ و هەرزەکار و بڵحەکانی نەدەکرد تا ماوەیەکی زۆریش وەکو گۆشتی مریشک لێیان حەرام کرابوو، جگە لە سەرۆکەکان کەس بۆی نەبوو مریشک بکڕێت و تامی بکات. جگە لە گەورەی ماڵ کەس بۆی نەبوو تامی سنگی مریشک بکات. ڕەشکۆ لە گەڵ هەموو بەخەبەربوونێکی گەڕاو دۆڕاو لە سەگ مەرگی، بە ڕوخساری بزەوتازە کۆتاییهاتووی قاقای پێکەنینمان بەهۆش دەهاتەوە، لەوێوەو بەهۆش دەهات و دەیزانی ئەمجارەش جگە لەمۆتەکە هیچی تر نییە، وەلێ پێکەنینەکەمان، هێندەیی تر بەناخی ئەرزدا، دەیبردە خوارێ و لموزی شۆر دەکردەوە، هێندەی تر ترس لە ڕۆحدا چرۆی دەکرد، تا ڕۆژێکیان لەترسێکی گەورەتردا. قاچی قەنەفەکە شکاو «ڕەشکۆ» لەگەڵیا لەقسە وهاوارکردن کەوتو مۆتەکە لەناوی برد.



## ٥

**هەمووخاترخواکان لە چواردەدا لەدایک دەبن و لەپانزەدا دەمرن....**
**گوڵ و نامە بۆندارەکانیش، تەنیا لە چواردە بازاڕیان گەرمە.**

جگە لە چواردەی فێبریوەری، هیچ ڕۆژێکی تر مێترۆ بۆن گوڵی لێ نایەت، لە ڤەلەنتاینا نەبێت، کەس لە ڕێکەوتێکی تردا، گوڵ وکارتی سوورو ورچی پەمەیی پێ نییە، هەموویان لەم ڕۆژەدا سونبوڵێکی دەربڕینی خۆشەویستیان بەدەستەوەیە، من نەبێت جگە لە بۆنی جابییەتی، جگە لە بۆنی عارەق و بۆنی سیروماستی ترشاو، بۆنی هیچی ترم لێ نەدەهات، سەمەنگوڵ ئەمساڵیش بە پیشەی هەموو کاتێکی لەم ڕۆژەدا بەتاسەوە چاوەڕێی هاتنی ڤەلەنتاینە، هەموو ساڵیک لە م ڕۆژەدا بەنیازە گوڵێک، لە گوڵ فرۆشەکانی مێترۆ بکڕێت و بیبەخشێتە حەزلێکەرێک کە یادی «ڤەلەنتینۆس» هێنابیەتە ئاراوە، هەموو ساڵێک لەم بەروارەدا چاوەڕێی بەخشینی بۆننامەیەکی ئیشقە، هەرچەندە سەیری حاڵ و باڵی پەرپوتی سەمەنگوڵم دەکرد زیاتر بۆم ئاشکرا دەبوو کە مەحاڵە ئەو ئارەزووە نەزۆکە بێتەدی. مەحاڵە لەم زەمەنی هەڵوەرینی ئیشق و دولبەرییە داستانێکی وەنەوشەیی بخوڵقێت..هەر وەک پێش بینیم کرد. مەخابن ئەمساڵیش وەکو ساڵەکانی پێشت، نەکەس هەبوو گوڵێکی لێ وەرگرێت و نەکەسیش نامەیەکی لەگەڵدا ئاڵوگۆر کرد، چەند ڕۆژێک بەرلەهاتنی ڤەلەنتاین، ئامادەگیی خۆی بۆئەو یادە بۆ باس کردم، ڕای من ئەوە بوو کە هەل وڕێکەوتی حەزلیکردنەکەی بەو مێژووە شوومەی حەزلێکەران نەبەستێت، زۆرم هەوڵ دا لە گەڵی، کەخۆی بەبۆنەیەک نەبەستێتەوە کە ئەوەیچ ڕۆڵێکی لەخوڵقاندن و هاتنە بوونیدا نەبووبێت، بە قسەی نەکردم ئەو پێێ وابوو من کابرایەکی نەزانم و هیچ لەمانای ئیشق و ئەڤین تێ ناگەم.. ئەو نەیدەویست لەوە تێ بگات کە ناشێت، «ڤەلەنتاین» لەم چەرخەدا ڕێکخەری بۆنەو ڕێکەوتی دروستبوونێکی نوێی پێکەوەبوونی کەپڵەکان بێت، ئێوارەی بەر لە دواماڵئاوایی لە ڤەلەنتاین، بەدەم

مەرەخەسبوون لەبۆنی عەترو گوڵاوی ڤارگۆنەکان. بەکزییەکەوە هاتەلام و پێی گوتم ئەمساڵیش ڕۆیی و نەیتوانیوە کەس بناسێت. بەدەم پیاسەی گەڕانەوە بۆ ماڵ و دەرچوون لەتونیلە خنکاویەکانی مێترۆ، پێم گوت ئەزموونی من لەگەڵ ئەڤینداری بۆی سەلماندوم کەئیشق لەچواردە ساڵیدا لەدایک دەبێت و لەشانزە ساڵیدا دەمرێت و لەسی ساڵیدا هەواڵی مەرگەکەیت پێ دەگات. تۆیەکی شەست ساڵان، ناتوانیت ئەو زەمەنە بە زۆری «ڤەلەنتاین» زیندووکەیتەوە. پاشان منێکی ڕۆژهەڵاتی زۆرباشتر لەتۆ لە مانای ئیشق تێ گەیشتووم، بەڵام دەرفەت و بواری ئەوەم پێ نەدراوە زامی ئیشقەکانم لای کەس بدرکێنم، کەسیش لای ئێمە هانی خۆشەویستی نادات، ئەوەی لەهەوڵی حەزلێکردنیش بێت، نەیارانی ئیشق و مێشولەکان لە هەوڵی پەشیمان کردنەوەی دان، وەختیەتی سەمەنگوڵی قیتار بەجێماو، کەمێک لە لە دایکبوون و بەسەرهاتێکی ڕاستگۆ لە زەمەن و مانای ئیشق تێ بگەیت، بەڵێ ڕەنگە لەهەمووتان زیاتر کچم ناسیبێت. لەگەڵ زۆرێکیشیان لە کووچەو کەلەبەرە تەسکەکان یاری و دەست لەملانێ و چاوشارکێم لەگەڵ کردبن، ئارەزووم بۆ ئیشق لەکاتی ئاسایی خۆیدا ، چرۆی کردووە، بالام مەخابن لەو تەمەنەی کە من هەوڵم دەدا کەسێک بکەم بە حەزلێکەری خۆم ئەو تەمەنە لای ئێمە بە تەمەنی سێبەندی و بڵحی و شلەژاوی ناو دەبرێت، چواردە ساڵ بووم کە یەکەم هەوڵی سروشتیم دا بۆ خۆشەویستی، چواردە ساڵ بووم کە یەکەم نامەی هاورێیەتیم دا بە «نیژیرپە»، ئەو کات ئێمە لەماڵێکی کۆنی گەڕەکە قوڕاوییەکاندا دەژیان، سەربانی ماڵەکەمان لەو سەربانە بەگڵ دروستکراوە بوو کە بەربەست و بەردەمی نەبوو، پانتایەکی بێ ئەندازە تا ئاستی بڕکردنی چاو باگردێنەکانی تری لێ دیاربوو، ئەم رەهاییە وای کردبوو هەمووجموجۆڵێکی ئەمدیو و ئەودیوی سەربانە بەیەک بەستراوەکان ببینیت، بە تایبەت جموجۆڵ و هاتوچۆی تەلەبەکان لە وەرزی گەرمی ئەزمونەکان، دەرکەوتنی کوڕو کچەکانم ناونابوو، وەرزی دەرکەوتنی پەپوولەکان، ئەو پەپوولانەی کە بەبیانووی تاریکی و نسرمی ژوورەکان بە ملیۆنەها هەڵدەڕژانە سەربانەکان و خۆیان هەڵدەخست پەپوولە نێرومێکان، بەتاسەوە ئارەزووی زووتر دەرکەوتنی تیشکی خۆریان دەکرد، ئارەزووی زووتر هاتنی ئێوارەیان دەکرد ئێوارەیەکیان کەوتنی خۆرو



سووربوونی ئاسمان و دەرکەوتنی بەشەرم و لایەکی مانگم کردە کات، بۆ گەیاندنی پەیامی ئیشقی چواردەم، لەو ئێوارە ئاسمان سوورەدا لەمابەینی کتیبێک پەیامەکەم ڕەوانەکردو دام پێی... لەونامەیەدا باسی زۆرشتم کردبوو، چەند جارێکیش بەر لەوەی بەدەستی بگات، نامەکەم بەچەند پێنووسێک و بە چەند ڕەنگێ لەکاغەز نووسییەوە، ئێستاش لەیادمە بەقەڵەمێکی سەوز نامەکەم نووسی، ئەوەی کە لە یادیشم ناچێت، لەدوا دێری پەیامەکەدا خۆمم بە هاوڕێیەک ناوازە کردبوو، نەک بە ئاشق، چەندین جاریش لەگەڵ خۆدا کەوتمە پرسیار، وشەی هاوڕێ بەرزترە یاخو ئاشق نەمرترە؟ ئیشق بەزیندوویی دەمینێتەوە؟ یاخود هاووڕێیەتییە نازانێت مەرگ چییە؟ لەوانەیشە هیچیان بێت و هەمووی بەرژەوەندی بێت؟ دەترسام وشەی هاوڕێ لەیەک تێنەگەیشتنی بەدوادابێت، ئەو شەوە تا بەیانی لە جێگەکەمدا ئەمدیوو ئەودیوم کردووە، ئەو شەوە مێشوولەکان لە هەمووکات زیاتر ئارەزووی ئەشکەنجەدان و خەو زڕاندنیان هەبوو وەک ئەوەی بە ئاگابن ئێوارە چی ڕووی داوە...ئەو شەوە تا بەیانی بەدیار چاوەڕوانی وەڵامی بەڵێ یاخود نەخێری «نیژیرپە» لە خولگەیەکی سەیر ژیام، یەکەم جاریشم بوو ئەم ئەتوارە بنوێنم، بەرەبەیان بە پێشەی هەمووکاتێک، ڕەنگە کەمێک زووتریش بەرلە مەلابانگدان، بەر لە زەڕاندنی گوێدرێژەکان، بەر لەدەرکەوتنی سەموون فرۆش و سەوزەو دەسگێرەکان، زووتر لە هاتنی کاتی ڕاونانی پشیلە لەڕەکان، بەر لە دەستنوێژی مەلاژنەکان، بە خەبەربووم.. چاوەریی دەرکەوتنی بووم ئەمزانی سپێدەی بەیانیان وادەی دەرکەوتنی پەپوولە ئۆقرە لیبڕاوەکانی تاریکیی شەوە، ئەی نەتزانیوە پەپوولەکان تەنیاو تەنیا لەسپێدەو ئاوابووندا دەردەکەون، یەکەم کەس بووم کە لە جێ هەستام، یەکەم کەس بووم کەوتمە هاتوچۆوگەڕان و سەرەتاتکێی سەربانەکان، چاوێکم لەسەر کتێب و چاوەکەی ترم بەدەوەری خۆدا دەسووڕاند، بۆ کاتی دەرکەوتنی «نیژیرپە»، بەر لە ونبوونی بریسکەی ئەستێرەکان، بەر لە هەڵهاتنی تەواوی هەتاو «نیژیرپە»یش دەردەکەوت، دەیزانی کە وادەی دەرکەوتنی پەپوولەکان لەگەڵ کازیوەدا ، زۆر کورتە تیشکی رۆژ هێندە ڕێگە بەفڕینی پەپوولەکان نادات، بۆیە لەو زەمەنە کورتەدا چۆلەکەکان لە حەیبەتا ناجریوێن، لەوکاتەکەمەدا "ڕەشەبای شار" لەپیناو دەرفەتی

فڕینی پەپوولەکان تووڕەیی خۆی کپ دەکات، زەمەنیش بۆ وادەیەکی نەزانراو خۆی ڕادەگرێت لە پێناو ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەڵفڕینی پەپوولەکان، مەلاکان وادەی بانگ درەنگدەخەن.. بە پیشەی هەموو بەیانییەک پەپوولە ئاسا لە سەربانی خۆیانەوە دەرکەوت... بەیانیت باش «نیژیرپە». نامەکەت خوێندەوە؟

– بەڵی بەڵام مەبەستت چی بوو؟ قسەکانیم پێ بڕیوو، گوتم مەبەستم،. نیازم ئەوەیە کە پێت بڵێم هاوڕییەتی لە ئیشق پیرۆزترە؟ ئێمە هاوڕێ بین نەک ئاشق.. بەتوورەیی و شەرمێکەوە قسەکانی پێ بڕیم و گوتی ئا بۆ ئەوەی هاوڕێش بین دەبێت نامەکە لە مابەینی ئەو بەشی کتێبە دابنرێت کەباس لە کۆئەندامی زاوزێی نێرومێ دەکات؟! باسی چی دەکەیت کۆئەندامی زاوزێی چی؟ دوێنی نامەکەم لەوبەشەدا دەرهێنا کە باس لەوشتە بێ حورمەتانە دەکات. مەبەستت چی بوو؟ بڕوابکە مەبەستم هیچ نەبووە، هێندەی لەخەمی گەیشتنی پەیامەکەم بووم هێندە لەخەمی ئەوە نەبووم کە لە چ بەشێکی ئەو کتێبە خۆی گرمۆڵە داوە، تۆ بۆچی دەتەوێت دەستپیکی ئەم پەیوەندییە بخنکێنیت؟ بۆ دەتەوێت خونچەی ئیشقێک بە چڵکاوی شەرم ئاوبدەیت، پاشان کۆئەندامی زاوزێ، بەشێکە لە «زانستی زیندەوەران» گەر تۆو مامۆستاکانیش هەنووکەش لە هەوڵی شاردنەوەی دان، ئەوا ڕۆژێک دێت هەر خۆتان دەکەونە هەڵپە بۆ زانینی نهێنییەکانی زۆربوون. چەقینی خۆر بەئاسمان بواری قسەی زۆر وکێشمە کێشمی پێ بڕیم، ناچار سەربان بەجیهێشتن و ڕاکردن لەترسی خۆربەرکەوتن و سووتان بەتیشکی بەهێزی هەتاو، هەر لەوێ هەتا کۆتایی بە هەمووشتێک هێنا، بەڵام ڕێگەی لە پرسیاری نێوژووره نسرمەکان پێ نەگیرا نامەکەی خوێندبووە؟ لەهیچی نامەکە تێ نەگەیشتبوو؟ ناوەڕۆکی نامەکەی بەلاوە گرنگتربوو یاخود خۆحەشاردانی نامەکە لەو بەشە؟ پەیامی هاوڕێیەتییەکەی من گرنگترە، یان کۆئەندامی زاوزێی نێر ومێ؟ تۆ بڵێت مەبەستی زانین بێت ویستوویەتی گازند بکاتە حینجەت بکاتە هێماو هەوێن بۆ دەربڕین، باشە بۆ دەبێت هێما بکەینە پردێک بۆ گەیشتن بەڕاستی و زانیارییەکان، شەرمە ڕێگەمان پێ دەگرێت یان ترس؟ بەڵام ترس لەچی؟ تاوانی ئەوە یاخود تاوانی مامۆستاکان، تاوانی دایکیەتی کە دەیەوێت پەپوولەکان بەو شێوەیە لە یەک بڕەنجێن؟ یاخود تاوانی



منە کە هەوڵم داوە لەو خەوە خۆشەی منداڵیی بەخەبەربێنمەوە..هەموو ئەم پرسیارانە تا ڕۆژی ئەزموونی زیندەوەرزانی بێ وەڵام لە هزرما مانەوە، تا ئەو ڕۆژەی کەشوورای بەرزی شەرمی تیا شکا. تا ئەو ڕۆژەی مامۆستایەک پرسیارێکی گشتی لەنێرومێکان کردبوو، لەبارەی زانستی «زاوزێ و زۆربوون»، هەژاندنی ئەو پرسیارە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنیکی گەورەی ئیشقە، لەدایک نەبووەکەم بوو، ئەو ئیشقەی بەر لەچرۆکردن حەواڵەی خانەنیشین و مەرگی ناوەخت کرابوو، ئەو پرسیارە وەڵامێکی ئەو بەدگومانییە بوو کە بووە هەوێنێک بۆشکست پێهێنانی هاوڕێیەتییەک و کەوتن و دەرنەچوون لەوانەی زیندەوەرزانی.. کە پرسیارەکەم بینی گەلێ دڵشادبووم بەوەی کە مامۆستایەک هەیە، قەڵاو شوورای بەرزی شەرمی ڕووخاندووەو هەرگیز لە دایک و باوکی نەترساوە... بوێروچاونەترس بووە.. لە هەمان کاتیشدا خەمی «نیژیرپە» دڵشادییەکەی پێ لە بیرکردم پرسینەکە بووە مایەی خەم، دەترسام لەوەی کە لە ئاست وەڵامی ئەم پرسیارە دەست خەرۆبێت و وەڵامی تەواوی بۆ نەدرێتەوەو لەشەرما بە بچووکی لەمابەینی مەمکدانە پرتەقاڵییەکەی هەڵنەخستبێت و نەی کردبێتە قۆپیە. بە پەلە تاقیکردنەوەکەم کردو بەرەو لای مەکتەبی کچان کەوتمەغاردان. شوێنی دانیشتنی «نیژیرپە» بە تەنیشت ئەو پەنجەرەیە بوو کە دەیڕوانییە سەر شەقامەگشتییەکە، کتێبەکەم بۆ بەرزکردەوەو لەوەدا بووم تێی گەینم کە وەڵامی ئەوپرسیارە لە بەشی حەوتەمیەتی، من هێشتا تازە خەریک بوو کتێبەکە بەرزکەمەوە.. پاسەوانی قاپی پاکیزەکانم لێ دەرکەوت، دەرکەوتنم لەو گوزەرە وەک دەرکەوتنی ئەژدیها وابوو، هەر بۆیەش پاسەوانەکە بەزەبری کوتەک و هەڕەشەی ئابروو، بەهەزار فەلاکەت لەو گوزەرەی دەرپەڕاندم، چوونم بۆ بەردەم مەکتەبی کچان بۆ ئەوە بوو کە نەم دەویست «شەرم» ببێتە هۆیەک بۆ نشوست وهەنسکێکی تر،دەمویست لە نیژیرپەی بگەینم کە هاتنم لەپیناو یارمەتیدانیەتی، نەک سەرلێشێواندن و تێکدانی مەزاجی ناسکی، دەمزانی ئێستا بەدەست وەڵامی ئەم پرسیارەوە دەناڵێنێت، بەڵام چی بکەم دەسەڵات و دەنگی نەفامی و کەم هۆشیاریی پاسەوانی قاپیی پاکیزەیی لە هەوڵەکانم، لە هەنگاوەکانم بۆ گەیشتنی دەنگم بە «نیژیرپە» بەرزتربوون. لەوکاتەوە ئیدی «نیژیرپە»م نەدیتەوە.. سەربانەکانیش لەگەڵ وادەی نزیکبوونەوەی کۆتاییهاتنی ئەزموونەکان خاڵی

تردەبوون، هەتا دەهاتیش «بای ڕەشی شـار» زیاتر هەڵی دەکردوو پەپوولەکانیش لەترسی باوبۆران دەچوونەوە ژووره تاریکە نسرماوییەکان. لەو وەرزە بەدواوە (نیژیرپە)م نەدییەوە، چەندین ئێوارەش بەبەردەم ماڵیان ماخۆڵانم بوو، شێتانە دەهاتم و دەچووم، ئەو ماڵە لەوچەند وەرزەدا کەسی تیا نەژیا، جگە لە جنۆکەو نەعل و خشخاشەی (نیژیرپە)، هیچی ترم بەرچاو نەکەوت، نەمدەزانی بەرەو چ مەملەکەتێک هەڵهاتووە؟ ئەوەندە نەبێت دەمزانی لەگەڵ دەستە خوشکانی بۆ شارە گەرمەکە سەفەری کردووە.. چەندی پێ دەچێت و کەی دێتەوە، پرسیاری هەمیشەیم بووە لە خاوەرو ژنانی تری گەڕەک. هەموو جارێ دەمپرسی گەر هەواڵیک لەسەر «نیژیرپە»کەم هەبێت. ئەفسووس «نیژیرپە» چوار وەرز خۆی ونکرد، وەختێک دەرکەوتەوە ساڵ لەوەرزی پێنجەمیدا بوو، ئەو وەرزەی کە دنیا نە گەرم نەسارد ئەو وەرزەی کە لە گەڵ باران بارینـدا خاکوخۆڵ بۆنی باران و خیانەتی لێ دێت، ئەو وەرزەی لەژێر پاڵتۆکانمانەوە لەتاو سەرما ئارەق دەهاوین، دەرکەوتنی نیژیرپە هاوکات بوو لە گەڵ تێپەڕاندنی تەمەنی چواردەو پێخستن بەپانزە، «نیژرپە» کە دەرکەوەت هەرخۆی نەبوو.. خۆی و خواکەی و دوومنداڵی گەنم ڕەنگیشی لە باوەشدابوو، بوونم بەشانزە هاوکات بوو لەگەڵ بوونی «نیژرپە» بەدایکی دوومنداڵ و گەڕانەوەی بۆ شار.یەکەم جار چاوم نەیدەویست باوەر بە چاو لەیەک چوو، ڕوخسار و قژی کاڵی ئەو دوو منداڵەو «نیژرپە» بکات، لە هەمانکاتیشدا بەعەقڵ دەمگوت، یەک ڕوخساریان هەیە. تا گەیشتنم بۆ بەردەم ماڵی «خاوەر» موختاری گەڕەک. دڵنیابووم کە خاوەر وەڵامی لادەست دەکەوێت، چونکێ وەختی خۆی ئاگای لەبرێکی کەمی ڕاکە ڕاکەو سەرتاتکێی سەربانەکانمان بوو.. بێ سڵاو بەلالووتییەکەوە کەوتمە پرسیاری نەژادی ئەو دوو منداڵە– خاوەر جامباز ئەو دوو منداڵە هی کێن لە باوەشی «نیژیرپە» بوون؟

– منداڵی دایک و باوکین،

– باوکی کێیە؟ باوکی «شالوت»ـە... شالوت کێیە؟

– شالووت کوڕی ژەنەڕاڵێکی گەورە و ناوداری پایتەختی خاپورە وڵاتە و دایکیشیان «نیژیرپە»یە..



– هەوڵم دا بەدرۆی خەمەوەو گومان ببڕم، پێم گوت خاوەری تەشقەڵەباز «نیژرپە» و شوو منداڵیان نەوتووە، ئەو هێشتا وەک خاکی «دەقڵ» وایە سەختە و ناشێت بۆ کێڵان، ئەم جمکە بەچەپەی شەیتاری نازانیت کاری خوایە.

مەعز بۆ خوا خوا بێ ئاگایە لەم تاوانە؟ خوا بێخەبەرە لەو گوناهە، خوا گوناهی وا ناخاتە پاڵ عەرش و مەملەکەتی شکۆداری خۆیەوە ئەم گوناهە گوناهی گێلیو نەفامییە؟ وازمان لێ بێنە خوا هەقی نییە بەسەر شوومان..

سەمەنگوڵ من ئاوەها لە مانای ئیشق گەیوم، وەختیکیش کە بوومە سی ساڵ مەرگی ئیشقەکەم پێ گەیشت هەواڵی مەرگی «نیژیرپە»، ناخۆش و تاساوترین هەواڵبیستووی ژیانمە، ئەو کاتەی «فاتەگوڵێ» باسی لێوە دەکرد کە چۆن و لە بەرچی ویستوویانە هەڵبێن هێندەی تر دەچوم بەناخی ئاردا، «نیژیرپە». ئاوبردی و لە گەڵ خۆیدا شەرمی ئیشق و توورەگەی جگەرەکێشان و سەرەتاتکێی سەربان و ئێوارەی نامەو پەیامەکەو ڕاونانی پاسەوان و هەموو یادگارییە خۆش و ناخۆشەکانی ئەو زەمەنەی لەگەڵ خۆدا برد... «نیژیرپە» کەوتە ناو ئەو دەریایەی کە.. قودرەتی ئاوە بەخورەکەی لەسامی جەماوەری ڕاپەڕیوی دژبەخراپە کاریەکانی «شالووتی» مێرد و هاوسەر و داروەدەستەکەی زیاتر بوو، ئەوەی کەمن خەفەتی بۆ دەخۆم، مەرگی «نیژیرپە» نییە، خەمی من لەسەر ژیانی ستەمکاران و لەناوچوونی پەپوولەکانە.

## ٦ پاسکیل و دووکەڵی جگەرەکەم..تاقە یادگاری بەجێماوی مەملەکەتی سەرخۆڕیە

کاتێک کە منداڵ بە نەگبەتی لە دایک دەبێت و بە ئیقباڵ ڕەش و سەرەخۆرە، ناوازە دەکرێت، ئیدی هەر بە نەگبەتیش سەر دەنێتەوە، هەر نەگبەتییە دەتوانێت تاسەر قەبر لەگەڵیا هەڵکات، من سەرەتا لەم نەگبەتییە تێ نەگەیشتبووم، وام دەزانی سینە کوتانی دایکم لەبەر ئەوە بێت کە هاتنی من هاوزەمانە لەگەڵ ڕۆژگارە سەختەکانی هەرەس پێهێنانی شۆڕش، تا دوایی بۆم دەرکەوت قژڕنین و کڕوزانەوەو سینەکوتانی «ڕەیحانە» بەهۆی چەپۆکەکانی «خەجێ»وەیە ئەو چەپۆکانەی لە بەستنی من لە بێشکەدا بەر ڕوومەت و گریانی بە کوڵم دەکەوت هەر «خەجێ»ش بوو کە نەیدەهێشت «ڕەشکۆ» پاسکیلم بۆ بکڕێت، هەر خەجێی نا موبارەک بوو کە نەیدەهێشت هیچ کام لە حەزو ویستەکانم لە ئان و ساتی خۆیدا بۆ بهێنرێتەدی، ئەو دەیویست داخی شونەکردن و وەچەنەخستنەوەی خۆی بەسەر نۆبەرەیی و بەرائەتمدا هەڵڕژێت، پوورە «خەجێ» بە بیانووی ترسی کەوتنە بەر چەرخی عەرەبانەیەکی تریشقەو دورخستنم لە مەرگێکی پێشوەخت «ڕەشکۆ»ی هەڵخەڵەتان کە پاسکیلەکەم بۆ وادەیەکی نەزانراو دوابخات، بۆ وادەیەک کە ئیدی هەوەسی گەڕان بەدووچەرخەت نامینێت و لە هەوڵی بەدەسکەوتنی حەزی تردا دەبێت. هەر ئەوجارەش نەبووە کە ویستراوە خەونەکانم بچووک بکرێنەوە، من هەموو جارێک کە ویستوومە خەو ببینم، خەوەکەمیان بەر لە سەردەرهێنان و چرۆکردن، کوشتوە.. کەس نەبوو «ڕەشکۆ» لەدڵڕەقیی پوورە «خەجێ» ئاگادارکاتەوە، کەس نەبوو زاتی ئەوی هەبێت بڵێت پوورە «خەجێ» پادشای جەبار نییە، کەسیش نەبوو بە نەخۆشی و ئازاری تەمەن بەسەرچوون و شونەکردنی «خەجێ» و قیتار بە جێهێشتنی بزانێت، من نەبێت دەمزانی کە بۆچی «خەجێ» بووتە ئەو سەگە بریندارەی کە بەهۆی ئازارەکانی



قەیرەییەوە، بە هەموو کەسێک دەوەڕێت، لە ماڵی ئێمە کەس نەبوو، قسە لە ئاست قسەی «خەجێ»دا بکات، کەس نەبوو بزانێت بۆچی «خەجێ» بەیانیان؟ ئارەزووی گۆێبیستی گۆڕانی و ئاوزای ئیشقە، کەس نەبوو بزانێت «خەجێ» بۆچی قاوەی تاڵ لەگەڵ بەرچ دەخوات، کەس نەبوو بزانێت بۆچی «خەجێ»، چووە دەرەوەو نەهاتەوە، جاری وا هەبوو «خەجێ» خۆشی نەیدەزانی چی دەوێت سەری لە هەمووان تێک دابوو، هەژمینێکی گەورەی خستبووە ماڵکە، «خەجێ» لە هەردوو جەژنەکە ببوو خۆشی نەیدەزانی دەست لەکامیان هەڵگرێت، لەوبەینەدا تیامابووەوە نە ئەوەتا شووی دەکردوو دەستی لە دەسەڵاتە بێ ئەندازەیەکەی ماڵی باوک و برا هەڵدەگرت، نە ئارەزووشی بوو هەروا بێ پیاوو ماڵ بمێنێتەوە، دواجار من تێ گەیشتم کە نازی دەسەڵاتە ڕێگە نادات بچێتە ژێر دەسەڵات و حەساری هیچ پیاوێکی تر، کێ دەڵێت ژوان لە گەڵ مێردەکەی، حەسانەوەی بەدوا دەبێت و کێ گەرەنتی ئەوە دەکات بەم شێوەیەی ئێستا بۆی دەلوێت ئاوەهاش لەماڵی پیاوەکەی بۆی برەخسێت و حاکم بێت، وابزانم هەرئەمە بوو وای کردبوو «خەجێ» شوو نەکات، وەلێ خۆزگە شووی کردایەو نەجاتمان بووایە، ئەم شوونەکردنەی بۆ من بووبووە مایەی خەم وپەژارەیەکی گەورە، ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ هەموو ماڵئاواییەک لەتەمەن و بە سالاچونێکی نوێی «خەجێ» زیاتر ڕق و کینەکانی، زامی شونەکردنەکەی لەچاوو هەڵسوکەوتی بەدی بەرامبەر بە من دەکرد، پورە «خەجێ» خۆی بەخزمەتکاری ماڵەکە دەزانی، جارجارەش جلکەکانی نێو باوەڵەکەی بۆ ڕێک دەخستم، ئێوارەیەکیان هەرلە خۆیەوە بێ ئەوی کەس داوای لێ بکات کەوتبووە ڕێکخستنی جلکەکانم، بەدەم جیاکردنەوەو گەران بە دوای پاک و پیسی جلکەکاندا، لەناو باوەڵەکە، دەستی بەر شتێکی رەق کەوتبوو، لەجلک نەدەچوو، کۆمەڵێک وێنەی مایۆلەبەرەکان کە ئەو کات بە وێنە ڕووتەکان ناسرا بوون هاتبووە بەردەست دیاربوو، ئەو وێنانە ئازاری ڕۆح و شەهوەتیان دابوو، بەدزی و بێ ئاگایی نووستووان کەوتبووە قسەو لێدوان لەگەڵ وێنەکان، پرسیاری گەمژانەی لە وێنەکان کردبوو.. چۆن دەبێت لەم جیهانە ئافرەت هەبێت بەو شێوەیە خۆی ڕووت کاتەوە؟ ژن لای ئێمە جگە لە جێگەی خەو نابیت لەهیچ شوێنیکی ترلینگ فش بکات، نابێت

جوان خاسی لەشولاری خۆی دەربخات، گورگەکان زۆرن، (خەجێ) لەجیهان و خولگەیەکی سەیر دەژیا، نەی دەویست لەوە تێ بگات کە ئەم پۆسکارتانەی ئەو دەیەوێت، فەرتەنەی لەسەربنێتەوە بەهەزارەها لەمەیانی ماست فرۆشان، بەسەدان لە بەردەرکی سەراو بەدەیان لە بەردەم شارەوانی دێنە فرۆشتن، نەیدەزانی کە لایەکی ئەم شارە خۆی بەکڕین و فرۆشتنیان خافڵ کردووەو حوکمەتیش خەریکی بازرگانی پێ کردنیەتی. ئەم وێنانەیە بۆ تێرکردنی شەهوەتی برسی نییە، ئەم وێنانە زەوق نابزوێنن،. وەلێ چی بکەم کەس نەبوو ئەمانەی تێ بگەیەنێت «ڕەیحانە» یەکەم کەسبوو کە بەمەسەلەکەی زانی، «خەجێ»، دوو بەردی بەچۆلەکەیەک کوشت، لەلایەک سێبەندی من و لە لایەکیش تۆمەتی نەزانی و کەم تەرخەمی گۆش کردنم، بەڕووی «ڕەیحانە»دایەوە. «ڕەیحانە» عەقڵی منداڵێکی نەبوو کە دەهاتە سەر ئەو باسانە، لەو باسانە زۆر شەرمن و ساویلکە بوو. «خەجێ»ش دەیزانی چۆن ئاگرخۆش بکات، بۆ ئەوەی ئا گرەکە خۆشتر بێت. بۆ ئەوەی هەوەسی تەمێ و دارکاری و سەرشکاندن بگاتە ئاستێکی بالا فیچقەی خوێن بەربووی سەری شکاوم هێندەی تر «خەجێ»ی دڵشاد کرد، خوێن فیچقەی دەکردوو، خەجێ زیاتر و زیاتر بە نابوت و ناجیسم و ئابڕووبەرە ناوی دەهێنام، هەتا دەهاتیش هاوارو سینە کوتانی «ڕەیحانە» بەرزترو خوێن ڕۆیشتنی من زیاتر دەبووە سونبولیک بۆ بەدکاری و سێبەندی، ئاگام لێی بوو لەولاوە لەسوچێکی ژوورەکە، بێدەنگ بزەی لێوی دەهات، جارجاریش لەگەڵ هەڵکەوتنی فرسەت چاوێکی بە وێنە لەسەر ئەرزکەوت و بڵاوکراوەکانی ژوورەکە دەگێڕاو بەبیانووی کۆکردنەوەیان، تێر تەماشای دەکردن و لەناخدا خۆزگەی دەخواست کە ئەویش بیتوانیایە وەک ئەمان ڕۆژێ بێت جوان خاسیی خۆی نیشان بدات. لەو ڕۆژە بەدواوە تێ گەیشتم کە بۆچی خەجێ دژایەتیم دەکات، هەستم کرد کە ئەو بۆیە نەیدەویست دووچەرخەم بۆ بکڕن، کاتی خۆی لە هەرزەییدا و ڕەنگە دووچەرخە (پاسکیل) ئارەزوویەک بووبێت و لە «خەجێ» بەزەبری دروشم و مارشی «قەدەغەیە، بۆ ژنان» لێی حەرام کرابێت.دەنا بۆ دەبێتە ڕێگر، لە بەردەم هەموو ئارەزووەکانم، ئاشکرابوونی ئەو وێنانە دەسەڵاتی خەجێی لەماڵەکەدا فراوانتر کرد، تاماوەیەکیش بەفەرمانی «خەجێ» و لەژێر دروشمی بەرزو پیرۆزی تەمێ کردن قەدەغە بوو، لە ژوور هاتنە دەرەوەم، جگە لەکاتی نانخواردن بۆم نەبوو ئەودیو





ژوورەکەم ببینم، ماوەیەکی زۆر هەموو ڕۆژێک دوعام دەکرد، زووتر «خەجێ» لەناو بچێت و مەرگی ببینم. ئێوارەیەکیان دونیا خەریک بوو تازە تاریک دابێت. لەوە دەچوو دوعاکانم گیرابووبێت لەگەڵ بانگی عیشا، هەواڵێکی ناوەخت و لەناکاو کتوپڕی نەهاتنەوەی هەتاهەتایی خەجێیان هێنایە ماڵەکە، من تادرەنگ وەختیش لەترسی درۆی هەواڵەکە نەمدەویست لەژوورەکەم بێمە دەرەوە، هەموویان وا تێ گەیشتبوون من لەحەسرەتی نەهاتنەوەی پورە خەجێیا مانم گرتووەو نامەوێت لەو ژوورە نسرمە بێمە دەرەوە، تادواتر ژنان بەزۆر لەژوورەکەم دەریان کردم و هەر لە ژوورەکەم کفنەکەیان دووریبەوە.. وئیدی تێ گەیشتم کە هەواڵی مەرگی خەجێ و ژێرکەوتنی بەژێر عەرەبانەیەکی تریشقە ڕاستە، ئەسپەکان هەقی منیان لەخەجێ کردەوە.. چەرخەکان «خەجێ»یان کوشت لەپرسەکەیدا بەتاقە خۆشەویستەکەی پووری ناسرا بووم، ژنانی گەرەک لەشین و واوەیلاکەیاندا ناوی منیان دەهێنا، خاوەرو عەتێ و ڕەعناو گوڵێ بەیەک دەنگ دەیان گوت، دایکت بمرێت! «خەجێ» بەجێیهێشتی، زۆری خۆش دەویستی، نازدارەکەی پووری، خۆشەویستەکەی «خەجێ»، لەشەرما منیش بۆ گەرمترکردنی کرووزانەوەو شیوەنی درۆیان، بەسەرهاتی سەیر و یادگاری خۆشی قەد ڕوونەداوم دەهۆنییەوە، تا زیاتر باوەڕ بەو درۆیە بکەن کەڕۆژێک لەڕۆژان «خەجێ» منی خۆش ویستبێت یاخود باوەشی نازی بۆ کردبێتمەوە، بەخۆم دەگوت کێ بەکێیە؟ خۆ تازە «خەجێ» تۆپی، ئەسپە ڕەشە بردی لەپاش ناشتن و تەواوبوونی سێ ڕۆژە، بە تاسەوە ڕۆژو ساتەکانی تێپەڕاندنی چلەو لەیادکردنی پاشماوە پیسەکانی «خەجێ»م دەڕوانی، تائەو ئارەزوو و حەزانە بێنمەدی کە پێشتر «خەجێ» لێمی زەوت کردبوو، لەدڵی خۆمدا دەمگوت، ئۆخەیش خەونی کڕینی دووچەرخەم هاتەبوون، ئۆخەیش ئیدی پیاو سەربەستە، هەرچییەک لەماڵەکەیا بکات، «خەجێ» مرد بەڵام مەخابن، مەرگی «خەجێ» بەس نەبوو بۆ کڕینی دووچەرخەیەکی تازەو نفتونۆ.. کە دووچەرخەم کڕی دووچەرخەیەکی دزراوم، کڕی پارەی دەغیلەکەم بەشی دانەیەکی نوێی نەدەکرد، دزەکەش ڕای سپاردم، کەجگە لەم دیو و ئەودیوی گەڕەکی خۆمان زیاتر بەرەو باشور پێی نەڕۆم، چونکە ئەم پاسکیلە لەیەکێک لەگەڕەکە دەوڵەمەندەکانی باشووری شار دزراوە و، نەوەکا کوڕی باوکە خوا پێیاوەکەی بەبیری بێت و لەپڕ بەدواتا بگەڕێت، خۆ ئەم ماڵ مۆڵانە تاخوا زیاتر

بەڕوویان بکاتەوە زیاتر بەرچاویان تەنگ دەبێت، پاسکیلێک چییە بادوانیش بدزرێت؟ هەمووی زەمەنێکی کورت بوو، ئیدی چێژی تۆڵەسەندن لە خەجێی و لەپاش کەمتر لە ساڵێک، لەگەڵ یادکردنەوەی کارەساتی مەرگی ناوەخت و نابەجێی «خەجێ» ئارەزووی لێخوڕینی دووچەرخەش لەیادکراو زەمەنی خۆشگوزەرانی گوزەشت، بارەکە بەشێوەیەکی زۆرخراپ هەڵگەڕا، لەو زەمەنە کێشەو خەمی گەورەتر ڕووی کردە ژیانمان ئیدی کاتێک نەما بۆ تۆڵە سەندنەوە، کاتێک نەما بۆ «پوول» کۆکردنەوە، کاتێک نەما بۆ نووسینی یادگارییەکان، برسیەتی و خەمی تێرکردنی ورگەکان، جێگەی هەمووخولیاو ئارەزوو وەکانی گرتەوە، لەو زەمەنەدا ئەوەی دووچەرخەشی هەبووایە، بۆ دابین کردنی تیکەیەک نانی دووچەرخەو ئەلبوومی پوولەکان و شتی تریش تالانفرۆش دەکرد. ئیدی لەوێوە بەم هەموو خەمانە، هەتا کاتی گیرسانەوەم لە مێترۆدا، سواری دووچەرخە نەبووم، کارکردنم لەمێترۆ ئەو خولیایە کۆنەی بزواندەوەو تەمەن و زەمەنی گەڕاندە دواوە، حەزم کرد جارێکی تر ئەو ئارەزووە بێنمەوە دی.. لەبەر ئەوەی بۆم دەرکەوت لێرە تەمەن ڕێگرنییە لە بەردەم هەبوونی دووچەرخە، لەبەرئەوەی لێرە کەس لەسواربوونی دووچەرخە شەرم ناکات، سەمەنگوڵ هیوادارم لەتام و چێژی پاسکیل لێخوڕینی بەیانیانم تێ بگەیت، هێندە ئەو پرسیارەم لێ دووبارە نەکەیتەوە، کەبۆچی لەڕۆژی باران و هەتاوو گەڵاڕیزان و بەفرانبارانەدا، دووچەرخەم پێیە، هاوڕێ من قەولم بەخۆداوە بەفر و باران ناتوانێت ڕێگری بێت لە بەردەمم، بەڵێنم داوە جارێکی تر نەهێڵم باران، خوا، دایک، باوک فێرگە، هاوڕێ، سروشت، کەس، ببێتە ڕێگر لە بەردەم هێنانەدیی خەونە نەزۆکەکانم. سەمەنگوڵ ئێمە هەر لە منداڵییەوە حەزی تەماشاو تێروانین و جوان خاسیمان تیا دەمرێنن، چی دەبوو گەر خەجێ لەسەر ئەو وێنانە نەهاتەیە جواب و نەیکردایە بەهەرا، چی دەبوو گەر بیهێشتایە لەکاتی خۆیدا دووچەرخەم هەبووایە؟ خۆ دنیا کاول نەدەبوو، ئێمە ژیانمان لەخۆ ئاڵۆزکردووە، هێندەی لەخەمی خەڵکیداین، هێندە لەخەمی خۆمان نین، تۆ لە خەمی خۆت بەو هەقی دووچەرخەکەی منت نەبێت..

– شەیتاری من لەوە تێ گەیشتووم، کەدووچەرخە ئارەزوویەکی کۆن و داخێکی دڵە، بەڵام ئەوەی کە سەری لێدەرناکەم تێکەڵبوونی فەنتازیای دووکەڵ و چێژی



جگەرکێشانتە، بەدەم لێخوڕینی دووچەرخەکەتەوە.. تا کاتی ڕاگرتنی دووچەرخەوخۆکردنت بەچایخانەی مێترۆ و داواکردنی قاوە تاڵەکە لە دووکەڵی جگەرە ناکەویت،

– ئەی پێم نەگوتیت دووچەرخە و دووکەڵی جگەرەکەم، تاقە یادگاری و حەزی بە جێماوی هەرزەکاریمە.. ئێمە کە فێری خوی جگەرەکێشان دەبین لەگەڵیدا فێری ئەوە دەبین کە بڵێین جگەرە بکوژی خەمەکانە، مەرگی هاوڕێکانە، هەر ئەم دروشمەشە باوەڕمان بەجگەرە پێ قایمگیر دەکات، هەمووشمان لەهاوڕێکانمانەوە فێری جگەرەکێشان بووین، بەڵام هاوڕێی جگەرەکێشانی من دوو هاوڕێی تایبەت و ئاڵتونین، دووهاوڕێن کە هەرگیز ناتوانم دەست بەرداری ئەو بەڵێن و پەیمانەیان بم کە بەیەکمان دا «نیژیرپەو، فاتەگوڵێ»، نهێنی و فێرگەی جگەرەکێشانی منن، ئێستا بۆ یادی ئەو دوو فریشتەیە بەردوامم لە جگەرەکێشان، بۆ یادی ئەوسەرە تایەی کە هەرسێکمان لەسەربان قەولمان بەیەکدا، کە جگەرە ببێتە، یادگاری و جێناوی ئەوی ترمان، بۆ یادی ئەو ڕۆژانەی کە لە توورەکەیەکدا، قونچکە جگەرکانمان تیا کۆکردبوەوەو لە پشتی تانکی ئاوی سەربان شاردبوومانەوە، هەموو ئێوارانێک بەدزی نەیارانی جگەرە، دووکەڵمان بەبا دەکرد، بۆ یادی خەرج کردنی خەرجی ڕۆژانەمان و کڕینی جگەرەکان، ئێمە ڕاهاتبووین لەسەر ئەوەی کە جگرە ببێتە شەکرۆکەو نوقڵی ترش و شیرینی منداڵیمان، تەنیا ئاسمان ئاگای لەدووکەڵی جگەرە کێشانی ئێوارانمان بوو، تەنیا ئاسمان و ئەستێرەکان، خڕکردنی قونچکە جگەرەو دووکەڵ کێشانی دەزانی، ئەوانی دی هەموویان بێ ئاگابوون جگەرەکێشانم بۆ یادی ئەو دوا ساتانەیە کە «نیژیرپە» و دوو کۆرپەکەی لە پەلە قاژەی ڕزگاربوونیان لەمەرگی ئاوە، خامۆش کرد نەوەی بیری تۆڵەسەندنە لە ناجیسمی و گەندە پیاوی ئەو بۆرە زەلامەیە کە ناوی مێردی لە خۆناوە، سەمەنگوڵ بڕوانە لەوە بەئازارتر هەیە لەکاتی بڕیاردانی ئەوەی کە کامیان درێژە بەژیان بدەن «شالوت» بژین یان «نیژیرپە» و منداڵەکانی بڕیاری داوە کە دەستیان لێ هەڵگرێت و خۆی بەچڵە دارێک قایم کات و بەبەرچاویەوە بێ بەزەییانە «نیژێرپە» بخنکێت و کەس نەبێت لەگەڵیدا لەژێر ئاودا بۆ دواجار جگەرەیەکی لەگەڵ داگیرسێنێت و باکەی بەناودەریای مەرگدا بەرێت.من بۆ یادی ئاوبردنی «نیژیرپە»، جگەرە لەکاتی تەربوون و تەرزە بارینددا دەکێشم.

## ٧ کاتێک بە وەهەم دەبێتە برای خوشکە ئۆقرە لێبڕاوەکان...
## بەلەناوچوونیان لەتۆ زیاتر کێبێت ماچکەری کێلی.... بێ نازیان

سوورهەڵگەرانی «پەترێسیا»و قاقای پێکەنینی سەمەنگوڵ، لەیەک سات و ئانابوو، بۆ ساتێکیش نەمزانی یەکەم جارئاورٍ لەکامیان بدەمەوە، لە پێکەنینی سەمەنگوڵی بۆراق، یانەکێ لەسکاڵای خەجاڵەتی ڕووی «پەترێسیا» بەرلەوەی هیچ بڵێم بیرم لەساتەکانی بەر لە تەقینەوەی پێکەنین و بزەی لیوەکان کردەوە، چیم گوت؟ چیم نواند..؟ زۆر گەڕام هیچم لەخۆ شک نەبرد، تەواو گومانی تاوانێکم لەخۆ بڕی و ئاورٍم لەسەمەنگوڵ دایەوە پێم گوت، هیچ شتێکی دڵخۆشکەر هەیە تۆی خستووتە پێکەنین؟ هیچ گاڵتەو نوکتەیەک کراوە، قاقات ڕۆژە ڕێیەک بەئاسمان ببات؟

– ئەی چۆن شەیتاری، لەوە دەچێت بە ئاگانیت، چیت بە (پەترێسیا) گوت ؟!

– چیم پێ گوت؟ من داوام لێ نەکردبوو ئەو خۆی هاتەلام، ئەو یەکەم جار دەستی سڵاوی درێژکرد..ئەو خۆی هات و گوتی بەرنامەو نەخشەی کاری سبەینێم بدەرێ، منیش بەوپەڕی ڕێزەوە نەخشەی کارەکەم پێ دا، باوەڕ ناکەم هیچم پێ گوتبێت، ئەم هەموو گاڵتە پێ کردنەی لێ بکەوێتەوە؟!

– چۆن ئەی کە نەخشەکەت داپێی، پێت نەگوت خوشکی بەڕێز، کە نەخشەکەت داپێی چەند جار لەسەریەک پێت نەگوت خوشکی ئازیز؟!.

– جا کەپێم گوتووە خوشکی ئازیز، نوکتەم گێڕاوەتەوە، یان لەنرخم بەزاندووە وا سوور هەڵگەڕا؟

– ئەی چۆن ئەی نازانیت، لێرە خوشک خوشکەو برا برایە، «پەترێسیا»ش جابیەک و خانمێکی بەڕێزە لەناو مێترۆ !

– ببوورە «سەمەنگوڵ» من وا ڕانەهاتوم ئێمە وا ڕاهاتووین کە سەرەتای



یەکترناسین و تێکەڵ بوون و بەیەکدا چوونی "نێرومێکان بەجێ ناوی خوشک و برا دەست پێ بکەین لەمنداڵییەوە لەسەر ئەوە گۆش دەدرێن، کە خوشک و برایەک دروست کەین، دایک و باوک و ئەهریمەن دەستیان لەخوڵقاندنیدا نەبووبێت.

– ئەی بۆ بە ناوی خۆیان بانگیان ناکەن، یان بۆ لەڕێگەی بانگی دەنگی " بەڕێز" هەوڵی یەکتر ناسینیان نادەن؟

– ئای «سەمەنگوڵ»ی بێخەبەر..لای ئێمە گەر بەناوی خۆیان بانگیان بکەیت، وەک ئەوە وایە داوای خەوی شەوێکیان لێ بکەیت، گەر بەهۆی ناوی ڕێزیشەوە، هەوڵی ناسینیان بدەیت وەک ئەوە وایە، کەرامەتیانت شکاند بێت، جنێوێکت بەروودا دابێت، دڕکی نەرمت بە جەستەیاندا کردبێت، هیچ نەبێت بەجێ ناوی خوشکەوە، دەتوانیت زۆرترین متمانەو باوەڕ لایان دروست بکەیت، بە تەنیا حیکایەتی خوشک و برایە دەتوانێت چیرۆکە شەرماوییەکان بگێڕێتەوە.. لە وڵاتی ئێمە (مەملەکەتی خوشک و برا وهەمیەکان) گەورەترین مەملەکەتی یەکترناسینە، تەنیا لەو مەملەکەتەدا دەتوانیت بزانیت چۆن؟ وە کەی سووری خوێنی مانگانەیانە!. کۆنە ترس بوو. نەیهێشت «پەتریسیا» بەناوی خۆی بانگ بکەم، نەوەکا بەناو هێنانی ببێتە سەرەتایەک بۆ دوور کەوتنەوەو گێڕانەوەی دەستی سڵاو، تۆ نازانیت چ جۆرێکی ژووان و ژیان لە «مەملەکەتی خوشک و برا وەهەمییەکان»دا بەڕێ دەچێت. ناهەقیشت ناگرم، چونکە دڵنیام تۆ لەژیانتا، خوشکت نەبووە، وەهەم هێنابێتیە ئاراوە، ئێمە نەبێت، خوشکە وهەمیەکانمان جێگەی حەزلیکەرو... جێگەی خوشکە ڕاستیەکانیشمانیان گرتووەتەوە «سەمەنگوڵ» تۆ خوشکە وەهمییەکانم نا ناسیت، تۆ لەمەینەتییەکانی پێکەوە ژیانی من و«سلاخی» لەمەملەکەتی وهەمی"برایان" بێ ئاگایت.. ئێمە تەنیا لەو جێ ژوانەدا توانیمان، زامە قوڵەکان، خەوە ناخۆشەکان، چیرۆکی نەهامەتیەکان، عەیبەکان لای یەک باس بکەین تەنیا لەژێرچەتری خوشک و برا وهەمیەکان دەتوانین بەو نیوە شەوە پێکەوە لەو ژوورە تاریک و نسرمە تێکەڵ بە بۆن مردووەکان، بە تەنیشت جێخەوی «براکان» ئەلبوم و یادگاریەکان بەیەک نیشان دەین...«سلاخی» خوشکی وەهمەکانە.. دەرکەوتنی«سلاخی» لەو زەمەنەدا یەکە هەریەک لەباڵفڕەکان پێویستی بە مەخلووقێک هەیە لەگەڵیدا بفڕێت، و دەردی دڵی

کونکراوی بۆ هەڵڕژێت، چێژی ئەو زەمەنە کورتە تەنیا ئەوانە دەیزانن، کە لەو مەملەکەت و خولگەیە ژیاون، ناهەقت ناگرم گەر لەهیچی ئەم بەسەرهاتانە تێ نەگەیت، چونکە تۆ نەکەوتیتە بەرشالاوی مەکربازیی خوشکە ئۆقرە لێبڕاوەکان، ئەو ئۆقرە لێبڕاوانەی کە لەهەموو ژیانیان جگە لە براکانیان قسەیان لەگەڵ هیچ نێرەیەکی دی نەکردووە. هەڵقڵیشانی لێوی «سلاخی»، ئاماژەیەک بوو بۆ شەرم، هیمایەک بوو بۆ شاردنەوەی ترس. ترسی گەمەو ئاقارو ئاکامی برای بەخەیاڵ کێشراو، دەربازبوون لەقەدەرو گێژاوی ئەو مەملەکەتە گەلێ سەختە، یەکەم شەوی ناسینی «سلاخی» لەگەڵ سەیری ئەلبوومی وێنەکان دەستی پێ کرد، ئەو ئەلبوومانەی کەسەرەتا بە ئەلبوومێکی منداڵی دەست پێ دەکات و دواییش بەسەریەک کەوتن و تێ کەڵبوونی یادگاری و بۆنە زۆرو بۆرەکان، کۆتاییان دێت.. تا درەنگانێک لە حزوری سروتی وێنەکان بووین، من زۆر لە خەمی ناسینی وێنەو پاڵەوانی زەمەنەکاندا نەبووم، بەلامەوە گرنگ نەبوو کێ باوکیەتی، کێ خاڵی و کێ هاوڕێ و خوشکی خەیاڵیەتی، یاخود کێ نهێنی هەڵگری باسە شەرماوییەکانیەتی، خۆم بە پاڵەوان و "فرناسی" زەمەنێکی تر دەزانی، هیچی ئەو وێنانە کاریان تێ نەکردم، هیچی ئەو وێنانە هەوەسیان نەدەبزواند، تەنیا یەک وێنە نەبێت پرسیاری گەورەی لا دروست کردم، ئەو وێنەیە، بۆ من هەمووشتێک بوو، لەوێوە کاتی تەماشاو دیقەت و هەوەس هەڵی کرد، وێنەکەی منداڵیی «سلاخی» تیابوو لە ناوەڕاستدا دانیشتبوو، شەش نێرە کوڕیش دەوریان گرتبوو بەدەستیشی کتێبێکی پێ بوو، هەرچەند دیقەتم دا، بەهۆی گەڕانەوەی تیشکی فلاشی کامیراکە جام لووسیی کتێبەکە، نەمزانی ئەو کتێبە چییە؟ بەر لەوەی بپرسم ئەمانە کێن؟ بۆ خۆی کەوتە باسی وێنەکە.. گوتی ئەم وێنەیە، وێنەیەکی نایابە (ئەوە منم لەگەڵ شەش براکەم، بە بۆنی تەواوکردنی حوجرەو بۆ بیرنەکردنی ئەو ڕۆژە باوکم گرتوویەتی)، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو ئەوکتێبەش خەلاتی مەلاژنە بەو کەسانەی دا کە ژیر و زیرەک بوون. لەگەڵ باسکردنی زیاتری وێنەکە ئارەزووی هەڵقڵیشانی لێویشی زیاد دەبوو. تا پێی گوتم هیوادارم تۆێش ببیت بەبرای "حەوتەم ".سەرێکم لەقاندو هیچم نەگوت، لەبەر ئەوەی ئەوکات مەبەستم نەبوو بەڵێنێکی پێ بدەم کە خۆم باوەڕم پێی نەبێت، دڵنیا نەبووم



کە داخۆ بەڕاستیەتی، برای حەوتەم بم یان نا، دوودڵ بووم لەوەی بیەوێت بە هۆی برایەتیەوە بپەڕیتە ئەودیو مەملەکەتی وەهم و بمکاتە پادشای خەون و خەیاڵی پێکەوە بوونی ئەبەدیی خۆی، ئیستاش لە نهێنییەکانی پێلۆی چاوی تێنەگەیشتم، بۆ نەیان دەویست سنوورەکانی ئەودیو مەملەکەتی خەیاڵی برایەتی ببەزێنم، ئەو جامبازە چوار دەوری خۆی بە شێوەیەکی مەحکەم تەلبەند و شوورا بەست قایم کردبوو، ڕێگەکانی بەزاندنی سنووریشی بەقسەی خەڵک مین ڕێژ کردبوو.. دڵنیابووم لەوشەوە و "بابیلیکی" تر بەڕێوەیە، بەردەوام بوو لە نیشاندانی وێنەکان، منیش خەیاڵم بۆ بۆنەو کات و هۆی گرتنی ئەو وێنەیە بردبوو، دەمویست سەرەداوێک بدۆزمەوە، کەسیەتیی «سلاخی»م بۆ پێ شی بکرێت، دەمویست لەوە تێ بگەم کە بۆچی بەر لە هەوڵدان بۆ زانینی پیت و ئایەتی دونیای منداڵی، لەهەوڵی زانینی ئایەتە ئاسمانییەکانین، نەبوونی باخچەی ساوایانە وای کردووە منداڵان پەنابەرنەبەر مەلاژن و حوجرەکان، یان ویست وتارمایی باوکانە بۆ دەبێت بەرائەتی منداڵان لەباخچەی ساوایان هەڵ نەخرێت، بۆ کتێبی دەستی «سلاخی» چیرۆکێکی منداڵان نەبوو،؟ بۆ من ببمە برای حەوتەم... من لەپرس نەکەوتبووم، ئەلبومەکان تەواو بوون، بەتەواوبوونی سرووتی ئەلبومەکان شتێک نامێنێت بۆ زیاتر مانەوە بەدیار ڕووناکیی کزی مۆمەکان بەمۆمم گوت: «چی دەبێت گەرمۆم بیر لە خۆی بکاتەوە نەسووتێ، چی دەبێت گەر مۆم یاخی بێت و دەوری خۆی ڕووناک نەکاتەوە»، وەلێ مەخابن مۆم خۆی نەکوژاندەوە، نەیوێرا یاخی بێت، ناچار بەرەو ماڵ کەوتمەڕێ لەگەڕانەوەمدا شار بە پیشەی هەموو کاتێکی ڕووناکی لێ بڕابوو. لەوشەوەدا، شەقامەکان باوەشیان بۆکردمەوە، ڕێگەکانی چونیش بۆماڵەوە خۆیان لێ ون دەکردم، لەگەڕانەوەمدا مەست و ون بوومم بەڕیتمی دەنگ و چاوی پڕ لەمەکری، بە بوێرو ئازایەتی نیشاندانی ئەلبومەکان، بەماکسییە سوورەکەی بەری، بە هەموو هەناسەیەکیشی بەدەم ڕێوە، هەزار خەوخەیاڵ هەزارو یەک دانە پرسیارو تێفکرینی نا دروستم بۆ دەهات جارێک دەمگوت بە باوکم دەڵێم، بیکاتە خوشکی حەوتەمم!، جارێکی تر دەمگوت، گوناهە ئەم پەرییە بەناوی خوشکایەتییەوە لێت حەرام بکرێت، خۆشم نەمدەزانی لەناخی پڕ لەژان و ویژدانم بە چ ناوێک بانگی

بکەم، دەمپرسی بەڕاستی بوو کە وتی برای حەوتەمم یاخود بۆ سەر لێشێواندنی من بوو؟..لە شەوی ئەلبومەکان بەدواوە بڕیارمان دا هەر کاتێک بمانەوێت درێژە بە وەهم و حیکایەتی خوشک و برا بدەین، ڕوو بکەینە کتێبخانەی گشتیی شارو کتێبخانە بکەینە جێ ژوانی هەڵڕشتنی خەمەکان، ئەو زەمەنە باوی کتێبخانە بوو «فێرگە» تازە لەشار کرابووەوە، زۆر بوونی خوشکە نازلێسەندراوەکان و تونیەتیی برا خەماوییەکان بۆ دیدەنی یەکتر کردنەوەی هیچ شتێک نەبوو بیشکێنێت، دواتر «فێرگە» شکاندی، هەوڵی کردنەوەی "فێرگە" گەڕاندنەوەی ڕۆح بوو، بەجەستەی شەکەت و مردووی شار، سەرانی شۆڕش لەو زەمەندا لەخەمی گیرفان پڕکردن و شەڕوشۆر نەبوون، عەرەبانچی و کتێبی تیکۆشەران و کۆمەکی چەرچی و پارەی کەمی دەسکەوتووی کرێکاری ناهۆشیار، ئاڵتونی بێوەژنن، دایک جگەر سووتاوەکان، قاچ لەدەست دانی تێکۆشەرەکان «فێرگە» یان هێنایەوە بوون لەگەڵیدا شار قەڕەباڵغ بوو لە گەڵیدا شار بۆ نوڕەنگی خوشکی شارەکانی دی تیادەرکەوت لەو زەمەنەدا بوو کە «سلاخی» لەگەڵ دەستە خوشکانی رووی کردە شارەکەم، لە یەکێک لە کۆلێژە بەدناوەکانی ئەو «فێرگەیە» دەیخوێند، لەو کۆلیژەی کە لە یەکەم ڕۆژی پێخستن تیایدا، بەها مرۆیەکان دەخرێتە توورەکەیەک و لەو دیو عەرشی تەبیبی فڕێ دەدرێت، لەو کۆلێژەی کە فێری جیاکردنەوە ڕەگەزو توخمەکان دەبیت، لەو کۆلیژەی جگە لە نەخۆشیەکانی جەستە هیچ لە خۆشییەکانی خۆشەویستی فێرناکرێت؟! زۆرجار دەچوومە کتێبخانە..زۆرجاریش پرسیارم لەخۆ دەکرد، دەمگوت باشە کە من خوێندکاری «فیرگە» نیم، بۆ ڕێم دەکەوێتە ئێرە، کتێبخانە تەنیا بۆ ئەوانەیە کە لە فێرگەدان؟ یان بۆ هەمووانە، نیوەڕۆیەکیان خەمی من و حەزی ئەو لەڕێرەوەکانی کتێبخانە یەکیان گرتەوە، لەنێوباسەکاندا باسی ئاهەنگی یەکترناسینی «فێرگە» کرا، هەر لەوێش لەسەر شەرەفی برایەتی بانگێش کرام من بەدوای فرسەتێکدا دەگەڕام کە زۆرترین کاتی پێکەوەبوونی لێ هەڵڕەخسێت، دەشمویست بزانم بۆچی لە «فێرگەدا» ئاهەنگ بۆ یەکترناسین ڕێک دەخرێت، بۆچی یەکتر ناسین ئاهەنگی گەرەک بێت،؟ تۆ بڵێت ئاهەنگ گێڕان بیانوویەکە بۆ گەیشتن بەمەرام و بۆنەی تر،؟ یان منم هیچ لەمانای یەکترناسین نەگەیشتووم؟ کەچووم بۆ ئاهەنگەکە، تێگەیشتم



کە ئەم ئاهەنگانە لەو وەهم و ئەو درۆیە دەچێت کەمن و «سلاخی» ناومان ناوە «خوشک و برا» بۆم دەرکەوت کە ئاهەنگی یەکناسی نییەو ئاهەنگی جیابوونەوەو ماڵئاواییە لە ناسین لەو ئاهەنگانەدا هەریەکەو میوانێکی، برایەکی، خوشکێکی، کۆنە هاوڕێیەکی، دراوسێیەکی، پوورزایەکی، ئامۆزایەکی.. لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، لەو ئاهەنگەدا "دزو خاوەن ماڵت بۆ لەیەک جیا نەدەکراریەوە " لەوێندەرێ برا بە دوای خوشکی خۆی دەگەڕا، خوشکیش چاوەڕێی دەرکەوتنی برایەکی وەهمی بوو. «سلاخی» کامێرایەکی پێ بوو لە پەستا وێنەی پێ دەگرت، بەشی زۆری وێنەکان منیشی تیابووم بەوحوکمەی کە من سیفەتی پاسەوانی«سلاخی» لەچاوچنۆکی و چڵێسی گورگەکانم لەخۆگرتبوو، ئاسایی بوو تەواوی فیلمەکە بە تەنیا وێنەی من بێت، لەپاش چەند ڕۆژێکیش وێنەکان بوونە هۆیەک بۆ دیدار، هەر لە کتێبخانە یەکمان گرتەوە تەواوبوونی، فیلمەکەی کردە بۆنەیەکی تر بۆ پرسیار، ئەمجارە شتنەوەی فیلمەکەی پێ ڕاسپاردم، ئەو نەیدەویست جگە لە من و کچانی هاوخەمی بەشی ناوخۆ کەسی تر ئەو وێنانە ببینێت، نەیدەویست کەس پرسیاری منی لێ بکات، نەیدەویست جگە لەمن کەسی تر نەیبینێ، شەوانی پێکەنین و قیژەی سەرجێگەو کتێبە دەق نەشکاوەکان، مەنجەڵە بن سووتاوەکان، سۆپای بێ نەوت و بەگژداچوونی خەمی ژێر بەتانییەکان، تاریکیی ژوورو نسرمی ڕێرەوەکان ببینێت، شتنەوەی فیلمەکەم بۆ وادەیەکی نەزانراو دواخست، بەدوای هەلێکدا دەگەڕام بیکەمە بۆنەو ڕێکەوتی یەک بینین و زیاتر قسەکردنمان، ڕۆژی هاتنەبوونیم کردە ڕۆژی گەڕانەوەی وێنەکان، هەر لەو رۆژەشدا بڕیارم دا یادگارییەک بەدەر لە هەموو یادگارییە بەجێماوەکان لەسەرلێوی هەڵقڵیشاوی جێ بهێلم، بڕیارم دا بازارە سووتاوەکە بکەمە ژووانی یەکتربینینمان، ئەو بازاڕەی کە بۆ یەکەمین جار لەیەکێک لە کۆگاکانی نهۆمی دووەمی یەکەم قاتی شینم تیا کڕی. ئەو باڵەخانەیەی بەر لە شێت بوون، بەر لەبەلەسەبوون سیمایەکی جوانی ئەم شارەبوو، نهۆمی دووەمی بازاڕەکە، دووکانێکی تەنیا کراوەی وێنەگرێکی دەسگێڕی کوڕێکی گەڕەک بوو، بە هەزار تەکلیف و بێنەو بەرە، دووکانەکەم بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ساڵیادی هاتنە بوونی لێ قەرزکرد، لەماوەی کەمتر لەسەعاتێکیش تەواوی ئەو دووکانە گۆڕا بەناوی«سلاخی»

ناونرا ناو پەنجەرەو دیوارەکان، هەموویان بۆ حزوری ئەو خۆیان گۆڕی، وێنەگیراوەکان و چەند وێنەیەکی خۆمم هێناو لەدووکانەکە هەڵخست، هەمووشی لەپیناو بەرز ڕاگرتنی رۆژی هاتنە بوونی بوو پێنجی ئێوارە بوو کە گەیشت دنیا تازە خەریک بوو تاریکی بنوێنیت، ئەو دووکانە تاقە دووکانی کراوەی نهۆمی دوو بوو، بەرامبەر پلیکانەکان بوو، لەگەڵ هەموو سەرکەوتنێک و بڕینی پلیکانەیەک ناوەکەی خۆی گەورەتر دەهاتە بەرچاو خۆی کرد بە دووکانەکەداو، پیرۆزبایم لێ کرد، پێم گوت من هیچم نەبوو لەم ڕۆژە دا بیبەخشمە تۆ، تەنیا ئەوە نەبێت بۆ چەند سەعاتێک ئەم دووکانە بەناوی تۆوە بنێم.. سوپاسی لێ کردم و کەوتە پرسیار، بۆچی لەم چۆڵەوانییە؟ بۆچی دووکانێک بەناوی منەوە، لەبازێرێک کە تاریکی باڵی بەسەردا کێشا بێت؟ ئەی بۆچی دووکانەکانی ترچۆڵن و کەس نەیکردوون بەدووکان، ئەم دیمەنە ترسناکە بۆچی ببێتە یادگاری ڕۆژی لەدایک بوونم.. پێم گوت ئەم باڵەخانەیەی کە تۆ ئەمڕۆ بە چۆڵی دەبینیت بەر لە ڕاپەڕین بازاڕێکی گەورەو قەرەباڵغ بوو، وەلێ داخەکەم ئەمیش کەوتە بەرشاڵاوی شێتیەکی بێ بەرنامە، کەوتە بەر تۆڵەیەکی ڕوخێنەر، ئەم بازارەو باخی گشتیش کەوتە بەر هەڵمەتی پاکسازییەکانی شۆڕش، بازاڕەکان هەمووی سونتێنران، باخەکانیش بەبیانووی پیس بوونیان هەموویان تێ کدران، فولکەکانیش بوونە قەرە بروتی پیربوون، هەموو کۆگاکانیش بوونە قوربانیی بەلەسەبوون، ئەم بازاڕە نموونەی خراپەکاری و وەرەسیو قێز لە شۆڕشە، نموونەی بە ئاواژە بوونی هێزی بەرەنگارییە، تۆ هیچی ئەم ڕووداوانەت نەدیوە، چونکە تۆ لەشارەکەی ئێمە نەژیاویت، ڕووی ئەو دیوی ڕوداوەکانیشت نەدیوە، تۆ لەوەش بێ ئاگایت کە ئێمە لە پاش ئاگر بەردانی بازاڕو باڵەخانەکان، ئاسمانمان لەخۆتۆراند، شەوانێکی زۆر ئاسمان، تووڕەبوون و باوبۆران و خۆڵەمێشی دووکانە سووتاوەکانی هەڵدەگرت و بەسەرسەرماندا دەیرژاند، ڕۆژگارێکی زۆریش لەگەڵ ئاوباراندا، چڵکاوی شێتی دەباری هەمووی ماوەیەکی کورتە شۆڕش بەخۆیدا چووەتەوەو داوای لێبووردنی لە دووکانە سووتاوەکان کردووە، مەعزەرەتی بۆ باخی گشتی و بازاڕو فولکەکان هێناوە.. بۆخۆشم یادگاریی کڕینی یەکەم کراڤاتی شین، هەر لەم گوزەرە بووە، ئیدی وابزانم



ئەم هەمووە شایەنی ئەوەن کەساڵیادی هاتنە بوونت پیرۆزکەم هیوادارم، گومان و دوودڵیت لەپیرۆزی ساڵڤەگەڕت بڕیبێت، ئەی تۆ دەڵێیت چی؟ نازانم بەڵام منیش بڕیارم دا لەڕۆژی هاتنەبوونم ئەو کتێبەت پێشکەش بکەم کە لە ڕۆژی دەرچوونم لەحوجرە لە لایەن مەلاژنەوە پیشکەشم کراوە، باوەڕت بێت بۆ تۆ نەبێت ئامادەنیم دەست لەم کتێبە هەڵگرم، بەڵام تۆ شایستەی ئەو کتێبەیت، ئەم یادگارییە پاداشتێکی کەمی چاکەو پیاوەتییەکانتە، باوەڕم وایە کە ئەم کتێبە منی خستبێتە ئەم کۆلیژەوە، هەرئەم کتێبەشە منی بەتۆ ناساندو لەخەمی غەریبی و دوور لە نازی برایەتی ڕزگاری کردوم، بەڵکو تۆیش بەهۆیەوە لە یەکێک لەکۆلێژەکانی «فێرگە» وەرگیرێت و دەرفەتی زیاتر بۆ یەکتر بینینیشمان هەڵبڕەخسێت، کتیبەکەم لێ وەرگرت و پێم گوت مەرج نییە، ئەو دەرمانەی کە نەخۆشیی تۆی پی چارەسەر بکرێت، هی منیشی پێ چارەسەر بکرێت، کتێبی مەلاو مزگینی کریستیانەکان، ڕۆڵ لە ئایندەو دوا ڕۆژی ئێمەدا نابینێت! بەڵام ئێمە وا ڕاهێنراوین کەباشەکان بۆ ئەزەل و پادشای جەبار، خراپەکانیش بۆ کەمتەرخەمی و ئیقباڵ ڕەشی ناوچەوانمان بگەڕێنینەوە، لەبەرئەوەی هی تۆیە، بەسەربەرزییەوە وەری دەگرم.

من پووشی دەستی تۆش بێت، بەهەموو دنیای نادەم، چۆڵبوونی بازاڕ و پەلەی نوێژی عیشا، دەرفەتی زیاتر پێکەوە بوونی بڕی، جگە لە وێنەیەکیان جگە لەوێنە تاریکەکەی کە «سلاخی» سەر لەسەرئەژنۆو قژی هەڵخراوە تیایدا بووە پاڵەوانی شۆخی و جوانخاسی، هەموو وێنەکانی ترم بۆگەڕاندەوە ئەو وێنەیەی کە هەتا دواجاری دیدەنیم، بۆی لە باخەڵمدا بوو.. کە بەڕێکەوتیش لە «فێرگە» ی شارەکەیان وەرگیرام، کتێبەکەم خستە نێو کۆڵە پشتەکەمەوە بۆ ئەوەی بەهۆی وێنەو کتێبکە بیدۆزمەوە، دەمێک بوو، خۆی لێ ون کردبووم، توانایەکی سەیری هەبوو لەدانبەخۆڕاگرتن و خۆونکردندا.. لەپاش ئەو ئێوارەیە زۆر بەدوایدا گەرام بۆم، نەدۆزریاوە، دووربەدوور هەواڵیم پێ دەگەیشت، بەڵام بۆنەی دیدارو بینینی نەدەخولقاند، چەند جارێکیش لە بەردەم کۆلێژ دەوەستام، بۆقۆستنی ڕێکەوتی دەرکەوتنی، بەڵام بێ فایدە بوو، بۆیە هەستم کرد کە ڕەنگە زەمەنی ژوان لەمەملەکەتی خوشک و برا وەهمییەکان لەلای ئەوکۆتایی پێ هاتبێت، منیش

بەرێکەوتێکی چاوەڕوان نەکراو بوومە یەکێک لەفەریکە سیاسییەکانی شارەکەی «سلاخی»، ئێوارەیەکیان لەگەرمەی کۆبوونەوە، بێماناو زۆربلێکاندا بووم، لەکۆبوونەوەی گازندەو تێکشکانەکان، مۆزە مۆزم بوو، بەدەم قسەی زل، ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکان «تەها» ی پرسگە خۆی کرد بەژووردا؟ هەواڵی تەلەفونێکی بۆ هێنام.

شەیتاری تەلەفۆنە، داوات دەکەن.. بە «تەها»م گوت کێییە من لەکۆبوونەوە دەکات؟ گوتی قوربان دەنگی حۆرییە، دەنگی پەرییەولەبەرگی شۆخە کچێک خۆی خستووەتە تەلە ساردوسڕەکانی، ئەم تەلەفونە نەعلەتییە، کێ بێت ؟

ئەلو..ئەلو.. شەیتاریت لەگەڵدایە...فەرموو، خوشکم کێی جەنابت؟

– منم شەیتاری منم خوشکی"حەوتەم" «سلاخی»م لە بیرت چوو کە پێت دەگوتم بەبێ من هەفتە ڕۆژی حەوتەمی نەدەبوو ئەی، کێ هەیە لەمن زیاتر عەوداڵی پرسیاری حاڵی تۆ بێت. زۆرگەڕاوم بەشوێنتا بەردەستم نەکەوتی، بەرلەم تەلەفونەش بەمەلێک نامەم بۆ ناردی بەڵام بێ وەڵام بوویت، ترسام بەدەستت نەگەیشتبێت، بۆیە ئێستا ئەم تەلەفونەم کرد، دەمەوێت بتبینم بیرت دەکەم !

– خۆشحاڵم بەوەی کە جارێکی تر گوێبیستی دەنگت دەبم، نامەکەتم بەدەست گەیشت، بەڵام ڕوون نەبوو کە تۆبیت، ترسام نەوەکا یەکێکی تر بە ناوی تۆوە ویستبێتی برایەتی من لە تۆ بکات!؟

– لە کوێ یەکتربببینین ؟

– بەیادی جاران لە کتێبخانەی گشتی لە جێ ژوانی "برایان"..سبەینێ بەکاتی ئێواران لەگەڵ وادەی چۆڵبوونی ڕاڕەوەکان. بە نیازی دیدار. تەلەفونەکە داخراو خەیاڵ بردبوومی کە «تەها» پرسی کێ بوو؟ زۆر لەسەر خەیاڵیش نەبووم، هێشتا نەهاتبوومەوە سەرخۆم، کە پێم گوت کەس نییە خوشکێکمە!

– سلاخی..بۆ لەم زەمەنە دەرکەوتەوە. خۆ من تۆم هەرلەیاد نەمابوو، وێنە خەماوییەکەیە، یان جادووگەری کتێبەکەیە؟ یان ناوبانگی درۆی منە... وازمان لێ ناهێنێت، ناشێت وا تێ گەیشتبێت منیش بوومەتە کاربەدەستێکی گەورەی شۆرش و بەدەور خۆمەوە کۆمەڵێک چەک بەدەست و چەند ماشینێکم ڕاگرتبێت، ناشێت



ئەویش باوەڕی بەو درۆیە کردبێت کەمن هەموو شتێکم لەم شارە، بۆنا، خۆ هیچیان نەیان دەویست باوەڕ بەدەسکورتی و هەژاریم بکەن، کەس نەیدەویست باوەڕ بەوە بکات کەمن لەبەر دەستهێشکی بەپاسی نەفەرەڵگرەکان هاتوچۆدەکەم و لەنانی هەرزانی سەرعەرەبانەکان دەخۆم و لەبەرنەبوونی جێ خەویش لە بارەگای حیزب دەنووستم، هەموویان وایان دەزانی من بۆیە وادەکەم چونکە دەمەوێت وێنەی تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە بۆخۆم دروست بکەم و خۆم لەجەماوەر جیانەکردووەتەوەو بە گیانی لێبووردنەوە مامەڵە لەگەڵ تێکۆشان و جەماوەر دەکەم..ئەوخەڵکە مەبەستی بوو بە زۆری بمکەنە حاکمی شار! لەگەڵ داخستنی تەلەفونە کە «سلاخی» م لە بیر چوو تا کاتی هاتنی یەکتربینینەکە لە هەوڵی لە بیرکردنیدا بووم لەبەر ئەوەی دڵنیابووم کە کارێکی بەمن هەیە؟ بەڵام چییە ئەو کارە، پاش کەمتر لە پێنج خولەک لەدیدەنی و هەڵڕشتنی خەمەکان و چاوپڕبوون بەئاوی درۆ. پێی گوتم کە باوکی دەستنووسێکی لەدوا عەمریدا لەسەر گوندەکەی بەهەندێک لەقسەی هەلەق و مەلەق و تێکەڵ بەچەند پەندیکی بێ وەزن و قافیە هۆنیوەتەوە، داوای لەچاپخانە کردووە، بۆی لەچاپ بدەن، بەڵام چاپخانەی شۆڕش بۆی لەچاپ نەداوە، بەڵکا بە تەکلیفی من بۆی لەچاپ بدرێت. ئەو بێ ئاگابوولەوەی کە چاپخانەی شۆرش سەر قاڵی چاپکردنی وێنەی سەرانی شۆڕشە، لەخەمی چاپکردنی پۆستەرو بانگێشی بیری شەروجەنگە، ئەو کات چاپخانە سەری نەدەپەرژایە سەرچاپکردنی کتێب لەسەر"پەتاتە" و "تەماتە" زەحمەت بوو بڕیاری چاپی کتێب لەسەر کوێرە گوندێکی وێرانکراو بدات، لەگەڵ ئەوەشدا نامەیەکم بۆ سەرۆکی چاپخانە نووسی و کەمێک بە شان و باڵی ئەو کتێبەدا هاتمەخوارێ، کە تەنیا دێرێکیشم لێ نەخوێندبووەوە، ئیدی نازانم چی کرد بەچی، بەڵام وابزانم بۆیان لە چاپ دابوو، چونکە گەر نەیانکردایە «سلاخی» دەردەکەوتەوە ونبوونی هێمایەک بوو بۆ مەیسەریی کارەکە، بە لە چاپدانی ئەو کتێبە. جارێکی دی حیکایەتی «خوشکە خەیاڵ» نوشستی بەخۆبینی و لەو ئاستە وەستا، لای من و ئەویش زەمەنی ژوان لەمەملەکەتی خوشکە ئۆقرە لێبڕاوەکان کۆتایی هات، حزب هەموو کاتێکی لێ گرتم، جگە لە فەرهەنگی حزب، دەرفەتی هیچ جۆرە بیرکردنێکی تری نەدامێ..«سلاخی» ش بۆی دەرکەوت کە دەبێت لەمن

دورکەوێتەوەو چارەنووسی خۆی بەمن نەبەستێتەوە، شووکردنی کردە کلیلێک بۆ کردنەوەی دەرگا قفڵدراوەکان بۆ دەربازبوون لەدەهەم لەپاش مەرگی باوکی و شووکردنی یەک لەدوای یەکی دەستەخوشکانی لەو ساڵانەی کە باو باوی گەڕانەوەی زۆرەملێی و یەکجارەکی هەندەرانییەکان بوو، ئەمیش تینی شووی بۆهات..شووی کرد بە یەکێک لەهەرە بەدناوە تێکشکاوە نابووت و ناجیسنە هەندەراینە دەسخەڕۆکان،.شووی کرد بە «ئەحە کەیف» ناوی خۆی بە خۆوە بوو، پادشای مەملەکەتی بێهۆشی بوو، یەکەم بازرگانی کۆکاین بوو، «ئەحە» هەرزوو بۆی دەرکەوت کە پێویستە لەپێناو بەستنەوەو ئیتاعەت پێ کردنی «سلاخی» و ژوان بە ئارامی لەمەملەکەتەکەی «ئەحەکەیف» دەبوایە «سلاخی» بەدەردی ئەوانی تر بەرێت، دەبوایە «سلاخی» لەسەرگیرۆدەی گرامێک لە کۆکاین راهێنێت، تا دواتر نەتوانێت بێ فەرمایشتەکانی «ئەحەکەیف» بستێک بەڕێکات شوی بە «ئەحە» کەیف کرد «سلاخی» لەدوا قۆناغی فێربوونی «فێرگە» بوو، کە بڕیاری مەرگی دا، کەس نازانێت نەفامی بوو، یان خۆشەویستی، یان خافڵ کوژی بوو، بەرچاوی گرتبوو، لە «فاتەگوڵێ»م، چەند جارێک دەپرسی بەدەم هەڵڕشتنی خەمەکان پێم دەگوت چی بێت وای کرد «سلاخی» لەو شەڕەدا تەسلیم ببێت، ئەوەندەی من ئاشنای مەکربازیی «سلاخی» بم هێندە ئاسان نییە سنوورە تەلبەند کراوەکان ببڕێت، ئەی چی بوو وای کرد «سلاخی» تەسلیم بە «ئەحەکەیف» بێت و لەو جەنگەدا بدۆڕێت، ئەی بۆچی وڵات دژ «ئەحەکەیف» نەجەنگا، جەنگی دژ بە تیرۆر بوو هەموو جەنگەکانی تری پێ لە بیرکردین، یاخود کەس نەبوو سەری بپەرژێتە جۆرێکی تر لەخۆفرۆشان و خیانەتکاران، وەک باسیان کرد «سلاخی» لە دواساتەکانی ژیانی ئامادەبوو، بۆ دەرزییەک لە «کۆکاین»، شەوتا بەیانی لەشی خۆی بخاتەکارو، بەلاشیەوە گرنگ نەبێت بەسۆزانی ناودەر بکات، ناچاری بوو یان بێئیرادەیی یان نەبوونی دکتۆر بوو؟ یاخود نەبوونی دەرمان، زۆر چوبووە لای دکتۆرە هاورێکان، بەڵام هیچیان دەردەکەیان بۆچارەسەر نەدەکرا، «سلاخی» لەهەیبەت و حەشمەتی بێ هۆشی هەراسان بوو بوو ماوەیەکیش مەملەکەتی بێ هۆشی جێ هێشت، وەلی لە دواساتی ژیانیدا زۆر بەخەستی لەگەڵ بێ ئیرادەیی خۆی جەنگا، پێی نەکرا، بۆیە گەڕایەوە



مەملەکەتی کەیف و بڕیاری لە ناوبردنی خۆی دا، من ئەم هەواڵانەم درەنگ پێ دەگەیشت، بێ ئاگابووم لەحاڵی خوشکان.. سەمەنگوڵ کە بەسەرهاتوو مەرگی پێشوەختیم زانی، چوومە سەر قەبران خۆم و چەپکێ گوڵی (شەشپەڕ) لەپاڵ گۆڕە بێ نازکەوتوەکەی، هەڵڕشت، دەمویست بگریم، کەس نەبوو گریان بهەژێنێت، دەمویست هاواربکەم، کەس نەبوو گوێ بیستی شیوەن و واوەیلاو تەهەلیلەکان بێت، شیوەن کەم کەس نەبوو ببێتە شەریکی شیوەننامەکەم، کەس نەبوو زمانحاڵی ناڵین و گریەو زریانی بەکوڵم بێت، کەس نەبوو، ببێتە پاسەوانی گۆڕی تەنیایی گۆڕستانی بەدناوەکان، لەسەردانمدا بۆ ئەوێ دیاربوو کەس سەردانی نەکردبوو، دڕک و پووش و پەلاشە نەرمەکان چوار دەوری گۆڕەکەیان دابوو، کێلەکەشی مۆرکی هیچ ماچێکی بەجێماوی هیچ کام لە براکانی پێوە نەبوو، تەنیا ماچی من نەبێت، من دوا ماچکەری ئەو گۆڕە بووم، دوو تاقە یادگاری بەجیماوەکەی لەلای سەری بەجێهێشت، وێنەو کتێبەکەشم لەلای سەریەوە دانا، تا بە ئسراحەت بخەوێت، تا بزانێت، بۆ دواجار، لەپاداشتی شەوی ئەلبومەکان و ژوان لە «مەملەکەت و وەهمی خوشکان» سەردانیم کردوو، بەر لەدوا ماڵئاواییش، ئایەتێکی کتێبەکەم بۆخوێندەوە لەسەر وێنەکەشی ماچی لێوی هەل قلێشاویم کرد، ئێوارەی پاش گەڕانەوەش لەقەبرستان.شێتانە بەدەم خەیاڵ و یادگارییەکان خۆم کرد بە گرانترین مەیخانەی ئەوشارە هۆش لێبڕاوە و سوورترین و گرانترین " مەیی" ئەمەکداریم بۆ یادی «سلاخی» نۆش کرد.

## ٨ گەر کوشتنی باوکە کان، حەسانەوەی لێ بێتەوە... دەشێت شکاتی باوک ( بەختەوەری) ی لێ بێتەوە

ئەو بەیانییە فارگۆنەکان پڕی بوو لە منداڵی بزێوو هارو هاج، یەکێکیان نەبێت، هێمن و ئارام و بێدەنگ، مات وکەمدوو بوو،... بەخۆمم گوت، هیچ هێزێک نییە لە دونیا بتوانێت منداڵ لە بزێوی بخات، گەر بەدکاریی باوکی نەبێت، گەر باوکی دەستی نەخستبێتە مەملەکەتی منداڵی و بزێوییەوە حەزی خەنجەر بازی و قسەی تیا نەکوشتبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پشتم تێ کرد، نەمویست لەوە زیاتر خۆم مەینەتبار بکەم، نەمویست لەوە زیاتر، خۆم بەڕەنگی دەموچاوی پر لەحەسرەتی بخافڵێنم..بەلاّم ماتییەکەی وازی نەدەهێنا، هێمنییەکەی وەکو دەرگا ژەنێک لە ڕۆحمدا دەزرینگایەوە، خەریک بوو بێتە لام و شتێکم بە گوێدا بچرپێنێ. مامۆستاکەی ڕێی هاتنی پێ گرت!..خۆمم بۆ نەگیرا، ئەم جارەیان من بڕیاری چون بۆلای ئەوم دا. لێی نزیک کەوتمەوەو پێم گوت، ها"مام پیاو" پێ دەچێت بتەوێت شتێک بەگوێمدا بچرپێنی! منداڵەکە لە کۆکردنەوەی وشە پەرشەکانیدا بوو هێشتا، لە بیری نوشستەکانیدا بوو هیچی لەزار دەرنەپەڕاندبوو،کەمامۆستاکە ڕێی قسەی پێ بڕی و پێی وت ئەم کاکەیە چاودێری مێترۆکانە ؟!

– یانی مامۆستا، دەتوانم شکاتی باوکمی لابکەم؟

– باوەڕناکەم ئەم کاکەیە هیچی پێ بکرێت، بەلاّم گەر دەتەوێت شکاتی باوکت بکەیت، دەبێت لای کەس وشوێنی خۆی بیکەیت!

– منداڵەکە عەوداڵی زانینی کەس وشوێنی شکات لە باوکی بوو، ڕووی کردە مامۆستاکەی و لێی پرسی مامۆستا کەسی خۆی پۆلیسە ؟ شوێنی خۆی لای خوایە؟

– نازانم دەبێت بزانم باوکت چی کردووە ؟



– باوکم دەمێکە خووی بەجنێودان گرتووە، شەو نییە جنێومان پێ نەدات، شەو نییە گوێم بەجنێوەکانی کاس نەبێت لەجنێودانی بە "خوا" ش نەکەوتووە، کە پێشی دەڵێم مامۆستا «تیتی» م خۆش دەوێت و ئەوم خۆش ناوێت، زیاتر ڕق هەڵدەگرێت و جنێو بە مامۆستا «تیتی» یش دەدات، بەلاّم من بەمامۆستا «تیتی»م نەوتووە نەکا ئەویش لە باوکم زویربێت و دڵی لێ بڕەنجێت، و رقی لێ هەڵگرێت و ڕق بەرقەی لەگەڵدا بکات... «سەمەنگوڵ» م بەتەنیشتەوە بوو کە منداڵەکە شکاتی باوکی دەکرد، ئەو دەیویست ئەو گوزەرە بەجی هێڵێت و بەدوای بلێت نەبڕەکان ڕابکات، چەندم لێ کرد کە بوەستین تا بزانین ئە م شکاتنامەیە دەگات بەکوێ کەچی نەوەستا، زۆر ڕقم لەخەمساردیی «سەمەنگوڵ» بووەوە، ئەو دەیگوت من تێناگەم ئەم وەستانەمان لەچییە؟ منداڵەو شکاتی باوکی لای مامۆستاکەی دەکات! چ هەقێکی هەیە بە کاری ئێمەوە، کاری ئێمە تەنیا شترافەکردن و سزادانی بلیت نەبڕەکانە..پێم گوت، دەشێت هەقی نەبێت بەتۆوە، لەبەرئەوەی تۆ وەکو من شکاتت لە باوکی خۆ نەکردووە، لەبەر ئەوەی منداڵەکە بەرەولای تۆ نەهات، شکاتی باوکیت لابکات، بەرەو ڕووی من هات، دەیویست بورکانی تووڕەیی و حەسرەت لای من بتەقێنێتەوە. تۆ بڵێیت زانیبێتی کە من پشتگیریی دەکەم و هانی یاخی بوونەکەی دەدەم، ئەو منداڵە نایەوێت هیواکانی بۆ پاش مردن هەڵگرێت، بڕیاری داوە، هیوای شکات لە باوکی، پێش سەرەمەرگ بخات، من دەمێکە بەدوای منداڵێکی شکاتێکی وا دەگەڕێم، دەمێکە بە دوای تەفسیرێک بۆ شکاتی منداڵ لەباوک دەگەڕێم. هەموو کتێبەکان، گەڕام هیچی دادی خەفەکردنی شکاتەکەی نەدامەوە، وەلاّمێکی دروست و بەجێم لە هۆی شکاتەکە تیادا نەدۆزیەوە، ئەمڕۆ ئەو منداڵە ئەو بەهەڵەدا چوونەی بۆ ڕاست کردمەوە کە جگە لەقنگ بەگێچەڵێک و لاسارێکی وەک من، منداڵێکی تریش لە هەزارەی سێیەمدا لەدایک بووە شکات لەباوکی دەکات، یاخیبوویەکی تر شۆڕشگێڕێکی تر لەمەملەکەتی کوشتنی باوکەکان، بەختەوەریی «شکاتی باوکەکان» دەهێنێتە بوون، ئەمڕۆ هەست دەکەم لەدایک بووبێتمەوە، ئەمڕۆ جەژنی منداڵە بێ باوکەکانە. لە بیرتە لە ئاست پرسیارە گەورەکانم بێ وەلاّم دەوەستایت، لە بیرتە.پێم دەوتی بێ باوکی چی دەگەیەنێت؟ لە بیرتە کە پرسیارم لێ دەکردی چی دەبێت؟ چی ڕوودەدات کە هەست

بکەیت کوڕی باوکت نیت؟ ئا لە بیرمە «شەیتاری». لە بیرمە ئێستاش هەر لەسەر ڕاکەی خۆمم «بەلامەوە گرنگ نییە کوڕی کێم، گرنگ ئەوەیە ئێستا من کێم و چیم»، لەگەڵتام بەڵام تۆ نازانیت ئەو شکاتە چەند منی ڕاچڵەکاند، نازانیت، ئەو منداڵە چۆن لەرزوتای خستەوە گیانم، تۆ لەمانای فەرامۆشکردنی شکاتی منداڵ تێ ناگەیت، تۆ نازانیت یانی چی گەر بێت و شکاتی باوک ببێتە گرێیەک، بێیتە نهێنییەکی شەرم هەڵگر، من نەبێت کەسی تر نازانێت نازو خەمی شکاتی باوک چییە!؟ لەوە ناخۆشتر نییە کە هەر لە منداڵییەوە باوکت گەوجانە بیەوێت هیواکانت، حەزەکانت، ڕۆحی داهێنانەکانت، بلیمەتیت بکوژێت؟ تۆ لە کەژاوەی شکۆداری و جەژنی شکاتی منداڵ تێ ناگەیت، ئێمە وەکو کە باوکمان بۆ نایەتە کوشتن و دەسمان ناچێتە تێکدانی حەسارەکانی، خۆ دەتوانین شکاتی لێ بکەین، هیچ نەبێت بەشکاتکردنەکە بۆ ساتێکی کەمیش بێت بەختەوەر دەبین، سەمەنگول من، لە مەکتەبێکی سەیر فێری خوێندن و نووسین بووم، ئەو مەکتەبە پێش ئەوەی مەکتەب بێت، وێستگە یەکی کارەبادان بوو بە مالان. بەڵام لەبەر ئەوەی مۆم و چراو فانۆس جێگەی کارەبایان گرتەوەو شار دەستی لە ڕووناکی کارەبا هەڵگرت..حاکمی شار بڕیاری دا ئەو شوێنە بکرێتە مەکتەب و ئێمەی تیا فێرکرێین، ئەو مەکتەبە زۆر سەیر دروست کرابوو، سامێکی ترسناکی هەبوو، دەرگاو پەنجەرەکانی تاق و ژوورەکانی، هۆڵی خوێندنەکانی، حانووت و ئاو دەستەکانی بەگرتووخانەیەکی گەورە دەهاتە بەرچاو، مامۆستاو فەڕاش و بەڕێوبەرو داردەستەکانی، وەکو گەچی دیوارەکانی دڵرەق بوون. ڕەحلەکانی وەکو تۆزی ڕاڕەوەکانی بێ بەزەیی بوون.«قاش پاشا» بەڕێوبەرمان بوو، باوکیشم بۆ نەگبەتی لەو زیندانە گەورەیە، سەجانمان بوو، من و «وسوقژلوول» دوو بلیمەتی مەکتەبەکەمان بووین، «وسو» لە بیرکاری منیش لەپەخشان نووسیندا، بەڵام هیچمان نەمانتوانی هیواکانی منداڵی لە گەورەبووندا بهێنینەدی، هیچمان دوا ڕۆژێکی گەشمان بەخۆوە نەدی، ئیستاش دەپرسم بۆچی من بوومە جابی مێترۆو نەبوومە چیرۆک نووسێکی منداڵان، ئەی «وسو» بۆ نەبووە زانایەکی گەورەی ژمارەکان.گەورەکان بوون هیواکانیان کوشت یان تارماییە ڕەشەکانی باوکمان بوو یاخود «مەیموونە سوورە» بوو «وسو»ی لە مەکتەب ون کرد،



هەفتەیەک بەر لەگوم بوون و بوون بەسەراب من و «وسوقژلوول» لەژێرسێبەری تاقە دارەتووی مەکتەبەکە، هەردووکمان لەتیشکی خۆرو بۆنساردی هێلکە خۆمان دەدزیەوە.لەژێرسێبەری دارەتوەکە پێی گوتم بەنیازە دەوڵەمەند بێت و چی تر دەست بۆ باوکی پان نەکاتەوە، چی دی بەڕەزالەت خەرجی لە باوکی وەرنەگرێت. پێی گوتم کە بەنیازە هەرچی وردەی دەغیلەکەیەتی دەریبێنێت و بیدات بە پاقلەی کوڵیو لە مەنجەڵێکا لە بەردەم مزگەوتی «قەفەسەکە» بیفرۆشێت.. پیی وتم کە چووتە بەردەم مزگەوتی قەفەسەکەو بە هەردوو چاوی خۆی دیویەتی چ قەڕەباڵغییەکە لە دەوری ئەو مزگەوتە، ئەوەندەی ئەم ڕۆژانە ئەو مزگەوتە هامشۆی دەکرێت، هیچ مزگەوتێکی تر هێندە هاتوچۆکەران و ئیماندارانی نییە، هەمووشی هی ئەوەیە «مەیموونە سوورە» لەوێ لە قەفەسێکدا بەگیرهێنراوە.. پێشی گوتم کە چوومەتە ئەوێ پاقلە فرۆشم لێ نەدیووە، پێ دەچێت پاقلە فرۆشەکان، هەواڵی بازاڕ گەرمیی پاقلە فرۆشتنی بەردەم مزگەوتەکەیان پێ نەگەیشتبێت دەچم لەوێ وەکو ئەوان هاوار دەکەم پاقلەیە.. پاقلە.. پاقلەی... کوڵیو پاقلە.پاقلەیە «مەیموونە سوورە گیراوە، پادشا پشتی شکاوە»، پادشا پشتی شکاوە..پاقلەیە، پاقلە، پاقلەی بێ مێش بەرەوە، تا دەهات تیشکی خۆر سێبەری لێ زەوت دەکردین، تا دەهات بۆنی هێلکەی سارد زیاتر کونە لووتی دەگرتین. تەپوتۆز هەراسانی کردین، بەپەلە ڕامان کرد وادەی پشوومان لەخۆبڕی، لەو ئانەدا ئەوەندە فریاکەوتم لێی بپرسم، ئەی بەچاوی خۆی قەفەس و «مەیموونە سوورە» ی دیووە، خەریک بوو شتیک بڵێت، زەنگوشوڵی دەستی «فەیزوڵڵا»ی بیرکاری نەیان هێشت...دریژە بە چیرۆکی قەفەس و مزگەوت گیرانی مەیموونە سوورە بدات..«فەیزوولا» خۆی کرد بە ژووردا بەمۆنی و لالووتییەکەوە وتی، لەتاقیکردنەوەکەی دوێنێی، بیرکاری کەستان جگە لە «وسو» دەرنەچووە. بە غرورێکی بەرزەوە، ئافەرینێکی لووت شکاوی لە «وسو» کرد و دەستی کردەوە بەمنەت و پرسیاری سەعی نەکردنمان، ئەو نەیدەویست دان بەوە دابێنێت، کە بەشێکی دەرنەچوونمان هی نەزانی فێرنەکردنەکەی خۆیەتی، تووڕەبوون و عەبووسیشی لێ نەدەهات، چونکێ لەبنەچەوە مامۆستای مۆسیقا بوو، بەڵام لە بەر نەبوونی مامۆستاو نەبوونی" کەمان و عودو گیتار، ناچار دەرسی بیرکاریی پی

دەگوتین.. خوام لەخوا، هەفتەی داهاتوو دەرنەچن خوام لە خوا سەعیتان نەکرد بێت، بەهەقی پێغەمبەر، بەهەقی خوا تۆپتۆپێنی ئەم مەکتەبەتان پێ دەکەم، عەمرکورت بن یارەبی، بۆخاتری خوا و پێغەمبەر، فەیزوڵلا ئەمانەی دەگوت و ناوەناوەش ئارەقی خەجاڵەت تکاوی ناوچەوانی بەپەنجە مۆسیقییەکانی دەسڕییەوە نەدەکرا، لە ڕاپۆرتی مانگانە لە بەردەم «قاشپاشا» بڵێت تەلەبەکانم فێری بیرکاری نەبوون، نەشی دەتوانی درۆ لەگەڵ ئاوازو سەمفۆنیاکانی ویژدانی بکات، بەو تۆزە هەڵچوونە داخی گرانی، زەغەلیمان دەمرکاندەوە، دەستی پێ دەکردەوە، بەوانە وتن، خوا هەڵناگرێت زۆریش هەوڵی دا کە بەهۆی نۆتەکانەوە فێری بیرکاری بین، بەڵام سەری نەگرت دواجار نەفێری بیرکاری بووین و نە نۆتەکان هەوەسی مۆسیقاژەنیان تیاجۆش داین، ئەو خەریکی وانە وتن بوو، منیش داڵغەم بۆ لای قسەکانی «وسو» ڕۆیشتبوو، خەیاڵم لای قازانجی پاقلە فرۆشی بوو. بە هزرما هات منیش ئێوارانی پاش مەکتەب بچمە بەردەم مزگەوتی قەفەسەکەو «ئاوفرۆشی» بکەم، ئاو بەو حەماس گرتوانە بفرۆشم کە چەند ڕۆژێکە ئاوی ئابخانەکانی مزگەوتیان نەخواردووەتەوە، لەگەڵ خۆمدا لێکم دەدایەوە، بۆنا سەرمایەیەکی زۆریشی تێ ناچێت، وەکو پاقلە نییە گەر نەفرۆشرا مێش لێی بدات، ئەو پەڕەکەی قاڵبێک سەهۆڵی ویست... لەوخەیالانەدا بووم کە پرسیاری یەک زائیدی یەک و چەندی کرد خەبەری کردمەوە. «وسو» فریام کەوت و بەچرپە لەپشتەگوێمەوە چرپانی و پێی گوتم دەکاتە «دوو». بەکردنە دووی یەک زائیدی یە بیرکاری و دارکاریمان بەڕێ کرد، کات کاتی هاتنی دەرسی «ڕەشکۆ شێرکوژ»ە.. وادەی پڕ جنێوکردنی تەلەبەکانە، کاتی گوێ لەبن ڕاکێشانە وادەی دادو بێدادی تەلەبەکانە.. هەفتەیەک لەوەو پێش کلێشەیەکی دابوینێ لەسەر"خۆشەویستیی نیشتیمان" و پێی گوتین کە ڕۆژی پێنجشەمە پەخشانێکمان لەسەر پێ دەنووسێ، لەگەڵ خۆکردن بەژووردا لەسەرتەختە ڕەشەکە نووسیی «خۆشەویستی بۆ نیشتیمان لە باوەڕەوەیە»، لەوە دەچوو لەژووری مامۆستاکان لەکاتی ئیسراحەت و زۆر بلێیان باسی نیشتیمان و باوەریان هێنابێتە ئاراوەوە یاخود هەوەسی پەخشان نووسین لە دوێنێ شەوەو لە جێگادا لە گەڵ «ڕەیحانە» لە جیات خەم و خۆشەویستیی مێرد و ژن، خەم و خۆشەویستیی



نیشتیمان، خۆی بە ژێر لیفەکەدا دابێت..نازانم بۆچی وا لەپڕ داوای لێ کردین، لەسەر نیشتیمان پەخشانێک بنووسین؟! خۆ هێشتا پێنجشەمە نەهاتووە تۆ بڵێت تاقەتی دەرس وتنی نەبێت و بیەوێت بە درۆی باوەڕی نیشتیمان کات بەسەر بەرێت، هەر کامێک بێت لە هۆکان. بەئەمانەتەوەو لە خۆی دڵسۆزتر لە سەر نیشتیمان دوا بووم، دواکەسیش بووم کە کاغەزەکەم داپێی، لەبەرئەوەی دەترسام نەکا هەڵەیەکم لەئاستی خۆشەویستیی نیشتیمان کردبێت دووسێ جار پیاچوومەوە، کە دڵنیابووم لەوە باشتر لە سەر نیشتیمان نایێتە نووسین، پێنووسەکەم داناو کاغەزەکەم داپێی لەگەڵ کاغەزپێدانی من و وەرگرتنی لەدەستم کات، تەواو بوو، زەنگی بەربوون لێی دا بەپەلە بە پیشەی هەموو کاتێکمان کەوتینە کۆکردنەوەی قاپە هێلکاوییەکان، بەرداخ و کتێبە بەرگدڕاوەکان و بەفرتە ڕاکردن، لە شوورای داپڵۆسین و دامرکاندنی ئارەزووەکان بۆ کۆڵان و کوچە تەسکەکان بۆ هەڵماتێن و محەلەبی و ساردی شکێنەکان..هەفتەیەکی پێ چوو، ڕەشکۆ کاغەزەکانی لەبن سیسەمەکەی دەرهێناو پیاچووەوە، لەو هەفتەیەدا «وسو» ون بوو بو هەریەکەو حیکایەتی جیاجیای لەسەر هۆی ونبوونی دەگێڕایەوە، یەکێکیان دەیگوت دوێنی لەگەڵ باوکی دەست لە ناودەست لای حەوزە شکاوەکە بینیومە، یەکێکی تر دەیگوت پێرێ لە کەبەباخانەکەی وەلی بوو لەگەڵ دایکی کەبابیان دەخوارد، یەکیکی تریان هاواری دەکردو دەیگوت. ئەمرۆ بە بەردەم ماڵیاندا هاتم باریان دەکرد.. لەشار، هیچیشی ڕاست نەبوو هیچیان نەیان دەزانی کە «وسو» لەکوێیە، من نەبێت دەمزانی کە «وسو» خۆی لەدرۆی گرتنی «مەیمونەسورە» نوقم کردووە، ڕەشکۆ کەوتە کاغەز دانەوە، ئاگام لێی بوو، زۆربەیان هەڵەیان کردبوو لەئاست جوان باسکردنی خۆشەویستیی نیشتیمان، کەسیان نەیانتوانی بوو پر بە پێستی گەورەیی نیشتیمان بدوێن لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشکۆ ئافەرین و دەسخۆشی لێ کردبوون، ئەوەی من دوا کاغەز بوو کە پێی دام.. لەخوارەوە باشەیەکی. کاڵ و کرچی بۆ نووسی بووم لە هەمووانیش کەمتر نرخاندبووی، سەیری هەموو کاغەزەکانم کردبوو هیچیان وەکو من بێهەڵە نەبوون، باشە ئەی بۆچی بۆ ئەوانیتر ئافەرین و بۆ منیش باشەیەکی ڕوخاو، لەدوورەوە هەستت بەغەدرەکەی دەکرد، لە دوورەوە هەستت بەنا هەقییەکەی دەکرد، دەمزانی

بەئانقەست ویستوویەتی باشە دانێت، بەڵام بۆ ئەو غەدەرم پێ نۆش نەدەکرا؟ نەشمدەزانی چی بکەم، دەترسام گەرشتێک بڵێم بەدەردی «عوسەلووتخوار» ببرێم و لووتم بشکێنێت، دەترسام لەوەی بە بەرچاوی باش و خراپی پۆلەکە پۆرتم بشکێنێت، دەترسام تفەکانی بەر ڕوومەتم بکەوێت.. دانم بەخۆدا گرت، هیچم نەگوت، ئەو هەر باسی دەکردو من دەتگوت خوریم بۆ دەڕێسن لەدونیایەکی تردابووم لەدونیای جیاکردنەوەی هەق لە ناهەق دابووم، باشە سەندنەوەی هەق لەباوک بە کوشتنیەتی یان بەشکاتکردنە؟ لای کێ شکاتی لێ بکەم کێ بێت بە باوکەکان بڵێت منداڵەکان هی ئێوە نین، منداڵەکان هی شەوقی ژیانن بۆ ژیان، دەمێننەوە؟ کێ بێت بتوانێت هەقی غەدرلێکردنی سەجانە دڵرەقەکان وەربگرێتەوە؟! لەگەڵ لێدانی زەنگ و بەربوونمان لەو پۆلە هەناسە لێ بڕاوە، قاچەکانم هەر لە خۆیانەوە بێ ئەوەی پێیان بڵێم بەرەولای ژووری «قاشپاشا» دەکەوتنەڕێ. بە ئەندازەیەک تەواو لە گەڵ ئومێدی فەرامۆش نەکردنی شکاتنامەکەم نەسقیان گرتبوو، بێ ئاگا لە تەپوتۆزی باریوی ڕاڕەوەکان، بێ گوێدانە دڵڕەقیی دیوارەکان، لەگەڵ هەموو نزیک بوونەوەیەکم لە ژوورە سامناکە تاریکە ترسناوییەکە، جۆرێک لە نائومیدی باڵی بەسەر شکاتی باوک دەکێشا..تا دەهات باوەڕی هیچ بە هیچ نەکردن خۆی لە ڕۆحما دەچەسپاند، باوەڕی مایەپووچی و هیچ نەکردەی شکات لای «قاشپاشا» زیاتر خۆی بە ئاردا دەکوتاند، بەڵام سەرەئەنجام خۆم گەیاندە ژووری «قاشپاشا».. بە بینینی زۆر شتم لە بیرچووەوە، بە سەیری دەموچاوی عەبووسی هەموو ئەو وشانەی کوشت کە دەبوو لە شکاتنامەکەمدا بوترێت ئەوەندەم پێ کرا، بڵێم قوربان هاتوم شکات لە مامۆستا «ڕەشکۆ» بکەم..هێشتا هەناسەم هەڵنەکێشابوو.. قسەکانی پێ بڕیم وتی مامۆستا ڕەشکۆی باوکت؟ مامۆستا رەشکۆ غەدری لێ کردووم و تەواو هەقی خۆمی نەداومەتێ، لەتاقیکردنەوەی پەخشان نووسیدا، دووبارەی کردەوە مامۆستا رەشکۆی باوکت!؟ دوای کەمێک لە وەستان و نقە بران و هیچ نەوتنی ئەو بێ دەنگی من کەمێک زیاتر لە جاران دەنگم بەرزترکردەوە، نەغمەی بە قسەکانم داو و پێم گوت:

– مامۆستا ڕەشکۆ لە ماڵەوە باوکە، لە مەکتەب مامۆستامانە، کە پێم گوت باوک لەماڵ باوکە و مامۆستا لە مەکتەب مامۆستایەو دوو وەزیفەی جیایە، زانیی کە



مەسەلەکە جیددییەوهەروا بە ئاسانی تەواونابێت، یەکەمجار ویستی دەستی دەستیم پێ بکات، کەمێک چرۆچاوی خۆی ئارام کردو تووڕەبوونی لێ شاردمەوە، بۆ ساتێکیش وامزانی کە «قاشپاشا» بە ڕاستیەتی گوێ لە شکاتەکەم دەگرێت، هەقی خوراوم بۆ دەگەڕێنێتەوە.. لەسەرمێزەکەی کەمێک هەستاو خۆی رێک کردەوەو پێی وتم، کوڕی خۆم فەرقی نییە لەهەردووکیاندا هەر باوکە، ئەی قەد لە کۆبوونەوەی باوکاندا گوێت لێ نەبووە کە باوکانی تر دێنە لای و پێی دەڵێن مامۆستا «گۆشتەکەی بۆ ئێوەو ئێسقانەکەشی بۆ بەردەم سەگ» گوتم من لەم پەندە چەوسێنەرانە تێ ناگەم. گەر گۆشت و ئێسقان هەردووکی بۆ ئەوان بێت ئەی چی بۆ ژیان دەمینێتەوە.. مامۆستا «ڕەشکۆ» غەدری لێ کردووم و هاتووم لای جەنابت شکاتی لێ بکەم. تۆش بەمن دەڵێیت گۆشتەکەی بۆ قەساب، دوای ئەو چرکەساتە ئیدی گرژی دەم و چاوەکەی گەڕایەوە هێمنییەکەی لە دەست داو ڕووی ئەودیوی بەزەیی پێ نیشان دام، دەستی بردە ژێرمێزەکەوەو، زەنگێکی بۆ فەڕاشەکە لێ دا بەتوڕەییەکەوە پێی گوت، مامۆستا ڕەشکۆم بۆ بانگ کە. ئاخر زەمانە، تەواومان کرد منداڵ شکات لەباوکی دەکات. وەڵا هەر ئەوەمان نوقسان بوو، تۆ سەیر ئەم دەعەجانییە ناکەیت لێمان بووەتە فس فس پاڵەوان، قوربان نەبوومەتە فس فس پاڵەوان، هاتووم داوای هەقی خۆم دەکەم، دەمت داخە، دەعەجانی، لەوە دەچێت باوکت لەماڵ فێری تاعەتی نەکردبێتی، مامۆستا شکاتی من هەقی چییە بەسەر تاعەتی فەرمایشتەکانی، زۆری پێ نەچوو بەغاردان «ڕەشکۆ» خۆی کرد بەژووردا دیاربوو ئەو فەڕاشە کافربابە بەدەم ڕێی گەیشتنی ڕەشکۆ بۆ ژووری «قاشپاشا» شتێکی بەگوێدا چرپاندبێت. بێ سەلاموکەلام بێ ئەوەی بزانێت چی ڕووی داوە کەوتە تف و جنێودان و مەعزەرەت هێنان بۆ «قاشپاشا». ئەو وای زانی من لەبەر هاروهاجی و دەست شکاندنی یەکێک لە تەلەبەکان بانگ کرا بێتمە ژووری «قاشپاشاوە»، ئەو هێشتا هیچی لەسەر شکاتەکە نەبیستبوو، دەیگوت وەڵڵا دەتتۆپێنم، ناجیسن، هاروهاج.. «قاشپاشا»ی بەڕێوبەر جنێوەکانی باوکمی بڕی و پێی گوت، مامۆستا کار لەهاروهاجی و بزێوی دەرچووە، کار گەیشتووەتە یاخیبوون لەفەرمان و چاکەی بەخێوکردنی باوک و مامۆستا.. بۆ

– چۆن قوربان؟

– مـامـۆسـتـا «ڕەشكۆ» كـوڕەكـەت هاتووە شكاتی غـەدرلـێ كـردنی تـۆ، لای من هەڵڕژێت. منیش لەبەر ئەوەی كوڕی تۆیە هیـچم پـێ ناكرێت، بەخوا مـامـۆسـتا هـەر تەلەبـەیەكی تر بـووایە دارم دەدا بەڕۆحـیـا، بەڵام خـۆت دەزانی كـوڕی تۆیە دەسـتـم تێیناچێت و هیچم بۆ ناكرێت جگە لەوەی كە ژوورەكەتان بۆ بە جێ بێڵم و خۆتان لەناوخـۆتاندا هـەقی یەكتر بسێنن.. «ڕەشكۆ» قسـەكانـی پـێ بڕیوو گوتی. قـوربان من كوڕی وا بەدكارو لاسارو نابوتم نییـە، من زۆڵی وام نەخستۆتەوە، نازانم ئەم نمەك حـەرامـە هی كـێیـە. ئەمـە چووتەوە سـەر دایكە...ی... ببـوورە لە كاتی بـەنرختـانی گرتووە، شـەرتبێت تەمبێی كـەم شـەرت بێت نەهێڵـم بزانێت شكات چییـە؟ شكاتی لەسـەرچی و كێ كـردووە؟ شكاتی لەسـەر ئەوەیە گـوایە تۆ لە كـاغـەزی پەخـشـان نووسینا دەرەجەی تەواوت نەداوەتێ و بـەئەنقـەست ویستـووتە پەخشـانەكەی یەكـەم نەبێت. «قـاشپاشـا». ئەم كوڕە كەرە نازانێت من بۆ وام كردووە، من دەزانم كە هەقی خـۆیم نەداوەتێ بـەڵام ناچارم تـا خـەڵكی نەڵێت كـوڕەكـەی (ڕەشكۆشـێـڕكـوژ) بە واسیـتـەی باوكی یەكـەمی پەخشـان نووسـەكانە، تا خـەڵكی پێم نەڵێن كە كوڕەكەم بەواسیتـەی من دەردەچێت!؟ بیرم لـێ كردەوە كەمن بچووكترنیم لەباوكم، باوكمم بەو قسانە بچووكتر دێتـەبەرچاو، پێم گوت تۆ بەم كـارە، هیواكانی گەشەو داهێنانم تیا دەكـوژیت، تۆ لەبەر قـسـەی خـەڵكی ڕەشی دەكـەیتـە بەش.. بەغـەدرلیكردنت لەمن خیانـەت لە وشە جوان نووسراوەكـانی خۆشەویستی نیشتیمـان دەكەیت، «ڕەشكۆ»ی باوك و مامۆستا من دەمێكە باجی خراپەكارییەكانی مامۆستایەتیت دەدەم، دەمێكە لەسـەرتـۆ سـەرم دەشكێنرێت، دەمـێكە لـەسـەر تـێ هـەڵانی تـۆ بۆ تەلەبەكـان، لەگـەڵ هەمووگـەڕانەوەیەك بۆمـاڵ دەبێت بەخێـرای بەرق خـۆم لە تـۆڵە سـەندنیـان ون كـەم، لەسەرخراپەكارییەكانی تۆ، لەناو مەكتەب كەس سێ ڕسكێنم لەگەڵ ناكات، كەسیش وەكـو پێویست نامدوێنـێ «عوسـە لووتشكاو» و «وسـوە قـژلوول» نەبێت، هـەمـوویان ڕقیـان لێمـە، من هـەتا ئـێـستـاش پێم نەگوتوویت كێن ئەو منداڵە هاروهاجانەی كە بەدووم ڕادەكـەن و سەرتاپام تێرجنێوو تف و بەڵغـەم دەكەن، چونكێ دەزانم گـەر پێت بڵێم داركارییان دەكەیت و (ڕێسەكەم دەبێتەوە بەخوری) خەتای تۆ نییە كە لێدانت كردووەتە ئامرازێك بۆ تەمێكردن خـەتای (رەیحانـە)یە، خـەتای ژنەكانە، ئێوە لەبەر



ئەوەی ناتوانن دار لە ژنـەكانتـان هـەڵگرن، لەبەر ئەوەی ناتوانن تەنگیـان پـێ هـەڵچنن، لەبەر ئەوەی دەترسن نەوەكـا بەداركـاری كـردنیـان بەهەشـتـی ڕەپبـوونتـان لەدەست بچێت، بە لێدانیـان لەپێكەوە خـۆشـتنی حـەمـام بكەون.. ناچار دێنە سـەرسـەرمـان و دەبنە بانگوشی جەستـەی ماندووشەكەتمان..كاتی گوێگرتن لەشكات تەواوبوو، كاتی قسـەی زل و بێمـانا تەواوبوو كاتی داركاری و لێدان خۆی كرد بـەژووردا، ئێستاش لە ئازاری ئەو شـەپـازلانە لەترسی شكستی پیـرۆزی پەیامی شكاتكردن نەمدەوێرا لای كەس باسی بكەم، دەترسام بەشێوەیەكی تاریك و نائومێد شكاتی باوك سـەربنێتەوە و نەزانێت بەخـتـەوەری چییـە! «سـەمـەنگۆڵ» ئێـستا تێگەیشـتی یانـی چی شكات لە باوك..من زۆر شـەو بەر لەسـاتەكانی بڕیار لەسـەر شكات.. خـەوم بە باوكێكی ترەوە دەدی، زۆر شـەو لە جێ خـەومـدا، وێنەی باوكێكی ترم دەكێشـا هێمنتر، دڵنەرمـتـر، بەسـۆزتر، ڕاسگۆتر، چەندەها شـەو بەحەسرەتی شـەوشادی باوكم سـەرم ناوەتەوە.. بەغیلیم بەوانـە دەبرد كـە باوكیـان نییـە؟! و لەژێرسـایەی فـەرمـانـی هیچ گـەورەیەكدا ناژین چـەندین جـاریش بەدوای هـۆی ونبـوونـی «وسـو"» گـەڕام تەفـسـیرێكی ئەوتۆم بەردەست نـەكەوت، بـەڵام زۆربەی هەواڵەكـان تەئكیـدیان لەسـەرئەوە دەكـردەوە كـە، «وسوە قژلوول» لەداخـی بـەدرۆكەوتنی گیرانـی «مەیمونەسـوورە» لەداخـی بەدرۆكەوتنی تەڵاق خــواردووەكـان بـەدیتنی «مــەیموونـەسـورە»، لەداخـی نەفـرۆشـتنی پاقلەكـەی لەداخـی خیتـابی درۆی مەلای مـزگەوتەكە كەوتوویەتی "خـوشكان و برایانی ئیمـاندار ئەوەتا بەچاوی خـۆتان بیبینن كـەچۆن سـەرەئەنجـام قـەفـەس دەبێتـە جێگەی هـەمـوو سـتــەمكاران، مـن دڵنیــام «وسـو» لە درۆی گـرتنی «مــەیموونـەسـوورە» خـۆی شـاردووەتەوەو سـەری هـەڵگرتوەو ئـەم شـارە درۆیەی جێ هـێ شـتـووە، سـەمـەنگوڵ.. باوكەكانمان نەیانتوانی وەكو خـۆمان، ئێمەیان خۆش بوێت..ئەوان دەیانویست بەزۆر سێبـەرو بیری خـۆیان بەسـەر منداڵی و بچووكیمـان بسـەپێنن. شـەڕەكـانیش هـەر مـەپرسـە، ئەو شـەڕانە زۆربـەی باوكـەكـانیـان كـوشت. ئەوەی كـەلێیـان گـەڕایەوە، دەستیكی، قاچێكی چاوێكی و یان لایەكی گونی لەدەست دا.

## ٩ تووڕەبوونی خودایە یاخود بەدکاریی «مەلەک تاوسە»، ڕۆحی مردووەوکان زیندوو دەکاتەوە

یەکەم ساڵی خوێندن لەفێرگە لەو عەیامەی کە دەبوو هەموو فێرگە ماڵئاوایی لەمامۆستا (قۆتاسنادر)ی بە ساڵاچووی، ڕیش کەوتووی، گۆچان بەدەستی بکات، فێرگە بڕیاری دا ئاهەنگ و مەراسیمی ماڵئاوایی و بەڕێکردنی دواساتەکانی خزمەت و کاری مامۆستا بگێڕێت، لەماوەیەکی زۆر کورتدا لیژنەی ئاهەنگ هەڵبژێردرا. لێژنە کەوتە بەرنامەو گەڕان بە نێو کچان و کوڕان بۆ دۆزینەوەی وتاربێژو پێشکەشکەری گوڵی ڕێزو ئەمەکداری لەخوێندکاران، بۆ مامۆستاکەیان، زۆرگەڕان و زۆریش داوای یارمەتییان لەخەڵک کرد کەس نەبوو لە خۆی ڕاببینێت ببێتە وتاربێژی مەراسیمەکە، کەس نەبوو جورئەتی چوونە پێشەوەی هەبێت، لەبەر ئەوەی کەسیان پێشتر دەرفەتی وتار پێشکەش کردنیان بۆ نەڕەخسابوو، نە لە فێرگە نە لەماڵ من و «ئادالین» نەبێت کەسی تر نەیوێرا لەسەر شانۆ لە بەردەم ئامادەبووان مامۆستا قۆتاسنادر بخاتە گریان، لەو مەراسیمەدا شتێکی زۆر سەیرم بۆ ئاشکرابوو، گەورەکان هەموویان ئارەزوویان دانیشتن لەڕیزی یەکەمی کورسییەکان بوو، زۆر سەیر بوو لە لام، دەمگوت باشە ئەی بۆ لەسینەماکان دەچنە دواوە، بۆ دەبێت لە سینەماش شوێنی چاک بۆ ئەوان بێت، ئەم پرسیارانەم بەدەم پشووگۆڕینی بەرنامەی سەرشانۆو مەراسیمەکە بە ئادالین، دەگوت، نەشمدەناسی، ئەو هەر پێ دەکەنی لەوێوە ئادالینم ناسی بە بوێریی ئادالین تا کاتی تەواو بوونی مەراسیمەکە کاس ببووم، لەگەڵ تەواوبوونی مەراسیمی شکۆدارکردنی ماندوویی مامۆستا قۆتاسنادر بەین تێکچوون و ئاینۆئۆین و بێنەو بەری من و ئادالینیش دەستی پێ کرد کێشمە کێشمەکە لەوێوە سەری هەڵدا کە پێێ وابوو من هەولم داوە زۆربەی دەرکەوتنەکانی سەرشانۆ بۆ خۆم قۆرغ بکەم، ئەویش جگە لە قەلەموونێکی جوانخاس بۆ جوان کردن و ڕازاندنەوەی



ڕووی مەڕاسیمەکە، هیچ فەرمانێکی تری پێ نەسپێردراوە. هەر لەوێشەوە تاوانی پێشێلکاری مافەکانی ژنان و یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا. لە هیچ و خۆڕایی بەسەرما ساغ بووەوە، یەکەم جار ویستم تێی بگەیەنم کە بەرنامە دانانەکە دەستی منی تیا نەبووە، منیش وەکو ئەو بەرنامەکەم بۆ خراوەتە بەردەم، ئەو هەر نەی دەسەلماند. حینجەتی پێ گرتم، گوایە دەبووایە من قبووڵی بەرنامەیەک نەکەم کە پێشێلکردنی مافی ژن ژن و ڕۆڵی ژنی تیابێت..ئەو دەیویست من ببمە پەیامبەری مافەکانی ژنان...مەبەستی بوو دروشمێک هەڵگرم کە خۆم باوەڕم پێی نییە...
بەدوای ئەو ئاهەنگەو تێکچونی بەینمان، کەوتینە ڕکبەڕکێی یەکدی، من دەمویست بێبەری خۆم لەو تۆمەتانە بەهەڵگیرساندنی جەنگی ساردی ئەو ڕەتکەمەوە، لەجیاتی قسەو گفتوگۆش سلاوێکی سادەو سەرپێیانە بکەم. هەوڵیش بدەم هەتا لە توانامایە خۆ دوورخەمەوە لە مەسەلەیەک کە ئادالینی تیا بێت، بەر لە هەڵایسانی جەنگ کە زۆر هەوڵم لەگەڵی دا کە لەسەر ئەو رایەی پەشیمانی بکەمەوە کە ژیان تەنیا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی چەپڕەودا دەگوزەرێت، دەمویست تێیبگەیەنم کە ژیان بێ چەپ و ڕاستیش هەر دەگوزەرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی گیرۆدەی بیری چەپ بوو، لەبەر ئەوەی لەگەڵ چەپدا بەڕۆن قرچابوو، لەبەر ئەوەی برایەکی قوربانیی ڕێبازی سووربوو، مەحاڵ بوو لەو خەیاڵانەی بکەم... ئادالین لەوەش زۆرزانتربوو کە من بتوانم هەڵی خەڵەتێنم، بە پێچەوانەوە دەیویست بمخاتە تۆڕی ماسیگرەکەی، یەکەم جار پێی وابوو ماسییەکی حۆلم، بۆیە باس و لێدوانەکانی بەو باسانە دەست پێ کرد کە «زایاند» دەبێتە یەکەم باسی دیالۆگ و گفتوگۆ، ئەو باسەی کە هەمیشە لەنێو مەعشەری چەپەکاندا زەق وە دەرکەوتووە، ئادالین دەیزانی باسی زایاند ئەو دەروازەیەیە کە دەتوانێت لێیەوە ئەندامێکی تر بۆخۆی ڕێک بخات و بیکاتە هەڵگری دروشمێک کە هەرگیز نایەتە دی، ئادالین و هاوڕێبازانی داوای بەڕەلاییان لەژێرناوی ئازادیدا دەکرد، داوای مافێکیان دەکرد کە خۆشیان باوەڕیان بەهێنانەدیی نەبوو، داوای دەستوور و ڕێسایەکیان دەکرد، کە هیچ وڵاتێک نەتوانێت بیهێنێتەدی، بەنەهاتنە دیشی دەسەڵات بە تاوانبارو ڕێگر بناسن.. ئادالین باوەڕی بەژیان لەتاراوگە نەبوو، پێی وابوو هەندەران مەرگی ئارەزووەکانە، مەرگی داهێنانەکانە،

لەمەشیانا من ڕایەکی ترم هەبوو، پێم وابوو کە مرۆڤ لەسەرخۆیەتی چۆن بیەوێت ئاوا دەژێت، ڕاهاتنە زیاتر، نەک خۆبەدەستدان، بەڵام چی بکەم تێ نەدەگەیشت ساڵێک بەم ساردییە لەگەڵ ئادالین گوزەشت.بەرلەخوا حافیزی کردن لەساڵێک هەمووومان لەیانە دانیشتبووین بەدەوری مێزێکی خڕ..ئێستاش لە بیرمە کتیبێکم بەدەستەوەبوو، لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو «ژیان بێ گفتوگۆ مەحاڵە»، بەخشپە هاتە تەنیشتم، بەپیشەی هەموو کاتێکی لێی پرسیم کەچی دەخوێنمەوە، پێم گوت «ژیان بێ گفتوگۆ مەحاڵە»... پێێ گوتم ژیان بێ بیری چەپ مەحاڵە. لەو ڕۆژەوە ئادالینم نەبینی من لەبینینی ئادالین بڕام و گەڕامەوە زێدی باوباپیران. هیچ هەواڵێکیم نەزانی، بۆ ساتێکیش لە هەوڵی گەڕان بەدوایدا نەبووم، بەمردوویەکم حیساب کردبوو، هەرگیز زیندوبوونەوە نەزانێت چییە! ئەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژانیش بەخەیاڵمدا نەهاتبێت بینینەوەی ئادالین بوو، لە مێترۆ بینینەوەی، کەسێکە کە هەرگیز باوەڕی بەژیان لەدەرەوەی وڵات نەبوو؟! کە بینیم لەیەکات و بەیەک ئەندازە دڵشاد و غەمباربووم دڵشادبووم بەزیندوبوونەوەی هاوڕێیەکی یاخی بوو بەسەر باوەڕو پێگەی ناوخێزان، خەفەتبار بەدەست هەڵگرتنی ئادالین لە باوەڕی جێ نەهێشتنی خاپووره وڵات، ئەو ئادالینەی چەندین جار دەمەقاڵەمان لەسەر تیۆری هەندەران و هەندەرانی هاتۆتەڕێ، هەردووکمان هەستێکی سەیرمان تیابزوا بوو، هەستێک تێکەڵ بەخەجاڵەتی و ناڕازی بەحاڵی ئەوی تریان، هەردووکمان لەیەک کاتدا، ئەوە چیدەکەیت لێرە؟

ئەو پرسیارەی کە شەوق دەیخولقێنێت و دەبێتە کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکان. هەردووکمان وەڵامی ئەوی دی دایەوە، ئەو بەنیشاندان و دەرخستنی ئەڵقەو جێپەنجەی شووکردنی، منیش بە بەرگی جابیەتیم، چاوەکانی گلەییەکی زۆرم تیابەدی دەکرد، گلەیی لەو وەزعەی کەتێیدا بووم، بەئاواتەوە بوو، من لە بۆنەیەکی باشترو جێگەی کارێکی باشتر بدیبایە، وەلێ ئەفسووس، بە بەرگی جابیەتی منی دیتەوە، ئەو شەیتارییەی کە هەموو جارێک پێی دەگوتم جێگەت ئێرە نییە، جێگەت جێگەی سەرۆکە، بەڵام هەر ئەونەبوو گلەیی لەوەزعم هەبێت، منیش گلەیم لەپەشیمان بوونەوەی باوەری بووم، منیش خۆزگەم بەوە دەخواست کە ڕۆژێک



لە ڕۆژان بە وەزیری بیبینم، لانیکەم وەزیری بەرگری لە مافەکانی ژیان و ژنان، بەدیداری دووبارەمان دۆراوی و نوشوستی دروشمەکانی یەکدیمان بۆ دەرکەوت، ئەو دروشمانەی کە نەمانتوانی ئەبەدیەتیان بدەینێ و هەوڵ بۆ هاتنەدیی تۆسقاڵێکین بدەین. چ دنیایەکی «دەرهەم بەبەرهەمە». من و ئادالین لەمێترۆدا بەیەک دەگەیەنێت، خەجاڵەتی و شەرم لەحاڵ و باڵی یەکدی قسەی پێ بریبوین، وەختێکم زانی بێ خۆحافیزی، لە وێستگەیەکی دوور لەشار دابەزی و خۆی ون کرد، بۆ ساتێکیش وام زانی بەخەیاڵ دیبێتم، بۆ چەند ساڵێکیش دوای ئەو دیدەنییە کورتە، وامزانی جنۆکەیەکم لە بەردەمدابێت، نەک خۆی.ماوەیەکی زۆریش بەدوای هەقیقەتی ئەڕۆژەدا دەگەڕام، بەدوای دەرکەوتنێکی تری دەگەڕام، چەند جارێکیش لەماوەی پێنج ساڵ گەڕان بەدوای وەهمی ئادالین لەو وێستگەیەی کە بۆ یەکەم جار ئەوم تیادی، چاوم بۆ دەگێڕا، زۆرترین کاتی جابیەتیم بەفیڕۆدا، هەتا دەهاتیش زیاتر لێم دەبووە سەراب، هەتا دەهات ئەو ڕۆژە زیاترخۆی لەخەوو دالغەی ماندوبوون، نزیک دەکردەوە، تا لەم ڕۆژانە لەگەڵ ساڵیادی زیندوبوونەوەی پەیامبەری خاچ پەرستەکان، لەکاولترین و بەدناوترین تونێل وەیڵی هاتوچۆی مێترۆکان لەو هێلەی کە هەمیشە جابییەکان تیا تووشی کێشەی مەبن، لەو هێڵەی کە نزیکە لەپەرستگاو، مەڵبەندی کۆبوونەوەیان، لەو شەمەندەفەری کە پڕدەبێت، بەمەخل و قاتی سەیرسەیر هەندێکیان لەشێوەی جاڵجاڵۆکەو خشخاش و قرژاڵ و دووپشک و مردوو، هەندێکی تریان بەڕەشپۆشی سەرتاپا و نینۆکی درێژو پرچی ڕەش و پاڵتۆی ڕەش و خەنجەری و کەلەسەری ڕەش، سیمای دەرکەوتنیانە، دڵنیابووم لەوەی کە داوای بلیت لە هەرکامێکیان بکەم پێێ نییەو دەبنە مایەی سەرئێشە، بلیتت بڕیوە؟

– نەخێرمن بلیت نابڕم، شەیتان پەرستەکان بلیتی مێترۆ نابڕن،ئەم جیهانە هی ئێمەیە.

– ئائەم جیهانە هی هەمووانەو دەبێت بلیت ببڕیت. من چ کارم بەوەی داوە کە تۆ چیت! پاشان ئەمە یەکەمجارە بیبیستم شەیتان پەرست بلیت بڕینی بۆ نەبێت، کوا لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی شەیتانەکان بلیت نەبڕێن هەیە لەکام بڕگەی پەیڕەوەکەتان نووسراوە کە هاتوچۆکردنتان بەخۆرایی بێت؟!

– بەپیکەنینێکی ناجیسمانە، سەری بەرزکردەوەو ویستی خۆیم پێ بناسێنێت. منم شەیتاری منم بلیت نابرم.

– تۆ کێیت؟ من تۆ ناناسم ؟! منم شەیتاری، منم، ئادالینم چۆنە. نامناسیتەوە. ئادالینت لە بیرچووەتەوە.

– ئادالین..ئادالین بووە سەراب ئادالین مرد، یەکەم جار نەمناسییەوە،چاوم نەیدەویست باوەڕ بکات،کەخۆیەتی و خۆی لەبەرگی شەیتان هەڵخستووە، کەمێک لێی چوومە پێشی قژە درێژەکەی هەرخۆی بوو، بەڵام ڕەشی کردبوو خاڵی گەردەنیشی هەرخۆی بوو، بەڵام ڕەشی کردبوو،ماسکارەکەشی هەمان ماسکارە بوو، بەڵام ئەمجارە لەجیاتی سوور ڕەشی کردبوو.. ئەمجارەشیان ئەوەچی دەکەیت لێرە؟ بۆ لەناو ئەم شەمەندەفەرە بەڕاستە شەیتان ڕێزگریت؟ یاخود بۆ ئاهەنگی زیندوبوونەوەی خاچ پەرستان خۆت سازداوە؟ خەریک بوو بەجێم، بهێڵێت قۆڵیم گرتوو، وتم بوەستە مەڕۆ..ئەمجارەش وەکو پێشترخۆتم لێ و نمەکە، خۆتم لێ مەکە بەسەراب، من پێنچ ساڵە دەمەوێت پرسیارێکت لێ بپرسم،پێنج ساڵەدەمەوێت بزانم بەختەوەریت یان نا.

– ئادالین راست پێم بڵێ بەختەوەریت؟

– شەیتاری کۆنە هاوڕێ! بەختەوەری هیچ مەکان و وجوودێکی نییە، لەنێوان ئەندامانی «شەیتان گەل» مۆنی،گرژی، مات و مەلوول نووستن لەشێوەی مردوو، نیشتنی ڕەنگی مردوو، خوێن بەربوون سیمای شکۆدارکردنی پەیامی شەیتان پەرستە کانە.

– ئەندامانی شەیتانگەل کێن باوەڕیان بەچی هەیە؟

– ئەندامانی «شەیتانگەل»، شەیتان پەرستەکانن! بوەستە ئادالین تا ئێرەو بەسبێت. من تێ ناگەم بۆچی شەیتان و خوا پێویستیان بە پەرستنی تۆ هەبێت؟ بۆچی «سپی» نزیک بوونەوە بێت لەیەزدان و «ڕەش»یش، نزیکبوونەوە بێت لەشەیتان، ئەو حیکمەتە نوێیە چییە وا بەم شێوەیە تۆی گۆریوە، ئەو هاندەرەچییە سوورباوەڕێکی وەک تۆ بکاتە ڕەش باوەڕ.. هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو قسەکانی پێ برِیم و گوتی بەدبەختی بوو شەیتاری "بەدبەختی بوو منی کردە



هاوڕێێ شەیتانیەکان"، ببوورە..مەبەستت لەبەدبەختی مەلەکتاوس خۆیەتی لەناوبانگی خراپ و وێنە شێواوی شەیتانە.. دەتەوێت بەو ڕەشپۆشییە مەلەکتاوس شکۆدار بکەیت، یاخود دەتەوێت ناوی بزڕێنیت؟! کامیانیت شەیتان پەرستی یان شەیتان ڕێزگری، گەر شەیتان پەرست بیت، دەبێت خۆتی بۆ بدەیت بە کوشت، وەک ئەو خۆ بە کوشتن و قوربانی دانەی کە جاران دەتویست بیدەیتە باوەڕی سوورت، گەر ڕێزیشی لێ دەگریت، پۆشتەی ڕەشی بۆ لەبەر مەکە، لەبەر ئەوەی کەس نازانێت مەلەکتاوس ڕەشە یان سپی. کەس لەلای فریشتەکانەوە نەهاتووە باسی ڕەنگ و سیما و پۆشتەیمان بۆ بکات، یاخود ئەمەشیانت کردە باوەڕی چەپەکەت دەتەوێت بەڕەڵایی لە ژێر چەتری ماف و در وشمی بریقەدار بشاریتەوە...ڕەشپۆشی بکەیتە پەیامی بەختەوەریت لەژیان، کەی بووە بەدگۆیی ببێتە پەیڤێک ببێتە نەریتێک لەنەریتەکانی شەیتان، من پرسیارم لەبەختەوەری خۆت کرد نەک بەختەوەریی باوەڕ.. کامیانە وای کردووە ببێتە شەیتان، بەختەوەریی بوو یان بەدبەختی؟

– هەردووکیانە، شەیتاری هەردووکیانە لە کوێوە بۆت هەڵڕێسم، ئێوارەیەکێان لەیەکێک لەنانخواردنی براکانم کۆنە هاوڕێیەکی گەڕاو لە مەملەکەتی «سورستان» بۆماڵ دەعوەت کردبوو، قسەکانی زۆرکاریان تێ کردم، خۆشت باش دەزانی کە ئەو «سوورباوەڕانە»، کەدێنتە سەرقسەکردن لە قسەکردندا کەس پێیان ناگات، بەقسەکانی منی خستە خەیاڵێکی تر، خەوێکی تر، باسی یەکسانی و مافی ژن و ئاوو کارەبای بۆ کردین، ئەوشەوە باس باسی ژیان بوو لە هەندەران، لە چەندین بۆنەی قسەکاندا بۆ چەند جارێکیش وام هەست دەکرد کە گرەوم لێ بردبێتەوە دەمگوت لە کوێیت شەیتاری گوێت لەم قسەو باسانە بێت ئەوەتا لە سووچێکی نەبینراوی ئەم گەردوونە، ڕووبەرێک هەیە لەگەڵ دروشم و خواستەکانی من هەڵدەکات، بە پێچەوانەی ئەو ڕایەی تۆ، کە دەتگوت لە دونیادا نییە شوێنێک هەبێت بتوانێت ئەو مافانەت بۆ بێنێتەدی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم گرەوم لێ بردوویتەوەو یەک ساڵی گفتوگۆم لەگەڵتا بەزایە نەچووە، پەلەم کرد لەزووتر ملشکاندنی تێفکرینەکانت، لەوشەوەوە کوێرانە بڕیارم دا لەگەڵ «چۆقی چەپەر» پەیوەست بم و بە ناوی هاوسەریەتی پێکەوە بژین بۆشایی و شەکراوەکەم هەموو کەسێکم بانگێش

کردبوو، لەرێگەی ئێزگەوە هەموو شار بانگێش کرا بۆ شایی من و چۆقی چەپەر، یاروئەخیار سووربـاوەڕو ڕەش موسڵمان، کەس نەما لە هەڤالان دەعوەت نەکرێت، زۆرگەڕام بەشوێنتا دەستم نەکەوتی، کە گەیشتمە ئێرە..بۆم دەرکەوت چۆقی چەپەر، یەکەم قوماربازی باڕو دیسکۆکانە، یەکەم کەلەپووتە یەکەم بۆکس وەشێن و لێدەری مێکانە، هەروەک چۆن جەربەزەترین چەتەگەری مەردومەکانیش بوو، زۆرم قسەکرد لە گەڵی فایدەی نەبوو، دەتگوت بۆ دیوار قسەدەکەم، زۆرم هەوڵدا واز لەقوماربازی و چەتەیەتی بهێنێت عاری نەدەنا، چەتەیی بووبووە خوویەک وەکو خوی جگەرەکێشانەکەی. قوماربازی جێگەی منی گرتبووەوە، ئەو لەزەتەی کە لە قوماركردندا دەیبینی، هەرگیز لەشەوانی جووت بوونمان ئەو لەزەت بینینەی دەرنەدەخست، زۆر هەوڵم دا بەهۆی لەش و لارو جوان خاسیم بتوانم خولیای قوماری لێ بکەم، وەلێ نەمتوانی، زۆرجار بڕیاڕی خۆکوشتنم دا، دەستم نەدەچووە خۆکوشتن "تازە، سواربوون عەیبێک و دابەزین دووعەیب" بوو، بەم حاڵە پێنج ساڵ لەگەڵیدا ژیام، ئیستا نازانم مردووە، ماوە، گیراوە، کوژراوە، کەس نازانێت..لەکام گرتووخانە گیرساوەتەوە، بوونیشم بەشەیتان پەرست هەوڵێکە بۆ پەشیمان بوونەوەو پاک بوونەوە لە تاوان، ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە خۆمم کردنم. بەختەوەرم کەماوم بۆخزمەتی باوەڕی لاوم.

– کام باوەڕ ئادالین، ئەوەی کە تۆناوت ناوە پاکبوونەوە لە تاوان، من ناوی دەنێم "کاڵەک بە ئەژنۆشکاندن، ئەوەی کە تۆ پێی دەڵێت بەختەوەری من پێی دەڵێم بەدبەختی، تۆ بەدەستی خۆت، خۆت بەدبەخت کردووە کەس لەدەستی نەدابوویت شووبکەیت بەو ناجیسنە لەبەرچاومە چۆن هەڵخەڵەتاویت، چۆن بەدرۆیەکی هەندەرانی مێشکت زوخاوبووە.. ئێستاش هەروا دەزانیت خەوەو ناتەوێت لێی بەخەبەر بێیت. ئێستاش لەدڵی خۆتا ئەسەف بۆ ئەوە دەخوازیت کە من نابمە یەکێک لە موریدەکانی مەلەکتاوس، هەروەک چۆن جارانیش ئەسەفت بۆ ئەوە دەخواست کە نەدەهاتمە ژێرباری چەپ ڕەویت. ئێستاش وەکو جاران پێت دەڵێمەوە، من گرەوم لەشەیتان بردووەتەوە، بەدوای بەچەکانی دەگەڕێم. پاشان من هەرگیز باوەڕ گۆڕکێم نەکردووە من هەتا مردن باوەڕم بە (من)ەکانە!؟



**١٠**

**بۆ دەبێت لای ئێمە شووکردن و ژن هێنان، گەڕانەوەی سەرکەوتووان، هەڵبژاردنی سەرۆکەکان...بۆنەیەک بێت بۆ هەژاندنی هەوەسی سەما؟ بۆچی شێرەکان نەتوانن لە جێ ژووانی ماسییەکان مەلە بکەن؟**

– سەمات کردووە..؟

– سەما..! سەمەنگوڵ، باش گوێم لێ نەبوو مەبەستت لەچ جۆرە سەمایەکە؟

– مەبەستم لەسەمای خولە، سەما بۆ بەتاڵکردنەوەی توڕەبوونەکان، سەمای مەیخانەو جێ ژووانی سە ماکەران.

– سەمەنگوڵی بۆراق لای ئێمە مەزارێک مەیانێک نەبووە بۆ سەمای خود،.. لای ئێمە سەما دەبووایە شووکردن یاخود ژن هێنانی خوا پێداوێک بیهەژێنێت.

– شەیتاری دەڵێت چی ئەمشەو، دوور لە هاژەهاژی مێترۆ دوور لەقەڕەباڵغیی فارگۆنەکان، دوور لە کەمان ژەنە بەدناوەکان، دوور لە ئاوازی ئۆرکۆدیۆنە.شرۆسرەکان، لە یەکێک لە مەیانی سەما بەناوبانگەکانی شار، مەست بە مەی و سرووتی ئاوازو سەما هەژێنەکان خۆ جۆش دەین؟

– سەمەنگوڵ واز لە من بێنە، مەینەتییەکانم گەلێ لە سەما مەزنترو پیرۆزترن، تا بە ئێوارەیەک چرتەو چرپە ماچەکانی سەمابازی، بتوانێت لەپیرۆزی و گەورەییان کەم کاتەوە من جەستەم رۆحی سەمابازی تیا کوژراوە.

– ئەی هیچت نییە ئاخ و ئۆف و حەسرەتی بۆ هەڵکێشیت؟ هیچت نییە هاواری بۆ بکەیت.؟

– با ڕۆحی ماندووم، دەستی شکاوم، پەشیمانیم، نسرمەکانم، دڵی ڕەنجاوم، خەمەکانم، دۆڕاندنەکانم، خاپورە وڵات، یادگاری و ئەلبومەکانم، تۆراندنی باران،

هەموویان لەیەک کات و بە یەک نەسق ئاخ کێشانیان گەرەکە، هەموویان هاوارو قژ ڕنینیان گەرەکە، بەڵام باوەڕ ناکەم سەمایان گەرەک بێت! چونکە سەما ناتوانێت مەینەتییەکانم بۆ بکاتە بەختەوەری. سەما چی تر ناتوانێت، ببێتە چەکی بەرەنگاری و بەڕووی خەمەکان بجەنگێت، چیدی سەما تورِە بوونەکانم، پێ هێور ناکاتەوە...چی تر سەمابازی.ئومێدو هیوای لەدایکبوونێکی نوێی تیا بەدی ناکەم. سەما وەرزێک، بوو، منداڵێک بوو نەفامی ڕەیحانە کوشتی، قەیرەیی پورە خەجێ خنکاندی، دوا جاریش کچە نەناسەکە..مەرگی ئەبەدیەتی بەسەردا سەپاند سەما شاکارێکی گەورەی من بوو زیپ بردی،.شۆڕش لە دادگایییەکانی خۆیدا، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندو لەناکاو ونی کرد. مەپرسە چۆن ئێستا بۆچی لەکەناری بێنازی سەما شەکەت کەوتووم، مەپرسە بۆچی چریکەو چرتە سەمایەک ناتوانێت بۆ ساتێکی کەم بەختەوەرم کات، ئەوەی کە بەسەر وەرزو هەوەسی سەمابازیی مندا هێنراوە، لەوە گەورەترە بەشەوێکی ئاوەها لەگەڵ سەمادا ئاشت ببمەوە. هاوڕێ، من گەلێک جەنگام تا هەوەسی سەمابازیم، تیا ئاوەژوو نەکەنەوە. پێشتر بەر لە ئێستا هەموو وەرزەکان، هەموو ڕۆژەکانی ساڵ، هەموو ئاوازو ئان و ساتەکان، پابەندی زریکەو هاواری سرووتی سەمابوون، هەموو ئێوارانێک بەدەم دەنگدەرە کۆنەکە، دەرگای ژوورەکەم لەخۆ دادەخست و پەنجەرەکانم بەڕووی بادا دەکردەوە، لەگەڵ تێکەڵبوونی باو ئاوازەکان، خۆم و ئاوێنەکەم خۆم و سێبەرەکەم، سرووتێکی سەیرمان دەخولّقاند. ئەو سرووتە هێندە سحراوی بوو، مەگەر تەواوبوونی ئاوازێک، کەمێک پەرشی بکردایە، بەڵام بەدەسپێکی ئاواز و سترانێکی تر دیسانەوە دەچوومە ئەوخەڵوەتەوە، دەچوومەوە سەر ئەوڕێگایەیەی کەبەرەو بەهەشت دەچوو زۆر سەیربوو قاڵبوونم لەگەڵ سەما بەشێوەیەک بوو..کە بۆساتێکی کەم وا تێ بگەم، سرووتی سەما لە بەهەشتم نزیک دەکاتەوەو لە دەرگای بەهەشت دەدەم سەیرە منێک لەو تەمەنەدا بووبێتمە دەروێشی ئاوازەکان و خەڵکانێکی تر لەم تەمەنەدا..بیانەوێت بە باوەڕی ڕەش و سرووتی خۆتەقاندن و زکری خوێنڕشتن و کاولکاری لە دەرگای بەهەشت بدەن ئێستاش دەپرسم باشە کە هەردووکمان بەهەشت و بەختەوەری پاڵنەری باوەرەکەمانە بۆ لە خاڵێکدا، لە وێستگەیەکدا، لەشارێکدا، لەئاوازێکدا،



لەدووڕیانێکدا یەکمان نەگرت..تۆ بلێیت بە هەشت چەند دانەیەک بێت؟و ئێمە پێمان نەزانیبێت.

– ئێستاش نازانم کامیان بوو، منی لەسەما زویرکرد، گەوجیی ڕەیحانە بوو؟ بەدکاری پورە خەجێ بوو؟ یاخود هیچیانەو دەبەنگی خۆمبوو دەستی لەسەما پێ هەڵگرتم..تۆ بڵێت پرتوبۆڵی رەیحانە و کوتەکی دەستی خەجێ بوو بێت وای کردبێت دەست لەسەما هەڵگرم. ئەو هەستەچی بوو ڕەیحانە هەیبوو بۆ کوشتنی سرووتی سەمام؟ من هەتا ئەمرۆش لەگەڵ ئاوازی پیانۆو هارمۆنیکەکان گوێم بەوقسانەی ڕەیحانە دەزرینگیتەوە کە هەموو ئێوارە سرووتێکی سەما پێ تاڵ دەکردم و گوێی پێ کاس دەکردم، ڕەیحانە لەگەڵ هەموو وەستانیکی دەنگدەرە کە، مارِش و دەنگی نارِەزایی خۆی دەگەیاندە ئەودیو ژوورەنسرمەکەم، هۆ شەیتاری! سەما پیشەی پیاو نییەو بۆ پیاویش نەهاتووە، "پیاوکوشتن، حزبایەتی، دەسەڵات، کورسی، کاسبی، قۆڵبڕین، بازارو سەوای کالا، ژنهێنان، وەچەخستنەوە، گیانفیدایی، شۆفێری،گەمژەیی، پیشەی پیاوە. سەما لە بەردەم ئاوێنە، لەراندنەوەی لەشولار، جوان خاسی، پیشەی ژنەو نابێت میرخاس خۆی لە ئیشی ژنا هەڵقورتێنێت". شێر لە دارستاندا، سەما ناکات، مەلەکان دەبێت سەمای بۆ بکەن، زۆرجار هەبووە دەمپرسی بۆچی؟ فیرناس سەما نەکات؟ هەر لەبەر ئەوەی ناوی شێرە! یاخود لەشولاری سەمای نییە.؟ تێ نەدەگەیشتم لەمەبەستی ڕەیحانە، کە بۆچی شێر سەما نەکات..بۆچی تەنیا کوشتن و قەپگرتن، پیشەی شێر بێت! بۆجی شێر نەی ویستووە سەمابازی پیشەی بێت..کێ بوو بڕیاری دا شێر سەما نەکات؟ ماسییەکانن؟ ئەو دەنگەی ڕەیحانەم بۆ سەرکوت نەدەکرا، بۆم نەدەهاتە ژێربار، تا ڕۆژێکیان دەنگدەرەکەم لەکار وەستاو کەس بۆی چاک نەکردمەوە، ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە ژوورەکەم سروتە سەمای بەخۆوەنەدی، لەو ڕۆژە بەدواوە، هەستمکرد چیدی پێویستیم بەسەما نەماوەو پێویستە بەگوێی ڕەیحانە بکەم. لەم دوایانەشدا من بۆ دەم کوتکردنی ڕەیحانە و دەروێشەکانی لەشایی و چۆپی و ڕەشبەڵەکەکان ئەمجارە خۆم و دەمانچەکەم، پێکەوە سەمامان دەکرد. بەڵام زۆر سەیربوو لەو زەمەنەی کە دەمانچەکەم جێگەی نێرگزەکانی گرتەوە.. پەیتا پەیتا شۆخەکان لە ڕەشبەڵەک و دەسگرتنە کۆکاندا دەستیان بەردەدا، چەند جارێکیش بەبیانووی میزکردن

لەئابخانەکان بەدەم ڕاستکردنەوەی شوێنی دەمانچەکەو خستنەوەی لەشوێنی دەرکەوتووی، لە بەردەم ئاوێنەکان پرسیارم لەخۆدەکرد..بۆچی وەکو جاران دەستم ناگرن؟ دەستیانم بەتوندی گوشیوە؟. یان شانوباڵیانم شەکەت کردووە؟. ئاوێنەکان هیچ وەڵامێکیان نەدەدامەوە. وەکو خۆم واقووڕ بوون، ناچار بە غەمباری لەسەریەکێک لەکورسییە جێماوەکان دەبوومە تەماشاکەری شایی و هەڵپەڕکێکان. جارجاریش شەوقی سەما پێشم دەکەوت و لەگەڵ خۆیدا بۆ ناو هەڵپەرکێکەدەیبردم. دەچوومەوەناویان، پاش کەمێک، دیسانەوەدەستیان بەردەدام هەوەسی سەمایان تیادەکوشتمەوە. سات بەسات زیاتر هەستم دەکرد شتێک هەیە.؟ بەڵام ئەو شتەچی بێت. وا لەهەموویان بکات بەدەستەجەمعی بڕیار بدەن دەستم بەردەن؟ هەرچۆنێک بێت ڕۆژێکیان خۆم گەیاندەدەستی زیپ، بەر لەوەی زیپ بیەوێت دەستم بەردا ئێخەم گرت و کەوتمەپرسیار.."زیپ".بۆچی هەمووتان بڕیارتان داوەدەستم نەگرن، بۆچی وەکو جاران کەس لێم نزیک نابێتەوە؟

-.شەیتاری نازانیت بۆچی؟ نازانیت چەند و چۆن لوولەو دەسکی دەمانچەکەت ئازاری کەمەرو ناو قەدمان دەدات! کەی تۆ هێندەدڕندەبوویت؟ شەیتاری زۆر گۆڕاوی کوڕەسەما بازەکەی جاران نیت!. شەیتاری لەخۆتت پرسی! بۆ ئەوشەیتارییەی کەجاران هەموو شۆخەکان بەئاواتەوەبوون بۆ ساتێکی کەمێکیش بێت دەستی بگرن، ئێستا دەستی بەردەدەن و قێزیان لێی دەبێتەوە؟ تەماشاشی بکەن. تۆ هاوڕێیەتیت لەگەڵ سەمادا دۆڕاندو بوویتە هاوڕێی چەک و حزب..

– ڕاستە زیپ من شەیتاریەکەی جاران نیم من کوڕی خەمەکان، زامەکان، پاشماوەی جەنگ و خیانەتەکانم. ئێستا هەست دەکەم کوڕی ڕەیحانەش نەبم. ئێستا لەحەیبەتا کوڕی شۆڕشم..کوڕی شۆڕشیش دەبێت چەکداربێت!

– شۆڕش چەکی گەرەک نییە. شۆڕش سەمای گەرەکە، سەما باشترین چەکی بەرەنگارییە!، شۆڕش واتەخۆشگوزەرانی، شۆڕش بەچەکداری سەرکەوتن بەخۆ نابینێت، تۆ بەم چەک هەڵگرتنە ناوی پیرۆزی شۆڕش دەزڕێنیت، ڕووەسپییەکەی ڕەش دەکەیت..هاوڕێ! شۆڕش واتەتێکۆشان، بۆ جوانیی شۆڕش واتەگوڵ نەک گوولەو تیر.



– ڕاستەشۆڕش واتەتێکۆشان بۆ جوانی..بەڵام ڕەیحانە..جوانی من لەوەدا دەبینێت، کە لەهەڵپەڕکێکاندا دەمانچکەم لەسەماکەم جوانتر دەرکەوێت، من نازانم کامتان ڕازی کەم، نە ئێوەدەمانچەتان دەوێت، نەئەویش سەماو هەڵپەڕکێی دەوێت، ڕاستت بوێت، من خۆشم لەو وەزعەڕازی نیم، بەر لەهاتنیشم بۆشایی فیشەکی ناو دەمانچەکەم بە تاڵ کردووەتەوە دەزانی بۆچی فیشەکەکانیم بەتاڵ کردووەتەوە؟ زیب باش بزانەکوشتن و بڕین، خولیای من نەبووە، من هەتا ئێستاش فیشەکێکم نەتەقاندووە، لەخۆشییەکانیشدا دەمانچەکەم ڕووی نەکردووەتەئاسمان و فیشەکم بەڕوویدا نەتەقاندووە، نەم ویستووە کونبوونی ئاسمان و باران بارین و دروستبوونی لافاو گەردەلوولێکی خۆشەویستی بەفیشەکی دەمانچەکەی من بێت.!.. لەو نەفامانەش گەلێ پەستم کە شەوانەبۆ دەربڕینی خۆشییەکانیان، ئاسمان ئاگر باران دەکەن، بە زۆرێکیانم گوتووە واز لە هێمنی و کپیی ئاسمان بێنن، گەر ئاسمان کون بێت، بارانێکی زۆری موحیبەت بەسەرخاکی پڕ لە کینە دەبارێنێت، دوور نییە بەو بارانەلافاوێک هەستێت و هەموومان بەرلافاوی خاترخوایی بکەوین، ئەو کاتیش نەمەیانێک دەمێنێت بۆ سەماو، نە وڵاتێکیش بۆ شۆڕش. کەستان ناتانەوێت لەمن تێ بگەن، نا هەقیشتان ناگرم چونکەنابێت شێر لە جێژوانی ماسییەکان مەلەبکات. ماسییەکان کە شێریان لێ دەردەکەوێت، دەریا بەجێ دێڵن و بەرەو وشکانی هەڵدێن.. بەڵێن بێت زیپەخان من جارێکی تر لەهیچ شایی و هەڵپەرکێیەکدا نەبینیت.

– سەمەنگوڵ من لەو ڕۆژەوەلەهەردوو جەژنەکەبووم، لەپاش ئەو مێژووەوە بەحەسرەت و تاسەیەکەوە، لەسەما بازێکی ناودار بوومە، تەماشاکەرێکی نابووت، دواجاریش لە هەڵبژاردنی سەما یاخود شۆڕش، دەمانچەم هەڵبژاردو دەستم لەسەما شت، بەڵام بریا دەستم لێ هەڵنەگرتایە، من دەڵێم ئاسمان تۆڵەی خۆی لێ کردمەوە، بۆیە ئەو کچەنەناسەی بۆ ناردم دەیویست هەقی سەما نەکردنم لێ بسەنێت، دەیویست دژی نەفام ڕەیحانە بجەنگێم، نەک ببمەداردەستێکی نەفامییەکانی ئەو کچەنەناسە، لەو ڕۆژانەدەرکەوت کەڕادیۆی حزبەکان تەواو قۆڵیان لێ هەڵماڵیبوو بەهەموو هێزێکیان هاواریان دەکرد، چۆڵی کەن هەڵی بڕن، ئەم شارەشاری

ئێوەنییە، ئەم خاکەلەئێوەحەرامە. بەسەئیدی، باب نۆکەری ئەو زەمانەزەمانێکی زۆر سەیربوو، بەزەحمەت راست و درۆت بۆ جیا دەکرایەوە، بەزەحمەت بۆنی خۆفرۆش و نیشتیمان پەروەرت بۆ جیا دەکرایەی. بۆنەکان ڕەنگەکان تەواو بەسەریەکا کەوتبوون، بارەکەهێندەئاڵۆز بوو سەری لەسەرۆکەکانیشی شێواندبوو، ڕادیوی حزبەکان، گیانفیداکان، نیشتیمان، قوتابخانەکان، مزگەوت و کڵێساکان، قەحبەو مەی فرۆشەکان، چەرچی و پاکەت فرۆشەکان، چێشتخانەو چایخانەکان، ڕۆژنامەو کتێبەکان..هتد، بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبوون، یەکێکیان هەواڵی خۆفرۆشی پەخش دەکرد، ئەوی تریان هەواڵی سەرکەوتن، کەس نەیدەزانی کێ دۆڕاوەو کێ براوە! شەڕێکی گەرم بوو. شار بووبووە. دوو بەرە، بەرەیەکیان لەگەڵ ئەملا، بەرەکەی تریان لەگەڵ ئەولا، من لەوبەینەدا مابوومەوە، نەم دەزانی چۆن هەڵوێستەبکەم، نەمدەزانی بەقسەی کامیان باوەڕبکەم. شار بەجێ بێڵم؟ یاخود دانیشم، "دەست بەکڵاوەکەم بگرم، با نەیبات". باشەبەچۆڵکردنی شار کێ دڵشاد دەکەم؟ بۆ کێی بەجێی بهێڵم؟ کێ ماف و ڕوخسەتی ئەوەی دانێ من لەشاری یارو یادگارییەکان دەرپەڕێنێت، کێ بڕیاڕی سەرگەردانی منی داوە؟ حزب. یاخود بەرکەی تریانە بڕیاری خۆفرۆشی بەسەردا سەپاندوم...ئێستاش ڕووخساریم لەهزردا بەچەسپیوی ماوەو هەرگیز لەیادم ناچێت..لەبەر ئەوەی ئەو بەیانیە، هەر ئەو بوو بەگەرمی هەڵدەپەڕی هەر ئەوبوو دەیوست بەسەماکەی پێمبڵێت، من سەما ناکەم، من بۆ سەما نەهاتووم، بەو بەیانییە کە هێشتا "نەخێرو نەشەر بەش نەکرا بوو"، شەبەقی بەر لە گەیشتنی قافلەی تانک و زریپۆشەکان بەر لەگەیشتنی جنێو فرۆشانی ڕادیۆ، دەم شەڕەکە لەپێش هەواڵبەرو سیخوڕەکان. لەپێش حاجییەبەدناوەکان بەر لە ستران بێژەکان لەپێش هەمووان، لە باژێری شار و مەیانی سەماکەران لەنزیک چایخانەی گەل، خێوەتی سەمای هەڵدابوو، نازانم بۆچی ڕێم کەوتە ئەوێ بۆچی ویستم بۆ دواجار ماڵئاویی لەشار و لەچایخانەو لەبازاڕەکان بکەم، بۆ بەبەردەم ئەو گۆڕەپانەدا بڕۆم. بۆچی دەبێت تووشی ئەوکچەنەناسەبم، بۆ دەبێت مەرگی یەکێکی تر ببینم، ئای نەناس...چۆن پێوەرەکانی سەماکردنت هەڵاو گێرکرد! سەماکەی پێ نەدەچوو بۆ سەرکەوتنی سەرۆکەکان بێت، بۆ دەربڕینی



کەیف و شادییش نەبوو. سەماکەی چەندین پرسیاری گەورەی لادروست کردم..دانیشتنیشی بە تەنیشت منەوە، هێندەی تر سەرسامی کردم، دوای ئەوەی کەزانیی هێشتا حزبەکەی ئەولا نەگەیشتووەتە شارو لەدووڕیانەکەرێی پێ گیراوەو بەم زووانەناگات. بڕیاری دا، لە گەڵمدا سەرکەوێت و لەناو پاسە پۆلۆنییەکە، درێژە بەسەماکەی بدات بەسەرکزییەکەوە لە ناوەراستی پاسەکەدانیشتبووم، خەیاڵم بەرەولای ئەو یادانە بردبوو کەچۆن لەم شارەگەورەبووم و چۆن لەهیچ و خۆڕایی مافی نیشتەجێبوونیان لێ زەوت کردووم زوو زوو ئاوڕی دەدایەوە، بەچواردووەری خۆی منجەمنجی بوو بەم خەڵکەی دەگوت بۆ سەما ناکەن، بۆتەهلیلەناکێشن، بۆ دڵشاد نین؟ کەس هەیە ئەم وەزعەی لەلا ناخۆش بێت؟ خەریک بوو بڵێم ئا خەریک بوو لەدەمم بترازێ و بڵێم من ئەم وەزعەم پێ قبووڵ ناکرێت، نازانم چۆن دانم، بەخۆدا گرتوو، پێم نەگوت، با ئەم شارە بۆ تۆ بۆ شایی و شایی لۆغانەکەت بمێنێت، بۆخۆت لەگەڵ ستران و مارشی سەرکەوتنی ڕادیۆکە، هەر سەما بکە..ئێمە هەڵدێین، هەڵی دەبڕێن.. خاپورەوڵات بۆ تۆی بەجێ دێڵین. بۆ نەگبەتیش هەتا دوا وێستگەی وەستانی پاسەکە، دانەبەزی، لەگەڵ تێپەڕبوونی هەرپاسێکی قەرەباڵغ بەئەخیاری سەما بەهۆڕین و بەرزکردنی دەنگی رادیۆکەئەمیش لەگەڵیانا گەرم دادەهات و دەکەوتە شایی و هەڵپەڕکێ تەواوی ئەو پاسەی هێنا بووەسەیری خۆ. بەهیچ شتێک لەسەما نەدەکەوت. بۆ ساتێکیش وام زانیلەخۆشیی بینینی سەرۆک وا دەکات، چونکە ڕادیۆ هەواڵێکی بڵاوکردبووە وە گوایە سەرۆک بەپیشەی هێزەکانیەوەداغڵی شاری پیرەکان دەبێت و شار گەنج دەکاتەوە من چاوەڕێی بینینی گەیشتنی سەرۆکم نەکردو ئێوارەلەگەڵ ئاوابوونی خۆر منیش لەشار ئاوابووم، بوومە خۆڵەمێش لێت ناشارمەوە سەمەنگوڵ ئەمجارەیان دەرچوونم لەشار بەئارەزوو ویستی خۆم بوو، نەک بەویستی ڕەیحانە و ڕەشکۆ، پێم وابوو، گوزەرانی ژیان لەژێر خێوەتەکان، لەژیان لەژێر چەترو لە سایەی ئاڵای دوژمنان ئاسوودەترە گەلێ نارەحەتیم کێشا، لەوێندەرێ لەئۆردووگا جگە لە ئەستێرەکان کەسی تر نەبوو دڵنەوایم بداتەوە، کەس نەیدەزانی بۆچی وا بەئاسانی دەستمان لەشار هەڵگرت، تاقەشتیش کە سەبوریی دەدام پیاسەی ئێوارانی ئۆردووگاو بۆنی تەماتەی سوورەکراوەو هێلکەی کوڵاوبوو،

ئەو چەند شەوە هەر لە داڵغەی ئەو بەیانییەدا بووم کە ئەو کچەم تیادی. دەمگوت نەمرم و ئەو ڕۆژە ببینم بگەڕێنەوەو بە غەمباری ببیینمەوە، هەرواش بوو گەراینەوە هەمووی چل شەوێک بوو، وەزعەکان وا خواستیان لەگەڵ تەواو بوونی پایزو وەرینی دوا گەڵای زەردی دارەکان، ئێمەش بگەڕێنەوە زێدی باوک و باپیران، لەگەڵ یەکەم کەژاوەو سەرقافڵەی گەڕاو هاتمەوە. بەرە بەیان لەگەڵ دەهۆڵ و زوڕنا ژەنەکان، لەگەڵ هوتاف و مارشی سەرکەوتنەکان خۆمم لە بەردەم گۆڕەپانی شار گرتەوە. ئەمجارەیان من دڵشادو تاقمێکی ترغەمبارو دڵڕەنجاو بوون، من سەرکەوتوو ئەوان دۆڕاو. جارێکی تر کچە نەناسەکە نەبێت، هیچ بوونەوەرێکی تر نەدەهاتە بەرچاو، لە وێندەرێ تێکەڵ بەدەنگی ستران و ئاوازو خیتاب و حەماسی شۆڕشگێران بە پەڕۆی حزبە گەڕاوەکە، سەرچۆپیی گرتبوو، ئارەقی شین و مۆری دەردابوو، لەهەمووان بە کەیفتربوو. یەکەم جار عەقڵم نەیدەویست باوەڕ بکات کە خۆیەتی. بەڵام کە لێم نزیک بووەوە ئیدی دوو دڵیی لا نەهێشتم کە خۆیەتی..هەرگیز حاشا، ڕوخساری دەموچاویم لێ تێک ناچێت لەناو هەزار سەماکەر دەیناسمەوە. بە پیشەی جارانم کەنارگیرو ئارام و تەماشا کەرێکی غەمبار بە تەنیشت دارێکەوە وەستابووم. لەگەڵ وەستانی دەهۆڵ و زوڕنا و پشوودانی سترانبێژەکان، بۆ سێبەرێک گەڕا، ئارەقی دەموچاوی پێ وشک کاتەوە، شوێن نەما ناچار لە تەنیشت جێوەستانی من بووە جێی حەسانەوەی.غەمباری و توڕەبوونی ڕوخساری دەموچاوم بزواندی و وەکو جارەکەی تر هێنایەوە قسە، بۆ سەما ناکەیت؟ بۆ دڵخۆش نیت؟ کەس هەیە ئەم وەزعەی بەلاوە ناخۆش بێت؟ کەس هەیە بەگەڕانەوەی شۆڕشگێران خەفەتباربێت؟ یاخود تۆ لەوان نیت؟! کەوای گوت ئیدی تینم بۆ هات، هیچیش نەمابوو لێی بترسێم؟! بەڕوویدا تەقیمەوەو پێم گوت خوا نەناس، هەر تۆ نەبوویت، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، بە پەڕۆی حزبەکەی ئەوبەر سەرچۆپیت گرتبوو، من لەوانم یاخود تۆ نازانیت لەکام کەنار خۆت بگریتەوە؟ لە بیرتە لەناو پاسە پۆلۆنییەکە، چ هەرایەکت نابووەوە، ئەتگوت برایەکت ژنی هێناوە، درێژەی شایی و شایلۆغانەکەشت بەهەمان پرسیار بە تەنیشت سەرکزیی من و سواربووانی پاسەکە، دەکێشا، بۆ سەما ناکەیت؟



کەمێک وەستا بێ وەڵام و تفی درۆکردن و خەجاڵەتی قوت دایەوە گوتی من نەبووم، دەشێت لەگەڵ یەکێکی تردا لێت تێک چوبێت نا هەرگیز تۆم لێ تێک ناچێت، خەجاڵەتیش ناکێشیت، ئەم دوو ڕوویە تاکو کەی؟ دووفیتنە بازی وەکو تۆیە، ئەم میللەتەیان سەرگەردان کردووە؟

کەمێک سوور هەڵگەرا، یەکەم جار وا تێ گەیشتم، شەرمەزارییە، ڕەنگی پێ گۆڕیوە..لەپاش کەمێک بێدەنگی و بەرزبوونەوەی دەنگی هوتافەکان، بە دەنگێکی بەرزکەوتە هاوارو قیژ وەکو فیشەکە شێتە بەو ناوە تەقییەوە. .بەڵێ من بووم، بەڵێ من و هەزارەهای وەکو منیشە بە دوای هەلێک، بۆنەیەک، یادێک، مەیانێک دەگەڕێت تا لەژوورە نسرمەکانی ماڵ بێتە دەرەوە...ئێوەبن یان ئەوان، ئێمە سەماتان بۆ دەکەین، بەلاشمانەوە گرنگ نییە کێ سەرکەوتوەوە کێ شکست خواردو، گرنگیش نییە، تەلەفیزۆنی کامتانە، شەوان ڕوخساری لەرینی مەمکەکان پەخش بکات و ئێمەش بەدۆستی خۆی بزانێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە لەو کونە مەرگە بێینە دەرەوە..ئێمە سەمامان کردووەتە هێزێک ئامرازێک بۆ دەربڕینی نەئو زەبری زاڵیەتیتان..ئێوەو ئەوانیش هیچتان بۆ نەکردووین هەموویتان لێ زەوتکردووین، ئەوەی کە ماوە سەمایە..ئەویش دەبێت ئێوە بۆنەو کاتەکەی دەست نیشان بکەن. وەکی تر بۆمان نییە بێ پرسی ئێوەو سەرانی شۆڕش، خۆمان لەخوت بۆنەو خۆڕایی، لەمەیان و گۆڕەپانەکانی سەمادا بکوتین، من و هەزارەها تولازی وەک من، بە ئاواتەوەیە ئاوازێک بیخاتە جووڵە، جووڵە بۆ ئەوەی کەمێک گەر بەخەیاڵیش بێت ئاسوودەبین..ئەم شایلۆغانە نەبێت. هێزێکی تر نییە گڕوکڵپەی حەزە خەفەکراوەکانمان بکوژێنێتەوە.

## ١١ کچیەتی لای ئێمە، ئەوگوڵەیە کە نابێت بێ ئینجازەو بێ مۆڵەت، بۆنی بکەیت، دەستی لێ بدەیت.

تۆ بڵێیت شتێکی بەسەرخۆدا هێنا بێت؟ یاخود لەگەڵ یەکێکیانا لە وێستگەی شۆخ و جوانخاسا بەگیرهاتبێت..؟ تۆ بڵێیت دوێنێ شەو، هێندە مەست بووبێت..، نەتوانێت ئەمڕۆ ڕاست بێتەوە؟!. بۆ نا، دوێنێ شەممە بووە، شەممانیش وادەی مەست بوون و سەمای شێتی شارە. بەلام کەی مەست بوون و سەمای شەممان.بەرپرسیەتی و کاری جابیەتی یەکشەمموانی لەسەمەنگوڵ خافڵ کردووە لەم خەیالانەدا بووم کە جریوەیەکی ناسک بەیانی باشی لێ کردم و پرسیاری حاڵ و باڵی سەمەنگوڵی پێ لە بیرکردم.

– کاکی جابی.بەرو شارو ناو بازاڕ دەچم، دەتوانیت بلیتێکم بۆ ببڕیت؟

– ئاوازو نەفەسی دەنگەکە زۆر بەلای خۆیدا ڕای کێشام تووشی بەربەلەتێکی عەجایەبی کردم، پێ دەچوو ئەو دەنگە پێشتر گوێکانم بیستبێتیان، بەشکۆداریش لەناو هزرما جێی خۆی کردبیتەوە...سەرم هەڵبڕی تا بەربەلەتی دەنگ و ڕوخسار ناسین و نەناسین لە یەک هەڵوەشێنم، گومان و دوودڵی لەیەک جیاکەمەوە. چەند خولەکێک بەر لە گوێگرتن کەمیک لەگەڵ خۆدا وەستام بەر لە بلیت پێدانی لە هەوڵی گومان کوشتندا بووم..ئەو بێت! ئەو نەبێت..!. بەسیا .بەچی دەگاتە ئێرە؟

– گوتم بەخوا هەبێت و نەبێت بەسیا یەو لێرە گیرساوەتەوە بەدەم بلیت بڕینەکە پێم گوت بەیانیت باش خاتو بەسیا فەرموو ئەمە بلیتی ناوشارە..

– بەسیا، بەسیا کێیە..لەگەڵ منتە؟..بە هەڵەدا چویت بەسیا نیم.

– ببورە خانم..پێ دەچێت هەستم بریندارکردبێتی..بەلام دەنگ و ڕوخسارت زۆر لەو دەچێت.



– ئەو کێیە؟

– بەسیا من دڵنیام کەخۆتی و دەتەوێت خۆتم لێ بگۆڕیت.!

– بەسیای چی من ناوم ئاسۆپە. بە زەردەخەنەیەکی پر لە درۆو و حاشاکردن لە ناوو ڕابردووی خۆی بلیتەکەی لەدەست فڕاندم و دوور لە چاوی تیژی تێبڕاوم لەنزیک دەرگای میترۆکە دانیشت، حاشا کردنەکەی زۆر منی شڵەژاند، چونکە من زۆردڵنیابووم کە ئەو بێ هەر ئەوە چونکێ باوەر ناکەم خوداوەند خاڵێکی تر بەو شێوەیە، بەو جوانییە، بەو ئەندازەیە، لەسەر گۆنای هیچ حەوایەکی تردا هەڵکۆڵیبێت، خوا نا عەدالەتی وا ناکات، لەوزەمەنەدا هیچم پێ نەدەکرا، دەمویست دەرگای دابەزینی گەشتیارەکان و فارگۆنەکان قفڵ دەم.بەلام یاسا ڕێی پێ نەدەدام، گەشتیاران لەسەفەرەکانیان مەحتەڵ بکەم و لە ئامانج و نرخی بەرزی مێترۆ کەمبکەمەوە..هیچم پێ نەکرا جگە لە ڕێزی یاساو چاوەروانی دەرکەوتنی سەمەنگوڵ بۆ شایەتحاڵی سکالایەکی لە بیرکراو، سکالایەکی ونبوو، هیچم پێ نەدەکرا، جگە لە گێرانەوەی ڕووداوەکان بۆ ساڵ و ڕۆژی هاتنە بوونیان..لەگەڵ خێراتر کردنی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە، منیش خێراتر بەسیام لەناوهزردا ڕێک دەخست..تا دەهاتیش دوو دڵییم لەخۆ دەبڕی کە ئەو ئاسۆپ بێت و بەسیا نەبێت.. هیچ نەگۆڕابوو. گوتی بۆ ناو شار دەچم کەواتە هەمووی چەند خولەکێکی کەمە، چەند وێستگەیەکی کەمە..دووان یان سیانی تر مێترۆ دەگاتە ناو بازار. ئەی خوایە..سەمەنگوڵی نەعلەتی بۆ سەرنەکەوت. کەی لەیەکشەممواناوە درەنگ کەوتووە.، تۆ بڵێیت هاتبێت و قەرەباڵغیی فارگۆنەکانی مێترۆ نەیهێشتبێت لێم دەرکەوێت،.یاخود بە پیشەی زۆرجاری تەشقەڵەبازی خۆشاردنەوەم لەگەڵ دەکات. لەگەڵ هەموو وەستانێکی مێترۆ، لە وێستگەکان چاوێکم دەچووە سەر کورسییەکەی و چاوەکەی تریشم لەسەر دەرگاکان، لەبڕیاری پێشوەختی و لەناکاوی دابەزین دەترسام، دەترسام لەچوون بۆ بازاڕ پەشیمان بێتەوەو دەرفەتی دیدەنی سەمەنگوڵ بۆی بکاتە وەهم و خەیاڵ و سەراب و بۆ زەمەنێکی نەزانراو دووربخات، هەر وەستانێکی میترۆو نزیکبوونەوەیەکی لەشار ئەو ئومێدەی کەمتر دەکرد کە جارێکی تر بتوانم درێژە بە سکالاکانی خەوم بدەم، مێترۆ گەیشتە وێستگەی ناوشار..وەلێ

ئەفسووس سەمەنگوڵ هەر دەرنەکەوت، چاوم تا هێزی ڕوانینیان تیابوو بڕیمنە سەر ئاوێنەی دەرگاکان، تا لێیانەوە بتوانم لە دوا نیگای بەسیا تێ بگەم، بەرەوڵای دەرگاکان سەرکزانە بێ ئاوڕدانەوە کەوتەرێ..هەنگاوەکانی هەڵهاتن، نیگاکانی پڕ لەپرسیارو تێکەڵ بە هێشکە هەناسەیەکی درێژدابوو، لە بەردەم دەرگای دابەزین هەموو شتێکی ڕاگرت، بۆ ساتێکیش وام هەست کرد لە دابەزین پەشیمان بووتەوەو بەرەورووم دێت و بە باوەشێکی گەرمی سوپاس، ئامێزم پیادەکات و بەرگی ڕەش بەشی لەخۆ دادەدڕێنێت.وەلێ جەرائەتی نەبوو، شتێک هەبوو ڕێگەی پێ گرت و دابەزی و لەگەڵ دابەزینیا ناسۆرەکانی کولانەوە..کۆڵم نەدا ئەودی و دەرگاو پەنجەرەکانم کردە وێستگەیەکی تری تێڕامان. لەو دیو پەنجەرەکان بەدەم خاوە ڕۆیشتنی میترۆ بۆ دواجار خاڵی سەرگۆنای پێی گوتم بەسیام بەڵام ببورە کە نەمتوانی خۆمت لێ ون نەکەم ببوورە نەمتوانی خۆمت بۆ ئاشکرابکەم..لەگەڵ دابەزینی بەسیا هەموو گەشتیارەکانیش بە دووی دابەزین، فارگۆنەکان هیچی تیا نەما، تەنیا بۆنی بەسیاکەی من نەبێت.هێزێک هەبوو فارگۆنەکانی لەموسافیر بەتاڵ کرد، هێزێک هەبوو سکاڵای بەسیا دروستکەری بوو.

– لەپڕ بێ ئاگاداركردنەوە یەکێک بانگی کردم شەیتاری..شەیتاری نامبینیت؟...گوێت لێم نییە؟ ماوی یان مردوویت؟

– ئاوڕم دایەوە تەماشا دەکەم، ئەو کافر بابەیە گوتم، ماوم، ماوم بۆ گێڕانەوەی حیکایەتی بەشخوراو و ستەملێکراوەکان، ماوم بۆ نەفرەت کردنی ڕۆژە گەرمەکان، درۆیە گەرما دیاری و خەڵاتێکی بەنرخی هاوین نییە! درۆیە. ماوم بۆ کولانەوەی زامەقووڵەکان، ئەی تۆ لە کوێ بوویت مەلعوونی چاو بۆراق. ڕۆژ نەبوو دوورکەویت ئەمرۆ نەبێت؟

– بۆچی ئەمرۆ چییە..چی هەیە لە دوێنێی جیابکاتەوە، دوێنێ شەممەبووە، ئەمرۆ یەکشەممە لە هەردووکیشیانا ئێمە هەرجابین.لە هەردوکیانا"عەینی تاس و عەینی حەمام. ئیتر چی گۆڕاوە، چی بووە وا ڕەنگی مردووت لێ نیشتووە؟

– ئەوی کە گۆڕاوە، ئەرز خڕبووەتەوە، بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە بەدەوری خۆیدا دەوران دەکات و لەگەڵ هەموو دەورانێکیشی خەمێک بۆ من زیاددەکات. لەبەیانییەوە



چاوەڕێم ببیتە شایەتحاڵی شکاتنامەیەک کە نەکراوە، ببیتە دادوەری تاوانێک کە نەدرکێنراوە، تاوانێک لە جۆرێکی تر کە نەبیستراوە...سەمەنگوڵ دەتەوێت بزانیت بۆچی گوێم کپ بووە، بۆچی چاوم ڕەشکەو پێشکەدەکات، بۆچی دڵم خورپەی تێ کەوتووە، بۆچی هەموو مووی لەشم ڕەق وەستاوە، ئەی نەتزانیوە کێم بینوەتەوە؟!

– کێت بینیوە؟ خۆ جنۆکەت نەدیووە؟

– بەسیا.

– بەسیا کێیە..جوان خاسە..یاخود میرخاس؟!

– بەسیا پەرییەکەو لەبەرگی ئادەم، ئەو مەخلوقەیە کە بەناوەکەیەوە هەست دەکەیت لە یەکەم ساتی هاتنە بوونییەوەو لە حەوسەڵانەوە کەس کەیفی پێ نەهاتووە کەسیش نەی ویستووە بێتەبوون، بەسیا خەمێکی گەورەی نیشتیمانە، زامێکە مۆرکی بەسەر تێفکرینمان بەنەمری دەمێنێتەوە، بەسەرهاتی مرۆڤێکە لەناخەوە قوڵپەی گریانت بۆی دێت..پرسە نامەیەکی ون کراوە، شکاتنامەیەکی نەکراوە...تێکەوتوویەکی داماوە، لەنێوچڵکاوی درۆی حەزلێکەری ستەم لێکراوێکی شەهەوەتێکی دڵڕەقە "شانزە ساڵ بوو کە بە ناهەق سزای شار بەدەریی بەسەردا سەپێنرا" هێشتا باڵغی بەخۆ نەدیبوو، ڕێگەی ڕەوکەو ژوان لە تاراوگەبووە نزرگەی خەمەکان، بەسیا هیچ ڕێگایەکی تری لە بەردەمدا نەمابوو جگە لە هەڵبژاردنی یەکێکیان، ڕێگەیەک نەبوو بەناوی ڕێگەی سێیەم..بڕیاری جێهێشتنی زۆرەملێی گەڕەک و کچێنی و هەڵکردن بۆ ڕووبەرێک کە ئابرووی تیا بشاردرێتەوە ڕێگای یەکەمی بوو، خۆبەدەستدان بەحاکمەکانی شەرەف و جەللادەکانی گوڵ، ڕێگەی دووەمی بوو، من و «ئایشەمەرکانە» نەبێت کەسی ترئەلف وبایەکی ئەو بەسەرهاتانە نازانێت، جگە لە من کەسی تر نازانێت بۆچی؟ چۆن؟ بەسیا شاری جێ هێشت سەمەنگوڵ کە بینیمەوە، نەگۆڕابوو، هەر وەک خۆی مابوو، بریسکە لەچاویا ون بوو، خەم لەڕوخساریا دەرکەوت و نابووتی بەسینەو مەمکیا مۆرک گرتوو. من بووم بردمە لای ئایشەمەرکانە من بووم داوام لە ئایشە مەرکانە کرد بەسیا لەژنەوە بکاتەوە بە کچ، هەرسێکیشمان بووین کە بڕیاری لەناوبردنی دوا تنۆکی ئاو بەربووی شەهوەتێکی خۆ ویستانە، لەسکی ئاڤسی بەسیاماندا..گەروامان نەکردایە،

"ڕێسەکەمان دەبووە گوریس"مانەوەو لەدایکبوونی ئەو مەخلۆقە، خەم و ئازارەکانی بەسیا زیادی دەکرد نەک کەم، ئابڕوو چوونەکەشی وەکو ڕۆژی نیوەڕۆ ئاشکرا دەبوو، ڕاستە تاوانێکی گەورەمان کردووە، بەڵام تۆ نازانیت غەزەبی دادوەرانی شەرەف، چەند لەنەوت دەرخواردن و ژهراوی کردنی ئەو کۆرپەیە، باڵاترو گەورەترو مەزنترە.

– سەمەنگوڵ ئەم جۆرە «جوان خاسانە» لەناومەملەکەتی ئێمە، بەشێوەیەکی ناهەق دادگایی دەکرێن ناڕاستانە سزا دەدرێن، هێندێکیان فریای ئەوە ناکەون دیفاعێک لەخۆیان بکەن، زۆرێکیان بەر لە نوتقی دیفاع ملیان پەڕێنراوەو بە زیندوویی لە گۆڕنراون. سەمەنگوڵ تۆ نازانیت، لە وڵاتی ئێمەدا بوون بە ژن چ مەراسیمیک و هەرایەکی گەرەکە..هەرکەسێک بیەوێت لەنەریتی ئەو مەراسیمە دەرچێت، تاوانبار و گوناهبارێکی گەورەیە، ئەو گوناهە ئەو لاسارییە کوشتن نەبێت، هیچ شتێکی تر پاکی ناکاتەوە، تەنیاو تەنیا بە کوشتنی لە گوناهەکەی پاک دەبێتەوە، کچیەتی لای ئێمە "ئەو گولەیە کە نابیت بێ ئینجازەو روخسەت بۆنی بکەیت، یاخود دەستی لێ بدەیت".

– شەیتاری کەمێکم دەزانی ئەم هەفتەیەش زیاتر بە کۆمەڵە دڵڕەقەکەتان ئاشنابووم.تازەترین زەحیە، تاوانی کوشتنەکان کچێکە ناوی «فاتیمە»یە باوکی لێرەوە بردوویەتیەوە بۆ ئەوێ بۆلای خۆتان و لەپاش ئەشکەنجەدانێکی زۆرو بڕینی هەردوو مەمک و لێوی سەروخوارو سووتاندنی قیتکە، بە زیندوویی لەگۆڕی ناوەو زیندەبەچاڵی کردووە، ئێوە بکوژی پەرییەکانن..

– فاتیمە؟

– بەڵێ فاتیمە چۆن لە هەواڵ و کارەساتی ڕوودای فاتیمە بێ خەبەریت،!؟ هەفتەیەک زیاترە ڕۆژنامەی مێترۆ لەسەری دەدوێت و هەموو بەیانییەک بە هەواڵی جەرگبڕی فاتیمە فارگۆنەکان دێنە هەژان...لێ تناشارمەوە من لەو ڕۆژەوە زۆر ڕقم لە قەومەکەت هەستاوە، ئێوە میللەتێکی دواکەوتوون خەریکە تۆشم لەبەرچاو دەکەوێت..ئەی چۆنە ئەم داماوەی کە ئێستا باسی دەکەیت، نەتان کوشتووە؟ چۆنە ئەمیشتان بەدەردی پێش خۆی نەبردووە؟



– سەمەنگوڵی بۆراق، پەلەمەکە لە بڕیاردان، دواکەوتوویی زۆر لەوە پیرۆزترە هەروا بە ئاسانی بەسەرمان ساغ بێتەوە؟! کەسانێکیش هەن بەسیا ئاسا رزگاڕیان دەبێت و ژیانی ئاسایی خۆیان دەگوزەرێنن..

– جا دڵنیایت. کە ڕزگاری بووە؟..دڵنیایت کە ژیانێکی ئاسایی دەگوزەرێنێت؟ گەر ڕزگاری بووبێت، بۆچی حاشای لە ناسینەوەتی کرد؟ تۆیەک بەحیساب قارەمان و کاپیتانی پەرییەکان! یاخود ناتەوێت دان بەوە بنێیت کە ئەو مرۆڤانە لەناو کۆمەڵەکەتان هەتا ئەبەد ترس و شەرم و خەنجەرو نابووتی بەدوایانەوە دەبێت..بەرای تۆ کامیان بوو وای لێ کرد بڵێت ئاسۆپم نەک بەسیا.ترسە یاخود..شەرم؟

– هیچیانە سەمەنگوڵ..

– ئەی چییە؟

– تووڕەبوونە، تووڕەبوونە لەو بەزۆر جێهێشتنەی شار کە بەزۆرەملێ و حوکمی شەهوەتێکی نامەردانە بەسەریا سەپاند، تووڕەبوونە لەو دەست تێچوونەی کە مرۆڤێکی تیا خنکان، توڕەبوونە لە گەرمای ئەو نیوەڕۆیەی کەپێکەوە جووتی کردن، ئەو نیوەڕۆیەی کە سەدای حەزلێ کەری و ئارەزووی جووتبوونی نێرەومێکان لەسەدا و زرینگەی پاکیزەی و کچێنی بەرزتربوو، ئەو نیوەڕۆیەی کە ئەو داستانە ستەمەی تیا تۆمارکرا، خۆی وتەنی نیوەڕۆیەکی زۆرگەرم بوو.. لەحەیبەتا هەموو بوونەوەرەکان، مریشکەکان، لەپێش مرۆکان پیشابوون، لە دەرگای پشتەوە، بە پیشەی هەموو نیوەروانێک، کاتژمێر دووی نیوەڕۆ، لەو دیو دەرگای موبەقەکە کەوتە میاواندن..میاو..میاو.ممیایاو.. ئەو میاواندنە، شاردنەوەی بەرگی ئادەمی بوو سونبولێک بوو، بۆگەیشتن و دەس هەڵگرتن لەیاساو ڕێساکانی حورمەتی ماڵ، دووی نیوەڕۆ گونجاو ترین کاتی هاتن و دەرکەوتنیەتی، چمکە ماڵەکە تەواو خەوتووە، مەنجەڵ و قاپ و قەنەفەکانیش دەخەون هیچی ئەم ماڵە بەخەبەرنییە، من نەبێت بەڵام ئەو نیوەڕۆیە لەهەموو نیوەڕۆکانی تر گەرمتربوو، هیچ شتێک فێنکی نەدەکردینەوە، هەموو گیانمان لەتاو ئارەقکردن، کەوتبووە خوران، بنباڵ و ژێرلووت و جووتەگون و هەموو شوێنێکی جەستە ئاوی لێ دەتکا، ئەو نیوەڕۆیە هەمووی پڕخەی خەوی

دەهات، گەرماکەی گەیشتبووە ناوناخمان، دیاربوو کەس بەم زووانە بەخەبەر نابێت، کەس سرووتی گەرم بوونمان پێ سارد ناکاتەوە، دیاربوو گەرمای ئەو نیوەڕۆیە موسیبەتێک دەنێتەوە، بورکانێک دەتەقێنێت، پەردەیەک دەدڕێنێت، خەمێکی ئەبەدی دەخولقێنێت، گوڵێک دڕکاوی دەکات.. تا دەهات گەرمتر دنیا خۆی دەنواند، تا دەهات دنیا گەرمترو ئیمەش بێ هێزتر لەئاست درێژبوونەوەی ملچی ماچەکان و خۆدان بەدەست، گەرماکەی هێندە زۆربوو، بە ترشەڵۆکولیکی دەمی یەکتر یەکدیمان فێنک دەکردەوە، تا دەهات گەرمتر، چار نەما جگە لەخۆ ڕووت کردنەوە، بۆ بەرەنگاری گەرمای خنکێنەر، گەر ڕووت نەبووینایە گەرما دەیخنکاندین، نەفەسی لێ دەبڕین یەکەم جار بوو چێژ لەڕووت بوونەوەی خۆم ببینم، یەکەم جاربوو لە لەزەتی خۆڕوت کردنەوە تێ بگەم، یەکەمجار و دوا جاریشمان بوو ڕووت بوونەوە ببێتە سونبولێکی نارەزایی لەگەرما ،ئەو نیوەڕۆیە، من مەست و ئەو مەی فرۆش، من مەل و ئەو داڵ، من حۆری و ئەو گورگ، من حەواو ئەو ئادەم، من پەری و ئەو شەیتان، من کەرو ئەو کەرسوار، هێندە گەرم داهات، ڕووت بوونەوە دادی نەدەدایین، فێنکی نەدەکردین، نغرۆ بوون بە حەزی جووت بوون و ڕامووسان و تەسلیم بوون بە تەلیسمەکانی شەهوەت نەبووایە هیچی تر فێنکی نەدەکردین، جووتبوون بوو گەرمای کوشت، خەریک بوو فێنک دابێت و کەمێک بەهۆش خۆدابێمەوە، هەستم کرد شتێکم لێ دەسەنرێت، شتێکە دەمەوێت و نامەوێت بیدەم، دواجار نەمتوانی لەوە زیاتر بە ڕووی گەرمادا بجەنگێم ترسام لەوەی توونیەتی و گەرما بمخنکێنێت، دەبوو فێنک ببمەوە، بۆیە دام پێی، لەوساتەوە من هەست بەگەرما ناکەم، هەموو ڕۆژەکان لەلام سەرماو سۆڵەن.لەو ڕۆژەشەوە گەرمای لە خۆبڕی پەرەگراف، لەو نیوەڕۆیەوە، دەرگای بەختەوەریی پێوەداو دەرگای مەینەتی و بەدبەختی لەخۆکردەوە، لەو ڕۆژە بە دواوە ڕۆژی گەرمای شاربوو لەو ڕۆژەوە شار فێنکی کرد پەرەگراف، لەو مێژووەشەوە تا ماوەیەکی زۆر دڵدارە شەهوەت بازەکەم نەبینیەوە..ماوەیەکی زۆر خۆی لێ ون کردم زۆر بە دوایدا گەڕام بەچنگم نەکەوت، تا دواتر بە هەڕەشەو گورەشەکانم هاتە ژێربارو گوتی مارەت دەبڕم مارەیم نەویست چونکێ دەمزانی ڕێزم پەیوەستە بەزەبری هەڕەشەکان، هەرکاتێکیش هەڕەشە نەماو ئارامی کەوتە ژیان،



سووکایەتییەکانی تۆڵەستاندنی ئەو دەست پێ دەکات دیلی و داماویم پێ قبووڵ نەکرا .

– ئەی چی کرد، چۆن ڕزگاری بوو؟

– بەدوو هەفتە پاش ئەو ڕووداوە بەسیا هاتە لام، نازانم کێ بووبوو ناوو ناوبانگی منی پێ دابوو..زۆر بە زمانێکی سادە پێی گوتم "گەر شتیکم بۆ بکرێت" ، زۆر بە جەرائەتەوە کەوتە باسکردنی ئەو پەیوەندییەو ئەو نیوەڕۆیە گوتیشی کە زۆر بیری لێ کردووەتەوە، دواجار بە ناچاری هاتووەتە لام، بەڕاشکاوی پێی گوتم شەیتاری ناوێکی سامناک و ناوبانگێکی خراپت هەیە، دواجار نازانم بۆچی وا هەست دەکەم تۆ ببێتە ڕزگارکەرم، ڕەنگە ناسینی گەندەمەندو بەدناوەکان، پاڵی بەهاتنی منی دابێت پێم گوت: گرنگ نییە خەڵک باسی چی دەکات، گرنگ ئەویە خۆت چیت دەوێت من یەک تاقە ڕێگا بە چارەسەر دەبینم، ئەویش ئەوەیە هەرچۆنێک هەیە تۆ ببێتەوە بەکچ و ئەو منداڵەش لەبارخەیت و هەولێش بدە، لەم شارە نەمێنیت..یەکێکیش دەناسم ناوی ئایشەمەرەکانە یەو لەو شتانە شارەزایە بەڵکا بتوانێت، بەنرخێکی هەرزان بتکاتەوە بە کچ پێی گوتم هیچ نرخێک نییە قەرەبرووی لەدەست دانی کچێتیی من بکاتەوە ئەمە باجدانە نەک چارەسەر! من نامەوێت گیرۆدەو بەندکراوی هیچ یادگاری و پاشماوەیەکی ئەو نیوەڕۆیە بم، گەر بشمویستایە، بە هەڕەشەکانم دەمتوانی خۆمی لێ مارەبکەم، بەڵام ئەم مارەکردنە مارەی زەلیلییە من نامەوێت زەلیلی هەڵبژێرم...هەر ئەو ڕۆژە چوینە لای ئایشەمەرکانە، پاش بێنەوبەردەیەکی زۆر مەرکانە بە پینج هەزار دینار بەسیای کردەوە بە کچ و گیانداره ئاقسەکەش، بە نەوت و دەرمانی مشکە کوژە لەباربرا . کە هاتینە دەرەوە، بەسیا تازە خەریک بوو بە هۆش دەهات، پرسیاری سەیری دەکرد. چۆن مەرکانە دەناسم؟ بۆچی یارمەتیم داوە، دەیویست، لە بێدەنگیم دڵنیا بێت، مەبەستی بوو بە هەر نرخێک بێت ئەو نهێنیە بە شاراوەیی بهێڵێت لای کەس نەیدرکێنم، هەستم بە ئازارەکانی کرد..بۆ دڵدانەوەشی بەڕاشکاوی پێم گوت کە بۆچی یارمەتیم داوە..پێم گوت کە هیچ جۆرێک لەوە نەترسێت ڕۆژێک لەڕۆژان خۆی و حەزلێکەرە نابووتەکەی بخەمە دادگای شەرەف، ئێستاش لە یادمە ئەو ڕۆژە پێم گوت قەناعەتم وایە کە هەموو مرۆڤێک قابلی

هەڵەكردنە.. گەر لەدەستدانی كچێتی هەڵەبێت، یاخود تاوان، ناكرێت بە هەڵەیەكی ترو بە تاوانێكی تر چارەسەر كرێت سەمەنگوڵ، پێم گوت من نامەوێت «بكەونە ژێر دەستی خەنجەربازەكانی شەرەف»، نەشم ویستوە بكەونە كۆڕی سوڵح و وەسوەسەی حاجی و شێخ و دەروێشەكان، هیچ دادگایەك، هیچ سوڵحێك، هیچ بوونەوەرێك، ئەو كارەی ئێوەی پێ ڕاست ناكرێتەوە، جگە لە ویژدانی خۆتان، ویژدانی خۆتان نەبێت هیچ كەسی تر ناتوانێت ڕاست وچەپی ئەو نیوەڕۆیەو گرێبەستەكانی، تەلیسمەكانی لەیەك جیاكاتەوەو ڕێگەی ڕاستتان پێ نیشانبدات.. ئێدی لەو ڕۆژەوە نەمدیتەوە، نەشم دەزانی كە هێندە خۆڕاگرە تا بتوانێت لەو دۆزەخەی ئەوێ بەسەلامەتی هەڵ بكات. ڕەنگە بە دیتنی من برینەكەیم كولاندبێتەوە، بەڵام كام برین ئەوەی كە لێرە جێگەی باس نییە، پاكیزەیییە ئەوەی لەوێ تاوانە لێرە ئازادییە، ئەوەی لەوێ گوناهە، لێرە سەرفرازییە..ئەوەی لێرە لە هەژدە ساڵیدا نەبووبێتە كچ بە كەسیكی كەم هۆشیارو نەخۆش و تێ نەگەیشتووی دەزانن، ئێدی بۆچی خۆی ئاشكرا نەكرد، تۆ بڵێت لەوە ترسابێت من هەواڵی دەركەوتنی لە مێترۆ بەكەسوكاری بگەینم، باشەخۆ گەر بمویستایە، لە یەكەم ڕۆژەوە لە جێی خۆی ئەو شكاتەم لێ دەكرد نەك ئێستا ئاسنی سارد بكوتمەوە.



**۱۲**

**ئەوشەوەی !**

**پیاو ژنەكە (ی)، منداڵ گالیسكەكە (ی)، قەحپە تێركردنی زەوقی (ی) نیگاركێش تابلۆ تەواو نەبووەكە (ی)، سەركردە...كورسییەكە (ی)، مەلامێزەرو مزگەوتەكە(ی)، '' داشلانە'' یش كلێساو (یەسووعەكەی) بەجێ هیشت**

– سەمەنگوڵ پێ دەچێت، ئەمڕۆ ڕۆژێكی ئاسایی نەبێت، لە ڕۆژانی تر ناچێت، شتێك هەیە لە ڕۆژانی ترجیای دەكاتەوە، بڕوانە شاییییە، چۆپی كێشانە لەو ناوە..تەواوی مێترۆو سەرشەقامەكانیش بەیداخی تیاهەڵكراوە، ئەمە یەكەم جارە، ئەو هەموو بەیداخە ببینم، هەڵكرێت هیچ ڕۆژێك وانەبووە!

– شەیتاری ئەی نازانیت، ئەمڕۆكە، ئاهەنگی هەڵكردنی ئالایە، ئەمڕۆ ساڵیادی سەر بەخۆبوونی وڵاتە، ساڵیادی ئەو ڕۆژانەیە كە ئەمڕۆیان هێناوەتە بوون، ئەی ئێوە لە وڵاتی خۆتان بەیداخ هەڵناكەن، سەربەخۆنین؟.ئەی ئێوە شۆڕشتان نەكردووە؟

– مردوومراو، لەوە دەچێت، هیچت لەسەرئێمە نەخوێندبێتەوە. ئێمە ئەو میللەتە بێ وچانەین كە چەندەهای ساڵە بەدوای ڕۆژو هەلێكدا دەگەڕێن كە ئالای تیا هەڵكەین، ئێمە ئەو میللەتەین، كە شۆڕش دەكەین، ڕادەپەڕین، لە شاخ و دەشت و كێو و گوندو ئاواییەكاندا خوێن دەڕژین، قوربانی دەدەین و سەرانی شۆڕشەكانمان، لەدانووستانەكاندا لەڕیكەوتنەكاندا، لەدەوری مێزی خڕی گفتوگۆكاندا، خەبات و تێكۆشان و قوربانییەكانمان هەڵدەتەكێنن و دەیدۆڕێنن، ئێمە ئەو میللەتەین كە «مار دەكوژین و توولەمار بەخێو دەكەین» ئێمە هەموو ڕۆژەكانمان هەر ڕاپەڕین بووە، هەموو ڕۆژێكێش لە وڵاتی ئێمە ئالا هەڵدەكرێت، هەموو بۆنەكان لای ئێمە ئاهەنگی بەیداخ هەڵكردنە، بەڵام حاشا سەربەخۆنین، ئێمە هێندە تامەزرۆی بەیداخ هەڵكردنین وەك ئێوە بە تەنیا ڕۆژێكمان نییە بۆ هەڵكردنی بەیداخەكان، چمكی

ڕۆژێکمان نییە، لە حەیبەتی ئالآدا هەتاو بکەوێت و ستەم سەر دەرنەکات. ئێمە هەر جارێک، کە ڕاپەڕیوین، بەدوایدا، هەنیسک و نوشست و هەڵتەکان و هەڵتۆقینێکمان بەدوا جێ هێشتووە، قەد نەبووە، ڕاپەرین و هەڵنەیەین، قەد نەبووە «مایەی سەفەر سەلامەتی بێت»!؟ هەر دەبێت ڕووداوێکی سامناک ڕووبدات و سەفەرەکەمان لێ تێک بدات، ئێمە ڕاپەڕین بەڵام سەربەخۆ نەبووین، لە جیاتی سەربەخۆیی ڕەو و نسکۆو پەنا هەندەیمان کردە سونبۆلێک بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین، ئێوە هەڵکردنی ئالآ لەم ڕۆژەدا دەکەنە سونبول و مارشی سەرکەوتن، ئێمەش ڕۆژانی سەختی بەگیرهێنان و گرتووخانە دەکەینە هەوێنی (نەسرەوتن تا سەرکەوتن)...ئازیزەکەم ئێمە لەو یادانەدا ئەوەمان لە بیردا ماوە کە هەمووی چەند ڕۆژێکی کەم بوو کە خەڵک، بە خۆی دەگوت ئازاد، سەربەخۆ، خاوەن ئیرادەو دەسەڵات..هەمووی چەند ڕۆژێکی کەم بوو گۆڕستانەکان، لە ئاپۆڕی مردووەکان ئیسراحەتی بەخۆدی بوو...ئێستاش ئەو ڕۆژو شەوە تاریک و درێژو تەواو نەبووانەم لەیاد ناچێت، کە هەمووومان، لەترسی زۆردای ستەمکارێک هەڵهاتین، هیچی بەقەد ئەو چەند شەوە ناخۆش نەبوو، کە شارمان بەجێهێشت ئەو شەوەی کە هەموو شار لە ترسی، میرغەزەب و ئەژدیهاکانی هەڵهات ئەو شەوەی کە شار بۆنی خوێنی لێ دەهات ئەو شەوەی کە هیچمان نەمان دەزانی بەرەو کوێ و لەبەرچی هەڵدێین ئا لەو شەوەدا، ئاوایی جمەی دەهات.بێحاڵ و باڵی ئاوی و باژێرەکانی تریش لەلای ئێمە کڕبووبوون لەپڕماڵەکان دەنگی پێکەنین و گۆرانییان لێ بڕاو ڕەشکۆ خۆی دایە بەرعاردوو دەنگی شینو واوەیلای لێ بەرزبووەوە بەهاوارەوە گوتی دەمکوژن ئەی باوکەڕۆ برارۆ، دەمانکوژن من دەڕۆم، من لێرە نامێنم، کەریەتییەکی گەورەیە مانەوە لێرە من، ژیانم خۆش دەوێت..من بەرگەی هەژمینی (مەمرە مەژی) ناگرم، من دەڕۆم، ئێوەش وەرن لەگەڵمدا. هەموویان بەیەک دەنگ و یەک نەسق..وەک ئەوەی پێشتر ڕێکەوتبێتن گوتیان ئێمە نایەین، ئێمە ئێرە جێ ناهێڵین، ئێمە ناترسین، چیمان لێ دەکەن، چیمان هەیە لێی بترسین، خۆ ئێمە شۆڕشگێر نەبووین تاوەکو بێن و بمانکوژن، ئەم هەموو ترسەی ناوێت «نیوەی هەزار، پێنج سەدە» ئەوەی ناوێت ئێمەش وەک زۆری ئەم خەڵقە ڕوودەکەینە ماڵەکانی خوا، ڕوودەکەینە مزگەوت و کڵێساو مسحەفی ڕەش و



پەرستگەو مەرقەی زەردەشتییەکان، لێیان دەپارێنەوە، بەڵکا لەم مەینەتی و دەردەسەرییە رزگارمان کەن، دوایش کە ڕزگارمان بوو، بە ئاستەم لەمزگەوت و زەنگی کڵێساکان دەتەکێینەوەو ناچین بەلایان و بەرد دەگریە «موسحەفی ڕەش»، من لەو ڕۆژگارانەدا نەمدەزانی ڕەشکۆ باس لەچی دەکات ؟! ئەوەندەم دەبینی ڕەشکۆ بە دەور خۆیدا دەسوورایەوە ئۆقرە بڕاو دەهات و دەچوو، ماخۆلانی بوو و هاواری دەکرد. ئای مێهرەبان، بەخشندە، پادشای جەبار، ئەمانە نازانن کەئەم ستەمکارانە خودا ناناسن ئەسحابەو پێغەمبەرەکانیشیان دەمێکە لە بیر خۆبردووەتەوە. ئێوە نازانن کە ئەمانە دێن فەرق لەمەعبێنی ژن و پیاوو زارۆک و گەنج و پیرەزا و مشکەکوژە ناکەن، کە دێن جەنگاوەرو مێرد منداڵێکی بێ تاوان بە یەک چاو تەماشا دەکەن، ئەمانەی دەگوت و کەمێک هێور دەبوویەوە، بەڵام لەگەڵ قەڕەبالغ بوونی شەقامەکان و بەرزبوونەوەی زیاتری تەهلیلەی هەڵهاتن ئەمیش وەک فیشەکە شێتەی شەست تیر بە دەوری خۆی دەسووڕا، تا دەهاتیش نائومێدی ورە ڕوخاوی دەبووە سیمای ڕەنگ و ڕوخسار، ئەو شەوە شار گەورەو بچوک هەڵڕژابووە سەرشەقامەکان، سەرانی ڕاپەڕین لەپێش هەمووان هەڵهاتن مێرد، منداڵەکان یەکەم جار وا تێ گەیشتبوون کەشار لە خۆشیی ڕاپەڕیندا سەراپا شەقامەکانیش بوک دەگوازنەوە، ئاواهی هەمووی لەحەیبەتا شو دەکات، نەیاندەزانی ئەمە ئەو شەوەیە کە شار ماڵئاوایی لە بۆنی خاکی دەکات.. ئەو شەوە هەتا بەرە بەیان ڕەشکۆ دەمکوژن نامەوێت بمرم.دەمان کوژنی، لەسەر زار بووە، هەستن بابڕۆین، هەستن با ئەم کاولەیە بەجێ بێڵین... سڵەی قەساب کە هێشتا لەسەر ژیان مابوو، ئەوکات تەمەن نزیک نەوەد ساڵێک دەبوو، لە باوکم بەغیرەتر بوو لە باوکیشم دنیا دیدە تربوو لە یادمەپێی گوت. کوڕم هەستە نەکەس دەتکوژێت وە نەکەسیش دێ بەلاتا، سەردەمی درێژی بەدگومانی و تێ نەگەیشتن بەسەرچوو.تۆ چی بوویت تا بێنە سەرت، گەندەپیاو مەبەو بەم ئاخری عومرە بۆ کوێ خۆت سەرگەردان دەکەیت.. هیچ فایدەی نەبوو، ئەو باسە هەتا بەرەبەیان هەرکان وەرکانی بوو تا دەهاتیش هاوارو شیوەن و زریکەو گریان بەرزترو شار چۆڵتر دەهاتە بەرچاو، چۆلەکەکانیش لەترسی نیشانچییەکان سەرچنارەکانیان چۆڵکردو هەڵهاتن، ئێسکوپریسکی گۆڕستانەکان

نەبێت ئێدی ئەوی دی هەمووی لەپەلەقاژەی هەڵهاتندا بوو،گڵ و خاکی گۆڕەکان نەبێت هیچ کۆچێکی تری ئەم شارە ئارام و هێمن و سەنگین نەبوو. من خەو بردبوومی کە ڕەشکۆ، بڕیاری دا هەڵ بێت من خەوتبووم، ڕەیحانە هەڵی ساندم گوتی هەستە کوڕم، لەگەڵ باوکت بڕۆ با لەو ڕێوبانە هیچی بەسەر نەیەت، منیش لەیادمە بەدەم خەوەوە گوتم باشە کە ئەو لە خەمی ئێمەدا نییە بۆ ئێمە لەخەمی ئەو بین، ئەو بڕیاری جێهێشتنی داوە، ئەو نایەوێت چارەنووس و ژیانی خۆی بەچارەنووسی ڕەش ونادیاری ئێمە ببەستێتەوە ئەو بڕیاری جیابوونەوەی داوە ئەو چارەنووسی هەمووانی کردووەتە قوربانی واهیمە، ترسی کردووەتە واهیمەیەکی بێ مانا، ئەو لەوە کەمترە من لە گەڵیدا بنێریت، ئێستا کوڕە گەورەی ماڵەوەم با لاتان بمێنمەوە با من پاسەوانیتان بۆ بکەم، خۆ ئەو جگە لە پاسەوانیی ماڵەکە هیچ ڕۆڵ و فەرمانێکی دی نەبووە، خۆ دەبێت یەکێک هەبێت پاسەوانیتان بۆ بکات..لەوێدا ڕەیحانە هاتە جواب و قسەکانی پێ بریم و گوتی. نا کوڕم باپیرت لەگەڵماندا دەمێنێتەوە، تۆ بڕۆ لەگەڵی، لاسار مەبە، ئەو پێویستی بە تۆیە، نەک ئێمە؟! ئێمە پێویستیمان بەو بوو تازە کە ڕۆیشت ئیدی، گەندە پیاوی بێ غیرەتمان بۆ چییە؟ کە خۆی نەیەوێت ناتوانین بەزۆر قاچی بەندکەین و لە هەڵهاتن پەشیمانی کەینەوە توورەکەیەکی وردە نانیان خستەسەرشانم و پاڵتۆیەکی فەروو جووتێ کڵاشی هەژاریان دامێ و پێیان گوتم ئامادەبە...دیاربوو فەرمانیان دابوو کە هەر دەبێت لەگەڵیدا بەڕێ بکەوم، بۆ ساتێک ئەو هەستەیان لادروست کردم کەمن پاسەوان بم، نەک شۆرە سوار، «چوار پێیەک بم»، بۆیە بڕیارم دا کەمێک پارەپووڵی حەشاردراو بە دزی ڕەشکۆ لە گیرفانمدا بشارمەوە، گوتم دونیایە پارەوپوڵ هەر پێویستە بۆ یەکێک نەزانێت بۆکوێ و لە بەرچی هەڵدێت..نەمدەزانی بۆچی و لەبەرچی هەڵدێم پارەکەم هەڵگرت، نەشم هێشت ڕەشکۆ پێی بزانێت نەوەک لەنیوەی ڕێگا ڕووتم بکاتەوەو بە حوکمی یاساو فەرمایشتەکانی باوک لێم، بسەنێت. ئەمانیش بەدەردی ئەوان بەریت و وەکو هەموو پارەی ئەو دەغیلانەی کە هەتا منداڵبووم خێرم لەهیچیان نەدی، بەرەبەیان دنیا خەریک بوو ڕووناک بێتەوە، هەورەکان بووبوونە بەربەست لە بەردەم دەرکەوتنی خۆر، نەیان دەویست هەتاو دەرکەوێت، ڕێگەیان نەدەدا هەتاو دنیا



ڕووناک بکات و ببێتە بەرچاوڕونی خەڵک، خاکوخۆڵ و خوا، مەبەستیان بوو تۆڵەی هەڵهاتنمان لێ بکەنەوە دەنا بۆچی سروشت نایەوێت  ئەو ڕۆژە هەڵبێنێت، بەرە بەیان لەماڵ دەرچووین،بەر لە ملنان بەرەو ڕەوکە بە کەمێک فرمێسک و نەغمەی دەنگی شەرمەزاری، باوکم ماڵ ئاوایی لە هەموو شتەکان کرد، ماڵئاوایی لەهەموو کونجێکی ماڵەکە کرد، وەکو شێت دەهات و دەچوو تەنیا کەس کە داوای گەردن ئازایی لێ نەکرد بێ «سڵە» بوو وەک بڵێت ناتوانم چاو لە ئاست بوێریی تۆ بەرز بکەمەوە، تۆ زۆر لەوە مێهرەبانتریت کە من داوای گەردن ئازادیت لێ بکەم، لەگەڵیا هەرچۆنێک بێت بە باپیرمی گوت ئەمانەتی تۆو ئەم تولە سەگانە. کەوتینەڕێ ماشێنیشمان پێ نەبوو، بڕیارمان دا بەپێ ڕێگەی هاتو نەهات ببڕین باوکم بڕیاری دابوو کە بە ئاڕاستەی خەڵقەکە بڕوات ئەوان ڕویان کردە کوێ، ئەویش بەدوایاندا بکەوێت، کەمێک ڕۆیشتین و لە ئاوایی دوورکەوتبووینەوە، لەپڕ تاقە ماتۆڕسوارەکەی شار «مەحموود قۆچە»مان لێ دەرکەتوو لەوە دەچوو بەنیاز ڕێبەریی خەڵک بکات. بەناو خەڵکەکە هاواری دەکرد. خەرخەشەیەکی نابووەوە، هەرمەزانە، مەڕۆن ئەی خەڵکینە مەڕۆن عەیبە ئەم شارە بەجێ مەهیڵن،هۆ..هاوشارییەکانم، شار بەجێ مەهێڵن، ئەی ئێمە دوژمنانمان، لە وڵاتەکەمان، لەخاکی پیرۆزی شەهیدان، بەدەرنەناوە! بۆ دەترسن؟ بۆ هەڵدێن؟ تکاتان لێ دەکەم نزرگەی باووباپیران بۆ ناحەزان بەجێ مەهێڵن، «نەسرەوتن تا سەرکەوتن» «مەژین بۆ مردن...»، مەڕۆن، کەمێک لێی نزیک بوومەوە تا زیاتر بە ڕوخساری ئاشنابم، تەماشای چاویم دەکرد، لەدڵی خۆمدا گوتم مەحمود قۆچە سەری لێ شێواوە، ئەوە دەڵێت چی؟ ئەو شەوە پیاو ژنەکەی، منداڵ گالیسکەکە (ی)، قەحپە تێرکردنی زەوقی (ی)، نیگارکێش تابلۆ تەواو نەبووەکە(ی)، سەرکردە.. کورسییەکە(ی)، مەلا مزگەوتەکە (ی)، "داشلانە"یش کلێساو (یەسوعەکەی)، بەجێ هێشتوە، ئەم عەشامەتە بە تۆ ناگەڕێتەوە، تازە ملنان بەرەو نادیارو هەڵهاتن ڕووەو تاراوگە بووەتە بڕیارێکی نیشتیمانی، مردارکردنی شۆڕش بڕیارێکی ئەزەلییەو هەمووان دەبێت جێبەجێی بکەین، بەدەم هاوارکردنەوە دووسێ فیشەکی بە ڕووی ئاسمان تەقاند بە ئومێدی ئەوەی ئەو خەڵکە، لە بڕیاری هەڵاتن پاشگەزبێتەوەو بگەڕێتەوە سەرماڵ و حاڵی خۆی، تەقەکان خەڵکی کەمێک

شڵەژاندو کەمێک بێ دەنگییان خوڵقاند، بەڵام کەس لە فیشەکی بەئاسمان تەقیوی مەحموود قۆچە نەترسا، بگرە ئاپۆری هەڵهاتووانی بەشەرەف زیاتر بەجۆش هێناو سوورتر لە جاران بڕیاری هەڵهاتنی لاسەنگێن کرد، چمکێ ئاپۆوری هەڵهاتوان پێیان وابوو کە فریشتەکانی گاردی کۆماری گەربێن و بگەنە سەریان و ئەمان لێرەبن، تیرەکانیان نائێن بە ئەستێرەکانەوە بەڵکوو، دەیانیێن بە دڵیانەوە بە جگەریانەوە بە هەناو ڕیخۆڵەیانە وە بەقاچیانەوە بە دەستیانەوە بە دووریشی مەزانە بیانێن بە گونیانەوە یاخود هەر نەیانەوێت تیربارانیان بکەن بە بۆن و دەرمان خافڵ کوژیان کەن، یاخود ساناتر بۆمبێک بهاوێژن شاری پۆزو فیز هەڵتەکێنن و بیکەنە تەپوتۆز. «مەحموود قۆچە» کە بینیی سوودی نییەو لەوە دەرچوو، ئەو هەموو عەشامەتە بە دەنگ و گرەگڕی ماتۆڕەکەی بگەڕێنەوە، سەری خۆی هەڵگرت، نەمان بینییەوە تا نیوەڕۆکەی ڕۆژی دووەم لەپەنا چەم بەخۆی و ماتۆڕەکەی بینیمان، ئەمجارەیان کەوتووەتە ڕێبەریی ئاپۆری ترساو تۆقیوی خەڵق لە مەرگ، ئێمە ڕۆیشتین گوێمان بە ڕێنماییەکانی ئەونەدا، وەک چۆن پێشتر گوێمان بۆ شار چۆڵ نەکردنمان نەدا، ئاوهاش گوێمان نەدایە ڕێبەڕی کردنەکەی لەو هەتاوکەوتووەدا هاواری مەرگ لە هاواری ماندووی و شەکەتی جەستە بەرزتربوو لە ڕۆیشتندا هەستمان بە ماندوویی نەدەکرد، ژیانمان لەماندووییەکی هەنووکەیی خۆشتر دەوییست، ڕەشکۆ زۆر هەوڵیدا یەکێک لە ماشێنە گەورەکان لەگەڵ خۆیا سەرمان بخات، بەڵام بێ فایدە بوو لەو ڕۆژەدا برا ..برای نەدەناسی ئەو ڕۆژە پێشینان وتەنی «هۆیە هۆیە هەرکەس لۆخۆیە» بوو جگە لەوەش کەس ئامادە نەبوو، نامۆ و نەناس تێکەڵ بەشەرەف و خانەوادەو بێکەرامەتی خۆی بکات تا دواتر ماشینێکی گەورە ڕای گرت و گەنجێکی تازە مووهاتوو سەری دەرهێناو گوتی مامۆستا چیت دەوێت ؟ ڕەشکۆش گوتی: کوڕی خۆم چیم بوێت پیاو لەم «سیا ڕۆژەدا» چی دەوێت سەرمان بخە لەگەڵ خۆت، گەر مردین با من و کوڕەکەشم پێکەوە لە گەڵتانا بمرین، گەر نەجاتیشمان بوو هەتا مردن چاکەتان لە بیر ناکەین کابر کەمێک بەقسەکانی ڕەشکۆی باوکم ڕاما و گوتی مامۆستا ئاخر خانەوادەیەکی زۆرین، جێمان نییە وەلێ ئەگەر دەڵێیت لەسەر سەقفی ماشێنەکە خۆت و کوڕەکەت بەشیشێک خۆ هەڵواسن، ڕەشکۆ هەر لەوێ بێ یەک و



دوو لێدوان چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی ئەو دەشتەکییەوە بەست، قبووڵیشی کرد کە بە فەرمانی هەرزەکارێک هەڵسووڕێت و بە شیشی ڕەقی ئەو ماشێنە خۆی هەڵواسێت و لەترس و تۆقین و زیرەی مەرگ، سەرماو گەرمای لە بیر بچێتەوە..کەمێکی پێ نەچوو غەڵبە غەڵبێک پەیدابوو و دەنگی ژنان بەرزبوو قیژەو چپەو هاوارو قسەو گریان و پێکەنین، بەیەکەوە تێکەڵ بوو، لەپڕ ماشێن ڕاگیرا .لەرزەتا کەوتە گیانمان لەپرسیاری ئەوە بووین بۆچی ڕای گرت؟ بۆچی بەرەوپێش ناڕوات.؟ ڕێگە گیراوە یاخود هەڵیان کوتایە سەرمان لەو بێ دەنگییەدا بووین لەو پرسیارانەدا بووین هاوارێک بەرزبووەوە مامۆستا، مامۆستا دابەزە من لەوە زیاتر ناتوانم سەرتان خەم ئیسراحەتی خانەوادەکانتان تێک داوە، پێ دەچوو ژنەکان ناحەزبن بە ئێمە، پێ دەچوو ژنەکانیان خەبەریان لێ دابێن و گوتبێتیان کە ناتوانن بەدەنگی بەرز باسی ئەو شەوە خۆش و بەسەرچووانەی ڕابواردن لەگەڵ مێردەکانیان بکەن. هەر ئەوان بوون چونکە غەڵبە غەڵبی پێش وەستانی ماشینەکە، هەر ئەوە دەڵێت، کە ئێمە غەریبەین و نابێت گوێمان لەبەسەرهاتوو چیرۆکی «مانگی شەرم» یان بێت بەڵگە نەویست بوو دەیانویست ئەو چیرۆکانە لەناو خۆیاندا بە نهێنی باس بکرێن. تەواو هێمن ئەمجارەشیان رەشکۆ بێ چەلەحانێ و ئاین و ئۆین گوتی باشە کوڕم دادەبەزین با تۆ منێکی بەسالاچوو هەڵنەگریت. ئەی کە حاڵتان وابوو بۆ شۆڕشتان لەچی بوو بۆ ڕاپەڕین؟و ئەم میللەتەشتان تووشی سەرگەردانی و ماڵکاولی کرد، گەنجەکە هیچ وەڵامێکی باوکمی نەداوە ئەوەندە نەبێت گوتی مامۆستا دابەزە وەختی ئەم قسانە نییە، «کای کۆن بە بامەکە» منیش وەکو تۆ گەریدەو سەرلێشێواوم. بەناچاری دابەزین لەگەڵ دابەزینمان، وادەی بێدەنگی کۆتایی هات و ژێر چادری نێوماشێن پڕبووەوە لەقسەی ژنان.. ئاسمانیش بۆ پیرۆزی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە لە حەشمەتا «کون» بوو و نمەبارانی بەسەرباراند، لەبەرە بەیانیشدا، نمەباران وەستاو گەردەلوول و تۆفانی هێنا ئەو چەند شەوە خواش غەزەبی لێ گرتبووین، لەو ڕۆژانە یەزدان هەموو شتێکی باراند، بەفر.باران.تەرزە"ڕەشەبا" یش لە هەموو لایەکەوە هەڵی کردبوو ئاسمان بای دەهێنا تێکەڵ بەو هەموو بۆن و عەترو ئارەقەوعارد و بارینەی دەکرد، جارجاریش

لەنیوەڕواندا هیچی نەدەباراند و هەتاوێکی گەرمی دەردەکرد ئەو تۆزە، خۆر دەرکەوتنە، هێمایەک بوو بۆ پشوودان، بۆ هەڵخستنی دەرپێ و گۆرەوی و شەرواڵە قوراوییە ڕەنگ بڕاوەکان، بۆ گەرم کردنی هێلکە لە بۆن و تام کەوتووەکان، لەوێدا کە خۆر دەردەکەوت و گەرمی دەگەیشتە گڵ و خۆڵی بەڕق داهێزراو دەیکردە خاکێکی قوڕولیتاو، ئەو قوڕو چڵپاوە بۆنی خوێنی لێ دەهات، بۆنی کەری تۆپیوی لێ دەهات، ئەو ناوە هەمووی بۆن"بۆسۆ"ی لێ دەهات، زۆر بەباشی لە بیرم نایەت بۆنی چی لێ دەهات، زۆر لەسەرخەیاڵ نیم، وەلێ وابزانم بۆنی سەگی تۆپیوی لێ دەهات، یاخود خوانەکردە کەری تۆپیو و دەشبێت کەری تۆپی و بێت چونکە ئەو ڕۆژانە کەرەکان زۆر ماندووبوون لە مرۆڤەکانیش بەنرخ و بەخزمەت تربوون، بە تایبەت نێرەکەری "زەڕراقی"، من ئێستاش دەڵێم ئەم میللەتە دەبێت تا ماوە چاکەی کەر بداتەوە، تا ڕۆژی قیامەت قەرزاری کەرین دەبێ نوێژی چاکە بۆ کەر بکەین، نەک بۆ خوا، دەبێت هەموومان دوعا بکەین، و بڵێن بەڵکا گەر بەهەشتمان بەنسیب بوو کەریشمان لەگەڵ بێتو پێکەوە لەزەتەکانی بەهەشت بەش بکەین، وەلێ داخەکەم پێشینان دەڵێن «کەس کەس ناباتە بەهەشت»، کەسیش لەبەهەشتەوە نەهاتووەتەوە تا بزانین چوارپێ و گوێدرێژی لێیە؟ یاخود بە تەنیا حۆرییەکانن شەرەفی مانەوەیان لە بەهەشت پێ دراوە، کەر لەو ڕۆژانەدا هاوبەشی هەموو خەموو مەینەتییەکانمان بوو خزمەتکاری هەموو بۆرە زەلامەکانمان بوو، چ؟ قەیدییە گەر هاوبەشی بەهەشتیشمان بێت، چی دەبێت لەپاڵ باسکردنی ئەو هەموو فیداکارو پۆڵاخۆرە، باسی نەجابەتی ئەوکەرانەش بکرێت کەخۆیان لەپێناو ڕزگارکردنی ئێمە گیانیان، بەخاک و خۆڵ و نیشتیمان بەخشی چی دەبێت گەرلە سووجێکی بەیداخەکەمان ڕەسمی گوێدریژیکی لەسەربێت.گەرچی ئێمە نە نێرەکەرو ماکەرمان لەو ڕۆژانەدا دەست کەوت، وەلێ ئامادەبووین هەمووسەرمایەو پارەی دەغیلەکەم بدەم بەکەرێک، بەڵام پارەی دەغیلەی من لە چاو پارەو پوڵی بۆرە زەلامەکان هیچی نەدەکرد، لەو ڕۆژانەدا دەوڵەمەندەکان سۆپەرو مارسیدسەکانیان گۆڕییەوە بەکەر، ئیدی کەر نرخی چوو بە ئاسمان، دێهاتییەکان کەری هەموو ئاوابییەکانیان هێنابوو بەشی نەدەکرد چەتەکان هەر زووکەوتنە چەتەیی کەر لەگوندو دێهاتە کەمەکان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان هەموویان



هێنا، بەڵام فریا نەدەکەوتن، ئەو خەڵکە زۆربوون کەری هەموو دونیا بەشی هەڵ هاتنەکەی نەدەکرد، قاچاخچییەکان هەر زوو کەرەکانیان کردە موڵکی خۆیان، خەڵکی ماتومەلوولیان، بە ماچ، هەنگاوە ڕێیەک سەردەخست، ئێمە هەر بەپێ، دەمێک قەراغ ئاو و دەمێک سەرگردودۆڵ و نشێوەکان ڕێگەمان دەبوو.باوکم سەری لێ هاتبووە یەک، نەیدەزانی چی بکات نە دەیتوانی بڕیاری ئەوە بدات چارەنووسی خۆی بەو عەشامەتەوە، ببەستێتەوە، نەدەشیتوانی بەتەنیا، بێ ڕێبەر بکەوێتە ئەو شاخ و تەپۆڵکانەوە، ئەو نەیدەویست کوێرە تیرێکی نەبینراوی بەرکەوێت، نەیدەویست لەپرسەکەیدا ،بڵێن" شەهیدی نەمر مامۆستا ڕەشکۆ"، ناسراو بەڕەشکۆ شێرکوژ..لەقارەمانیەتییەکی بێ وێنەدا گیانی بەخاک و نیشتیمان سپارد، چمکێ دەیزانی کە هەڵهاتن سەرفرازی نییە، نەمری نییە ئەو دەیویست، هەر چۆنێک بێت لەو ڕێگەیە دەربازبێت و نەیەتە کوشتن نەشیدەویست بەنێو ئەو شاخانە بکەوێتەڕێ نەبا بکەوێتە ناوچەیەکی مین ڕێژو قاچێکی یاخود دەستێکی، بپەڕێنێت یان دڕکێکی نەبینراوو نەزانراو بەر گونی بکەوێت و گونی بفرێنێت، دووسێ جار لەم ڕێ گۆڕکێیەدا، پێی گوتم بابگەڕێینەوە، دایک و کەسوکار دەکوژرێن، باپیرت لەسەرمن و تۆ ملی دەپەڕێنن، ئابرووشم دەبەن با بگەڕێننەوە، «مرۆڤ بەعیزەتی نەفسی بمرێت نەک دیل و داماو» مرۆڤ یەک جار لەدایک دەبێت و یەکجاریش دەمرێت، لەیادمە دووسێ جار باسی عیزەتی نەفسی کرد..بۆیە بۆ ساتێکی کەم وام زانی "بەباب نۆکەرێکی " چاو نەترس و ئازام لە بەردەمدایە..کەچی هەرخۆم دەم گوت ڕاستگۆ نەبووە، ترسێکی هەبوو لەهەموو ئەم شتانە بەنرختربوو، مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، ترس ببووە" هێشکە ساری"، تاوتاو هەموو گیانی بەگیر دەوەستان و هەموو جوانییەکانی لێ دەشێواند، ئێمە ڕێمان دەکرد لەڕێگادا جار ناجار بۆ ئیسراحەت لەپەنا بەردو تەلاشی گەورە خۆمان حەشاردەدا نەوەک «کۆلارەکان» بگەنە سەرمان و کاتی کورتی ئیسراحەتمان لێ تاڵ بکەن، هیچ نەبێت شتێک هەبێت خۆمانی پێ بشارینەوە کۆلارەکان، یەک دووجارهاتن، بەسەرسەرماندا بەرز فڕین، بەڵام هیچیان نەکرد دیاربوو فەرمانیان پێ بوو کە تەنیا بەدەرکەوتنیان بمان تۆقێنن، تەنیا بە دەنگی باڵیان زیڕەی مەرگمان پێ بکەن هەروایش بوو، پەروانەی کۆلارەکان، تا

دەهات نزمتر ڕووبەری چاوی تۆقیویان دەگرت، وامان دەزانی کە پەروانەکان بەردەدرێنەوەو بەناو ئەو خەڵکە دەبنە مەقەست، سەری سەیارەو سەری مرۆڤ و سەری کەر لە یەک کات و بە یەک نەسق دەپەڕێنن و هەنچن هەنجنیان دەکەن، دەرکەوتنی کۆلارە بۆخۆی مەرگ بوو، پاشان دەرنەکەوتنەوە دووسێ ڕۆژ، ئەو خەڵکە بێخەم هەڵ دەهات تا ئێوارەیەکیان جارێکی تر لە ناکاو بە دەنگی کۆپتەرەکان، منداڵەکان کەوتنە زریکەو هاوار..هەموومان لەوخەوە خۆشە بەخەبەربووینەوە، بەهۆش هاتین کە هێشتا بەدوامانەوەن، بەڵام ئەو ئێوارەیە کە دەرکەوتنەوە، ڕووداوێکی سەیرو هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراو وروژێنرا، ئەو ئێوارەیە میری، لە کوشتنی ئاژاوە گێڕو یاخی بووەکان پاشگەزبووەوە، مافی گەڕانەوەو «لێبوردنی گشتی» پێ دان. ڕادیۆکان، کۆلارەکان، چەند جار لەسەریەک و بەچەند شێوە زمانێک، بەدەنگێکی بەرزەوە هاواریان دەکرد، ئەی خەڵکینە سەرۆکی "فەرماندەو دادپەروەرو مێهرەبان"، فەرمانی لێبووردنی گشتیی دەرکردووە، فەرمانی داوە کە جگە لەسەرانی یاخی و گێرە شێوێنەکان هەمووکەس بێ باج و زیندان بگەڕێتەوە بۆسەرماڵ و حاڵی خۆی، ئەوهەواڵە بیرکردنەوەی نا دروستی لای خەڵکی ڕاپەڕیو و هەڵهاتوو دروست کرد، ئەو خەڵکە شڵەژابوو، قەراریان لەبەر هەڵگیرابوو، دەلەرزین بەگریان و زەردەخەنەوە لەیەکیان دەپرسی، تۆ بڵێیت بە گەڕانەوە خوا نەکردە، شۆڕشەکەمان شتێکی لێ بێت..ئێمە چی بکەین. تۆ بڵێیت لێرەدا، لەم سنوورو خاڵبەندییەدا شۆڕش کۆتایی بێت؟ نازانم. بەڵام بۆ ئێمە تێ گەیشتین کە ئیدی ئەمجارەش لەو سەگ مەرگییە نەجاتمان بوو..کەم کەس گەڕایەوە، چونکە ئەو خەڵکە خۆی بەکوڕی شۆرش دەزانی، ئێمەو چەند بێرۆکرات و تازە سەرمایەدارێک نەبێت، کەسی دی زاتی گەڕانەوەی نەدەکرد، بێرۆکراتەکان لە ترسی سەرمایەو پارەوپووڵیان، ئێمەش لەبەر لۆمەی عالەم بڕیارمان دا کە بگەڕێینەوە. لە گەڕانەوەماندا هەموو یادگاری و پاڵتۆخۆڵە میشییەکەو نانەکەرو و هەڵهێناوەکەو، کلاشە دڕاوەکە لە بەردەم یەکەم خاڵی پشکنین و بوەستەی جەللادەکان، فڕێ دا، جلکی ژێریشمان لە بەرداکەند و گەڕاینەوە لەوێندەرێ لە گەڕانەوەماندا، باشووری شارو نشێوەکانی بووبووە تەپۆڵکەیەک لە قوڕاو و خوێنی ئەو چەند ڕۆژی بارینی



باران و ستەمی ستەم کاران، هەتا بەرەو باکووریش دەڕۆیشتین لاشەکان قەڵەوتر و ئاوساوتر دەهاتنە بەرچاو، دوا سیماو چاوی ئەو پیاو ئاوساوانەم دەدی کە بە گوللەی ناهەقییەکانی سەرۆک لەناو براون، دیمەنی ئەو لیتاوەش، لە هەمووی بەزەبر تربوو، شار بۆنی خوێن و خیانەتی لێ دەهات، بۆنی باروت و باران پێکەوە بۆگەناوێکیان خولقاندبوو، هەر مەپرسە، شار جگە لە بۆنی جاش و بۆنی مەلاکان، بۆنی هیچ شتێکی تری لێ نەدەهات، ئێمە لە باکوور دەژیان، بۆیە بۆ گەیشتن بە باکوور پێویستە باشوور ناوەڕاستی شار قەدبڕکەین، ئینجا دەگەینە ماڵ، هەر بۆیە بریارمان دا لە جیاتی ڕێی شەقامە گشتییەکان کۆچە تەسک و شەقامە کۆنەکانی شار بکەینە ڕێبەڕی ڕێی گەیشتن بەماڵ. لە وێندەرێ لەو کوچ و کەلەبەرە تەسکانە بۆ یەکەم جار پاشماوەی ئەو ئاهەنگەم بینی کە بەر لە گەڕانەوەمان دوژمنانی شۆڕش بۆ فریشتەو میرغەزەبەکان ڕێکیان خستبوو، سیگاری درێژو قاوەیی، سوخمەو دەرپێ یەکجار لەبەرکراو، مەی و فیشەکی گڕار. سیمایەکی تری وێرانەی «بۆگەن ئاوا» بوو، بەدەم ڕێوە تانک و زرێپۆشەکان ئاڵای سەرۆکیان بەزۆر دەدایە دەست خەڵکی، ناچار منیش یەک دوانێکم گرت بەدەستەوە لەترسی ئەوەی نەکا بەهەڵەدا بچن و وا تێ بگەن منیش یەکێک بووم لەهەڵهاتووان، لە لایەکیش لەگەڵ خۆمدا، دەمگوت خۆ من ڕوخسارو قاچی بڵۆق و کەوشی دڕاوم، هاواری هەڵهاتن دەکەن دڵی خۆمم دەدایەوەو دەمگوت قەیدێناکا، من گەڕاومەتەوە بە گەڕانەوەشم ئەو تۆمەتە دەسڕمەوە کە خوانەخواستە من کوڕی ڕاپەڕین بم. بەدەم ئەم قسانەوە دەرگای ماڵێک کرایەوە، ژنێکی لێ دەرکەوت، چاوی چاوەڕوانی و نەخەوتن و تێر گریانیان پێوە دیاربوو، تەمەنی کەمتر لە چڵ ساڵ دەبوو، سەیرێکی ئەملاو لای خۆی کرد، پاش ئەوەی کە دڵنیابوو جاشەکان لەوێ نەماون و تانکەکان بەرەو خوار بوونەتەوە، سەیرێکی منی کردو بە بوغزێکەوە تیر جنێوی کردم، شەرم ناکەیت ئاڵای دوژمنت پێیە، ئاڵای شۆڕش و وڵاتت داگرتوە ئاڵای دوژمنت بەرزکردووەتەوە ناجیسن، ناپیاو جاش، ویستم وەڵامی بدەمەوەو پێی بڵێم، پورێ ڕەشکۆ نەیهێشت، ویستم پێی بڵێم من نەبووم کەماڵی تۆم بەجاشەکان نیشان دا بێت، من نەبووم کە پێم گوتن کوڕەکەت سەرنوگوم کەن، منیش هەڵهاتووی تازە گەڕاوەی ڕاپەڕینم.، زۆر

خەفەتباربووم بەوەی کەمن هەڵهاتنەکەم بەخۆ فرۆشی بۆ بنووسرێت و جاشایەتیی خەڵک و ترسنۆکیی ڕەشکۆش بە پاڵەوانیەتی لە قەڵەم بدرێت، هەرچۆنێک بێت لەو گەرەکە نەماین، ئالاکانم لەسووچی نادیاری کەلاوەیەک تێکەڵ بەزبڵی گورگ خۆرەکانی هەفتەیەکم کرد، کە گەیشتمە نزیک گەڕەکی خۆمان، تا گەیشتمە بەردەم ماڵ کەمشم لەپێدا نەمابوو لە گەڵیا هێزیشم لێ بڕابوو، ئەوەی کە زیاتر هێزی پێ بریبووم و شەکەتی کردبووم، ئەوە بوو کە نەم دەزانی من لەبەرچی ڕام کردووە، لەبەرچیش گەڕاومەتەوە، پرسیارم لەخۆ دەکرد، دەمگوت باشە کە هەر دەبووایە بگەڕێمەوە ئەی بۆچی ئەم هەموو دەردەسەرییەرم بۆخۆم پەیداکرد، تۆ بڵێیت هەڵهاتن بەشێک بێت لە سەرکەوتن، نازانم بۆچی چاوم تێر دیمەنی کوشتن و زام کرد، بۆچی خۆم تووشی "باپیش"کرد، بۆ لەماڵ دانەنیشتم هیچ نەبایە خیانەتی جاشەکانم نەدەدی، هیچ نەبایە بەد فعلیی مەلاکۆێرەکانم نەدەدی، گوێشم لەخوتبەی خەتیبە خۆفرۆشەکان نەدەبوو، ئەو جەرگ سووتاوەش منی بەجاش و خۆفرۆش نەدەزانی، کە گەیشتمە بەرماڵ، پێم هەموو قوڕو چلپاو بوو، لە بەر زۆر ڕۆیشتن بلۆقی گەورەی تێ کەوتبوو. توورەکەی سەرشانیشم، جگە لە خەم و خوین هیچت تیا بەدی نەدەکرد، کۆڵەپشتم داگرت و بەدەم هاواری خۆشی و شادیی تەواوی گەڕەک، گەورەو بچووک لە پێشوازیی پاڵەوانەکەیاندا بوون، بوومە پاڵەوان، پێیان وابووکە پێویستە من سفرەو سینی و حەمامم بۆ ڕاخرێت لەبەر ئەوەی من خۆڕاگربووم، زۆر سەیرە، هەڵهاتن و گەرانەوە، پاڵەوانیەتی بێت، بۆنا، کاتێک کە نانە وردە، چەکی بەرنگاری برسیەتی بێت...ئاگام لێ بوو کەس ڕەشکۆی خۆش نەدەویست، بەڵام لەناچاری بۆیان دەکرد، لەو ڕۆژەوە بوومە پاڵەوانی ئاوایی بەبێ ئاگا بە جیا مامەڵەم لەگەڵ دەکرا، تا دواتریش بە بەرجەستەکراوی بوومە یەکێ لەدەسکەوتەکانی ڕاپەڕین.ی خەڵکی بەشەرەف، (ی) شار.؟



## ١٣ ... شەوان ئێمە، حاکمی... شارین

زۆر دەمێک بوو لە پرسیارو هۆی چۆڵیی شار لە نێرەکان و هەڵهاتنیان بەرەو نادیار ڕاما بووم، لەهەر کەسێکم دەپرسی و دەمدواند دەیگوت «ڕاکاس» تەلەفونەکانی ڕاکاس، شاری پێ چۆڵ کردووین، تێ نەدەگەیشتم ڕاکاس چ بوونەوەرێکە؟ مێینەیە یاخود نێرینە، بەخۆمم دەگوت ناشێت نێر بێت، چونکە بنیام لەدەست بەدکاریی پیاو هەڵنایەت، هەبێت و نەبێت ڕاکاس مێینەیەکە، لەو مێیانەشە کە کەم دەردەکەون، بەڵام ناوبانگیان لە ڕوخساری دەرکەوتنیان باڵاترو ناودارترە، دەمبینی ڕۆژ، لەدوای ڕۆژ شارو ئاوایی چۆڵتر، گەڕەک و کووچەکان کەمتر نێرینە تێیدا هاتوچۆ دەکات، تا دەهات نێرینەکان کەمتر و مێینەکان زیاتر، ماوەیەکیش بازاڕو مەیخانەکان، تەنیا موریدەکانی ڕاکاس و مشکە خۆرەکان هاتوچۆین دەکردن. ڕاکاس هەموویانی ڕاونا بوو، هەموویانی بێکەس و خافڵ کوژکردبوو، لەوێندەرێ لەنێو تونێل و فارگۆنە قەڕەباڵغەکانی مێترۆ،"بەدیار چاودێریم بەسەر موسافیرەکان «مزرقی کراسپێدیا»م ناسی، بەڵام کەناسیم کار لە کارترازا بوو، کەوتبووە بەر هەڵمەتی شۆڕش و چاکسازییەکانی «حاکمی شەوانی شار»، هەرجارێ کەمزرقی کراسپێدیام بدیبایە سڵ. بەڕوخساری ماتومەلوولی، دەبووم هەرکاتێکیش کەداوای بلیتم لێ کردبێت دوانی پێ نیشان داوم کە دەشم گوت بۆچی دوان دەیگوت لەترسی ڕاکاس! نەکا .یەکێکیانم لێ بدزێت و دوایش خۆی شەوانە دادگایمیی بکات هەمیشە دوان نەکا، ڕوحم لێ بسەنێت و نەتوانم زیندوو ببمەوە، لەپاش یەک دوو وێستگە شێت ئاسا بەدەم ورێنەکانی (ڕاکاسەوە) مزرقی کراسپێدیا..دادەبەزی هەمیشە، بەدەم خۆیەوە ئەم وڕێنەیەی دەکرد «راکاس وای کرد کەمن سەر هەڵگرم و شار بەجێ بهێڵم»، ئەو بوو تووشی "باپیش"ی کردم، ئەو بووکە ڕۆحی کوشتم، ڕاکاس سەرگەردانی کردم، من هیچ دەرگاییەکی تر لە بەردەما نەمابوو و جگە لەوەی کە لە

دەرگای ڕەوکەو کۆچ بدەم، من هەتا ئەوم نەناسی بوو، بیرم لەسەفەر بەرەو نادیار نەکردبووەوە، چەند جارێک قسەکانیم پێ دەبڕی و دەمگوتم، هاوشارییەکەم تۆو زۆرێکی تریش بەویستی خۆتان نەهاتوون دەزانم، ئێوە زۆرێکتان خەمی نیشتیمان ناردوونی، قسەکانی پێ دەبڕیم و پێی دەگوتم نا کاکی جابی، بە هەڵە چوویت..بەڵگە نەویستە ئێمە بە ئاگری تەلەفونی شەوانی زایەندی ڕاکاس سووتاین و بووینەتە قەرەبرووت بەگڕو کلّپەی تەلەفۆنی ڕاکاس خەمی ڕاکاس لەخەمی نیشتیمان قووڵترە.

– وڕێنەکانیم پی بڕیو گوتم باشە گریمان وابێت..من لەوە تێ ناگەم، هەرچەند دەیهێنم و دەیبەم، سەری لێ دەرناکەم دەمێکە حاڵ و وەزعی ئێوە بووەتە مایەی سەرنج و تێبینیم، بۆچی دەتانەوێت مێترۆ بکەنە مەڵبەندی خۆدزینەوە و مۆڵگەی خۆشاردنەوەتان؟ بۆچی ناتانەوێت ڕووناکی و ڕۆشنایی هەتاو ببینن؟

– سەرێکی ڕاوەشاندو بەچپە پێی گوتم سەرەوە ڕاکاسی لێیە، سەرەو ڕاکاسەکان دەبینیت من بە ئارەزووی سەفەرنەبووم، هیچ ڕۆژێکیش بیرم لەوە نەکردبۆوە کە ڕۆژێک بێت سەفەر ببێتە ئەسپێ و بکەوێتە گیانم و ڕۆحم بخورێنێت. راکاس بوو بڕیاری دابوو «هەیڤ لە تاریکیدا بکوژێت» لە دڵی خۆمدا گوتم «مردوو لەوە باشتر ناشۆرێت»، فرسەتە با بیهێنمە دوان، چونکە هەموو جارێک کە هانم دەدا باسی بکات، ڕاکاس کێیە؟ لە کوێ دەژێت؟ ناوی خۆیەتی، یاخود ناوی گۆڕیوە؟ خۆی نەدەدا بەدەستەوەو نەدەهاتە ژێربار، هەر جارەو بە بیانوویەک خۆی لەپرسیارەکان دەدزییەوەو دەیگوت وا باشترە نەیناسیت با ژیانی ئاساییت لێ نەکاتە دۆزەخ، تۆ بە ناسینی ئەو لە دەرگای کێشەیەک دەدەیت کە هەرگیز..چوونە دەرەوەی نییە، ڕاکاس ئەو بوونەوەرەیە کە لە گەڵ «مەرشین دەکات و لە گەڵ گورگیش گۆشت دەخوات»..هەتا دەهات من ڕەقتر و گەرمتر ئەویش پیشاوتر لەجارانی، ئەمجارەیان بەڵێنم پێدا یارمەتیی بدەم بۆ زانینی هەواڵی ڕاست و دروستی ئەو بوونەوەرە دڕندەیە. مزرقی کراسپێدیا پێی وابووکە ڕاکاس پێی دەزانێت گەر تۆ بتەوێت هەواڵی بزانیت. ڕاکاس ئەژدیهایە حاکمی شارە بە دوری مەزانە ئێستا گوێی لەم قسانەمان بێت، من پێم گوت من شەیتاریم..با ئەو ڕاکاس بێت. هاوڕێی ئێمە گەر هاوکارو هاوخەم نەبین و قۆڵی لێ هەڵنەماڵین، بەسەر ڕاکاسدا سەر ناکەوین،





تۆدەبێت متمانەو بڕوات بە من توندو تۆڵ بێت، دڵنیابە من دەمەوێت یارمەتیت بدەم هەر هەواڵێکیشی بزانین لای کەس نایدرکێنم، بەڵام خۆ دەبێت شتێکی لەسەر بزانم، دواجا، لەپاش بەستنەوەی هەموو دەرگاکان، بەناچاری کەوتە باس کردنی، پێی گوتم کە چۆن سەرەتا لە پێشانگایەکی تابلۆکۆنەکان، لە هۆڵی مۆزەخانەی شار، دەوروخولی کیژێکی داوەوو هەر لەوێ بە دیتنی دڵی بووەتە ئاو و چاوە فریودەرەکانی خرۆشاندوویانە، نەیتوانیوە خۆی لەفریوی چاوەکانی، دووربخاتەوە، لەو ڕۆژەوە ڕاکاس بووەتە خولیاو خەم نەیزانیوە چی لەگەڵ بکات، نە ئەوەتا دەیتوانی ببێتە دڵبەرو ماچکەری، نە ئەوەتا دەیتوانی وازی لێ بینێت و دەستبەرداری نیگاکانی بێت، ئەو نە ئافرەتێکی لەش فرۆش و نە ئافرەتێکیش بوو میرخاس، بتوانێ خۆشەویستیی ئەبەدی دەگەڵ دابمەزرێنێت، ڕاکاس "ناوێکی پڕ لەنهێنی، پڕ لەشەرم، پڕ لەپرسیار، زۆرم، لەسەر بیستبوو، هەندێک جێگەی گومان، هەندێکیش، جێگەی بەر بەلەت وتێڕامان، هەندێکی هەڵبەستراو، هەندیکیشی ڕاست و بەڵگەنەویست، لە کوێوە بۆت باس کەم. لەتەلەفونە سێکسییەکانی شەوانی نەمان و برینی کارەباو تاریک بوونی ژوورە نسرمەکان، یاخود لە موریدو کارگێرو کارەکەرەکانی،. «ڕاکاس» خەڵکی لە هەموو شوێنێک هەبوو، لە بەدالەی تەلەفونات، لە ئاسایش، لەناو ڕێکخراوی ژنان، هەتا دەگاتە فاڵچی و قاوە گرەکان و دەلاڵی خانوو ئەرزەکان، لەبازاڕ و مەیانەکان، شایەرەکان، فۆتۆ گرافەرەکان، قەسابەکان شۆفلّ ئاودیوکەرەکان، مامۆستاکان، ئارایشتگای ڕازاندنەوەی بووکان، سەوزە فرۆش، کۆنە فرۆش، چەرچی و جگەرە فرۆشەکان، تەنانەت قەحپەکانیش. هەموویان خەریکی سیخوری و هەواڵگری بوون بۆ ڕاکاس، وێنەشی لەگەڵ سەرانی هەموو حیزب و سەرەک عەشرەتەکاندا هەبوو، تەنانەت بەقاڵەکانی بەردەم مزگەوتی گەورەو شووشە فرۆش و تەنەکەچی و جامچیەکانیش کار ئاسانییان بۆ دەکرد، شۆفێری تاکسییەکانیش لاشەی شەکەت و مردووی خەڵکیان بۆ دەهێناو دەبرد، شاعیرەکان شەوان بەدەم تەلەفونە ناوەختەکاندا جوانترین پەخشان و قەسیدەیان بۆ هەڵدەبەست هێندێک جار گەر فریا بکەوتنایە هەر ئەو شەوە بە ناوی ڕاکاس لە چاپ دەدرا، گەر ئەو شەوەش فریا نەکەوتنایە بۆ ڕۆژی دواتر لە ڕادیۆو تەلەفیزۆنەکان بەناوی شاعیرەو خانمی ناودارو گەورە هەڵکەوتوو ڕاکاس، شاعیر، پێشکەش

دەکراو بڵاودەکرایەوە.، ئیدی ڕاکاس بۆ ڕۆژی دواتر پەخشانە شیعرو دەست خۆشی شێخ و موریدەکان بۆی بە نێوەیڵو خەتی تەلەفونەکان، دەبووە بۆنەیەکی گەورەو نایاب، هەموویان دەیان زانی کە ڕاکاس نییە نووسەری ئەو قەسیدەیە، بەڵام دەبێت پیرۆزبایی لێ بکەن، دەبێت خەتەکان مەشغووڵبکەن، دەبێت وەسڵی ئەمەکداری و بە ئاگابوون لە ڕاکاس نیشان بدەن، چمکی سامۆترسێکی عەجایەبی هەبوو.. لە بیریشم چوو کە پێتان بڵێم جوانی خۆی کردبووە دەمامک و ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بێگومانم لەوەی کە ئارەزووی دەسەڵات گرتنێکی بەرایی هەبوو، زۆرجار بەدەم قسەکان، بەدەم ئاخ و ئۆفی ژێر بەتانی باسی خەوەکانی بۆ دەکردم، باسی ئەو کوێرە ئارەزووانەی بۆ دەکردم کە دەیەوێت بێنەدی، ئەو مەبەستی بوو ببێتە کاربەدەستێکی گەورە لەناو میری و پیاوێکی زۆرو بێ عەشامەتیش لەژێر دەسەڵاتی دابن و کاری لا بکەن، ئەو دەیویست بێ ئەوەی هیچ وشەیەک لەسەر یاسا بزانێت، بێتە مافناس و حاکم یاساش لەپاڵ جوانی ڕوخسارو شۆخیی جامبازەکەیدا، ببێتە هەوێنێک و بۆ بەچنگ کەوتنی مافی ڕاکاسەکانی هاوڕێبازی بخریتەگەڕ، ڕاکاس، دەفتەرێکی بچووکی هەبوو، پڕی بوو لە ژمارەو ئەدرێسی خەڵکی سەیر سەیر، ناوی هەموو جۆرە کەسێکی تیا تۆمارکرابوو کە بتبینیبوایە، دەتگوت چی دەکات بەم هەموو ژمارەیە؟، چۆن و کەی بە کاریان دێنێت!؟، ئەم دەفتەرە تاقە نهێنیی ژیانی بوو، ئەو خشتەو پوختەی بۆ کردبوون، هەریەکەو بە پێی کات و بە پێی خواست و بەپێی زەرووڕەت و لە جێی خۆیدا پەیوەندیی پێ دەکردن، توانایەکی سەیری هەبوو لەڕازی کردنی خەڵک یاخود هەڵخەڵەتاندنیان، نا باوەڕ ناکەم هەڵخەڵەتاندنیش بێت! چونکێکم هەمووی چاوەڕێی تەلەفونێکی ڕاکاس بوو، هەریەکەو لەبەرهۆیەک کەس نەبوو لەوانەی کە پەیوەندیی پێوە بکات، بەنەخێر یاخود بە ناتوانم وەڵامی بداتەوە، هەمووی بە بەسەرچاو دەست لەسەر سینە وەڵامیان دەدایەوە، گوتەکانی فەرمانێکی خودایی بوون، دەبووایە جێبەجێی بکرێن، باوەڕو متمانەی بەهیچ نێرەیەک نەبوو دەیگوت پیاوەکان هەموویان درۆزنن. هەقە هەموویان بکوژرێن. ڕاکاس شێتانە دەیویست (ئیمپراتۆریەتی ڕاکاسەکان) بوونیاد نێت، ئەو ئیمپراتۆریەتەش بکاتە هێزێکی وەها کاریگەر بتوانێت هەقی دایکی لەباوکی پێ بکاتەوە، لەچاوی باوکییەوە تەماشای هەموو نێرینەیەکی دەکرد، ڕقی لەوە بووکە پێی بڵێت ئەمەکاری پیاوەو.



تەنیا بۆ پیاوکراوەو ژن بۆی نییە خۆی تیا هەڵقورتێنێت ئارەزویەکی سەیری هەبوو، لە زەلیلیل کردنی پیاوە ناودارەکان ئەو پیاوانەی کە لە بەرچاوی ئێمەویقاریان دەنواندو لە حزوری ئەویشدا کرنوشیان بۆ دەبرد، هەقیشیان بووکە نەتوانن بەرەنگاری نیگاکانی ببنەوە، نەیاندەتوانی کە لە تۆنی دەنگ و ڕیتمی ئاخافتنەکەی خۆ دوورە پەرێز ڕاگرن، ئەوان بە کورتییەکەی بووبوونە کارکەری، ڕاکاس بوو کە شاری بە ئێمە چۆڵ کرد. دەیتوانی بە ناوی حەزلێکەری و عاتیفەو عیشقەوە وێرانت بکات و ئەو وێرانییەش غەشیمانە بەهۆش یاخود بێ هۆش قبووڵ بکەیت. تۆ کە دەکەوتیتە ژێرجادووگەریی خیتاب و قسە گەرمەکانی، قسەکانیم پێ بڕی و پێم گوت کام گوتار؟

–– ئەو خیتابانەی ئەو دیالۆگانەی، ئەو قسانەی کە بەدەگمەن دووحەزلێکەری ئاسیی بەر لە شوکردن و ژنهێنان زاتی باسکردن و وروژاندنیان هەبێت ڕاکاس ئەجندەی باسەکانی پێچەوانەی حیکایەت و بەسەرهاتی حەزلێکردنە کلاسیکییەکان بوو، ئەو حیکایەتانەی کە سەرئەنجام بە پێکەوە ژیان و لەژێرخێوەتی ئەبەدیەت و ئۆپەرێتێکی کورت و کاڵی دانس کۆتایی دێت، ئەو قسەوباس زایەندانە. دەتخاتە دوو ڕیانێکی ترەوە بەدەر لەڕێگەی هاوسەرێتی..تەنیا لە هەڵبژاردنی یەکێکیان ئازادی، دووڕیانی خۆکوشتن یاخود هەڵهاتن و کۆچ بەرەو تاراوگە هەڵدەبژێریت. یەکێک لەحیکمەتە هەرە بە ناوبانگەکانی ڕاکاس ئەوەبوو، کە دەیگوت هاوڕێ، «سێکس تەمەن درێژمان دەکات»، ئێمە دەتوانین بەهۆی تەلی ساردوسڕی تەلەفونەوە سێکس بکەین و لە لەزەتەکانی شەهوەت تێربخۆین و تەلەکان، بەڕەحەتبوونی شەهوەتەکانمان گەرم بکەین. بۆ یەکەم جارکە لەناو هاوڕێکانم باسم کرد کە کەسێک هەیە بەو جۆرە بیردەکاتەوە، هاوڕێکانم زۆریان پێ گوتم دوورکەومەوە لێی، تا زووە خۆمی لێ قوتار بکەم. زۆریان پێ گوتم کە چەندەها گەنجی تری ئەم شارەی بەو دەردە بردووە، کەچی من زیاتر باوەرو متمانەم بە ڕاکاس دەچەسپی و متمانەم بە هاوخەمەکانم کەم دەبووەوە تەنیا، یەک شت دوودڵیی خستبووە بیرو هۆشم، دوو دڵ بووم لە چارەنووسی ئەم پەیوەندییە دەمپرسی، بەرەو کوێ، کاتێک کە ناوێک، کاغەزێک، شاهیدێک، پەنجە مۆرێک نەبێت ئەو پەیوەندییە لەژێرخەیوەتی خۆیدا بپارێزێت..تۆ بڵێیت خۆکوشتن و خۆ بەدەستدان ناوونیشانی پەیوەندییەکە بێت، دڵی

خۆمم دەدایەوەو دەمگوت باوەڕ ناکەم هێندە چاپۆک بین..ئێمە زۆر لەوە کەمترین کە خۆمان بخەینە ژێر ڕەحمەتی پەتی سێدارە زۆربەمان ترسنۆک بووین نەمانتوانی خۆمان لەو گێژاوە دەربکەین. یەکێکیان نەبێت..خۆی کوشت و بەر لە خۆکوشتنەکەی ئەم چەند وشەیەی نووسی بوو «ئێمە شەوان حاکمی شارین»، تا ماوەیەکیش کەس نەیدەزانی مانای ئەم دێرە بێسەرو بەرە چییە؟ کێیە حاکمی شەوانی شار؟ لە چایخانەکان گەنجە لاتەکانی هاوڕێی دەیان پرسی گەر حاکمی شاربووە، بۆچی پەتی سێدارەی لەملی خۆناوە؟ دەیەوێت چ وەسیەتنامەو سەرەداوێک بە دوای مەرگی لە ناکاوو هۆی نەزانراوی خۆکوشتن بەجێ بهێڵێت، تادواتر لە یەکێک لەشەوانی تەلەفۆنە گەرمەکانم لەگەڵ ڕاکاسدا بە پیکەنینەوە پێی گوتم کە ئێمە «شەوان حاکمی شارین». بۆساتێکیش وام زانی وەسێتنامەی ئەوگەنجە لەحزووردایەو ڕۆحی دەئاخەڤێت، دانم بەخۆگرت، خۆم لەگێلی داو گوتم ئێوە کێن؟، گوتی ئێمە «من وتۆ»ین، گوتم بەکەمەی من و تۆ؟ گوتی بەم تەلەفونە زایەندانە گوتم بۆچی سێکس دەکەیتە ئامراز بۆ دەسەڵات و حاکمیەتی موتڵەق،، گوتی سێکس لە وڵاتی ئێمە تەنیا لەشەواندا بوونی هەیە بە ڕۆژ کەس باسی لێ ناکات، بە ڕۆژ هەمووی خەریکی کاسبی و پاشقول لە یەک گرتنە «بەرۆژ هەمووی سەرقاڵی سوێندی درۆی ناوی خوایە»، بەشەوان نەبێ، کەس سەری ناپەرژێتە شەهوەت بەزاندن، بەشەو نەبێت قاچی ناوەڕاستمان نایەتە ئێش، بۆیە «شار شەوان سێکس حاکمەتی»، منیش پێم گوت نەخێر شەوان ڕاکاس حاکمی شارە، ئیدی لەدوای ئەوشەوەوە بڕیارم دا هەڵبێم بڕیارم دا شاری بۆ بەجێ بهێڵم، ئەوشارەی کە ئەم بە شەوان حاکمیەتی و بەڕۆژیش پۆزو حەسرەت و درۆکان سەجانیەتی، بڕیارم دا هەتا بۆم بلوێت هەڵی برم و چی دی لەسنوورێک دانەنیشم کە ڕاکاس تیا دەسەڵاتدار بێت، هەرمنیش نەبووم لەدەستی ئەو شارمان چۆڵکرد.زۆرن ئەوانەی بەئاگری ڕاکاس سووتان، تەنانەت لەم دوایەدا یەک دوانێک لە هەرە باشترین ڕۆمان نووس و شاعیرەکانی ئەم سەردەمی چیرۆک نووسینە سەری خۆیان هەڵگرت و ئێستا لە بەحری غەریبیدا نغرۆن، نغرۆبوونێک کە هێزێک، چەکێک، وشەیەک، دێرێک نەما ئەمان نەیکەنە هێز بۆ بەرەنگاری کردن و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە دەریای غەریبی، ڕاکاس، هەر کاتێک هەستی بە بچووکترین مەترسی لە لایەن ناحەزو نەیارەوە بکردایە، قیتکەی واڵا دەکرد،



دەیتوانی دەمی چاوچنۆکی و چڵێسیان چەوربکات و دڵنیاش بوو کە دەیتوانی، هەربەو تەلەفۆنانە زیاتر لەوەی کەداویەتی بەدەستی بکەوێت. ئەو بووبووە مۆتەکە بووبووە کابوسێکی سەیر بەم دواییە نەم دەتوانی هێزو تواناکانم لەئاست جادوگەری شەوانی لەزەت کۆبکەمەوە، جاکێ دەتوانێ لەئاست شەیتان بازی و هەناسەبڕکێی شەوانی تەلەفۆنی ڕاکاس خۆ گۆشەگیرنێت؟! ئەوەی کە زۆر ئازاری دام، ئەوگیانی شەڕەنگێزیەیە کە دەیویست هەموو کاتێ ببێتە سەگی بەرقاپی و پەنجەرە دانەخراوەکەی لەسەرما، لەبەفر، لەباران، لەگەرما، حەرەسیات و هەواڵگریی بۆ بکەیت، لەکاتی هێمنی و وەستانی مووی لەشیش کڕنۆشی بۆ بەریت و داوای بەزەیی و لێبوردنی لێ بکەیت، بەڵکا بەکرنۆش و سەردانانەوە تیکە نانێکی بەزەی و سواڵی حەجێکت باتێ، ئەو بووبووە مامۆستاو ئەندازیاری ئازاردان و کوشتنی بەها مرۆییەکان بووبووە هونەرمەندی ئیقاعە پرساویەکان بووبووە دکتۆری نەخۆشی و زامە سێکسیەکان دەرمانسازی دابڕان لە سۆزی نیشتیمان، شەیتاری چی ترت دەوێت لەسەری بزانیت؟ لە دەست دانی ئازیزانی یاخود زیندوبوونەوەی ڕۆحی مردووی دایکی....ئەتەوێت بزانیت کێ هانی شەرەنگێزیی دەدا..«دایکی بوو» کاکی جابی دایکی وای لێ کردبوو کە ببێتە گورگێکی دڕندەو شەڕەنگێزیی، دایکی بوو شەوانە دەهاتە خەویەوە ئامۆژگاریی دەکرد، ڕێگەی پێ نیشان دەدا، بەرچاو ڕوونی بۆ دەکرد. پێی دەگوت وا لە جینسی نێرچلێس بکات، هەر دایکیشی بوو پێی دەگوت نێرەکان بخەرە گریان با بزانن گریان تامی چی دەدات؟ ڕۆحی دایکی بوو کە ئارەزووی تۆڵەی تیاچاندبوو، ڕۆژ بە ڕۆژیش بەئاوی ڕق و کینەو دەمامکی حەزلێکەری، گەنجان دەرمانکوژدە کرد. بەڵگە نەویستبوو، دەیویست ئیمپراتۆریەتێکی ژنانە دروست بکات و ناوی بنێت «راکاس ئاوا»، هەر بۆیەش لەناکاو سنوورو ڕووبەری گەمەکەی گەورەترکرد. وەختێکمان زانی ڕاکاس لەگەمەی تەلەفونی سایەق تاکسییەکان بێتاقەت بووەو کەوتە گەمەکردن لەگەڵ سەرۆکەکان لەگەڵ سیاسییە درۆزنەکان، ماوەیەکیش وای لێ هات لەناو مەعشەری سیاسییەکاندا بە دیبیلۆماتێکی گەورە ناو دەربکات و هەموو میدیاکان، هەواڵ و چالاکی و سەرکەوتنە دیبلۆماسییەکانی خانمی سیاسەتمەدار بە جیهان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەم ناوداریە بێ بەرامبەر نەبوو، ئەمەیان گەمەی منداڵان و قسەی ناو تەلەفون

نەبوو، ئەمجارەیان ئەو مەعشەرە تەنیا بە ئاخ و ئۆفی تەلەفون تێر نەدەبوون، دەبووایە لەوە زیاتر چوست و چالاک بێت دەبووایە لەوە زیاتر ببەخشێت تا بگاتە بڕێکی کەم لەمەرام.، ڕاکاس سوربوو لەسەر ئەوەی کە دەمامک و دەسەڵاتی خۆی شەوان لە دەست نەدات و تۆڵەی دایکیشی لە هەموو پیاوە دەبەنگەکانی ئەم کەونە بکاتەوە، وەلێ سیاسییە چڵێسەکان.؟ شاعیرنەبوون، بەقاڵ نەبوون تابلۆکێش نەبوون، گوڵفرۆش نەبوون. سیاسەتمەداریش لە وڵاتی ئێمە نازانێت، بەراوردی بۆچون و نەئەکان بکات، سیاسی لای ئێمە تەنیا ئەوە دەزانێت لەدژی نەئەکان بجەنگێت، ئەوان لە ڕاکاس تێ نەدەگەیشتن، بەم دواییە پێیان وابوو ڕاکاس بووەتە خەتەرێکی گەورەو زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و دەسکەوتەکانی ڕاپەرین و نیشتیمان دەگەینێت، هەرچەند دۆستانی وەکو «قەفقەسی هەواڵگر» لەناو ڕیزی چڵێسەکان ئاگاداری کردەوەو پێی ڕاگەیاند، بڕێک هێمن بێت و کەمێک لەسەرخۆ بەخۆیدا بچێتەوە، وەلێ راکاس بەگوێی نەکرد قەفقەسی هەواڵگر پێی گوتبوو کە هەوڵ و پلانێک هەیە بۆ لەناو بردنی، بەڵام فایدەی نەبوو. هیچ هێزێک نەبوو ڕاکاس لە تۆڵە سەندن پەشیمان کاتەوە، یاخود کەمێک لەهەڵمەتەکانی هەڵکوتان بەسەر «مۆڵگەو مۆڵی لاوازی سیاسییەکان» هێورو پاشگەزبکاتەوە تا دەهات ئارەزووی دروستکردنی مەملەکەتی ڕاکاس دەبووە ئارەزوو حەزێکی بکوژ، هەرواش بوو ئەگەری موعجیزەوو پاشگەزبوونەوە لەوخولیا چارەنووسسازە مەحاڵ بوو بێتە بوون. ئەو لەشەوێکی باراناویدا کەس نەیزانی چۆن، لە بەردەم ماڵی خۆیان، ماچ باران کرا کەس نەیزانی کێ کوشتی، چۆن راکاس لەوشەوە باراناوییە شوومەدا "گوم" بوو بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەرگی ناوەختی ڕاکاس بە نێوخەڵکی ڕێکخراوە ژنانییەکان کەوتنە گێڕانی کۆری ماتەمینی بۆ لەدەستدانی خەباتگێرەکەیان. کەناڵە خۆشەکەش، پرسەی ڕەسمیی ڕاگەیاندو بۆ ماوەی دەخولەک پەخشی کاتیی ڕاگرت، میریش بەیاننامەی نارەزای دژی بەدکاران و تاوانبارانی ئیشق دەرکرد، شاعیرانیش دریژترین قەسیدەو شیوەننامەیان هۆنییەوە، پارێزەرو مافناسەکانیش شکاتیان لەلای عەدالەت کرد، حاکمیش لەوبەینەدا دەعواکەی لەدژی نەناسراو تا دەسکەوتنی زانیاری تەواوو دروست بۆ وادەیەکی نەزانراو هەڵگرت هەواڵگرانی ڕاکاس، هەموو جۆرە پەیوەندیەکیان



بەجیهانی دەروە پچراند، بەقاڵەکانیش بۆ ماوەی چل شەو بڕیاری نەفرۆشتنی «مزرە سێو»یاندا، شۆفێرەکانیش پەڕۆی ڕەش بە ئەرێلی ڕادیۆ خەفەتاوییەکان هەڵواسی، بەم شێوەیە هەمووەمان بۆ ساتێکی کەم وا تێ گەیبووین کە داستان و پادشای «ژنسالاری» لەم ئاستەدا کۆتایی پی هاتوو، هەتا ئەبەد ڕاکاس لەگۆڕنراوە، بەڵام هەمووی ماوەیەک بوو ئێمە لەبەر مەشغەڵەتی گۆڕنانی یادگارییەکانی ڕاکاس و. موریدەکانی راکاسمان لە بیرچووەوە. تەلەبەکانی ئەو قوتابخانەیەمان لە بیرکرد کە ڕاکاس لەماوەی ئەو چەند ساڵەی خیتاب و خۆخەریکی دروستکردنی مەملەکەتی ڕاکاس پێی گەیاندبوون. ساڵانە فێرگەی "ڕاکاس" بۆ کوشتن و ئەزێتدانی دڵەکان، چەندین خوێندکاری کارامەو لێهاتووی جۆراو جۆر بە بەرهەم دێنێت، ئێستا لایەکی ئاوایی بەدزی سیاسەتمەدارو «برایان» شەوانە بەدالەکان مەشغووڵ دەکەن، هەزار شتی سەیروسەمەرەو درۆ بۆ گەنجە هەڵخەڵەتێنراوەکان دەگێڕن، زۆر جار دەپرسم ڕاکاس نەخۆشییە؟ یاخود چارەسەر؟ تاعوونە؟ یاخود هەنگوینە؟ بێباوەڕییە، یاخود ئیمانداریەتی.. باوەڕ ناکەم بێباوەڕی بێت. چونکە بەشێک لە ماموستایانی تازەی فێرگەی ڕاکاس خانمانی ئیماندارن، ئەمان لەپاش نوێژی عیشا دەست دەدەنە مەشغوولکردنی خەتەکان، وەک شەمشەمەکوێرەیان لێ هاتووە. بە شەوان لە ئەشکەوت بەورووژم دێنە دەرێ، بە ڕووناکیش دەچنەوە ماڵی خۆیان. بە ڕۆژ دەخەون و بەشەو وەک جاڵجاڵۆکە دەکەونە هێڵەکان و دروشمی کۆن و ئێستاو ئەبەدیی ڕاکاسەکان. «ئێمە شەوان حاکمی شارین» بە گوێی ئەخیارو ئەحباب هەڵدەخەن. لەپاش یەک دوو هەناسەی قووڵ بە حەسرەتێکەوە، مزرقی کراسپێدیا شێت ئاسا بەدەم ورێنەکانی ڕاکاسەوە دابەزی بەر لەدابەزین و دواساتی ماڵئاوایی ئەم نەیسحەتەی کردم.، «ئەوان شەوان حاکمی شارن»، شەیتاری هەوڵ مەدە بە دوایاندا بگەڕێت، ڕاکاس لەسووچێکی ئەم گەردوونە خۆی شاردووەتەوە، ڕاکاس بەدوای هەلێک دەگەڕێت تۆڵەی سیاسییەکان لە نەگبەت و بەسالاچوویەکی وەک من و تۆ بکاتەوە، هەوڵ مەدە بە دوایدا بگەڕێت، چمکی بەدوا گەڕانی ڕاکاس مایە پوچیی بەدواوەیە؟! مێترۆ باشترین حەشارگەیە کە دەتوانیت خۆت لەپریشکی کوورەی غەزەبی مەملەکەتی خۆشەویستییە پەمەییەکەی راکاس بشاریتەوە.

## ١٤

**کاتێک کە بەنزین فرۆشەکان دەیانەوێت ببنە گوڵ فرۆش، کەس نییە گوڵیان لێ بکڕێت. خاوەن مردووەکانیش نایانەوێت گوڵ بۆ سەر گۆڕەکانیان بکڕن.. نەکا ئازیزان بەبۆنی گوڵەکان زیندووببنەوە.**

«گوڵ فرۆش» و «کەمان ژەن» و «هارمۆنی»ـە ژەنگاوییەکانی ناو مێترۆ سزا نادەم!

ئەمە بەڵێن و پەیمانی منە، لە یەکەم ڕۆژی کارکردنم، وەک چاودێرێکی مێترۆ،؟ بەندە پەیڕەوی، سیحری ئاوازە ژەنگاویانە، خۆم بەخاوەنی ئەو بەڵێن و پەیماننامەیە دەزانم، کە بێ خەبەری خۆیان پێم داون و کار بۆ بە دەستەبوونی دەدەم.. گەر بەڕێکەوتیش یەکێ لە گوڵ فرۆش یاخود کەمانژەنە چەلوزەکانم بێتە بەردەست خۆمی لێ دەشارمەوە خۆمی پێ ناناسێنم لێی دەگەڕێم دەستگێری خۆی بکات و لەپاڵیدا ئاوازە برۆنزییەکان بهەژێنێت، بە پێچەوانەی سەمەنگوڵی ناجیسن، بە دویاندا فڕکان فرکانیەتی لە هەر هێڵ و تونێل و فارگۆنێک بیانبینێت، بەدوایاندا ڕا دەکات و داوای بلیتیان لێ دەکات، چەند جارێکیش لەسەر ئەو گەندەییە لەیەک زویربووین دانیشم سپی بوو، هێندە پێم گوت وازیان لێ بێنێت، کەچی هەرفایدەی نەبوو..ئەوپیی وا بوو ئەم چەرچیانە سیمای جوانی میترۆ ناشرین دەکەن، لەهەیبەت و نازناوی مێترۆ کەمدەکەنەوە منیش پێم وابوو ڕۆح بەبەری ئاسنی ساردی شەمەندەفەری مێترۆ، دادەکەن چ قەید دەکات گەر مێترۆ ببێتە (فەقیرخانەیەک)و ئەمان لەخۆ بگرێت.. چی دەبێت گەرمێترۆ ببێتە هۆڵی نمایشکردنی شانۆو تابلۆ خۆڵەمیشییەکان.. زۆرجار پێم گوتووە بە دووری مەزانە گەر بێت و ئەوان نەمێنن ڕەنگە من کاری چاودێریم پێ نەکرێت و دەست لەهەموو دنیا هەڵبگرم، لەم مەبەستە تێ نەگەیشت، تا ڕۆژێکیان لە هەوڵی بێوچانم بۆ بەردانی یەکێکیان لەدەست سزای بلیت، نەبڕی، کاکە سەمەنگوڵ گەیشتە تینم و ئەو نهێنییەم بۆ درکاند کە بۆچی من ئەو مرۆڤە چەلوزانەم خۆش دەوێت. بۆچی من لەسەریان دێمە دەنگ. بەدەم قاوە



خواردن لە قاوەخانەیەکی مێترۆو هێمنکردنەوی هەڵچوون و هاوارەکانم بەڕاشکاوی سەمەنگوڵم تێ گەیاند منیش ڕۆژێک لەڕۆژان یەکێک بووم لەوان پێم گوت.. من ڕۆژێ هەرلەخۆمەوە لەگەڵ «قوسامەدیندا» بڕیارمان دا لەنزیک شۆستەی ماڵی خۆمان بەنزین فرۆشی بکەین لەڕاستیشدا هەرلەخۆمانەوە نەبوو، دەسکورتی بوو، وای لێ کردم کە لە پشووی هاویندا لەجیاتی پشوو بیرلەکارێک بکەمەوە کە بژێوی زستانی پێ ببووژێنم.ئەوکاتیش بەنزین و نەوت فرۆشتن لەسەرجادەو قەراغ شۆستەکان، لەپاڵ درەخت و نەمامە وشک بووەکان. بووبووە سیمایەکی تری دەرکەوتنی هەژاری و دەسکورتیی چینی هۆشیارە، بەنزینی بەنزیخانەکان زۆربەی لەلایەن چەتەکان دەبرا کەمێکی لێ دەمایەوە، ئەو تۆزە کەمەش بەشی فیرنەگولەو فەریکە نۆکی نەدەکرد، بەنزین نەدەدرایە شۆفێری لە نۆبە وەستاو، خێرەکەی ئەوەندە زۆربوو هەموو ئەم شارە بەنزین فرۆشیی دەکرد. ماوەیەکیش «برایان» بەناوی ئیسلامەتییەوە فێری بازرگانیی سوتەمەنی بوون، لەگەڵ دراوسێ موسوڵمانەکان ڕێک کەوتبوون، کە ئەمان بۆکاری دەعوە بەنزینیان بدرێتێ. لە پیناو کار ئاسانی بۆ بە ئیسلام کردنی خەڵک بەنزین و نەوت بخرێتە گەڕ. منیان زۆرخۆش دەویست، هەموو جارێک بە بەرمیلی گەورە دەیان هێنا لە پشتی ئیڤایەکانیانەوە لە بەردەم شوێنی فرۆشتنەکەمەوە، منیان سەردەخست لەگەڵ خۆیاندا .بەنزینیان پی دەفرۆشتم بەنزینەکە دەبووایە لەبارەگاکەی خۆیان لێ وەربگرین هەرلەوێش پارەمان دەدانێ، هەفتەی دوو جار بەنزییان بۆ دەهێنام، بەدەم پارە وەرگرتن و بە تاڵکردنەوەی بەرمیلە ژەنگ گرتوەکانەوە، دەیانگوت ئینشائەڵا خوای تەعالا ڕسقتان بدات، منیش دەمگوت خوایش ئێوە بۆ ئەم میللەتە بهێڵێت، خوا چاکتان بۆ بکات. من چیم کردایە ئێوە نەبوونایە.. برایان زۆرترین بەنزینیان دەخستە بازارەو لە هەمووکەس زیاتر بەنزینیان هەبوو،و بەنزینی کاری «خێر بۆ خوا»، بۆ ئێمەش قرچان و سووتان لە بەردەم هەتاو هەر لەسەر مەرزەوە تا دەگەیشتە هەواری بەرزی بارەگاکانیان ئەمان لێیان دەفرۆشت، هەر لە مەرزەوە نرخیان بۆ دادەنا، تەنات ئەو ڕۆژەی بەنزینی"برایان" نەگەیشتایەتە شار ئەو ڕۆژە بەنزین نرخی دەچوو بە ئاسماندا، جیهانی بەنزین فرۆشتن جیهانێکی سەیرە، پێم خۆشە کە تۆش بتوانیت ڕۆژێک لەژیانی خۆتدا تاقیی بکەیتەوەو ببیتە بەنزین فرۆش؟ قسەوباسی بەنزین فرۆشەکان

وەک هەموو پیشەو کاسابییەک سەواو نرخی بازاڕو گەیشتن و نەگەیشتنی بەنزین و داخستن و کردنەوەی سنورەکان و هاتن و نەهاتنیەتی بۆ ئەوەی ببێتە بەنزین فرۆشێکی کارامە دەبێت بزانیت لە کەیدا بەنزین زۆر دەکڕیت و لەکەیدا، خۆت نادەیت لەقەرەی، هەندێک جاریش، بەبێ ئەوەی بە ئاگا بیت بازرگانە گەورەکانی حزب بەنزینیان، لە شار قڕ پێ دەکرد تا نرخیان پێ زیاد دەکردو زەرەری شەریان پێ قەرەبروو دەکردووە، تۆ دەبووایە لەوان زاناتر و ژیرتر بیت، نەکەویتە تەڵەی ئەو ڕۆژەوە، وە نەبێت ئەمە هەرحاڵی بەنزین بێت هەموو کاڵایەک لەشارەکەی من وای لێ هاتبوو، چەند یادگارییەک هەیە لە تەمەنی کورتی بەنزینفرۆشیم بیرناچنەوە، هەر ئەو یادگارییانەیە وام لێ دەکات ببمە پاریزەری گوڵ فرۆش و چەرچییەکان. جارێکیان نیوەڕۆ وادەی گەیشتنی بەنزینی "برایان " بوو، تەنیا چوار بەرمیلیان پێ مابوو لەناو ئیڤاکەوە «یاقۆ» دەموچاو هەڵزریاو بە پیشەی هەموو کاتێکی لەودیو جادەکە سەری دەرهێناو ڕیشی پێش خست و هاواری کرد چوار دانەیە هەر چواریت دەوێت. لەپڕ بەبێ بیرکردنەوە بە خۆ هەڵکێشانەوە بە بەڵێ وەڵامم دانێ و پێم گوتن (دەمەوێت بەڵام خاترم بگرن بابە سعری جاران نەبێت)، «یاقۆ» گوتی نا ئەمجارە خاترانەی تیا دەبێت، سەرکەوە پەلەمانە نوێژی نیوەڕۆمان نەکردووە. با دایگرین سەرکەوتم، بە درێژایی ماوەی گەیشتن بۆ بارەگاکەیان و بەتاڵکردنی بەرمیلەکان، بە خۆمم دەگوت، من چەند کەر وحەپۆلم، کەس هەیە لەم ڕۆژی بەنزین زۆرییە چوار بەرمیل بەسەرخۆیدا بکاتە ماڵ؟ جا دەڵێت چی تازە پەشیمان بوونەوە دادم نادات، باشترە بڵێم نیوەی هەزار پینج سەدە سەرمایەو قازانجەکەم هەر ئەوەندە بوو، بۆ دڵدانەوەشم دەمگوت من کڕیم بۆ ئەوەی هێندە بە عەرەبانەکەم شەبەقی پاڵ پێ نەنێم و نەچمە مەیانی بەنزین فرۆشەکان، هیلاکیی زۆر بوو، شەبەقی پاڵ نان بەو هەموو دەبەو بەرمیلانە. پشتی بنایمی کۆم دەکرد، جارجارەش بە خۆمم دەگوت باشە کەوابوو بۆ ڕایەکی قوسامەدینم وەرنەگرت، خۆ ئەویش شەریکە، تۆ بڵێت عادز بێت، باشە با هیچ نەبووایە بمگوتایە دووان. بۆ هەر چواری دەی قەیناکە، خۆ بەنزین «ماست نییە بترشێت» بەو خەیاڵ و ترسانە رام کێشا دەمەو ئێوارە، لەگەڵ بارکردنی بەرمیل و کەرەسەی بەنزین فرۆشی، لەناو بەنزین فرۆشەکان، هەواڵێک بڵاوبوویەوە گوایە سنوورەکانی بەنزین هاتن داخراوەو تا



وادەیەکی نەزانراو بەنزین نایەتە شارەکە، ئیدی ئەوەی کە بەرمیلێک بەنزینی هەبووایە دەبووە مەلیکی بەنزین فرۆشان..من لەناو بەنزین فرۆشەکانی ئەو گوزەرە بە «بەرازە ڕەشەکە» ناوم دەرکردبوو، دەیانگوت تۆ بەرازی لە کڕین و فرۆشتنی بەنزین، کۆمەڵێک بەنزین فرۆشی هاوڕێ، هەواڵیان بۆ هێنام کە بەنزین بووە بەئاگر، ڕاستی قسەکانیشیان بەهاتوچۆی سەیارەکان دەردەکەوێت، کەم بوونەوەی تاکسییەکان و لادانیان بۆ کڕینی بەنزین بەهەر نرخێک سیمای قاتوقڕی بەنزین بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم شەیتاری ڕۆژێکەو ئەمڕۆ مەی فرۆشە داینێ بۆ سبەی، بەیانی بەنزین ئاگر دەکاتەوە. خوا هەڵناگرێت، پیاو قسەیەک بۆ خواش بکات، بەنزینی «برایان»، بێ غەلوغەش بوو. شەوچوار بەرمیلەکەم بەزەبری نەوت کرد بە پێنچ بەرمیل، دەشم توانی بیکەم بە شەش وەلی ویژدان ڕێگەی پێ گرتم، بەرەبەیان وەک پیشەی هەموو کات، ئەم سپێدەیە زووتر لە جاران هاتمە جێگەکەی خۆم، بە تەنێ بووم، هیچ کام لەبەنزین فرۆشەکانی لێ نەبوو، کەس نەیدەوێرا بەنزین بکڕێت، هەقیشیان بوو کەس نەیدەزانی تا چەند ئەو وەزعە بڕ دەکات، پەیتا پەیتا دەهاتنە لام سڵاویان لێ دەکردم، شەیتاری بەنزینت هەیە، دەمگوت ئا بەڵام بەشی خۆم دەکات، بە گران کڕیومە هەندێکیان لەدڵی خۆیاندا بەغیلیان پێ دەبردم و دەیانزانی درۆ دەکەم؛ چمکی دوێنێ بە بەرچاوی ئەوانەوە سواری ئیڤاکەبووم و بەنزینەکەم داگرت، پەیتا پەیتا دەهاتنە لام و دەیان گوت بەخوا برا عاقڵیت کردووە، بەخوا بەرازە ڕەشە، هەر تۆ دەزانیت بەنزین فرۆشی بکەیت، بەخوا ئێمە کەر بووین هەر هیچ نەبێت کەمێکمان بهێشتایەتەوە بۆ ئەمڕۆ، بۆ هەمووی مان فەوتان، ڕۆژانی پێشتر بەینی بەنزین فرۆشێک و یەکێکی تر هەموو چەند مەترێکی کەم بوو ئەو بەیانییە، هەرخۆم لەپەسا بەنزینم دەهێناو بەئارەزوو میزاج، نرخم لەسەر دادەنا لەگەڵ تەواوبوونی هەر بەرمیلێک نرخی بەرمیلەکەی تر گرانتر دەبوو، جگە لەوەش دەبەی تایبەتیمان هەبوو دەبەی هەژدە لیتریمان بەحیسابی بیست لیتری دەفرۆشت، کەسیش نەبوو ناڕازی بێت، ئەو ڕۆژە میزیشمان بفرۆشتایە بە حیسابی بەنزین کەس گلەیی نەدەکرد. تا دەهات هەواڵی داخستنی سنوور گەرمتر دەبوو، جارجار دڵی بەنزینفرۆشەکانم دەدایەوە دەمگوت، خەمتان نەبێت هەر ئەم ئێوارەیە، بەخوا برا ئێوارە بەنزین دەگات، دەسیسەی حزبە، باوەڕی پێ نەکەن، بە چاویان دیاربوو

پەشیمانی لە نەکڕینی بەنزین، بۆ نەمان کڕی وەک تۆ؟ بۆچی عەقڵمان پێ نەشکا، من دەم گوت ئازایەتی نییە، هەموو ڕێکەوت و هەلە، باش بیزانن، ئەسڵەن گەر ئەمڕۆ بەنزینێکی زۆر خۆی بکردایە بە شارەکە ناچار دەبووایە بەزەرەر بیفرۆشمەوە، ناچار دەبووایە " حەواڵە بەگەواڵە بکەم «قوسامەدین»ی شەریکم، بۆ بەزم نانەوە پشتی ئەوانی دەگرت..بۆ سوبعەت دەیگوت تۆ بەرازیت بەخوا بۆنت نەکردبێ بەنزین نامێنێ، قەد هەموو سەرمایەکەمان ناخەیتە چوار بەرمیل، پێم گوت چوار نییە لە دوینێ شەوەوە کراوە بە پێنج، بەخوا بمزانیایە وەزع واخۆشە دەم کرد بەشەش، بەس قەیناکە خوا نەیبڕێت ئەمڕۆ خێری دوو مانگ دانیشتن بە دیار شەست بەرمیل بە نزینمان چنگ کەوتووە، من تەنیا دوو دەبەم مابوو، کە گوتیان سنوورکرایەوە، سەعات دوانزەی نیوەڕۆ بوو من تا سەعات یەک بەنرخی کاڵەک و شووتی ئەو دوو دەبەیەم فرۆشت، چوومە ماڵەوەوخۆم شت و چڵک و عارەق و بۆنی بەنزینم لەخۆکرد لێی خەوتم. ئێوارەش چوومە بازاڕ. بەنزین فرۆشەکانی تر تازە کەوتبوونە فرۆشتنی بەنزین چوومە بازاڕ، بۆ خواردنی قۆزی و برنج و فاسۆلیا دەمێک بوو، قازانج و پارەی وامان بەخۆنەدیبوو قوسامەدین لەگەڵ هەموو پاروویەک دەیگوت ئەمە نانی تۆیە دەیخۆین "بەرازە ڕەشە" دەمگوت نانی هەردووکمان تۆیش هیلاک بوویت، ڕاستە تۆ لە کاتی کڕینەکەی لێرە نەبوویت، بەڵام خۆ ئێمە هەر شەریکین، ئەو ئێوارەیە خۆشترین ڕۆژی بەنزین فرۆشتنمان بوو، کورتترین ڕۆژی چاوەڕوانی بە دیار فرۆشتن و تەواوکردنی بەرمیلێک بوو، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو، هەموو ڕۆژەکە خۆش بوو، ئەو ڕووداوەی لێ دەرچێت کە کەمێک خۆشییەکەی کاڵ کردەوە، شتێک ڕووی دا لە کاتی بازار گەرمییەکەی ئەو ڕۆژە هەتا ئێستاش ئازارم دەدات. لە گەرمەی ساغکردنەوەی بەنزین بە پارە لەو ڕۆژەدا، بەنزینم بەگران بە پیکابێکی دوو تەنی فرۆشت، جەنازەی پێ بوو زۆر بە گران پیم فرۆشتن، پێشیان گوتم کە ڕێیان دوورەو لەلادێوە هاتوون، دیاربوو کوڕەکەیان لەشەردا کوژراوە..ئێستاش لەیادمە دایکی کوڕە کە لێم پاڕایەوە گوتی خاترمان بگرە بیکەرە خاتری ئەم جەنازەیە، گوتم خاتری جەنازە لەسەرسەرم، بەڵام بەخواو پێغەمبەر منیش بەگران کڕیوومە. وام دەگوت و دایکی کوڕەکە زیاتر هاواری لێ هەڵدەستا، زیاتر سینەی دەکوتی بۆ ساتێکیش واتێ گەیشتم کە گرانیی بەنزینەکە بێت، نەک مەرگی جوانەمەرگ، گرانی



خەرجی جەنازەو پرسەکەی بێت نەک لەبەرچاو ونبووی قارەمانەکەی، لەدڵی خۆمدا دەمگوت، خراپم کرد یان باش، نازانم لەو سەردەمە باش وخراپ نەمابوو، ئەم شتەم لای کەس باس نەکرد و لەدڵی خۆم هێشتوومە..بۆ ئێوارەکەی گەڕامەوە ناو گوزەری بەنزین فرۆشەکان و لەبن دارەتووە لەرەکەی شوێن فرۆشتنی بەنزینەکەمان «حاجی مەسۆ»م لێ هاتە هاوار، کەیفم پێی نەدەهات، کابرایەکی سمیڵ فشی ورگ زل بوو حاجی مەسۆ خاوەنی ڕیزێ دووکان بوو شەکرۆکەو تایەو هەزارو یەک کاسبی تیا دەکرد، ئەو ئێوارەیە هەموو قەرزی کڕینی جگەرەی ئەو ماوەیەم دایەوە، دای نیشاندم و ساردییەکیشی بۆ کردمەوە، پێی گوتم ها بەراز، ئەمڕۆ ڕۆژی تۆ بووە، گوتم ئا لەمسەر تا ئەو سەر کەس بەنزینی نەفرۆشتووە تا من تەواوبووم گوتی ئای «بەراز» شەرت بێ لەشەرتان، منیش بەدەم وردەواڵە فرۆشتنەوە بەنزین بفرۆشم، گوتم حاجی تۆ لەخوا بەزیاد بێت خواداویەتی پێت، تۆو بەنزینفرۆشتنیان نەوتووە؟ بەنزین فرۆشی کەی پیشەی تۆیە، دایە قاقای پێکەنینێکی ناجیسم و بوغزاوی، پێی گوتم، ئای بەرازە ڕەشە، ڕاست دەکەیت پیشەی تۆیە هەی بەراز، بۆچی نازانم ئەو هەموو نەوتەی تێ دەکەیت، ئینجا دەیفرۆشیت، من ئەگەر دای نێم نەوتی تێ ناکەم من حەرام فرۆشی ناکەم. گوتم: حاجی ئێمە بۆیە نەوت دەکەینە بەرمیلەکان تا زەرەر نەکات، ئێمە بەنرخی کۆفرۆشەکان دەیفرۆشین، خێری بەرمیلێک ئەو دەبە نەوتەیە کە تێی دەکەین، ئەویش ڕۆژ هەیەحەفتا دینار، شەست دینارە جاری واش هەیە، پەنجا دینارێک دەمینێتەوە، لەیادیشت بێت، ئێمە دوو شەریکین، ڕۆژ تا ئێوارە بەم گەرمایە دە سەعات دەوەستین..قسەکانی بڕیم و گوتی ڕۆژیش هەیە خێرەکەی بەقەد دوو مانگ ئیش کردنە. گوتم، من وادەچێت بۆ سێ مانگ، بەنزین دەفرۆشم، ئەوە یەکەم جارە قازانجی وابەخۆم ببینم، خوا خێری ماڵی برایانی موسوڵمان بنووسێت ئەوان نەبووایەن، لیترێ بەنزینم نەبوو بۆ فرۆشتن –– بەراز درۆ مەکە ئەو «برایانە» کاری واناکەن بەناویانەوە نەکەیت هەڵخڵەتابیت قسەیان بۆ هەڵبەستیت ئەوانە خێر بۆخوا دەکەن چۆن کاری وەها دەکەن لاچۆ هەی بەراز تۆ تەماشا ئەم ناجسنە درۆ بە زمانی (ڕۆژو نوێژی) ئەو ئیمانداروخواترسانە دەکات. لەسەری نەڕۆیشتم ئەو ناوەم بۆ چۆڵکرد گوتم ئەم کابراعەقڵژەنگاوییە بە من چارەسەر ناکرێت.

ماوەیەکی زۆر بەدوای ئەو قسانە، حاجی مەسۆ بەلالووتییەوە قسەی لەگەڵ

دەکردم لەپشتی منەوە دەهاتوو دەچوو بەدەور، هەموو بەنزین فرۆشەکان، ماخۆلانی بوو، پرسیاری دەکرد،پرسیاری قازانج و زیانی بەنزینفرۆشی لێ دەکردن، تومەز مەبەستیەتی دای بنێ بەیانییەکیان، وەک پیشەی هەموو بەیانییەک عەرەبانەکەم بەو هەورازە سەرخست، تەماشا دەکەم لە جێگەکەی من دای ناوە، جێگەکەی من لەژێر سێبەری درەختێک بوو، حاجی ناشتبووی، من لەبەری دووکانەکانی حاجی بەنزینم دادەنا، ئەو بەیانییە کە بەرەولای جێگەکەم هاتم تەماشا دەکەم حاجی بەنزینی داناوە کوڕێکیشی لەسەردانابوو. کە بە کورە گوێ قوتەکەیم گوت بەحاجی بڵێ ئەمە جێی منە، من لەکەیەکەوە بەنزینی تیا دەفرۆشم، من دەرناچم لێرە ئێرە جێی منە، من مشتەریی خۆمم هەیە، هەموو بەنزین فرۆشەکان، شاهێدن کەجێگەکەم لەهی هەموویان باشترە، چونکە من لەسەری سەرەوەم من لە هەمووشیان زووتر بەنزینەکەم تەواو دەبوو، تا منیش لەوێ بوومایە، کەس بۆی نەبوو بێتەجێم، لەم قسانە بووم حاجی دەرکەوت، نازانم حاجی چۆن تۆ بەبێ پرس دێیتە ئەم شوێنە، پاشان من لەسەرجادە کە دام ناوە، نەک لەدووکانەکەی تۆ بەینی دووکانەکەت و سەرجادە پێنج مەترە، ئەمە جادەی تۆ نیە هی حکوومەتە، حکوومەتیش بۆیە ئێمە دەرناکات، چونکە پرۆژەی نییە، ئێمەی پێ بخاتە سەرکار، حکوومەت خەریکی خۆسازدانە بۆ شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، دووێنێ و براکانی ئەمڕۆی حکوومەت، سەری ناپەرژێتە ئێمە، جارێ ئەوان خەریک خۆخواردنن، کەی تەواوبوون لەیەکدی ئینجا ئاور لە ئێمە دەدەنەوە، من هەردەم گوتەوە ئەو نەیدەسەلماند، بەدین و بەدیانەت، بۆی دەچووم باسی گوناهەو خواناسیم بۆ دەکرد هەر هیچ «دەتگوت گوێزی بۆ دەژمێرم» ئەو کات لەناو ئێمەدا جێ فرۆشتن هەبوو هەر کەسێک بیویستایە بەنزین فرۆشی نەکات یان ڕوو بکاتە شوێنێکی تر، جێگەکەی دەفرۆشت، بەخەیاڵماهات جێگەکەمی پێ بفرۆشم کەس، نەبوو لەو ساتەوەختە، ناوبژیمان بکات، دارێکم بەرزکردبوەوە ئەو ناوەم هێنابووە جۆش هەندێک لەشۆفێری تەکسییەکان، بەهۆی خاترگرتنم بۆیان بووبوونە هاوڕێم، لەوبەری جادەکە هاتن و لەسەر من کەمێک هاتنەجواب، پێیان گوت.. مەعز بۆ خوا ..حاجی خودا دەتگرێ، جێگەی ئەم هەرزەکارە بگریت خوایش قبووڵ ناکات بەم کارە حاجی نەی دەسەلماند. پێشنیازم کرد کەجێگەکەم لێ بکرێت. لەدڵی خۆمدا گوتم زەرەرلەنیوەی



بگەڕێتەوە...پێم گوت باشە حاجی جێگەکە بۆ تۆ، بەڵام سەرقفڵانەم دەوێت، نرخی ئەم جێگەیە زۆر گرانە بە هەرکامێک لەم بەنزین فرۆشانە دەڵێیت ئەوان دەزانن بە هەر کامێکیشیانی بدەم خێری باشی لێ دەکەن، کە باسی سەرقفڵانەم لەگەڵ کرد چوو بەئاسمانا. کەوتە سمێڵ بادان ئاخر حاجی کەبێ تاقەت دەبوو،سمێڵی بادەدا ..من سەرقفڵانەو شتی وانادەم شۆستە شۆستەی خۆمەو کەس نییە سەرانەم لێ بسەنێت، پاشانیش خوای تەعالا فەرموویەتی کە نابێت سەرقفڵانە بدەم، زۆر سەیر بوو،لام چۆن باوەڕ هەندێک کات دەبێتە هەنگوین و هەندێ کاتی تریشر دەبێتە ژاریمار، باشە بۆچی لە شانسی منا سەرقفڵانە نەمێنێت، بەلامەوە سەیر بوو کە حاجییەک ئەمە هەڵوێستی بێت، بەتایبەت لەگەڵ منێکی بەسەزمان. خۆشم نەم دەزانی چییە، نەعلەتی خێری ئەو چوار بەرمیلەیە، یاخود نەعلەتی چاوچنۆکیی حاجییە، چاوی کوێرکردووە، پێم سەیربوو کە نەیدەویست سەرقفڵانە بدات لەکاتێکا خۆی سێ چوار دووکانی بەسەرقفڵانە دابوو، بەنزین فرۆشەکان هەموویان دەیان گوت ئێمە دەمانەوێت مەیدە بەو،من دەمزانی هەر دەبێت بیدەمە، ئەو تازە ئەم چاوی لەسەرە نایەڵێت کەس خێری لێ ببینێت، لەناو بەنزین فرۆشەکان قوسامەدین بەوە ناسراو بوو، کە پاسەوانیمان دەکات و لەدەردوو بەلای خەڵک لامان دەدات، لەدوورەوە دەرکەوت، هێشتا نەگەیشتبووە جێ کەبینیی خەڵک دەوری شوێنەکەی منی داوە، بەڕاکردن هاتەلام، جارێ بێ سەلام وعەلەیک هاتەلام، کێیە؟. کێ تەعەدای لێ کردووین، حاجی باڵی لێ فش کردوو پاڵێکی پێوەنا، گوتی کەس نییە لێرە بەنزین بفرۆشێت، بڕایەوە، خۆم دەی فرۆشم، سەرجادەی خۆمەو ئەم درەختەش من ناشتوومە تا دەهات ئەو ڕەقتر و من بەسەزمانتر دەهاتمە بەرچاو..شووتی فرۆش و سەهۆڵ فرۆشەکان و مۆتا فرۆشەکانی ئەو گوزەرە هاتبوونە سەیری چەلەحانێی من و حاجی. هەموویان لەوێ بوون پۆلیس نەبێت، هەموویان هاتبوون عەبا لەسەرو سفوورو تەنەکە چییەکانی، گوزەرەکە پەیتاپەیتا لە دەورمان کۆدەبوونەوە، تابزانن چی ڕوودەدات کامان «ئەم شەرە دەبەینەوە» هەندێک لەپیریژنەکان بۆ ئەوە هاتبوونە سەیری شەرەکەلەشێرەکەمان تا نیوەرۆ لەماڵەوە بیکەنە باسی سفرەی هەژارو لەپرسیارو خەمی مەزنتر خۆ قورتار کەن، هەمووی لەوێ بوو، پۆلیس نەبێت ئەوکات پۆلیس وپاسەوان سەرقاڵی خۆپڕچەک کردن خەریکی گرتنی پاس بوون بەسوغرەو بارکردنی جەنگاوەرەکان بۆ بەرەکانی جەنگ، کەس بەکەس نەبوو، سەرەنجام

"بەدۆڕاوی و بەسەرشکاوی "هاتینەوە ماڵەوە، نەسەرقفڵانەمان وەرگرت، نەهیچیش، ئیدی سۆێندم خوارد کەچی تر من بەنزینفرۆشی نەکەم دەمگوت تازە من کەرامەتم شکا، من لەم گوزەرە جێم نابێتەوە...حاجی مەسۆ، منی بەدۆڕاندن دا، ئەم زۆران بازییە بە من ناکرێت، بەڵێنم دا کە ببڕای ببڕ بەو گوزەرەشدا بەڕێ نەکەم، حاجی بەنزینی دانا، هەر ئەو دانانەبوو، ئەوەندەی خێر لەبەنزین فرۆشتن دی دوو دووکانی خاڵی کرد بۆ شوێنی هەموو جۆرێکی سووتەمەنی، ئەو یارمەتیی پیرێژنەکانی نەدەدا، بەتایبەت ئەوانەی لەجیاتی سواڵی پارە دەستیان دابووە سواڵی نەوت، خۆشت دەزانی سەرمای زستان بەهیچ شتێک گەرم ناکرێتەوە، بە نەوت نەبێت، کەواتە سواڵی نەوت لەپێش سواڵی پارە.، هەرچەندە سواڵی نەوت کەم بوو، بەڵام ئەو دەسکورتانە بڕیاڕیان دابوو کە نەبوونی، هەژاری، دەسکورتی، بەڕازی بوون بەبەشی خۆ بۆ کەس دەرنەخەن، حاجی، وەکو کە خێریشی بەوانە نەدەکرد بووبووە گرانجانترین کەس لە گوزەرەکە حاجی مەسۆی خواناس نەوت و ئاوی. بەحسابی نەوتی خۆماڵی دەفرۆشێت، زۆری نەبرد شەڕکەران بێزاربوون لەشەڕ، ویستیان یەکەم داوای لیبوردن بەوە دەست پێ بکەن کە سیمای جوانی شار بۆ سەر جارانی بگەڕێنێتەوەو شار لە هەموو سیما ناشرینەکانی پاک بکاتەوە، بۆ ئەوەی بڵێن حکوومەتەکەمان پاک و خاوینەو خەڵکی شەرەکانی لە بیربچێتەوە، شەڕکەران بۆ پاککردنەوەی گوناهەکانی جەنگ لەبەنزین فرۆشەکانەوە دەستیان پێکرد پێیان وابوو کەئەو «دەبەو رەحەتیانە» دیمەنی شاریان تێک داوە، پێویستە خەڵکی بە شەرەفی شار، وەک هەموو دونیا لەبەنزینخانەی مۆدێرندا ماشینەکانیان پڕ بەنزین بکەن، نابێت لەسەرجادە کۆمەڵێک منداڵ و تیواڵ بەپۆشتەی دڕاوو کڵاوی بەر خۆر، ئەو کارە بکەن، بۆیە بانگەوازێکیان دەرکرد، تیادا بەر لە ئیدانەکردنی «تاوانەکانی شەڕ» بریاریان دا، بەنزین فرۆش و سواڵکەرەکان مەحکوم بکەن، هەربۆیەش لەچاوتروکانێکا هەرچی دەبەی بەنزین هەبوو تیاچوون، سوتێنران، هەرچی بەرمیلیش هەبوو، لەحەوشەکەی پشتی ئاسایشەوە دەستی بەسەرداگیرا، یەکەم جار هەندێکیان بەبەرتیل بەردا، بەڵام دواتر هیچ شتێک نەیدەتوانی بەرپەرچی هەڵمەتەکە بداتەوە، سەرەتا کەس نەیزانی «ئاشت بووان»، بۆ وابەسەر ئەم خەڵکە رەشورووت و داماوەدا دێن، پاشان لەناوخەڵکا بڵاوبووەوە گوایە بڕیارەکە لەسەرەوە دراوە، دیار بوو ئۆتۆمۆبیلە جام ڕەشەکانن کەنایانەوێت سەیارەکانیان بەنزینی سەرجادەی تێ



بکرێت، ڕێکخراوە خێرخوازو مافدۆستەکانن کەنایانەوێت منداڵ لەخوار هەژدەساڵ کاری قورسی پێ بسپێردرێت، هەمووشی درۆو دیزە بەدەرخۆنە بوو، دواتر دەرکەوت کەئەمە فێڵی حزبەو دەیانەوێت «سووتەمەنی فرۆشتن»ەی حزب بێت و لەگەڵ زەبەلاحەکانی بازار لەگەڵ بەچە بازرگانی نموونەی حاجی مەسۆ دەست لەناودەست ئەم میللەتەبرسی بکەن، من دوای ئەوەی دەستم لەبەنزینفرۆشی هەڵگرت لەجیاتی بەنزین فرۆشتن لەسەرجادەکان، لەو زەمەنەی کەخەریک بوو، نێرگزەکان بێنەوە ناومان، لەو زەمەنەی کە وەرزی سەمای سروشت دەستی پێ دەکرد بیرم لێ کردەوەو نییەتم هێنا لەنوێژی جومعەو لە بەردەم مزگەوتەکان و لەجومعەو زەکات و زیارەتی ئازیزان، ببمە فرۆشیاری گوڵەکان، لەجیاتی ڕیزکردنی دەبەی بەنزین، چەپکەگوڵی سوروپەمەیی و سپی و نێرگز بەدەستەوە بگرم و بەعاشقانی گوڵی بیفرۆشم، یەک دوو ڕۆژێکیش خۆم خەریک کرد، دواتر کارەکە مەیسەرنەبوو، چونکە شارەکەی من ئەوەندە گوڵی نێرگزی تیانییە کە بەشی فرۆشتن بکات، شوێنێکی نییە بەناوی مەیانی گوڵفرۆشەکان، گوڵی تیابفرۆشن مێترۆشی نییە، دەسگێرەکان گوڵی تیا هەڵخەن، ئەوەندەش عاشقی نییە، کە ئارەزووی بۆنی گوڵ و رەنگی خۆشەویستی بکات، کەسوکاری مردووەکانیش لەسەرقەبران لێیان نەدەکڕیم زۆریان بێخەبەربوون لەوەی کەگۆڕەکان بە رەنگ وبۆنی گوڵەکان شاد دەبن، ئەوان مەلا کوێرەکان پێیان گوتبوون مردووەکان بەبۆن دەکەون، نوێژیان لەسەر بکەن دوعای خێریان بۆ بکەن، فاتیحایان لەسەر بخوێنن، شیوەنیان بۆ بگێڕن، بوخوردیان بۆ بسووتێنن، وەلێ وریابن هەرگیز نەکەن هەڵنەخەڵەتێن، گوڵ لەسەر گۆڕیان بەجێ مەهێڵن، گوڵ کوشتەی ڕۆحی مردووەکانە، لێ گەڕێن باجارێکی تر نەمرن، لێ گەڕێن زیندوویان مەکەنەوە سەمەنگوڵ، ئێستا بۆت ڕوون بووەوە بۆچی من پشتگیریان دەکەم، هاوڕێ تۆش مەبە بە «براکوژەکان»، ئەوان نازانن شار لەدوای شەرکردنی ئەمان ماڵئاوایی لەجوانی کرد و بڕیاری دا بۆ تۆڵەی ڕۆژە سەختەکان،لەجیاتی گوڵفرۆشی بەنزینفرۆشی بکات و دەست لەبەنزینفرۆشی هەڵنەگرێت، من ئەم هارمۆن ژەنە برۆنزیانە بەهی خۆمانی دەزانم، لێ گەڕێ با گوڵفرۆشی بکەن، لێ گەڕێ با کەمانژەنی کەن، هیچ نەبێت بە ئاوازە ژەنگ لێدراوەکانیان، بە بۆن و ڕەنگی گوڵەکانیان بە سرووتی سواڵی چەلوزیان، کەمێکیش بێت گوناهەکانمان پاک بکەینەوە.

## ١٥ شتێک نییە بە بچووکی لەدایک بێت، هەمووشتەکان بەگەورەیی لەدایک دەبن، بەڵام لەسەرەتادا ئێمە بە بچووکی دەیان بینین!

(بۆچی دەبێت، قەدەرەکان، بە پێچەوانەی خواست ورازەکان هەڵکات، رێکەوت و هەل بۆ دەبێت لەکاتی خۆیدا ڕوونەدات).

شەیتاری، پێت نەگوتم ئەو باوەڕە کامەیە کە تۆ بووبوویتە موریدی فەرمایشتەکانی، کێبوو هانی حزبایەتی دایت؟ چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟

– لەڕاستیدا بۆ یەکەمین جارە، ئەم پرسیارەم لێ بکرێت، کەس زاتی پرسینی وای نەبووە، تۆ نەبێت. بۆیەش بۆ یەکەمین جار بە ڕاشکاوی و بێ پێچ وپەنا، وەڵام دەدەمەوە، سەمەنگوڵ، من لەڕقی ترسەکانی باوکم بوومە حزبی، دواترییش کە تێفکرینم بۆ دونیا زیادبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر لە باوەشی باوەرێکی تر خۆمم گرتەوە باوەڕیک نەحەقی بەچەپ نە هەقی بەڕاست، نە عەلمان–ی نە ئیسلامی، نەنەتەوەیی، نەخۆفرۆش، نەجاش، نەدز، نەدرۆزن هتد، باوەرێکی سەیر ڕەنگە نەبوونی پرەنسیپێکی دیاریکراو لەناو ئەوحزبە، تاقەنەهێنی مانوسرِی پێشکەوتنی بووبێت.

– ناوی چی بوو؟

.ناوی حزبی «جنێو فرۆشان»ە پێم وابوو، حزبی جنێوفرۆشتن، تاقە حزبە کە دەتوانێت گرەو لە پەیرەو و پرۆگرامی هەموو حزبەکانی تر بەرێتەوە.، لەو ماوەیەی کە من بوومە لایەنگرو دۆست، ئەو کات باوی ئەوە بوو، براو دژە بۆچوون، واتە دوژمن و نەیاریش یەکسانە بە برا.

– تێ ناگەم مەبەستت چییە؟ لە برا یەکسانە بە دوژمن، دوژمن دوژمنە، براش برایە.

.ئێمە وا گۆش کراوین، هەموو «یارو براکان» دوژمنن، هەموو دوژمنان و



ئەخیارەکانیش «بران»، لەخۆمانەوە میللەتمان تووشی شەڕێکی تورەهات کردبوو پێمان وابوو کە لەناوبردنی یەکدی، خۆشگوزەرانی، ئاسوودەیمان بۆ دەهێنێتە ئاراوە، نەمان دەزانی کە کوشتن و لەناوبردنیان، فەوتان و کفتیی خۆشمان دەگەینێت، ئەمە وەنەبێت بە تەنیا بۆچوونی «من»ەکان بێت، باوەری «تۆ»ش هەمان تێڕوانین و بۆچونی هەبوو، ئەی پەیمان بەستەکەت لە بیرچوو، لەیادت نەماوەکە یەکەم ویستگەمان لەژێرناوی من و تۆ...دا، بەست.من بۆ شەیتاری؟ تۆ لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی من لەوێ لەگەرمەی هەڵچوونە بەناوبانگەکانم بووم، بەترس و لەرزێکەوە، یەکێک نازناوی بەلەسەبوونی فەریکە سیاسییەکی بەسەردا، سەپاندبووم، یەکەم جار وا تێ گەیشتبووم دەستی خێری بۆ ڕاکێشاوم، و سەروەرییەکی گەورەیە، مرۆڤێکی بەتەمەن بچووک و هەرزەیەکی تازەموو دەرهاتوو، نازناوی فەریکە سیاسی لێ بنیشێتەوە. ئێستاش بەگومانم لەوەی کە بەلەسەبوون و فەریکە سیاسی، بەختەوەریی بەدوادا بێت، هەر وابوو بەلەسەبوون بە تەواوی کارو کردەوەمدا شکابووەو، لەو زەمەنەی کە من جنێوم بەهەموو شتێک دەدا، تۆیش لەدژی من و باوەرەکەم باوەری چەپی جنێو فرۆشانت داهێنابوو، پێت وابوو دژایەتی کردنی جنێودان بەوە دەبێت، حزبێک دروستکەیت، ناوی بنێت حزبی چەپی جنێو فرۆشان، بەوخەیاڵ و بەدگومانەی هەموو ڕاستێک دەبێت چەپێکی هەبێت، لەبەرئەوەی مەی و مەیخانەو مەستی هەیە، دەبێت ڕەشە موسڵمانیشمان هەبێت!؟ هەر ئەوەش نەبوو. من لەناو هاوڕێی حزبیەکانمدا بەداهێنەری پۆزەکان ناسرابووم، بۆ پێکەنینیش لەناوخۆیاندا دەیانگوت گەر بتەوێت فێری پۆزو فیزو خۆ هەڵکێشان بیت، بچۆرە پەیمانگاکەی شەیتاری لەوێ تازەترین شێوازی فیزو باشترین جۆری لە خۆبایی بوون دەبەیتەوە من کە ئەو ناو ناوبانگانەم لێ نرا، هێشتا تازە بوو لە سەگمەرگی ڕزگارم بووبوو جارێکیان بەهۆی هەڵاتنم بۆ ئەودیوو سنووری ژیان، جارێکیش بەهۆی کوشتن، ئا من لەوێدا لەو زەمەنەی کە تۆ خەونە بچووکەکانت، لەبەرچاوی خۆت گەورە دەبوون و پەیتا پەیتا ڕێکەوت دەهێنایەدی.. من لەوێ وازیم بەژیانی خۆم دەکرد، نەمدەزانی یانی چی، گەر مرۆڤ تۆمەتی کوشتنی بدەنە پاڵ، یاخود تووشی بەلەسە بوون بێت و لەپاڵیا، لاف و پۆزو شتی تریش نیشان بدات، بەخەیاڵیشیا

نەیت لەپیناوی کێ ناوی وەک بکوژێک دەرکەوێت، خەتای منیش نەبوو کە شانازییم بەوە دەکرد کە من بکوژی بۆرە زەلامەکان بم، یاخود فەریکە سیاسی و داهێنەری پۆزەکان بم، حزب ئا.. حزب و بەری جنێوفرۆشان وای لێ کردبووم کە وابزانم، واتێ بگەم کە بکوژی مرۆڤەکان خاوەن پاییەکی بەرزن و لە داهاتووشدا، پلەی بەرزیان دەدرێتی نەمدەزانی کە پێچەوانەکەی ڕاستەو مرۆڤ کاتێک کە نازناوی بکوژی بەسەردا دەسەپێت، بایەخ و پلەی لەناو کۆمەڵدا نەک هەرکەم دەبێتەوە، بگرە قێزیشی لێ دەکەنەوە، با لەناو خەڵکیشدا بۆ ساتێکی کەم هەست بەسەربەرزی بکات، نەشئەی پێ وەربگرێت، خۆ لە جێ خەویدا ترسی ئەو ناوەی هەر لەسەرە، من زۆر شەو هەبوو لە ترسی کوشتنەوەم، خەوی ناخۆش ناخۆشم دەبینی، تەپەی دڵیشم زیاد لە ئەندازە لێی دەدا، تا وای لێ هات، لەتەمەنی هەرزەکاریدا، تووشی نەخۆشیی دڵەڕاوکێ ببم، ئەو دڵەی کە بەهیچ کام لە نەشتەرەکانی کەون، پێیان چاک نەکرایەوە، لە گەڵمایت سەمەنگوڵ؟ سەمەنگوڵ وەک بڵێین بیری کەوەتەوە کە ئەویش لەگەڵمدا هاوخەمی میترۆیەو بەر لە هەمووتان مێترۆی بینیوە، ڕوری کردەوە من و گوتی! هەرحزبیش نەبوو، منیش ئافەرینم لێ دەکردی، لە بیرتە کە دەمگوت بکوژی پیاوەکان، پۆلاخۆرن، پۆزەکان ویقارت بۆ پەیدادەکەن، بەلەسەبوونیش لە سەرۆکەکانمانەوە بۆتە"ویسلی ویقار". هیچ مەترسە هاوڕێم، بەردەوام بە..
سەمەنگوڵ بوەستە تۆ پێت وایە هەموو شتێک بە بچوکی لەدایک دەبێت، بەڵام من پێم وایە شتێک نییە بە منداڵی لەدایک بێت هەمووشتەکان بەگەورەیی لەدایک دەبن، وەلێ لەسەرەتادا ئێمە بە بچووک دەیانبینین، ڕقەکان، سۆزەکان خەمەکان، گوڵەکان، ئەستێرەکان، باوکەکان، دڵەکان، براو هاو مەشرەبەکان، یەکماڵەکان، یەلانچییەکان، دایکە گێلەکان و خوشکەکان هەموویان گەورەن و بەگەورەیی لەدایک دەبن، تەنیا خۆشەویستی نەبێت «تاقانە» بە بچووکی لەدایک دەبێت و لە هەرزەکاریدا چرۆ دەکات و بەرلە چرۆکردنیش پووش و پەلاش و مێشەکان دەوروخولی دەدەن و لەناوی دەبەن و ناهێڵن چرۆیی بەخۆیەوە ببینێت، سەمەنگوڵ من لەمنداڵیمدا، کەشەوان دەخەوتم لە جێگەکەمدا بە بەتانی و سەرینەکەم خوشکێکی وهەمیم بۆخۆم دروست دەکرد، وام دەزانی گەر خوشکم هەبێت پێکەوە لەیەک پێخەفدا وەک خوشک وبرا دەخەوین تا پاشتر لەئەنجامی هاتوچۆم، لەناو تونێلو و گەران بە نێو وێستگەکانی



میترۆو بیرکەوتنەوەی مەرگی سلاخی، بۆم دەرکەوت. من لەوەهما ژیاوم، چونکە گەر باوک و دایکمان خوشکیشمان بۆ دروست بکەن. نە ڕۆژێک لە گەڵیاندا، پێکەوە دەخەوین، نە ڕۆژێکیش پێکەوە وەکو هەموو خووشکە وەهمییەکان قسە دەکەین. چونکە کە خوشکەکان لە دایک دەبن ئەندامەکانی لەشیان بە بچووکی لە دایک دەبێت، تامی ئەو خوشکە وەهمیانە نادەن،کە بە گەورەیی بۆنی دەمیان دێت، قژیان چەوری و بن باڵێشیان بۆن شەهوەت بەردەدات ئاگاداریت لەفێڵی بەدگومانی قەدەرەکان، سەمەنگوڵ، هێشتا هیچ لەبارەی گەمژەیی خۆمم بۆباس نەکردوویت، من هەتا نەهاتبوومە ئێرە....خۆمم ناونابوو زاناو دانا تا ڕۆژێک لە خۆمەوە ژیریم لە بیر چووەوە، زیرەکیم لەبەرچاو کەوت کە گەیشتمە ئێرە خۆم بە گەمژەیەکی ئەم زەمانە بۆ دەرکەوت خۆشم نازانم بۆچی و چۆن ڕێم کەوتە ئێرە هەتاکو ئێستاش دەپرسم قەدەربوو یاخود ڕێکەوت منی گەیاندە ئێرە گەر قەدەر بێت بۆچی هەمیشە دەبێت قەدەرەکانی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئارەزوو خەوە بچوکەکانی بنیادەم هەڵبکات؟ گەر ڕێکەوتیشە بۆچی دەبێت لە کات و شوێنی خۆیدا ڕوونەدات؟ من دڵنیام قەدەر نەیهێنامە ئێرە، من بەزۆری زەوقی قەحپەیەک لە پێخەفی میرزا ڕۆستەمی گەورە «خان» هێنرامە، ئێرە ئەو قەحپەی—ە منی بەوێنە دیبوو «میرزا»ی بەوە هەڵخەڵەتاندبوو کە من دەبێت بگەمە ئێرە تا پێکەوە پارەو پوول بنێن بەیەکەوەو بۆ ڕۆژی رەش هەڵی گرین، دەنا من چیم دابوو لەم کەریەتییە، میرزا ڕۆستەمی خان لەبەر ئەوەی ئەسیری ژنە بێفکانییەکان بوو، لە فرمانی دەرنەدەچوو، میرزا ڕۆستەم دەستی لەگەڵ هەموو کەسێکدا تێکەڵ کردبوو، بۆیە بە ئاسانی و خێراو بە پەلە، لەچاوترووکانێکدا، لەشاری پۆز هەڵکەنرامو بێ ئاگایانە بەرەو ئێرە هێنرام لەو ڕێیەدا، بوومە هاوڕێی کۆمەڵێک هیچ وپووچ، هەندێکیان تیابوو کۆنە حیزو هەندێکیشی فریودان بووبووە پیشەی ڕۆژانەی ژیانیان، ئەو چەتانە وایان کرد نەگەمە شوێن مەبەست، باشیش بوو من نەگەیشتمە ئەو مەملەکەتەی کە ئەوی لێ بوو، باشیش بوو کە میرزارۆستەمی خان هەر زوو بە مەکرونازو ڕازی ئەو ژنەی زانی، گەرچی پێش وەختی بە ئاگابوونی میرزا ڕۆستەم زیانی پێ گەیاندم، بەڵام گەربهاتایە پێی بزانیایە، دەستم لەگەڵ ئەو ژنە تێکەڵ کردووە منیشی لەگەڵ خۆدا ڕاپێچی مەرگ دەکرد، میرزا لەچاوتروو کانێکدا، وازی لێ هێنا، وەکو کە وازی

لەوهێنا لە نیوەی ڕێگا، منیشی بەجێ هێشت و دەسی دەسیی پێ کردم!؟ بۆ ئەوەی بکەومە بۆسەی چەپەڵترین و بەد ناوترین جۆری خەڵک بۆ ئەوەی بکەومە بۆسەی درۆو ژیانی تورەهاتی بێشەرەفی چەتەکان. من دەمزانی کە میرزا رۆستەم منی خۆش نەویستوە، هەمیشەش بەدوای ئەوە دەگەڕام، بزانم بۆچی ئەو چاکەیەم لەگەڵ دەکات، بۆچی لە ناکاو بڕیاری دا بگەمە ئێرە، تا پاشان بە بەجێ هێشتنی بۆ من لە نیوەی ڕێگا، بۆی دەرخستم کە ئەو ژنە بووە دەنا بۆچی لەپاش جیابوونەوەیان منیشی بەجێ هێشت؟ بەڵگە نەویست بوو کە میرزا رۆستەم بەر لە ئاشکرابوون شەیدای بووبوو خۆشی دەویست، نەخێری بۆ نەیدەگوت، دەنا لەبەرچاوی کاڵی من نەبوو، هەرئەوەندەش بەسە بکەویتە بۆسەی مەرگی چەتەیی قاچاخەڕێ، گەلێکی تیایە باس بکرێت، هێندە پیس وچەپەڵە، پیاو شەرم لە باسیان دەکات، من نامەوێت بە هیچ شێوەیەک سەری تۆی پێ بێشێنم، ئەوەندە هەیە کە پێت دەڵێم «زۆرێکی لە پاش پەڕینەوەو ڕزگاربوون لەمەرگێکی نادیار، بە فەخرەوە دەکەونە باسی ئازایەتی و تورەهاتەکانیان»، من هەر ئەوەندە باس دەکەم ئەوەی کە گەیشتە ئەمبەر، گەیشت، لە گەیشتنی بەم بەر، هەمیشە ئەوە دەڵێتەوە گەر هەموو ئەم دنیایەی لەسەر تاپۆبکەیت جارێکی تر ئامادە نییە خۆی لێ بداتەوە»، لەبەر ئەوەی لەبێ مۆڵەت برینی سنوورەکان، مافی بۆقێکیشت نییە، بە ئازادی و بێترسی نیشانگرەکان، هەنگاوە ڕێیەک هەڵکەیت، کە دەگەیتە ئێرە، لەسەرەتاوە، زۆر بەگەرمی لەگەڵ شتە تازەو نەبینراوەکان ڕادێت، تا وات لێ دێت، لەپاش ماوەیەکی کەم شتە کۆنەکانت لە بیر دەچێتەوە، کۆن و بەسەرچوو، وەک دایک و گەڕەک، قۆتابخانە، دراوسێ، جگەرەکێشانی ناو ئاودەستی مەکتەبەکان، نووسینی سەردیوارەکان، قوسامەدین، حاجی مەسۆ، نیژیرپە، بەسیا و پورە خەجێ و سڵەی قەساب و زۆری تر. کە جێی باسکردن نییە. بوونیشم بە جابی مێترۆکان، سەرباری ئەوەی شتێکی نوێیە، خەمێکی ترە پرسیارێکی ترە هەمیشە سەغڵەتم دەکات، هەمیشە دەپرسم. من بۆچی بوومە ئەندام لەحیزبی جنێو فرۆشان و نەبوومە ئەندام لە حزبی چەپی جنێوفرۆشان، هەمیشە دەپرسم بۆچی من بەرپرسی پەخشکردنی جنێوەکان بووم نەک بەرپرسی بڵاوکردنی پەیڤە یاقوتییەکان، بۆچی زەوقی قەحپەیەک من بهێنێتە ئێرە، نەک ویستی میرزا رۆستەم خان.



## ١٦ ڕەشکۆ شێرکوژ هەر زوو ترسنۆکی خۆی لەمەڕ مەخلوقاتەکانی دونیا نیشان دا.

ئەو شەوە کە لە دەرگادرا، چاکەم تازە یەکەم قوڵپی دەم کێشانی دەست پێ کردبوو، بەرەولای دەرگاکە رۆیشتم بەر لەکردنەوەی لە چاوی دەرگاکەوە، سەیرێکم کرد، تەماشا دەکەم، خانمە هەشتا ساڵەکەی هاوسێمە، بە خۆمم گوت ئەم پیرێژنە بەم نیوەشەوە چیی دەوێت، خۆ من جگە لە بەیانی باش و سڵاوێکی ساردو سڕ هیچی تر شک نابەم بەم درەنگ وەختییە.بیبێتە هۆی سەردانم هیچ لە خۆم رانابینم. تۆ بڵێت قوڵپە قوڵپ و دەم کێشانی چا درەنگ وەختەکەم بووبێتە مایەی بارشێوان لە دەرودراوسێکان، باوەڕ ناکەم بۆ ساتێکیش من لە ژیانم نەبوومەتە مایەی بارگرانی بۆ کەس، ئاخر منێکی جابیی مێترۆ، بێحاڵ وباڵ دەبێت چی بێت؟ هۆی ئەم سەردانە، ناوەختییە..هەرچییەک بێت، گوتم دەرگا دەکەمەوە بە ئەسپایی دەرگاکەم کردەوە،

– زۆر بەڕێزەوە خانمەکە کەمێک شپرزەیی دای گرت و گوتی داوای لێبووردنت لێ دەکەم، دراوسێ هیوادارم، لە کاتم نەگرتبێتی، لێم تێک نەدابیت، ئومێدەوارم، نە بووبێتمە مایەی نیگەرانی و بارشڵۆقیت.

– بێگومان نا. فەرموو خانم فەرموو، تەنیا ئەوە نەبێت کە چاکەم لەسەر ئاگرە، دەتوانیت بێتە ژوورەوە گەر ئارەزوش دەکەیت چایەک پێکەوە دەخۆێن.

– چا بەم نیوە شەوە، «وەڵا خۆخراپیش نییە»، بەڵام من زیاتر بۆ پرسیاری شازادە کەم هاتووم، گوتم بەڵکا لە لات بێت..

– ببوورە خانم، من تێ ناگەم مەبەستت چییە، ئەوەی ڕاستی بێت، ئێستا لە کار گەراومەتەوە، نەشم زانیوە، کە شازادەت هەیە، ئەوەی من بیزانم تۆ تەنیایت؟!

– نا من وشازاده" کیتی " ی ئازیز، پیکەوە دەژین، بەڵام لە ئێوارەوە دیار نییە؟ لە ئێوارەوە چووەتە دەرەوەو نەهاتووەتەوە ماڵ.

– دڵنیابە لای من نییە؟ پاشان لای من چی دەکات؟ چۆن دەتوانێت بێتە ژوورەوە، من هەموو دەرگاکانم قفل داوە، پەنجەرەکانیشم تۆزو پیسی، ڕێگەی هاتنەژوورەی شازادەکەت نادەن.

– تۆ بگەڕێ بزانە، ژێر قەرەوێلەکەت یاخود لە هەیوانەکەت، بەڵکا لە سووچێکی مەتبەخەکەت، خۆی حەشاردابێت و لە من ڕەنجا بێت؟ ئەوەی ڕاستی بێت خەتای خۆشمی تیایە دووسێ ڕۆژە داوای چونەدەرەوە دەکات من نایبەمە دەرەوە.

کەمێک توورە بووم، گوتم خۆشازادەکەی تۆپشیلەو سەگ نییە لە ماڵی من خۆی شاردابێتەوە، تا منیش ژێر قەرەوێلەو هەیوانی بۆ بگەڕێم.. خانم ببوورە ئەم تۆمەتە گەورەیە مەخەرە پاڵ من.

– با دراوسێی نەزان، ئازیز شازادەکەم، پشیلەیە، هێندە خۆشەویستە، هێندە دڵگیرە، هێندە هەست ناسکە، من بەشازادەی خۆمی دەزانم.

– تێ گەیشتم، فەرموو وەرە ژوورەوە دەتوانیت، چایەک بخۆینەوە بەدەم گەران بەڵکا بە دەنگت، بتناسێتەوە خۆی دەرکەوێت

– زۆرسوپاس، سوپاسی ناوێت، گەران بەدوای شازادە ونبووی تۆ بەکارو ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم.

پیرێژن بەدەم چاتێکردنەکەوە، پرسیارێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراوی هەژاند «بای کۆنی بە باکرد»...هاوسێ لە وڵاتی خۆتان..پشیلەتان هەبووە؟

– پشیلە! بەڵێ، بەڵێ، بێگومان، بەڵام باوکم دەیکوشتن!

– چۆن؟ چۆن دەستی چووتە کوشتنی پشیلەکان، سەیرە، بۆ باوکت هێندە درندەبووە؟

– نا ببوورە خانم تۆ بە هەڵە تێگەیشتی، باوکم هێندە شەرەنگێز نەبووە، وەلێ باوکم هەر زوو ڕک و ترسی لە مەڕ دەرکەوتنی پشیلەکان نیشان دەدا لە هەر کونجێکی سەربان پشیلەیەک دەرکەوتایە بێ یەک و دوو دەکەوتە گیانی، باوکم



لەحەوت ڕۆحیی پشیلەکان، نەدەترسا ئەو بڕیاری دابووکە ببێتە بکوژی پشیلەکان، ئەگەرچی بۆ ئەوکاتی ئێمە پشیلەکان خزمەتێکی زۆریان دەکردین، لە دەرکەوتنی مشک و جرجەکانی بن بان و سەربان و ناو زێرابەکان، نەجاتییان دەداین. کەچی ئەو بەردەوام بەدویان دەکەوت و لە کوشتنی پشیلەکانی گەرکی خۆمان و دوو گەرەکیش لەودیو ماڵی خۆمان، راوی دەنان ماوەیەکیش لە کوشتنی پشیلەکان وەستا، چونکە لەماڵی ئەو دیوی گەڕەکە کۆن وگڵەکان، لەپشت ماڵی ئێمە، لە ماڵێک لە ماڵە هەژارەکان جرجێک لووتی منداڵێکی خواردبوو، منداڵەکە لەناو بێشکەیەک گرمۆڵەنرابوو، دەست و قاچیشی زیندان ئاسا بەستراببوون، کەسیشی لەلای نەبوو فریای کەوێت، دایکی خەریکی دروستکردنی ماش و لەواش بوو، لەبەر دەنگی پەرەمێزەکەو لەبەردووکەڵی ساجەکە، گوێی کپ و هەستی کزکربووبوو زارۆکیش لە بێشکەدا بەدەم ئازارو هاواری لووت خواردن و خوێن ڕۆیشتن، دڵی مرد کەمێک ئەو ڕووداوە ترسی خستە دڵی باوکم و هاوبیرانی، بەڵام کە بینی ژمارەی پشیلەکان لە ژمارەی جرج و مشکەکانی گەڕەک زیاترەو کەسیشمان نییە زارۆکی سەربێشکە بێت، ئیدی بڕیاری ئاگر بەستی لەگەڵ پشیلەکان شکاند، پشیلەکان بە شکاندنی ئاگربەست بێ ئاگابوون، بە پیشەی جاران بەمیاو میاویان خەویان دەزڕاند نیوەڕۆیەکی هاوین، بڕیاری دا، بێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەختی پشیلەکان، دەست بە کوشتنیان بکاتەوە، کوشتن و هەڵکوتانە سەرمۆڵگەی پشیلەکان بووبووە خوویەک، لەزەتێکی سەیری لە لەگۆڕنانی پشیلە، دەبینی ماوەیەکیش کە شارەوانی شار دەستی کرد بە هەڵمەتی پاککردنەوەی شار، لە پشیلەو سەگەکانەوە دەستی پی کرد، حاکمی شارو شارەوانی ئەو کات پێیان وابوو، شار بۆیە پیسە چونکە سەگی گلاوو پشیلەی گەڕۆکی زۆرە. لەو بەینەدا، باوکم هەندێک جار دڵشادو هەندێک جار غەمگین و نارەحەت دەیڕوانییە ئەو پاکسازییەی شارەوانی! دڵشادبوو بەوەی کە کەسولایەنێکی تر هەیە لە گەڵیدا هاوبیرەو لە دژی پشیلەکان دەجەنگێ، نیگەرانیش بوولە ترسی ئەوەی نەبا پشیلە کوشتن هێندە زۆر بێت لە شارەکە بەشی ئەم نەمێنێت و لەخوو لەزەتی کوشتنیان بکەوێت. باوکم زۆرحەزی بە کوشتن و سەرپان کردنەوەی پشیلەکان بوو، کاتێک کە پشیلەیەکی بەردەست بکەوتایە دەرگاو پە

نجەرەکانی لێ دادە خست و بەدار گسک و کوتەکێک و یاخۆ هەر هیچ نەبێت بە نەعلی دڕاو دەکەوتە گیانیان تاقەتێکی سەیری هەبوو لە ڕاونانی پشیلەکان، ئەو بە دەنگومێلۆدیاو ریتمی مرداربوونی پشیلەکان، بست بست باڵای دەکرت. وەک ئەوەی گەمەیەکی گەورەی بردبێتەوە ئەو چاوشارکێی لەگەڵ پشیلەکان دەکرد بە دوایان دەکەوت، وەختێکی باشی لە گەڵ سەرف دەکردن هێندەی مەراقی بوو پشیلەیەک بدۆزێتەوەو بە دوایدا ڕابکات هێندەی حەز لەگەمەی منداڵەکانی خۆی نەدەکرد ئەو کوشتنی پشیلەکانی کردبووە خوو «پەیام»، جارجارە منیشی دەخستە ئەوگەمەیەوە، دەیویست منیش وەکو خۆی لێ بکات، جار هەبوو کە پشیلەی بەگیر دەهێنا بە منی دەگوت:

– کوڕی خۆم مەهێڵە دەرباز بێ، دەی کوڕم با ئەم پشیلە حەوت ڕۆحە بکوژین، من تەنیا لەو کاتانەدا هەستم دەکرد کە باوکم خاتری منی بوێت، تەنیا لە کاتی ڕاونانی پشیلەکان منی زۆرخۆش دەویست، زۆرجار بەدەم ڕاونانی پشیلەکانمەوە دەمگوت بابە کە دەزانی حەوت ڕۆحەو کوشتنی ڕۆحەکانی زیانمان پێ دەگەیێنێت بۆ ئەزێتی دەدەیت؟ با دەربازی بکەین، با ئازادی بکەین،، ئەویش بەچەی هەیە چاوەڕێی دەکەن گوناهی ئەو نییە!؟ گەر ماڵی نەبێت گەر فەقیرخانەیەک نەبێت، پشیلە بگرێتە خۆ،! ئەم پشیلەیە لە ناچاری هاتووەتە ماڵی ئێمە، پشیلە من دەزانم عیزەتی نەفسی هەیە حەز بە ئازادی دەکات، حەز دەکات گەڕۆک بێت، پشیلە هەموو ئەم سەربانانە بەهی خۆی دەزانێت، پشیلە نایەوێت، لە ڕووبەرێکی سنووردارردا بژێت، پشیلە گیانە وەرێکی ئازادە، نایەوێت کەس بە سەرسەریەوە حاکم بێت، پشیلە دەیەوێت خۆی حوکمی خۆی بکات، ئێمە لە گەرۆکیی پشیلە تێ ناگەین و بە سپلەی ناو دەبەین. ڕەنگە باوکیشم ئەمەی زانیبێت، بۆیە ویستوویەتی هەرچی زووە سەریان پان بکاتەوەو نەهێلێت لەهیچ سووچێکی ماڵەکەدا سەر دەربکەن، یاخود هی ئەوە بێت کە باوکم خۆشی ژێر دەستە بووەو نەیدەزانی ئازادی مانای چییە! بۆیە نەیدەویست بەسەر ئەو ڕێبازو بیرە یاخی بێت و تازە بەتازە بەم ئاخری عومرە، واز لە کوشتنی پشیلەکان بێنێت و بهێڵێت سەربەستانە، ئازادانە بەسەرسەربانەکاندا بێن و بچن و بە ئارەزووی خۆشیان، سەر بکەنە تەنەکەی خۆڵەکان، ئەو هەر بە پشیلەو



منداڵەکانی دەیوێرا؛ چونکە دەیزانی پشیلەو زارۆکەکان، تواناو هێزێکی زۆریان نییە، بۆ بەرەنگاریی، باوکم دەیویست ئازاری گیانداریک بدات کە لە خۆی کەم تواناتر بێت، زیندەوەرێکی بێ گۆبێت. زۆر سەیر بوو لە پاش کوشتنی هەرپشیلەیەک و بارکردنی بەعەلاگەیەکی ڕەش و فڕێ دانی لەو دیوو کەلاوەی گەڕەک، لەپاش کەمتر لەنیو سەعات هەرچی بەچکە پشیلەو هاوڕێی پشیلە کوژراوەکەی ئەو ناوە دەهاتنە قەراغ سەربانەکەمان بەمێلۆدییەکی پرسە ئاسا دەیان میاواندو سرووتێکی سحراوییان بەسەر سەربانەکان بەجێ دەهێش، وەک بڵێین دەزانین کە تۆی بکوژی دایکمان، تۆی بکوژی هاوڕێ ئازیزەکەمان، بۆ کوشتت؟ درندەی زیندەوەران بە دەنگیان ئەو هەستەیان لا دەبزوانم لە باوکمیان دەپرسی، بۆ کوشتت!؟ ئەو بەسەزمانە تاوانێکی وای نەبووە، ئەو هاتووە ماڵەکەت، لە مشکەکان ڕزگار بکات، تەنیا تاوانی ئەوە بوو کە سەری نابووە تەنەکەی خۆڵەکەتان ئەوتەنەکە خۆڵەی کە بە دەگمەن پارچە گۆشتێکی زیادی یان ئێسقانە مریشکێکی هەڵ نەکرێنراوی تیا دەربکەوتایە. نەدەبوو سزای مەرگی بێ دادگاییت بەسەردا بسەپاندایە، هیچ نەبوایە، با دادگایی بکرایە! بوەستە بەڵام کێ دادووەر بێت؟

– خانمی ئازیز! هەر باوکیشم نەبوو کە بووبووە بکوژو فریونانی پشیلەکان، هەموو خەریکی پشیلە ڕاونان بوون، لە گەڕەکی ئەودیومان مامۆستا «قاشپاشا»ی هاوبیرو هاومەشرەبی باوکم، ناوبانگی بە تیرکوژی پشیلەکانەوە دەرکردبوو، تیروکەوانی بۆ کوشتنی پشیلەکان دروست کردبوو، تاقی ئێواران لەشوێنێکی دوورەوە بۆیان دادەنیشت بەدەم عارەق خواردنەوە، هەڵدانی پێکەکان بێ تاقەتی و وەرس بوون، لەم ژیانە بە ئازاردانی پشیلەکان دەردەکرد، نیشانەی تێ دەگرتن و بەتیرە ژەهراوییەکانی دەیکوشتن، هێندە شارەزابووبوو، دەیزانی کامە شوێن لەبارە بۆ بەرکەوتن، کامە کاتیش باشە بۆ ڕاوکردن، ئەو دەیزانی لە"رەشەمە" باشتر نییە بۆ لەناوبردنیان، چونکە ئەو فەسلەفە سڕی جووتبوونی پشیلەیە، قاشپاشاو باوکم جووتبوونی پشیلەکانیان تێک دەدا لەرەشەمێدا ئاسانتر بڵاوەی پێ دەکران و لەناو دەبران باوکم و قاشپاشاو هاوبیرانی سووربوون لەسەرکوشتنی پشیلە لەڕەکان، چەند سەیرە تۆش سووری لەسەر ئەوەی پێی بڵێیت شازادە!، چ دنیایەکی درهەم بەبەرهەمە..

چاکەت بخۆرەوە خانم، تا سارد نەبووەتەوە.

بەڵێ دەی باشە بۆچی یانەیەکتان نەکردووەو بۆ پشیلەکان تیایدا پشیلەو خاوەنەکانیان کەی ئارەزوویان لێ بوو، ڕووی تێ بکەن و جوانی و قسەی خۆیان و پشیلەکانیان تیا هەڵبخەن، باشتر نییە لە کوشتنیان؟

– دراوسێی ئازیز ئێمە یانەمان نییە، بۆ وەرزشکارو حەزلێکەو دولبەران، چ جای، چایخانەو یانە بۆ پشیلەکان..!؟ بەڵێ پێویستە ڕاستت بوێت، ئێمە گەر مرۆڤایەتیمان بوێت، دەبێت گیاندارانی تریش لەم خۆشگوزەرانییەی ئێمە بێ لەمارشی پیکەوە ژیان، بێ بەش نەکەین ئەوانیش مافیان هەیە، وەک ئێمە لەم گەردوونە بە ئازادی بژین وەک ئێمە ڕێزیان لێ بگیرێت، دڵنیابە گەر شوێنێک هەبێت بۆ حەواندنی پشیلەکان شوێنێکێش دەبێت بۆ قیژەی خەتخەتێنی کیژە بڵحەکان، خانمی بەڕێز! باوکم و مامۆستاکانی هاوبیری، هەتا ئەمڕۆش لە ڕێبازی «نەخێر بۆ پشیلەو سەگ» و لەناوبردنیان، لەکوشتن و ئەشکەنجەدانی بەسەسزمانەکان نەکەوتوون. باوەڕیش ناکەم بەم زووانە واز لەم خولیایە بێنن، هەتا ئەو ڕۆژەی کە شارەکەم بەکۆی دەنگ «لەفەرهەنگی نوێی خۆگۆریندا»، ڕێزی پشیلەو حورمەتی سەگ و بنیام لەیەک ئاستا دەوەستێنێت.



## ١٧ بۆچی بڕیاری ڕۆیشتنتان دا،؟ بۆچی وازتان لەگوڵ فرۆشتن هێنا؟ بۆچی شارتان بەجێهێشت؟

– قەد خەو دەبینیت؟

سەمەنگوڵ، کەس نییە خەو نەبینێت، هەموومان خەو دەبینین. کوێرە خەوو کەروێشکە خەویشمان هەیە، لەو خەوانەی کە زۆرێک لە گەشتیارانی مێترۆ بە دیارخوێندنەوەی ناو مێترۆ خەو دەیان بات و لەپڕ بەر لە چەند دەقیقەیەک بە گەیشتن بۆ شوێنی مەبەست، بەخەبەر دەبن زۆرجار دەپرسم، دەبێت ئەو هێزە هەستیارە نادیارە لە کوێوە بۆیان دێت، چۆن بەخەبەردەبن، کێییە بە ئاگایان دێنێت کێیە پێیان دەڵێت هەستن کاتی خەو تەوابوو.

– سەمەنگوڵ تۆ خەو بەچییەوە دەبینیت؟

– من خەو بە کچی جوان، ڤێلایەکی گەورە، پشوویەکی درێژی هاوین، گەران و ڕابواردن لە وڵاتێکی گەرم، لە کەنار ئاو خۆم و هاوڕێ کچکەم، لە بەردەم خۆرو خواو خۆڵ پاڵ کەوین و بیرە نۆش بکەین، جارجاریش خەو بە باخچەی ساوایان و منداڵیم دەبینم. پێ دەچێت تۆ خەو نەبینیت.

– سەمەنگوڵ لە بیرت چوو، ئیستا گوتمان کەس نییە خەو نەبینێت، بەڵام خەوەکانی من وەکو تۆ نین، من خەوی ناخۆش دەبینم، بە تایبەت لەو شەوانەی کەپەرداخە ئاوەکەم لە بیر دەچێت لە لای سەرم دای بنێم، ئەو پەرداخە ئاوەی کە بە دەگمەن شەوان بەخەبەربێم و قومێکی لێ بدەم و گەرووی وشک بوومی پێ تەڕ بکەم، من ناچار بۆ ئەوەی خەوی دادگاییەکە نەبینم، هەموو شەوێ پەرداخە ئاوەکە پڕدەکەم لەئاوو لەلای سەری خۆم دای دەنێم، شەوی ڕابردوو، پەرداخە ئاوەکەم لە بیر چووبوو.. خەوە ناخۆشەکەم بۆ هاتەوە، ئەو خەوە خەریک بوو بمکوژێت، خەریک

بووبمخنکینێت دوینێ شەو درەنگانێ، چووم بۆ ژووری نووستنەکەم، تاوێ ئەملاولام کرد تا خەو بردمی، زۆریم لە بیر نەماوە، هەندێکی نەبێت. لەخەومدا، من و زۆرێکی تر، دادگایی دەکراین، دادکەران، ناویان لەخۆنابوو «دادگای لاوان»، شتی سەیرو سەمەرەیان دەگوت، یەکەم جارم بوو قسەی وا تورەهات ببیستم. گیانێکم بەوە بوو زوو ئەو خەوە ڕای چڵەکاندم..

دەیانگوت چی؟

– بە تەوای لە یادم نەماوە، بەڵام وا بزانم یەکێکیان گوتی با بگەڕێنەوە بۆ پێشتر، بۆ سەردەمی فرۆشتنی ئەلبومی پوولەکان، بۆ سەردەمی، هەراجی کتێبەکان بۆ سەردەمی لۆککردنی ئەرکیفەکان، بۆ سەردەمی جێهێشتنی، هاوڕێ درۆزنەکان و گەردن ئازایی لەیەکتری حەزلێکەران، بۆ سەردەمی گەڕانەوەی شاعیرو مامۆستاو بلیمەت و شاگردو قەساب و کارەکەرو دکتۆرو فەیلەسووف و شۆڕشگێڕە دێرینەکان ئەو سەردەمەی کە ئێمەی لاوان ناومان ناسەردەمی «گەڕانەوەی هیچەکان».

یەکێکی ترلەولا هەستاو گوتی:

ئێوەم بەهیچ داناوە تێ گەیشتووم کە ئێوە لەسەردەمێک گەڕانەوە کە ئیدی هیچیتان پێ ناکرێت، هەرچی وزەی لەشتانە، لە تاراوگەو هەندەران داتانا. کاتێکیش هاتوونەتەوە، کەس نازانێت بەدەستی خاڵی گەڕاونەتەوە، هەمووی بێ ئاگایە کەس نازانێت ناختان چ ڕکێکی تیایە، ئێمە نەبێت دەزانین کە بۆچی ئێوە لە پیریدا دەگەڕێنەو دەبنە ئاخاێک، خۆ ئەوەی لەوێ بۆ پیرو پەککەوتەکان دەکرێت، بۆ هیچ پیرەزایەکی ئیقباڵ ڕەشی ئەم کاولییە ناکرێت، گەو رەم مەبەستیانە، گەنج ببنەوەو ناتوانن، گەورەم ئەم تاوانبارانە، کاتێک گەڕانەوەتەوە، کە نیشتیمان پێویستی پێتان نەما، کاتێک کە نیشتیمان پێویستی بەمن و بە هەزارەهای وەک تۆ بوو، شارو ئاوایی بێجگە لە تارماییە ڕەشەکانی، هیچی تیا نەمابوو، شار چۆڵ بوو.. بە کورتییەکەی نیشتیمان نەخێری لەتۆو نەخێریشی لە پیرەزاکانی دیوە. ئەم زەمەنە زەمەنی ئێوە نییە، نەسڵی داهاتوو، دەبێت قبووڵ نەکات، ئێوە هەبن، وریابن جێتان نەگرن، جێیان مەکەنەوە، مەهێڵن بەسەرتانەو ببنە فەرناس و مەلای دوانزەعیلمی ئاخر زەمان، هەر لەخەوما ترسێکی گەورەم لێ نیشتبوو، ترسێکی



سەیر هەرچۆنێک بێت دانم بەخۆگرت، دەمگوت ئەمانە چین وچییان لەمن دەوێت؟ ئەمانە بۆ منیان بەگیرهێناوە بەئاستەم بەدەم پرسیارەکانی ئەوان و بێدەنگیم، ئەمەم لەدەم دەرچوو «قوربان، دادەوری بەڕیز، هەر ئەمەش حاڵی نیشتیمانەکەی من نەبوو، ئەم نەسڵە با تێ بگات لە بیریان نەچێت هەمووجیهانی سێیەم لەپەلەقاژەی گەیشتنی بوو بۆ ئەوێ، بەڵام ئێمە لە هەمووان زیاتر، وەکو پیشەی هەموو کاتێکمان، شتەکان لەسەر هەڵدانیاندا زۆر بەخەست و قووڵی وەر دەگرین، هەر بۆیەش پێش وەخت لێیان پەشیمان دەبینەوەو زۆرترین باج و قەرەبروی پەشیمان بوونەوەی پێش وەختیمان دەدەین، گەڕانەوەمان، پەشیمان بوونەوەیە، داوای لێبوردنە، قبووڵی مەکەن، بماندەنە سزای هەقورەوای دادگا، باوەکو پێشترمان لێ بەسەرنەیێت»، من قبووڵمە بە مەرجێک پەندو عیبرەت لە دەرسەکانی ڕابردوو ببینن، کامتان لە بیری ماوە کە چۆن ئێمە زۆر بەخەستی وازمان لە باوەڕی باوباپیران هێنا، لە ڕێزی ئاگرو تیشکی هەتاو کەمان کردەوەو زوویش زۆر بە خەستی بووینە خاج پەرست و لە پڕیش بووینە ڕەشە موسوڵمان، موجاهیدینی ئاینی ئیسلام، ئەو ئیسلامەی کە قەد نەمان پرسی لێی بۆچی، بە ناوی تۆوە زۆرترین زەرەرمان لێ بکەوێت، بەناوی قورئانی تۆوە، بە ناوی ئایەتی پیرۆزی تۆوە، ئەنفال بکرێن، هەر بە ناوی تۆیشەوە، دەسخەڕۆ بکرێین، لە جەژنەکانی قوربانی تۆدا ئێمە پۆل پۆل لە جیاتی مەڕ، لە جیاتی سەرەگا و بزن، سەری زەلام و دەست و پێی مەردوممان پێ دایت، کەچی تۆ هەر هیچ «نەبات دەهات و نە بۆران»، ئاوریشت لێ نەداین، هەموو ئەم جیهانە بەناوی تۆوە دەمان پاچێنێ بەناوی بەرزی تۆوە تێرۆرمان دەکات و دەیەوێت هەتا زووە لەناومان بەرێت و بمان فلێقێنێ، من زۆرم لەو قسانە بیستووە کە دەڵێن بۆ ئەوەی ئێمە سوود لە تۆ ببینین دەبێت تۆ بکەینە باسێکی کەسی، نە کەس هەقی هەبێت بەسەرتەوەو نەکەسیش لێت بپرسێت، خۆماوەیەکیش وابوو، مەسەلەکە بووە کەسی، لە مالان بە حیساب عیبادەتی تۆیان دەکرد، لە مزگەوتەکانیش پلان وڕێی کوشتن و بڕینی مەڕەکان ڕێک دەخرا، هەر لە ماڵەکانی تۆوە، بوونە موجاهیدو لە ماڵی تۆشەوە بوون بە بکوژمان، من زۆر جار لە تەلەفیزۆن و میدیاکان دیمەنی ئەو بەسەزمانانەم دەدی کە بە بێکار ماونەتەوە، دادوەری بەڕێز

«بێکاری و شەرەکان»، بێکاری و مێش قەپان بوو، بڕیاری دا ئەم کەلاوەیە بەجێ بهێلین و ڕووبکەینە دوورگەیەک بە ئارەزووی خۆمان پوولی تیا خڕکەینەوە، ڕووبەرێک نیشتیمانیک بە ئارەزوو هەرکاتێک بڕەخسێت، سەمای تیا بکەین، ماچی تیا بفرۆشین، لەسەرشەقامەکانیش، لە جیاتی بەنزین فرۆشی لەجیاتی گوللەو باروت، گوڵی تیا ڕیز بکەین، گەورەم من چەند دانەیەکم لێ دەناسین دەیانویست، بە گەیشتنیان بۆ ئەو دوورگەیەو گیرفان پر بوونیان بە ماشێنەکانیان بێنەوەو هەق وداغی هەژاریی کۆنیان لە کچەکان بکەنەوە، بەڵام باش بوو، هیچیان نەگەیشتنە کەنار و دوورگەی ئارام، بە باشی دەزانم داوای لیبووردنیان بۆ دەرکرێت و تۆمەتی گەندەڵییان بەسەردا نەسەپێنرێت، من زۆرێکی تریش دەناسم کە بووببوونە پاسەوانی کار بەدەستەکان، بووببوونە سەگی بەرقاپیی ماڵە سۆزانییەکان ئەوانە لە دادگاییەکانتان سزا مەدەن... لەپڕ هەر لەخەوما.. بیرم لێ کردەوە ئایا من دەکەومە ئەم دادگاییە؟ باشە ئەو سێ پرسیارە سەیرە چی بوو لە سەرەتای دادگاییەکەدا کردیان، لەم سێ پرسیارە زۆرترسام، و بە درێژایی کاتی بە گیر هێنانەکەیان خۆمم بۆئامادەکردبوو.

یەکەم: بۆچی بڕیاڕی ڕۆیشتنتان دا،؟

دووەم: بۆچی وازتان لەگوڵ فرۆشتن هێنا؟

سێهەم: بۆچی شارتان بەجێ هێشت؟

لە خەومدا خۆم ئامادە دەکرد داوای کەمێ ئاوم کرد.. ئا، گەرهاتە سەرەم. دەتوانم بڵێم من کاتێ کەوازم لەگوڵ فرۆشتن هێنا، گەڕامەوە قوتابخانە لەوێندەر بوومە کارگێڕێکی گرنگ لەو گۆڤارەی کە  تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو، پاشانیش نازانم ڕێکەوت بوو یاخود هەل، منی کردە سەرنووسەری گۆڤارێک کە ئەویش تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو، ئەو کات وابوو هەر کەس بیویستایە گۆڤار یان ڕۆژنامە دەربکات، بێ هیچ بەربەستێک دەیتوانی ئەو کارە بکات، چونکە ئەو شارەی من دەمێک بوو گۆڤارو ڕۆژنامەی لێ زەوت کرابوو، هێندە ڕۆژنامەمان هەبوو، هێندە خوێنەرمان نەبوو، بۆی وابزانم ئێمە نەمانتوانی خوێنەر، بۆ کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان پەیدا بکەین، کەس لەخەمی خوێنەردا نەبوو..هەمووی لەخەمی نووسین





بوو. کەسیش لەخەمی نووسینێک نەبوو بۆ لاوان، لاوەکانیش تا ئاستێک تاوانبارن، ئەوانیش بە عەقڵی پیرەکان ڕۆژنامەو گۆڤاریان دەردەکرد. «بە عەقڵی پیرەکان سیاسەتیان دەکرد»، پیرەکانیش دەستخۆشیی سێبەری کارەکانیان لێ دەکردن.... زانایانی زانکۆ، ئەو زانکۆیەی کە بڕیارە «مەڵبەندو جێی کۆبوونەوەی زانایان بێت» نەیاندەویست گۆڤار بکڕن، دەیان ویست وەکو خەڵات پێشکەشیان بکرێت، چونکە ئەوان زانای دوانزە عیلمن و پێشکەش کردنی ڕۆژنامە، بێ بەرامبەرو نەکڕینی لە کتێبخانەو کۆشکە هەژارەکان بە کەمترین پاداشت بۆ شەو نخونیان و بوونیان بەزانا دەزانی، فەڕاشەکان پارەی ڕۆژنامەکانیان دەدا، بە تیکەیەک نان، لەم بەینەدا نووسەرەکان، شەویان دەخستە سەر ڕۆژ تا زۆرترین بابەت لە زۆرترین ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاوبکەنەوە، ناو دەربکەن تاوەکو بەپارەی خەڵاتی نووسینەکان، کەمێک بژێوی ماڵە هەژارەکانی خۆیانی پێ چاک بکەن و کەمێک لە وادەی فرۆشتنی مافوورە کاشانەکە درەنگ بخەن، بپرسن بزانن، زۆری و بۆری بوو، من دەڵێم هیچیانە من دەڵێم ویستێکی خۆرسکی بوو، لەناو ماندا، لەگەڵ هاتنە بوونی نسرمەکانمان ئەویش لەدایک بووە، ئەمیشیان وەکو ویستی جووتبوونی هاورەگەزەکان. ئەمیشیان وەک سواربوونی ئاژەڵدارە ئۆقرە لێبراوەکان ویستێکی خۆرسکییە.. لەو سەردەمەدا گەرمیانییەکان لە گەرمیانستان جیماعیان لەگەڵ ماکەرەکان دەکرد، کویستانییەکانیش لەگەڵ دارگوێزەکان، کەوتبوونە ئیشق و رامووسان، شارییەکانیش لە کووچەو کۆڵانە تەسک و کەلاوە ڕووخاوەکان و هەندێک جاریش لە هەلو ڕێکەوتی چۆڵبوونی ماڵە قەرەباڵغەکانیان، سواری مێرد منداڵەکان دەبوون، لەوکاتەوە شار ڕێچکەیەکی تری بە خۆبینی. لەو کاتەوە هەموو شتێک ئازادبوو تەنیا خۆشەویستی نەبێت ،ئازادی بۆ نەبووە. تەنیا ئەویندارەکان شوێنێکیان نەبوو، باس لەعیشقی دڕۆێ خۆیانی تیادا، بکەن، بچن بۆ لای سەرۆک و گەورە بەرپرسەکان، بپرسن لەحاڵی شەکەت و ماندووی لاوەکان، لە ڕاپۆرتی ملشکانەکان هیچیان پێ دەگەیشت.. تۆ بڵێت پێیان گەیشتبێت وخۆیان لەگێلی دابێت، تۆ بڵێیت هەستیان کرد بێت؟ کە گەنجەکان هێزیان لێ بڕاوەو ناتوانن چی تر ئارەزووە زیندووەکان، خەمە خۆرسکەکان ناتوانن خەفەی بکەن، چی دی ناتوانن نغرۆی عەدەم بن، چی

دی ناتوانن بەبێ زایەن بژین. ژمارەیان هێندە زۆربوو، بەو پارە کەمەی میری تێر نەدەکران، ئەو کات کە بڕیارمان دا شار بەجێبهێڵین مۆڵەتی سەما بازی نەدرایە مەی فرۆش و مەیخانەکان، لە ڕەمەزانا نەدەبوو مەیفرۆشەکان مەی بفرۆشن چونکە باوەڕی "لا نەدان، لە فەرهەنگ و باوەری نیشتیمانی "باڵی بەسەر شۆڕشی شار کێشا بوو، شار سەراپا بە دزییەوە هەموو شتێکی تیا ڕوودەدا کچەکانیش بە هەمان" نەسقی کورەکان" لە دوای بانگی عیشا خەریکی یەکتربوون. ئەوانیش ئۆقرەیان لێ بڕابو، چی دی نەیان دەتوانی زاڵ بن بەسەردەمامکی ساختەو ویستو ئارەزویان، نەشیان دەتوانی بەکەسوکاریان بڵێن ئێمە مێردمان دەوێت، چونکە عەیب بوو، ئای عەیبە بە ناوی تۆوە، چەند گوناهو عەیبی گەورەتر دەشاردرایەوەو ئاگام لە زۆری بوو "خاوەرو گوڵچین و ئەختەر"، هێندێکی خۆیانیان بۆ باس دەکردم، باسی خەوی شەوانی ڕامووسانی خۆیان بۆ دەکردم، کوڕەکانیش باسی پێ لەقە هاویشتنەکانی کەرە زەو قلییەکانیان بۆ دەکردم، شار ماوەیەک وازی لەحزبایەتی هێناوخەریکی" سواربوونی یەکدی" بوون بەشەو هۆمۆسێکسوالیتی ببوە دەرمانێک بۆ ساڕێژکردنەوەی "ناسۆرەکانی نەبوونی" ببوە چارەسەرێک بۆ یاساکانی ڕێگری هەمووشیان، بەدزی باوکیانەوە، سەیری فلیم و کەناڵە خۆشەکەی بەهەشتیان دەکرد، حەمام و ئابخانەکان لەعەیامەدا بۆن شەهوەتێکی پیسی لێ دەهات هەموویان خەریکی خۆ بەتاڵکردن بوون، خەریکی خاڵی کردنەوەی وەهم بوون، ڕۆژنامەکان لەسەر هەموو شتێکی دەنووسی، تەنیا لەسەر ئەو دیاردەیە نەبێ، وەعز بۆ خوا، من تاوانبارم یاخود شەرکەرانی بیری هاوچەرخ، ئەو کات بۆ گرتنی "کەپک".. هاورێ، لە یادتە چۆن ئەو ترۆپکە لەخەو خەیاڵی گەنجەکان نەمرتر کردبوو، ئێستاش لە بیرمە سەرکردەی شەڕەکان، بۆ پاساوی گرتنەوەی تەپۆلکەکان دەیانگوت، مێژووی شەڕی میللەتان بە لەدەستدانی گوندێکی چەند سەد کەسی دەدۆڕاند، بە دووری مەزانن، ئێمەش بە لەدەستدانی ئەو تەپۆلکەیە، گشت دەسکەوت و غەنیمەکانی شەڕ لەدەست بدەین، هەر ئەو تەپۆلکەیەش نەبوو بووبووە سونبولی یەک خواردنیان لەو شاخە ڕووتانە، لە مەیانی جەنگە خویناوییەکان، ڕۆژانە بەسەدان لەهی ئەم بەرو بە هەزاران لە هی ئەوبەر، دەهاتە کوژران و کەس نەدەهاتە



دەنگ، شاخ و تەپۆلکەو بن چەمەکان لەجیاتی درەخت و نەمام مین و لاشەی مردوویان تیا ڕوا بوو، لەجیاتی ئاو.. لەو چەمانە خوێن دەرژایە دەشتەکان، نەمام و گوڵەکان، هەموویان ڕەنگ خوێنیان گرتبوو، چیمەنیش، ڕەنگی شەڕی ناوخۆیی گرتبوو، هاورێیان. ئەو کات ڕام وابووکە ئەم شەڕەی دێهاتییەکان دروستیان کردووە، دەمگوت، نەویستی شار بەجێ هێشتنی دێهاتییەکانە، ئاشووبەی ناوەتەوە، ویستی دێهاتییەکانە «شۆڕشیان» دیزە بەدەرخۆنەکردووە، تاوەکو میری سەری نەپەرژێتە ئەمان، بەڵام دوای کەمێک بیرم کردەوە، ئەم قسانە خراپن ڕام گۆڕی و گوتم شارییەکان بەرپرسی یەکەمی هەموو شەڕەکانن، ئارەزووی ئەوانە شەڕ دروست دەکات، هەوەسی ژنە شارییەکانە، هانی باب نۆکەر پۆڵا خۆرەکان دەدات بۆ دەست سووربوون بەخوێنی یەکتر، «گەربمانەوێت مێژوو وەک خۆی بنووسینەوە» دەبێت بڵێین هیچ شەڕێکی ئەم دنیایە، لادێ، کەم نشین نەیخوڵقاندووە، لەبەرئەوەی سروشتی هێمنی گوندنشین ڕێگەی ئاشوبوو ئاگرباران نادات، شار هەمیشە حەزی بە گۆڕانە، شار ڕووناکبیری هەیە، شار پزیشکی هەیە، شار مامۆستاو زانای دوانزە عیلمی هەیە، شار ساختمانی بەرزی تیایە، شارحاکمی هەیە، لادێیەکان لەم بەینەدا تەنیا تاوانیان ئەوەیە، کە گێلانە بوونە جەنگاوەرو چەکیان بۆ ئەو شەڕە تورەهاتە خستە سەرشان کە شارییەکان بۆیان دروست کردن، ڕابەرانی بیری هۆشیاری، ڕۆڵیان هەبوو لەو شەڕە، ئەوان بە والاکردنی حەرەمی دانشگاکان بۆ ململانێی ڕەنگەکان، بەفیتنەو ئاژاوە گێرانیان هەندێک جاریش بەبێ دەنگییان بەبێ هەڵوێستییان لەمەڕ شەڕو ئاکامەکانی، بە پێشوازییان لە سەرۆک میلشیا، بە وەرگرتنی مووچەی بێدەنگی، بوونە هاندەرو کوشتەی لاوان «راکاسەکان» یشمان لە بیرنەچێت ئەوان دەیان ویست شەڕ ببێت تا حکوومەت کوشتنی ئەوانی لە بیرچێتەوە، باوەڕی «برا» کانیشمان لەیاد نەچێت برایان لە هەمووان باشتر خەرمانی ئەو شەڕەیان چنییەوە، ئەوان دەیانزانی کە میللەت برسییەتی، دەچوون لە عارەبستانەوە لەپاڵ بەنزین فرۆشی بە کیلۆیەک شەکرو برنج ئەندامیان «بۆخوا» کۆدەکردووە، تورکمانەکانیش لایەکی خاپورە ولاتیان کردە، پیاوی تورک، شۆڕشگێرو زیندانییە سیاسییەکان بۆ ئازووقە بووبوونە ئەرقەداشی ئەتاتورک،

ئێمەش ئەوکات، فامان نەکرابووەوە، "نان بەدەمی دێرینە برسییەکان بکەین"، پێمان وابوو وەکو جاران بۆمان دەلوێت و خەڵک برسی بکەین و شۆڕشمان بۆ بکات، وەکو جاران میللەت خۆی دەڵێت "گەر میللەت بەردو تەلاشیشی خواردبێت.. گەر میللەت لەبرسا مردبێت، جارێکی تر نایەتەوە، ژێر ڕکێفی ستەمکاران" ئێوەش ئەی لاوان ترسنۆک بوون دەترسان، دەترسان لەوەی گەر دەنگ بکەن، ناوتان بەخراپە بهێنێت، جێتان لەناو حزبانەمێنێت، ئەمڕۆیش کە بڕیارتان داوە بەجێ ناوی پۆلاخۆرو شەهیدە نەمرەکان، ئەم دادگاییە دابمەزرێنن. منی لێ دەرکەن، ئێوە ستەمکارەکە ناناسن، ئێوە نازانن، ئێمە شۆڕشمان کرد، ئێمە کوڕی شۆڕشین، کوڕی نەبوونی و نەهامەتین، ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێوە والایە بۆ ئەو کاتی ئێمە قەدەغەو واوەیلابوو. تکاتان لێ دەکەم سزام مەدەن من هیچ نیم من چاودێری مێترۆم من شەیتاریم زۆری تریشم وتوە، بەڵام لە بیرم نەماوە، دەزانی سەمەنگوڵ یەکێ لە سیفەتە باشەکانی خەو خۆشی ئەوەیە زۆر خەوەکەت، لە بیردەچێتەوە، ئەوەی کە هاتەوە بیریشت، کەمیکەو لە ئابخانە جێی دەبێتەوە.



**١٨** **ئەفسانەی هام پیاڵەکان، لە هەڵدانی پێک و ڕەنگی مەی نۆشیدا دروست نابێت، ئەوەی کە پێی وایە شتێک هەیە ناوی هاوڕێ و هاوخەمە، بە هەڵەدا چووە. لە بەر ئەوەی ژیان وەک سەردەمە کۆنەکانی نەزانی جێگیر نییە.؟**

– شەیتاری، وەختیەتی بزانم، وەختیەتی، گومانم لێ ببرێت، وەختیەتی بپرسم، من بەهاوڕێی خۆت دەزانی؟

– سەمەنگوڵ، من کەس هاوڕێم نییەو نامەوێت کەس، جگە لە "خەونە بە جێماوەکانم"، هاوڕێیەتیم بکات، سەمەنگوڵ لێرە هاوڕیکان ڕیکەوت و هەل و قەدەرەکان نایان خولقێنێت، لێرە هاوڕێکان، بارو وەزعەکان دەیانهێنێتە مەیدان، لەوە ناخۆشتر نییە کار هاوڕێت بەسەردا بسەپێنێت، لەوە دڵگیرتریش نییە، خۆت سەرپشک بیت لەهەڵبژاردن و بژاری هاوڕێکان، ئەمە ئەگەر شتێک مابێ بەناوی هاوڕێیەتی، سەمەنگوڵ ڕاستە من خەڵکی ولاتەکەی خۆمم خۆش ناوێت، هاوڕیەتیم نەکردوون، بالام ناشتوانم هاوڕێت بم، سەمەنگوڵی بۆراق، من دەمێکە ماڵئاوایم لە هاوڕێیەتی کردووە، دەمیکە "من و هاوڕێیەتی" یەکترمان لە بیر خۆبردووەتەوە، مەگەر تاوڵەو چای چایخانەکان، بە بیریەک بێنێتەوە. من هاوڕێیەکم هەبوو با بردی. چاوچنۆکی و تۆزی شار کوشتی، من هەتا ئێستاش باسی ئەوم بۆ نەکردووی، ئەو بۆ من هەموو شتێک بوو، ڕزگارکەر، پاسەوان، برا، هاوبیر هەموو ئەو سیفەتە جوانانەی لە خۆگرتبوو. کە مرۆڤ بیەوێت لە وەسفی کەسێکدا بیانکات مەردایەتی و مەردومیەت و میرخاسیشی لەڕادەبەدەر بوو، تا ئەوئاستەی کە نەی دەویست من هەنگاوە ڕێیەک لێی دووربکەومەوە، ئەو بۆ زەمەنێکی نەزانراو بووە خەمخۆرو چاکەرەوەی ناسۆرەکان قوسامەدین، بۆ من یادگار و نەجابەتییەکانی زۆر لە خۆی پیرۆزتر بوون، هاوڕێی هەژمین و هەڵچوونەکانم بوو، وەلێ داخەکەم، ئەم هەموو

ساڵە پێکەوە، تەنیا یەک وێنەمان هەیە، باسی یەکمالیمان بکات، یەک وێنە هەیە، بەیەکەوە بمان بەستێتەوە، تەنیا یەک وێنەو هیچی تر، پەیوەندییەکی سەیر، سەیر بوو نەیدەویست وێنەمان هەبێت هەموو کات دەیگوت پەیوەندیی من و تۆ زۆر لەوێنەکان پیرۆزترە، با تیشکی ئەو فلاشە، مێژووی پەیوەندییەکە کاڵ نەکاتەوە، با ئەو وێنەیە لە هەوێنی هاورێیەتییەکە کەم نەکات، پاشان ئەو وێنەیە چەند نەخشینیش بێت، لە ساتەوەختی گرتن و دەربڕینیدا ناتوانێت پر بەپێستی خۆمان لێمان بدوێت، بەڵگە نەویستە بۆ ئەو کات «قوسامەدین» تاقە مەردوم بوو کە لە ژیانمدا ناتوانم دەست بەرداری بم، ئێمە بڕیارمان دابوو کە هەرکاممان بۆخۆش گوزەرانیی ئەوی تر هەوڵ بدەین، هەرکاممان زۆرترین ئارەزوو خواستی ئەوی تر بەجێ بێنین، ئێمە بە بێ ئەوەی بەرنامە ڕێژی بکەین، بەبێ ئەوەی کۆبوونەوەی لەسەربکەین، گرێبەستێکمان بەستبوو، تیادا بڕیارمان دا بوو، ئەو ببێتە مامۆستا، منیش خوێندکا، ببێتە براگەورەو منیش برابچووک، ببێتە باوک، منیش نۆبەرە، ئەو دایک و منیش کوڕە گەورەی ماڵ؟! قوسامەدین پانزە ساڵ خۆی کردە قوربانیی من و نسرمەکانم، من و هەڵەشەییەکانم، پانزە ساڵە لەشارەکە نەهاتووەتە دەرەوە پانزە ساڵە من دەخاتە سەرپێی ڕۆیشتن، پانزە ساڵە من لە ناهەمواریی ڕزگار دەکات، دواتر من و ئەو لە ڕۆژێکی تازە بەهاردا بڕیارمان دا یەکێکمان بۆخۆشگوزەرانی و ئاسودەیی ئەوی تر شار بەجێ بهێڵین و بۆ سنوورێکی دوور لە یەک جیابینەوە، بۆ سنوورێک کە هیواکان بە ئاسانی دەستەبەربن، خەونەکان سانا بەرجەستە بکرێن. قوسامەدین دەرنەدەکەوت، لە پشتی پەردەوە هەموو کارەکانی ڕادەپەڕاند، تەنانەت کەس نەی دەزانی ناوی خۆیەتی یان گۆڕیویەتی؟ کەس نەیدەزانی کە ئەو هەموو شتێکە، کەس نەیدەزانی لەبەرچی و چۆن؟ ئەم شتانە دەکات هەر ئەویش بوو کە فێری کردم پەڕۆی هیچ حزب و باوەرێک نەکەمە ناوچەوانەوە، تێی گەیاندم، کاتێک کە تووشی بەڵایەک دەبم، پێویست ناکات نوێژ بۆ دوورخستنەوەی بەڵاکە بکەم، ئەو فێری ئەوەی کردم کە پەیوەندیی بنیام و خوا و ئینسان و پێغەمبەر هەمووی لەسەربنچینەی بەرژەوەندی بونیادنراوە، ئێمە کاتێک یەزدان و فریشتەکانمان بیردێتەوە کە لە تەنگانەیەکدا بین، دەیوست ئەوەم تێ بگەینێت کە یەزدان «خۆتی»، ڕاوسەرنجی بێ سەروبەری هەبوو، بۆنمونە دەیگوت، گەر لە پاشەرۆژدا بۆمان



دەرکەوت، خوانەکردە «یەزدان» بوونی نەبێت؟ کێ قەرەبرووی نوێژو عیبادەتەکەمان باتەوە من دەمگوت گریمان یەزدان وەهمێکە، بەڵام ئێمەچ زیانێک دەکەین لەپەرستنی؟! ئەو دەیگوت کات سەرفکردنی گەورەترین زیانە ئەو تێی گەیاندم کە خاچ پەرستەکان درۆزنن، کە دەڵێن ئێمە ڕێبواری پەیامی یەسووعین، هەموویان، شەو لە باوەشی ڕاهیبەیەک رۆژدەکەنەوە، ئاگات لێ بێ، نەکەویتە داوی باوەڕیان، مەلاکانیش بەهەمان نەسق، بە ناوی مەلایەتییەوەو لەژێر یەشماخەکانیان چییان بۆیستایە دەیانکرد، من لە بیرمە ئەو دەیویست بڵێت ئەم خوایەی کە ئەمان لێی دەپارێنەوە، بوونی نییە؟!، خوا، یەزدان شتێکی ترە، ئەمان بێخەبەرن لێی. دەیویست پێم بڵێت کە خوا خوای جوانییەکانە، خوای خۆشەویستییە. نەک خوای بەرژەوەندییەکان، ئەو باوەڕی بەڕۆژو نوێژ نیە تەینانی موسوڵمان و نەبوو، ئەو دەیگوت، ئەمان بەم ڕۆژوو گرتنە، زیاتر قوڕەکە خەست دەکەنەوە، زیاترخۆیان گوناهبار دەکەن، خودا ئەمانە ناخاتە بەهەشت، بەهەشت و نوێژو ڕۆژوو لای قوسامەدین مانایەکی تری هەبوو، بەهەشت بەهەشتی زەوی بوو، ئەو دەیگوت مرۆڤ دەبێت ڕاستگۆ بێت، دەست پاک بێت، ئارام و سەنگین بێت. چەند شتێکی تریش ئینجا دەچێتە بەهەشت، باوەڕی وابووکە نوێژو ڕۆژوو مەحاڵە مرۆڤ بخاتە بەهەشت، ئەو ڕۆژوو نوێژانەی کە ئادەم بێ بانگی مەلاو بێخەبەرو زەنگی کڵێسا دەیان کات، ئەگەری چون بۆ بە هەشتی لێ بەدی دەکرێت، بەهەشت مەرجی تری هەیە؟!

بەدەر لەو مەرجانەی کە پەیامبەران ڕەواجی بۆ دەکەن، قوسامەدین چیرۆکی سەیرسەیری لەلابوو لەسەر مەعشەری خاچپەرستەکان، ئەو چیرۆکی بەدکاریی زۆرێک، لەڕابەرانی باوەڕی درۆی مەترانەکان لادەست دەکەوت، دەیزانی شەوانێک هەن قەشەکان تا بەیانی لە باوەشی گەرمی تێرکردنی شەهوەتدا ڕۆژ دەکەنەوەو بە رۆژیش لەپیناو پاکبوونەوە لە بەردەم پەیکەرە رۆح لێبڕاوەکان، دەپاڕێنەوە، لە گوناهەکانیان پاکیان بکاتەوە، ڕەشە موسڵمانیش، بە شەو سوجدەیان بۆ مەرقەدی شێخ و بەردی ڕەش دەبرد، بە رۆژیش «زیکری مەڕکوشتنیان دەگێرا». ئەوان ناوی پیرۆزی خوا پیس دەکەن، هەموو کاتێک کێشەمان هەبوو لەسەر ناوی خواو و فریشتەکان، خوا ویژدانە؟ یان... ویژدان خوایە؟ فریشتە شەیتانە؟ یاخود شەیتان

فریشتەیە؟ یاخود... هیچیان خوا نین؟ و دەشێت خوا جنۆکەیەک بێت.

ئەی بۆخوا جنۆکە نەبێت.. ئەوە نییە هەمووان لەگەڵ هاتنەبوونی منداڵی چاوگەش و گۆشتدار بۆ موبارەکبایی دەڵێین خوا لێتان نەسەنێت؟ باشە خوا جنۆکەیە منداڵمان لێ بسەنێت؟ ڕێی تێ دەچێت، چمکی هەتاکو ئێستا کەس نازانێت خوا غەفوورە یاخود جەبار. هەمیشە بێ وەڵام بووین لە بەردەم پرسیاری ئیمان و باوەر پێکەرانی، قوسامەدین بوو کە فێری خوێندن و نووسینی کردم، هەر ئەویش بوو منی خستە سەر ڕێی راستی فێربوون، ئەو فێربوونەی کە مامۆستاکانمان بەسەد ساڵی ترفێرمانی ناکەن، ئەو دەیگوت مامۆستاکان درۆزنن. «مرۆڤ بەر لەوەی نووسەر بێت، دەبێت خوێنەوار بێت»، مامۆستاش بەر لەوەی مامۆستا بێت، دەبێت خوێندکار بێت، دەیزانی من مامۆستاکانم خۆش ناوێت و ڕقم لێیانە، مامۆستاکان لای من هیچ سوودێکیان نییە؟ وەکو سۆپای نەوتیین لە گەرمادا هەڵدەگیرێن و لەسەرمادا، گەرمت ناکەنەوە. لەسەرمادا، نەوتیان گەرەکە پولیان دەوێت تاژوورە ساردو سڕەکانی جەهەل بە قسەی تووڕەهات، گەرم کەن، ئەو کاتەی تازە بەتازە خەریک بوو، قوسامەدین بناسم بەبێ هیچ بەربەست و ڕێگرێک، لەپڕ بوومە یەکێک لە دامەزرێنەران و کارکەرانی گۆڤارێک بەناوی «ساوا» ئەو گۆڤارەی کە تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو، لەبەر کاریکاتۆرێک و نەبوونی هۆشیاری، پێیان داخستین، ماوەیەکی زۆریش لەپرسیارو هۆی داخستنی ڕامابووم، ئێستا دەزانم کە بۆچی ئەو گۆڤارەیان داخست، ئەوان ترسیان لە ناوەکەی هەبوو، دەیان زانی «ساوا»، ناو دەرگاژەنێکی خەتەرناکە گەربێتو باڵبگرێت بەرەو ڕووی دواکەوتووی ئەوان لێ دەدرێت، مامۆستاکان دەیانویست بنکەی گۆڤار بیکەن بە گۆڤاری مامۆستا حزبەکانیش دەیانویست ببێتە ئۆرگان و زمانحاڵی باوەریان، ئێمەش نەمان دەویست ببێتە گۆڤاری سەناومەدح بۆ مامۆستاکان، نەشمان دەویست ببێتە پاشکۆی ڕێکخراوە بەناو مودافیعەکانی قوتابیان، نەشم دەزانی کە بۆچی لە خۆرایی دژایەتیمان دەکرێت، بەڵام کە نەما، ئینجا زانیم کە ئێمە دژایەتیمان دەکرێت، مامۆستاکان تا بەر لە داخستنی بەلالووتێکەوە قسەیان لەگەڵ دەکردین، بەڵام کە پێنووسەکانیان پێ خستین، ئیدی ژوورەکەیان لێ سەندین، ئاواتەکەیان هاتە دی و ژووری گۆڤار بووە ژووری هەڵگرتنی کورسی و ڕەحلە شکاوەکان (چەند جارێک و لە



چەند بۆنەیەکدا مامۆستایان بۆ دڵدانەوەمان پێیان گوتین کە چیمان داوە لەم سەرئێشەیە، گۆڤار دەرکردن کەی ئیشی خوێندکارە. داخستنی ئەو گۆڤارە بوو وای کرد حەز لە نووسین بکەم، زانیم کە نووسین باشترین شێوازی بەرەنگارییە، کاریگەرترین شێوازی داکۆکیکردنە لەماف، ئەو مافەی کە هەتا ئێستا بەدەستمان نەهێناوە. قوسامەدین فێری زۆر ڕەوشتی بەرزی کردم، فێری کردم کە واز لە چەتەیی بێنم، واز لەوە بێنم کە هەرچۆنێک بێت ناوم دەربچێت، ئەو ناو دەرچوونە بەناهەقی بێت، بەڵام ئەوەی کە بەلامەوە سەیرە لەم دوایەدا خۆی بووە چەتەو دز، ئەو دەیزانی کە من دەتوانم ببم بە خاوەن نووسینی خۆم، ببمە خاوەن ڕای خۆم، ببمە سەرەک شانەو لەناو حزب ڕۆڵ بگێڕم، پاشانیش بەبێ تاوان ناوم بە بکوژی پیاوەکان دەربچێت، لە ماوەی ئەو پانزە ساڵە فێری کردم "کە فیشەک بە تاریکە شەوەوە نەنێم"، ئەوەشم لە بیرچوو کە پێتان بڵێم من کابرایەکی هەمیشە شپرزەو سەرەڕۆ بووم، کەسێک بووم هەمیشە بەر لەتێفکرین کارەکانم دەکرد، بەر لە جوێنیش قسەکانم دەپەڕاند، پاشانیش لێیان پەشیمان دەبوومەوە، دەمزانی کە هەڵەیە دەمکرد، من زۆرم ویست تا کەمێک چاک بووم یادگارییەکان زۆرن لەنێوان من و ئەودا، ئەوەی کە لە بیرم مابێت و بەزیندوویی مابێتەوە لە لام ئەو کارتە بوو کە لە شەوی یەڵدا ڕازاو بە پەیڤی کریستاڵ پێشکەشی کردم، منیش لەبەرپیرۆزیی کارت و خاوەنەکەی، لەبەرگی پشتەوەی ڕۆمانێکدا شاردمەوە، کە قەد نەمخوێندووەتەوە، باوەڕیش ناکەم تازە ئەو ڕۆمانە بیخوێنمەوە ڕۆمانەکە پیشترلە بۆنەیەکی تردا دیاری ئەوبوو، بۆ ئەوەی دوویادگاری لەیەک جێدا کۆبکەمەوە، بۆ ئەوەی هەردووکاین بەزیندووی بهێڵمەوە، لەبەرگی پشتەوەی ڕۆمانەکە دام نا بۆئەوەی بە نەمری بمێنێتەوە. گەرمنیش نەمام ڕۆمان و، پەیڤە یاقوتییەکانی تا ئەبەد بمێنن. شەوێک بەر لەجیابوونەوە، کتیبەکەم دایێ و گوتم من بەرەو نادیار دەرۆم، ناتوانم بارەکەم بەم کتێب و پەیڤانە قورس بکەم، نامەوێت لەو ڕێی هات و نەهاتەیا، بفەوتێن، بۆیە کە بە ئامانەت، هاوشانی هەموو یادگارییە بەجێماوەکان، لای تۆ بەجێی دێڵم، بەڵام بەڵێنم بدەرێ هەر کاتێک هاتمەوە سەرخۆو داوام کردەوە بمدەیتەوە، بەڵێن بدە بە خۆشەویستیت، بۆ من کە کارت و کتێبەکەم بۆ بگەڕێنیتەوە. لەو ساتانەی کە بڕیار بوو بەڵێنم پێ بدات گریا، هەتا ئەم دواییەش واتێ گەیشتبووم

گریانەکەی نەمرتر بێت، لەبەڵێن و قەسەمەکەی. پاش ئەو هەموو ساڵە لەم ڕۆژانەدا بە بیرمدا هات کە داوای ئەمانەتە هەڵگیراوەکەم، بکەمەوە. تەلەفونم بۆ کردو بەڵێن و ئەو گریانەم خستەوە یاد، داوام کردەوە نەیدامێ، پاساویشی بەوە هێنایەوە کە ئەو مێژووە چوو، نەما، ئەو عەیامە گوزەشت. پێی گوتم بە ڕۆیشتنی تۆ زۆرشت گۆڕان. تۆ لێرە نەمایت. منیش ناتوانم ئێستا ئەو کتێبەت بدەمێ، چونکە هەست دەکەم پێویستمان پێی نەماوە... لەوێوە هەستم کرد لە پەیمانی خۆی پەشیمان بۆتەوە چەند جارێکی تر بێوچان هەوڵم دا کتێب و کارتەکە بگەڕێنمەوە بەڵام هەر دەسخەرۆی دەکردم، هەرجارەو بەبیانوویەک دەسی دەسی پێ دەکردم. جارێکیان دەیگوت بۆنی تۆی پێوەیە، ناتوانم دەست بەرداری بم جارێکیش دەیگوت دەترسم لەفەوتانی... هەمووشی درۆ بوون، ئەو بڕیاری دابوو لەو وشانە پەشیمان بێتەوە کە لەکارتەکەدا نووسی بووی، ئەو دەیویست ئەو پەیمانە لای خۆی گۆڕنێت بۆ ئەوەی من ئەو لە بیرکەم، چەند هەوڵم دا ئەو ڕۆمانەم دەست نەکەوتەوە، چەند نەفامم ئەو هەموو ساڵە هەروام دەزانی بۆ خۆش گوزەرانی من دەژی، مەخابن لەیەککاتدا هاوڕێ و کتێب و پەیڤە کریستاڵیەکانم لە دەستدا، ئەفسوس لەدوای ئەو مێژووەوە بڕیارم دا هەموو کارتەکان، هەموو یادگاریەکان بسوتێنم هەموو فاکسەکان بخەمە تەنەکەی خۆڵەوە.. تاقە وێنەکەش نەهێڵم بەڵام ڕقم لێی نابێتەوە.. ناتوانم ڕقم لێی بێتەوە. لە هەر کوێیەک بیت قوسامەدین بیرت دەکەم و ئێستا تێ دەگەم بۆچی خواستی وێنەگرتنت نەبووە، نەتهێشتوە وێنەمان زۆر بێت، مەبەستت بوو وێنەکان نەبنە یادگاری و بیرخەرەوەی من بۆ تۆ «باتیشکی فلاشی کامێرا کاڵی نەکات»، چونکە لە بنچینەدا ئەو پەیوەندییە هێندە ڕەنگ تۆخ نەبوو، ئاسانیش بوو تیشکی فلاشێک کاڵی بکاتەوە، بۆیە سەمەنگوڵی هاوڕێی کار، من ناتوانم هاوڕێی کەس بم، من هاوڕێی نسرمەکانی نێو میترۆم، من دەتوانم چاودێریی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بم، وەلێ ناتوانم هاوڕیی کەسیان بم مێترۆ بۆی دەرخستم کە هیچ پەیوەندییەک هەتا سەر نییە، هیچ هاوڕێیەک هەتا سەر بۆت نامێنێ، «هاوڕیەتی بەرژەوەندی دەیەینێتەئاراوە»، من و تۆ گەر ئەم کارە پێکەوە نەمان بەستێت، باوەرناکەم ئارەزوو کاتی لێپرسینت بۆ من بمێنێت، تۆیش وەکو پێش خۆت، دەبیتە خەمیکی تر، خەمی لێ نەپرسینەوە، درۆو بەڵێن شکێنیی هام پیاڵەکان.



**١٩** **پایزێکم دەوێت گەڵا زەردەکان بە نەمری خۆیان لە لقوپۆپی درەختەکان بهێڵنەوە..هاوینێکم دەوێت، بەلێزمەباران بیارێنێت و خاکم بۆ رەنگ.. بەهارێکم لاپەسەندە نێرگز زاتی چرۆکردنی نەبێت.**

لەو سیا ساڵەی کە کەس نازانێت خەڵک لەبەرچی و چۆن هەڵی کوتایە سەر سەربازگەکان. ئا لەوێدا من جەنگاوەرێکی بێ چەک، سوار چاکێکی بێ ئەسپ، کامێرامانێکی بێ کامیرا، قاچوقولێکی لەپۆکەوتوو هیچی تر،. چاوم نەبێت هیچی ترم شک نەدەبرد. لەوێندەرێ لە گۆشەو کووچە نەبینراوەکانەوە، چاوم هەوڵی بینین و تۆمارکردنی، ئەو هەوالانەی دەدا کەپاش چەند ساڵێک هەمووانی پێی سەرسام بووین، کەس نەیدەزانی ئەو دیمەنانەم بینیوە، چونکە کەس نەما تا ببێتە تۆمارکەر و دیکۆمێنتاری ئەو بەسەرهاتانە، من نەبێت. کەسی تر نەیدەزانی ئەو ڕووداوانە چۆن بوون، چۆن چۆنی روویان دا!؟ ئەوەی کە بەلامەوە جێگەی سەرنج و بەربەلەت بوو، دیمەنی پرسەی ماڵ و گەڕەکە کۆن و هەژارەکانی شار، ئەو دیمەنانەی زۆرێکی ئەم شارە ئۆقرەی لێ بڕی بوو؟! ئەو ساڵە شارییەکان ڕۆژ و شەویان لێ بووبووە ژەقن، لەجیاتی ئەوەی بە سووتاندنی تایە ڕەشەکان، یادی جەژنی نەتەوەیی پیرۆزبکەن، بەگڕو کڵپەی ئاگری نەوتی" شاری نەوت"، بە هینجن هێنجنکردنی لاشەی گەنجە خوێن گەرمەکان جەژنیان گێرا، لەوێندەرێ، لەنزیک سەربازگەو لە پشت شوورا بەرق داچنراوەکان، سەفتە سەفتە گەنجەکان ڕیزدەکران و گوللەباران دەکران، لەونزیکانە، لەنزیک سەربازگە گەورەکە، کەس نەیدەتوانێ لە تۆپبارانی میرخەزەبەکان بەساغی دەربازبێت و لێی دەرچێت، ئەوەی کە چووە ئەوێ نەهاتەوە، چۆلەکەکانیش لەترسی بەرکەوتنی نیشانەو تیغی نیشانچییەکان، هێلانەکانیان بەجێ هێشت، تەنیا من نەبێت، لەو گێژاوە قورتار بووم، ئەوانی تر هەموویان کوژران، من و زۆرێکی تری ئەم شارە کە چووینە ئەوێندەرێ، بەرگی شۆڕشگێر و

تالانیمان لەیەک کاتدا لەبەرکردبوو، زۆرمان بۆ هێنانی چەک و جبەخانەی زۆری سەربازگە چوو بووین، پێشتر هەواڵی ئەوسەربازگەنەمان پێ گەیشتبوو، تالانچییەکان، پێش شۆڕشگێڕان گەیشتبوونە، ئەویٚ بەڵام کەس نەیدەتوانی بەچاوی سێیەمی ببنێت کەسیش نەیدەتوانی وێنەی ئاگربارانی ئەرتەشەکان ببینێت، تەنیا من نەبێت، کەس چاوی منی نەبوو، ڕەنگە هۆی قورتاربوونیشم هی ئەوە بێت، کەسیٚ چاوم هەبوو، نەکوژرام فریشتەکانی گاردی کۆماری منیان نەدەدی لەپەسا شێت و مەلوول دەهاتم و دەچووم، بەلایاندا، کەس منی نەدەدی، تەنانەت بۆچەند ساتێکی کەمیش، وام زانی بوومەتە ئەو مەخلوقەی کە دوژمن نایبینێت، ئەوە وزەیەم تیابوو کە جەستەم لە چاووقەمەی تیژیان بشارمەوە، چەند جارێکیش کەوتمە گۆماوی تەرمەکان و بەسەرلاشەی ئەو گەنجانەدا بازم دا، چەند جارێکیش چاوی ئەوانم داخست کە ترسی گوللەکان کوشتبوونی، نەک گوللەکان خۆیان، کەستان ستەمی ئەو جەللادانە نەبینێت، من دەهاتم و دەچووم، ڕێی گەرانەوەم لێ ون بووبوو، باش بوو کەس منی نەدەبینی، کەس سەری بەرزنەکردەوە، کەس قۆناغە تفەنگێکی لێ بەرنەبووەوە، کەسیان مستۆکەیەکیان لەدەست نەبووەوە، من هەر هێمنیم دەنواند، دەترسام لەپڕ ئەو ئەزەلییەتەم نەمێنێت و ببمە قوربانیی سەر لیشێواندن و پاشانیش بەشەهیدی نەمربانگم کەن. دانم بەخۆداگرت، لاشەکانم دەپەراند، نەمدەویست ئەو هەموو تەرمە لە ئەجیندەکەمدا کۆبکەمەوە..تا گەیشتمە سەر لاشەیخوێن بەربووی ئەو؟!. هەستم کرد ئیدی خەریکە لەوێوە ئارامی و هێمنیم لێ دەبڕێت، هەرچۆنێک بێت، دانم گرت بەخۆمدا، سەرەتا بە خەیاڵی خاوم زۆرم هەوڵ دا کە ڕزگاری بکەم، زۆرم هەوڵ دا کە ناسۆرەکانی دەرمان بکەم، بەڵام هێندە فیشەکی بەگیان کەوتبوو، وەک بێژنگی لێ هاتبوو. خوێن و عارەقەو ترس و خۆشەویستی و موچڕکەو لەرزەتا بە هەموو گیانیدا دەهاتە خواریٚ، بەڵام هێشتا هەناسەی تیا مابوو، ئەوەندەی پێ گوتم کە ئەو من دەبینێت، نازانم چۆن ئەومنی دەبینی، تۆ بڵێیت ئەوانی تریش منیان دیبێت؟! زۆرسەیر لەبەرچاوما خاودەبوەوە، پێی ڕاگەیاندم کە هەواڵی مەرگی بشارەمە. بەدەق پێی گوتم، بەکەس مەڵێ «نسکۆ نەسرەت»، مردووەو نەماوە، دەبێت هەواڵی مەرگم بە هەر نرخێک بووبێت لە «تاڤ»،



بشاریتەوە، چونکە ئێمە گرێبەستی پێکەوە ژیانی ئەبەدیمان بەستووە، بەڵێنمان بەیەکتر داوە کە گەر یەکێکیشمان هەناسەی لێ بڕا، ئەوی تر بۆ یادی ئەو نەمێنێتەوە... بە "نیلۆڕا"ش نەڵێن کە «نسکۆ نەسرەت» نەمرە، با کەس نەزانێت نسکۆمردووە، ئەو ئەمەی دەگوت و بەدەستی خوێناوی، بەدەستی چرچ و لەرزو نەزۆکیەوە، خۆڵی دەکرد بەسەرلاشە کونکراوی خۆیدا، دەیویست بەر لەئاوابوون، گۆڕ بۆ خۆی هەڵکەنێت، خۆی بمرێنێت، یەکەم جار بوو ببینم کەسێک بیەوێت گۆڕ بۆخۆی هەڵکنێت، دەمپرسی چ جەربەزەیەکە؟ پۆڵا خۆرییە؟ یاخو شەڕی خۆترێن و دەسهێشکییە؟! خۆ هەڵخەڵەتانە؟ یاخود هیچیانەو بە ئاگابوونە لەوەی کە ژیانی تەنیا چەند چرکە ساتێکی کەمی ماوە. بە ئاگابوو دەیزانی کە تازە ناتوانێت لەم هەموو فیشەکە، ڕزگاری بێت، پێشی گوتم. گەر نەفەس بەر لە پۆشینی جەستەی بەخۆڵ، لێ بڕی، هەرچۆنێک بێت لاشەکەی بشارمەوە، کە کەس نەیناسێتەوە، ئەو دەیگوت تۆ تەنیا کەسی لەم شەڕنگێزە قورتارت بێت، هەر تۆشیت دەبیتە هەڵگری ئەم نهێنییە! من دەمگوت نابێت ئەو گوناهە بخەمە سەرکۆڵم، هیچ نەریتێک قبووڵی ناکات، مردنی تۆ بشارمەوە، ئەم شار و ئەوشاری پێ بکەم و بە کەسیش نەڵێم، کە نامەویت ئەو هەر نەیدەسەلماند، ئەوکات تێ نەدەگەیشتم کە مەبەستی چییە لە شاردنەوەی چارەنووسی مەرگی ناوەختی بەدەم قسەکان و بەجێهێشتنی دوایین وەسیەتنامە، لەهەوڵ و خەمی ئەوەدا بوو کە هەر نیشانەیەکیش هەبێت بۆ ناسینەوەی «تەرمەکەی» بیسڕێتەوە، بەڵام فریانەکەوت ئومێدی زیندە بەچاڵەی خۆی بێنێتەدی، سومبێل ڕەش ومل ئەستوورەکانی ئەو دەڤەرە سوورتر و ڕەقتربوون لەسەرشاردنەوەی تاوانەکانیان، لاشەی هەموویان دایە بەردەم چەتاڵی شۆفڵە ڕەقەکان، دەستە دەستە ئاپۆڕی لاشەکان لە قەراغ جادەی ڕێپێوان، ناشت ئەوەی گیانی لەدەست دابوو تەواو، ئەوەی کە نەفەسێکیشی مابووچەتاڵی شۆفڵ گیانی پێ دەسپارد، ئەو گڵە کافرە، هەموویانی قودا بۆ هەر کوژراوێک ژمارەیەکیان هەڵواسیبوو، ژمارە بووبووە «ویسامی» ئازایەتی، بووبووە نیشانەو شەرەفی سوارچاکی، بە سینەی گەنجە تیربارانکراوەکان دەدرا، کوژراوەکان بەپێی ژمارەکان لەیەک جودا دەکرانەوە، ئێستاش لە بیرمە ژمارەکەی «نسکۆ نەسرەت»م لە

بیرناچێتەوە ئەوخائین و موخەریبی ژمارە {٩١٠٣} بوو، من لە دوا هەناسەیدا، بەر لەوەی کە ئەم جیهانە بەجێ بێلێت، بەڵێنم پێ دا کە لای کەس هەواڵی مەرگی نەدرکێنم، هەرکەسێکیش پرسیاری ئەوم لێ بکات، خۆمی لێ لە گێلی بدەم، لای کەسیش ناوی نە بە چاک نەبەخراپ، نەبەم، ئەو ڕۆژە زۆر دریژ بوو، تەواو نەدەبوو. ڕۆژ مانی گرتبوو دەویست ئاوا نەبێت، هەیڤیش نەیدەویست دەرکەوێت و درێژە بە بەدکارییەکانی ڕۆژ بدات. لەوێندەرێ، بە هەزار فەلاکەت لە تەپوتۆزی شۆفلەکان ڕزگارم بوو، پێ دەچوو، تەپوتۆزی شۆفلەکان خاڵی لاوازی دەرکەوتنی من بوبیت هەتا تەپوتۆز زیاتر بە ئاسمان بەرزبووبووایەتەوە من زیاتر سەرنجم ڕادەکێشان، کەم کەم هێزی خۆشاردنەوەم لێ دەپسا، ئەودەمانە لەڕاکردن بەرەو ئاوایی، بەدۆڵ وچەمی سووری ئاوو ڕووباری خوێنی بێ ناوەکان. هەرچۆنێک بێت لەبازنەی مەرگی نسرمەکان، قورتاربووم، بەقەراغ جادەکە پەیتا پەیتا هەنگاوم دەنا، چاوێکم لەپێش و یەکی دیش بۆ دواوە. هەتا نزیک دەبوومەوە باشتر دەردەکەوتم، زیاتر هەستم دەکرد، خەریکە ئەزەلییەت لەدەست دەدەم. دوو شەوم ویست تا گەیشتمە کەناری ئارامی ئاوایی بە گەیشتنم، بە ئاوایی کەسوکاری «نسکۆ»م بینی دیار بو هەواڵێکیان پێ بوو کە گوایە لەو شوێنەیە پێ دەچوو، بزانن کە «نسکۆ» هاتووەتە ئەم مەرگستانە. ئەوەی کە سەیربوو، لەلام کە چۆن ئەمان وێراویانە بەدوای ونبووەیەک بکەون، بەوشەکەتی و هیلاکییەی، خۆمەوە ڕێم پێ گرتن، پێم گوتن نەڕۆن بۆ پێشەوە.، پێشەوە، مەرگە، ئاگربارانە ستەم کاران، ئەو ناوەیان هەموو تەنیوە، سەرگردوو بنگرد نەماوە خۆیان تیا نەشارد بێتەوە مەڕۆن، لەسەرەڕێکان بەرد دانراوە هەر کەسێک بکەوێتە ئەودی ئەو بەردانە تیادەچێت، مەرگی خۆی حاسڵ دەکات ئەو بەردانە سنووری ژیان دیاری دەکەن هەرکەسێک بیەوێت ئەو بەردانە ببەزێنێت، ژیانی خۆی بەزاندووە. گوێیان نەدەدامێ... پێیان گوتم، کە تیا بچن یان نا تازە بڕیارەو قەولیان. بە «میناى» دایکیان و پیرە «تاڤ» و خوشکەکانی داوە بێ نسکۆنەگەڕێنەوە. زۆریان هەوڵ دا کە شتێک بدرکێنم، دەڵێن سوارە دوێنێ لێرە بووە، تۆ دەزانیت چی بەسەرهاتووە نسکۆ ماوە یان مردووە؟

– ئەی خوایە چی بکەم لێیان بشارمەوە، ئەمانیش دەبنە خاوەن هەمان چارەنووس



لێشیان ناشارمەوە، بەڵێنم دەشکێنم.، بیرم دەکردەوە کە من بەڵێن شکێنیش بم هێندە لەسەرم ناکەوێت، خۆ «نسکۆ نەسرەت» تیاچوو و نەماوە باشەخۆ «نسکۆ» نەماوە، ئا بەڵام پەیامەکەی ماوە. بڕیارم دا (نسکۆ) نەمرکەم بڕیارم دا لێیان بشارمەوە، پێیان نەڵێم ئەو پۆڵاخۆرەی ئێوە بۆی هاتوون، گڵی شۆفلەکان شاردییەوە لێم شاردنەوە کەمن «نسکۆ»م بەمردووی بەجێ هێشتووە.. لێشم شاردنەوەکە بەشێکی خۆڵی داپۆشینی لاشەکەی من کردوومە بە سەریا، بەڵام چەند بارەم لێ کردنەوە کە نەڕۆن، دەمگوت مەڕۆن مەرگ لەوێ چاوەڕێتانە، کەس نەجاتی نابێت. گوێییان نەدایە، دیاربوو دەنگی دایکی بۆ هێنانەوەی تەرمی «نسکۆ» لە دەنگی بێدەنگی من زوڵاڵتربوو، دیار بوو کە مەبەستیانەو دەیانەوێت لەو ڕێگەیە بمرن و لەماڵەکەدا لەیەک کاتدا دوسێ «شەهید» شیوەن هەبێت، بەقسەیان نەکردم هەمووی چەند سەد مەترێکی کەم ڕۆیشتن و گوێم لەگولەبارانکردنیان بوو، بۆ چرکە ساتێکیش بەخەیاڵمدا هات کە بگەڕێمەوە بۆلایان و پێیان بڵێمەوە کە (نسکۆ) مرد هەرچەندم کرد زاتی ئەوەم نەبوو، بەڵێن شکێن بم. دووسێ جار لەخۆمم پرسی بگەڕێمەوە، نا.. کەریتییەکی گەورەیە لەراستیدا زۆریەکەی لەوە دەترسام، کەمنیش بکەومە بەردەستی نیشانچییەکانی ئەودیو سنووری ژیان، بەشێکی ترس و دوودڵییەکەم، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دەمویست ببمە پاڵەوانی ئەو مێژووە، دەمویست، ببمە تاقە شاهیدی ئەو سەردەمە، ئەو ڕۆژە درێژە، دەمویست فرسەت و هەلی نووسینەوەی ئەو ڕووداوە لەکیس خۆم نەدەم، دەمویست، ئەو ڕایە بشکێنم کە دەڵێت مێژوو تەنیا سەرکەوتووان دەینووسنەوە، مەبەستم بوو ئەو ژێرکەوتنەی خۆمان بکەمە مێژووی ونی نسرمی ڕاپەڕین مەخابن لەو بەدواداچوونەی کەسوکاری «نسکۆ» باوکی و مامێکی بە مردوویی لەوێ بەجێ مان، لەپرسەکەیاندا هەواڵێک بڵاوبوەوە گوایە مامی «نسکۆ» فیشەکیشی بەرنەکەوتبوو، وەکو گێڕایانەوە ئەو بەر لەوەی فیشەکی بەربکەوێت، دڵی لە لێدان کەوتبوو، ئەوانیش هەر لەوێ لە قەراغ جادە چەند سەد مەترێک دوورلە مەیتەکەی «نسکۆ» فڕێ درابوون حکوومەت هێندەی جەنازەو لاشەی پۆشی بوو، تاقەتی لە داپۆشینی ئەمان چووبوو، هەر لەوێندەر سەگ و گورگی شەوانی برسیەتی لاشەکانیان شێواندبوون، بۆنی لاشەکان سەگەکانی

بێزارکردبوو، بێ تاقەت بوون لەو هەموو خوێن ولاشە مردووە، باشیش بوو سەگەکان هەر زوو لەگۆشتی مردووەکان بێتاقەت بوون، بەم بێزارییەی سەگەکان خەڵکی توانییان کەمێکی لەلاشە بۆگەنگرتووەکان بەهێمایەک بناسنەوە، هەمووی ماوەیەک بوو. هەموو شتێک لە بیرکرا، لە بیرکردن دەرمانی زامە ناسۆرەکانە، هەموو شتێک دیمەنی لاشەکان، تەرمەکان، پرسە گەرمەکانیش لە بیرکران، ئەوە نەبێت کە «نسکۆ نەسرەت» لە منی داواکردبوو لە بیرنەدەکرا، ئەو لەڕاستیدا داوی پایزێکی لێ کردبووم، کە گەڵا زەردی پایزان بە نەمری بەلقوپۆپی دارەکان بمێنێتەوە هاوینێکی لاپەسەندبوو، باران بەلێزمە تیاببارێت، زستانێکی گەرەک بوو، گەرما تیادا بتکوژێت، بەهارێکیشی دەخواست دنیا تیایدا سەوز نەکات و نیرگز چرۆکردن نەزانێت چییە. منیش بۆ بەدیهێنانی ئەو وەسیەتنامەیە زۆربەی بەیانیان بە بەردەرکی ماڵیان بەرەو باژێر شۆردەبوومەوە، دایکیم لەبەر دەرگا دەبینی کە لە چاوەڕوانی دایە، چاوەڕوانییەکی ئارام، سەیرکردنی بۆ من. لە هەمووی ناخۆشتربوو، چاوەکانی پێیی دەگوتم تۆ دەزانیت «نسکۆ»ی کورم چی لێ هاتووە، بەشەرمەوە سەرم دادەخست و دەمگوت هەواڵ نییە. دەم–ویست ئەو پایزە بهێنمەدی کە گەڵاکان بە زەردی خۆیان لە لقوپۆپی دارەکان، خۆڕادەگرن و بەبای باوباران هەڵنەوەرن. زۆرجار تەمەنام کردووە کە کەسێکی ترهەبێت ئەم نهێنییە ئاشکرا کات و من لەو بەدبەختی و دەردەسەرییە نەجات بدات. زۆر جار دڵی خۆمم دەدایەوە دەمگوت هەوڵەکەی ئەمڕۆیش نەبێت سبەینێ هەردەگات بەم شێوەیە لە گەڵ خۆدا سالانێک جەنگام، کەسوکاری «نسکۆ» تا چەند ساڵێکیش پۆشتەی ڕەشیان بۆ بە دواچوانی هەواڵی ونبوونی نسکۆی پۆلا خۆر لەبەردەکرد، تا چەند سالێکیش نەیان دەویست بچنە هیچ ئاهەنگ و مەراسیمێکی خۆشگوزەرن نەیاندەویست سەما بکەن، نەوەکا کوڕەکەیان لەژێرداری دڵڕەقەکان ڕزێنرابێ، هەموویان ڕێکەوتبوون، بەدەستە جەمعی بریاریان لەسەردابوو کە خۆیان لەخۆشی و شهوەتەکانی ئەم ژیانە بێباکە بێ بەش بکەن، بێ پۆلا خۆرەکەیان هیچ نەکەن، ئەو ماوەیە ئاگام لێ بوو، بەدەستیان بووایە خەویشیان لە خۆحەرام دەکرد. نەشیان دەویست شار بەجێ بهێڵن نەیاندەویست زێدی باپیران چۆڵ بکەن، ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ڕۆژێک دێت پۆلا





خۆرەکەی شار لە بەردەمیان زیندوو دەبێتەوە نەیان دەویست بەهیچ چیرۆکێک باوەڕ بکەن کە ئەگەری نەمانی قارەمانی تیابێت، تەنانەت بۆ پتەوکردنی باوەڕیان بەمانی نسکۆ و نەفەوتانی سەردانی باشترین قاوەگری شاریان دەکرد، بووبوونە موشتەریی ناودارترین فاڵچییەکانی وڵات، ئەوان لە دژی چاوەڕوانی دەجەنگان. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ هەموو دوورکەوتنەوەیەک لە زەمەنی ڕووداوەکە ئومێدی گەڕانەوەی نسکۆش کزتردەبوو، هەتا دەهاتیش ناوی لەهیچ بەندیخانەو قەسابخانەیەک، لەهیچ دەفتەرێکی کوژراوەکان دەرنەدەکەوت، کەس نەیدەزانی ئەو چەند هەزار شۆڕشگێرە چییان بەسەرهاتووە، هەریەکەو بەجۆرێک دەکەوتە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە، هەمووشی درۆ بوو تەنیا من دەمزانی کەچی ڕوویداو چۆن بوو، بەڵام هەرمنیش بووم کە نەدەبوو قسە بکەم. پیرە خانمی نسکۆ. ڕۆژ بە ڕۆژ ئارامی و سەنگینی لەدەست دەداو ئۆقرەی لێ دەبڕا. ناهەقی نەبوو ئاخر ئەو کەبووبووە هاوسەری نسکۆ نەگبەت تەنیا چەند شەوێکی کەم پێکەوە ئولفەتیان گرتبوو، ڕەنگە هەر ئەم پێکەوە ژیانە کورتە بێت وای کردبێت تاچەند ساڵێکیش نەیەوێت شارچۆڵ بکات و رووبکاتە مەملەکەتێکی تر، بیر لە شووکردنێکی تر بکات هەرواش بوو ئەو چەند شەوە کورتەی پێکەوە ژیان وای فەرزکردبوو کە "تاڤ" لەو بەڵێنەی کە دابوویە پۆلاخۆرەکەی تا مردن بۆی بژیت و بە هیچ کەسێکی تریش شوونەکات، بێ لە باوەشی نسکۆ لە باوەشی هیچ نێرێکی تر نەخەوێت، ماچی لێوی هیچ قەلەموونێکی تریش نەکات، جێ خەوی هیچ پیاوێکی تربۆن نەکات، ئەو ماوە کورتەی پێکەوە ژیانی تاڤ و نسکۆ بووبووە سونبولی داستانێکی نویی ئەڤینداری، زۆرجار ئاگام لێ بوو، دەیویست زیادەڕۆیی لەخۆشەویستییەکەی بۆ نسکۆ بکات و بیکاتە ئەفسانەی ئەم زەمانە، خۆشی بە پاڵەوانی دڵ کونکراوی چاوەڕوانکراوی ئەو ئەفسانەیە دەزانی، هەمیشە دەیویست قارەمانیەتی نسکۆ نەسرەت وەک داستانێک بەخەڵک و خزمان بناسێنێت، کە نسکۆی لەبەرچاو ون بوو، قارەمانیەتییەکەی زیاتر بە ناخی ئەردا چەقاند، وەلێ لەهەمووی ناخۆشتر، دیمەنی بێ باوکی نیلۆرایە ئەو کیژە جگە بە وێنە دەستێکی لەباوکی نەداوە، هەستێکیشی لێ وەرنەگرتووە، لە گەڵ گەورەبوونەکانی ژیام و نەمردم، هەستم بە ئازارەکانی بێ باوکی دەکرد، تەنانەت زۆرجار هەستم دەکرد

وەک دایکی نسکۆ دەمدوێنێت و چاوەکانی پێم دەڵێت چارەنووسی باوکم لای تۆیە؟ تۆ نهێنیی مانو مردنی باوکمت شاردووەتەوە، بەڵام ئەم هەستە لە گەڵ بەساڵاچوونی من و گەورە بوونی خەمەکاندا کاڵتر دەبووەوە و ج ئێستا کەمتر لە جاران نیگاکانی ئەوە هێزیان تیا ماوە لە چارەنووسی باوکی بپرسێت. ڕەنگە زیاتری ئەوە بێت کە باوکی لەبەرچاو نەبووەو هیچ یادگارییەکیشی لەگەڵ نەبووبێ و تاقە زۆرانێکیشی لەگەڵ نەگرتبێت، هەستم دەکرد، کە دەیەوێت باوکێکی ڕاستەقینەی بۆ دروست ببێت، خۆتان باش دەزانن هەندێجار چەند سەخت و بێ مانایە، منداڵێک بەبێ باوک گەورە ببێت، دڵی خۆمم بەوە دەدایەو دەمگوت رەنگە بەبێ باوکی بیکاتە کەسێکی بلیمەت و میهرەبان. مەخابن، لەم دوایەدا بۆم دەرکەوت نیلۆرای نەکردە میهرەبان ئەمی کردە کەسێکی قسە نەزان و پەڕپووت و لەناو جیهانی بەدفیکریی کەسوکاریدا، ئەمیش توایەوە.

پاش پێنج ساڵ و لەو ساڵانەی کە هەموومان لەپەلەقاژەی زوتر گەیشتن بووین بە بەهەشت، لەوساڵانەی کە ماڵ و حاڵمان بۆ گەیشتن بە رووبەرێکی دیکە خستە هەراج لە ئێوارەیەکی تازە خۆرکەوتوودا، لە کۆبوونەوەیەکی نا ئاساییدا لە ماڵی باوکی نسکۆ پێشنیارێک خرابووە دەنگدان پێشنیاری جێهێشتنی یادگارییە تاڵەکان. هەمووان بەهانی "مینا" بەکۆی دەنگ ڕێک کەوتن شار بەجێ بهێڵن، لەو ئێوارەیە بە دواوە کەوتنە خۆڕێکخستن بۆ خیانەت کردن لە ڕابردوو لە پۆلا خۆرەکان بۆ سەفەرێکی نادیار لەو ئێوارەیە بە دواوە رزگاری و ئاسوودەیی بووبووە مارشی سەفەرەکەیان، بڕیارِیان دا هەموویان بە ماشێنێکی گەورە بۆ ئەودیوی سنوورە تەلبەنکراوەکان هەڵبێن، لە وێشەوە بە پێی توانا هەوڵ بدەن بۆشوێنێکی زۆر دوورتر بڕۆن، شوێنێک، رووبەرێک کە کەس نەیگاتێ کەسیش هەواڵی کەس نەزانێت کەسیش لەمێژووی هیچ کەس نەپرسێت، لە ڕاستیدا ئەوان لەپاش ئەو ڕووداوانە هەستیان دەکرد بەوەی کە ئەم نیشتیمان و خاکە چی تر هی ئەمان نییە، چیتر شتێک نەماوە ئەمانی پێ ببەستێتەوە، گەر لە بیریشتبێت جارێکی تر بۆم باس کردوویت، ئەو ساڵانەش ساڵی هەرەس پێ هێنانی خێزان و سەرەتای دەرکەوتنی نسرمەکان بوو ساڵی لە دەستدانی بەها مرۆییەکان بوو لەو ساڵە بە دواوە هەموو



شتێک گۆڕا، نیشتیمانیەتی، حزبایەتی، خێزان، منداڵ، قوتابخانە، دایک، ژن، هەموو شتێک، تەنانەت ڕەنگی گەڵاکانیش جارجارە مۆریان دەنواند، قاوەییبوونی گڵی گۆرەکان لە هەموو شتێک ناخۆشتربوو، بەڵام ئەوان تا دوای خیانەتیش هەرمان، ئەو ڕۆژانەشیان بینی کەچۆن لەپێناوی مانەوە، هەموو خیانەتێک بە نیشتیمانیەتی بنووسرێت، من دەڵێم ڕەنگە گەر ئەوان ئەو خیانەتەیان نەدیبایە، ئەوانیش نەدەکەوتنە خیانەت کردن لەگەران و چاوەڕێی نسکۆ. زۆرجار لە دوای شار بەجێهێشتنیان لە خۆمم دەپرسی، تۆ بڵێت نسکۆ هەستی کردبێت، کە بەتەنیا لەژێر ئەو گڵە بەجێ دەمێنێت زانیویەتی بۆیەش بە منی گوت لێیان بشارەوە دەنا بۆ نەیانویست لەوە زیاتر نسکۆ بکەنە پاڵەوان و داستانی نەمری ئەفسانەی عاشقان، ئەو وەرزە وەرزی خیانەت بوو، وەرزی کۆتاییهێنان بوو بە عیشق وەرزی کۆتاییهێنان بوو بە مێژووە کۆنەکان، وەرزی فەنابوونمان بوو، لەو وەرزەوە هەموو شتێک گۆڕا، گۆشتی قەسابەکان، سەوزەی، سەر عەرەبانەکان، ماسی شوڵکراوەکان، ماستی لادێکان، مەی مەیخانەکان، هەمووی بۆنی خیانەتی گرت، لەو وەرزەدا هەموومان پشتمان کردە یەکتری، ئەو وەرزە بوو کە لە هاویندا باران و تۆفان باری. لە هاویندا بای ڕەش هەڵی کردو لە زستاندا گەرما خنکاندینی.. ئەوان لە پاش خیانەت ئێرەیان بەجێ هیشت، بە زەحمەتێکی زۆریش گەیشتنە شاری کەسوکارو دۆستان، لەم شارەی کە بۆ نەگبەتی من چاودێری مێترۆکانیم..

– بۆ دەبێت لێرەش بەدوامەوە بن، بۆ دەبێت من ببمە چاودێری هێڵێکی مێترۆ کە وێستگەیەکی لە بەردەم گەڕەکەکەی ئەوان هاتوچۆ بکات، بۆچی هەواڵتان بزانم. ئەم خولیایە چییە هەتانە.. لە کوشتنی من رۆحی نسکۆیە دەتاننێرێت یان هەر ڕێکەوتە، باشە بۆ دەبێت لە وێستگەی ڕاپەڕین بژین بۆ دەبێت ماڵتان لەم وێستگەیە بێت، بۆ دەبێت من هەمیشە بتانبینم، بۆ دەبێت هەموو رۆژێ لە بەرچاوم بێن وبچن، بۆ دەبێت ئاگام لێتان بێت چی دەکەن، من لەداخی ئێوە هەڵهاتم، لە داخی تارمایی و سێبەری وەسێتەکەی نسکۆ هەڵهاتم، بۆ بەدوامەوەن،..

– لەیەکەم ڕۆژ کە گەیشتن، بە دەم فێربوونی سواربوونی میترۆ، ئاگام لێ بوو دەستیان بەدروست کردنی برای وەهەمی، ئەمان لەگەڵ خۆیاندا کە هاتن هەر لەڕێوە

پێیان گوترابوو کە بەرگی نیشتیمان دادڕن و بەرگی بەفرانباری و بەستەڵەکی ئێرە لەبەربکەن، بۆیە لە یەکەم چوونە دەرەوەیان بۆبازاڕدا بە دووی ماکسی سووروکراسی قۆڵکورت و جلی ڕووت و قژی زەرد و ئارایشتگەکاندا گەڕان ئەتەکێتی گوارە لە گوێ کردن و پانتۆڵ شۆڕکردن، زمان خوارکردن و ئەسپ نوواندن، سیمای نوێی دەرکەتنیان بوو.

– دەم بینین... هەرلە یەکەم ڕۆژەوە، زمانی گفتوگۆیان لەگەڵ دەوروبەر گۆڕا، هەرزوو ئەمانیش بە پیشەی پێش خۆیان فێری ئەوە بوون کە شتە ناشرینەکان لەبەربکەن و جوانەکانیش لەیاد بکەن، "تاڤ" لە هەمووان زیاتر بێتاقەت و بی حەوسەڵە بوو لە هەمووان زیاتر ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو ڕوخساری هاواری دەکرد کە کەسێکی لێ بەجێ ماوە، زۆر لەوە دەترسا کە ئەم مەملەکەتی سەهۆڵبەندی عاتیفەیە، ببێتە مەڵبەندو هەوێنی خیانەتکردن لە پەیامی نەمری، زۆر دەترسام ئەم شارە ببێتە شاری پەیمان شکاندن.. ئەم مێترۆیە ببێتە هەنگاوو سەرچاوی بە ئاگابوون لە وەهمی پۆلاخۆریی نسکۆ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تاڤ زیاتر هەستی دەکرد تەنیایە، هەتا دەهاتیش زیاتر بۆی دەردەکەوت کە ئێرە بەهەشت نییە؟! ئێرە دۆزەخە، ئێرە بەهەشتی داستانە نەمرەکان نییە ئێرە، مەرگی بەڵێنی ئەڤیندارانە، هەرزوو بۆی دەرکەوت کە ئەمیش وەکو زۆرێکی تری هەڵهاتووەو دوای «کڵاوی بابردو» کەوتووە، ئەو لە یەکەم ڕۆژی پێخستنی بەم وڵاتە بۆی دەرکەوت کە ژیان بێ «نسکۆ نەسرەت» تورە هاتێکی گەورەیە، بەڵام لەو پرسیارەش دەترسا کە ئاڕاستەی بکرێت بۆچی ئەوێت بەجێ هێشت... نسکۆ وەهم بوو؟ دەگەڕێتەوە؟ یان نا؟ باشە لەم دوورە وڵاتە تۆ چۆن دەستت دەگاتە هەواڵێکی دروستی چارەنووس، ناوێک ناونیشانێک، هێمایەک بۆمان یان نەمان. گەر مرۆڤ خۆی بەوەهم ببەستێتەوە، درۆیەکی گەورە دەکات... یان وەهم باشە لە خەڵکی بکەیتە هەقەت، ئاگام لێ بوو زۆرجار بەدەم سواری شەمەندەفەرەکان، بە تەنیا لە دانیشتنی فارگۆنەکان تاڤ بۆ ئەوەی نسکۆ نەبێتە وەهم جارجار لەبەر لۆمەی عالەم و لەبەر ئەوەی نەیدەویست بەخۆی بڵێت کە نسکۆی لە بیرکردووە، خەڵکی ڕادەسپارد کە بۆی بگەڕێن، ڕەنگە مەبەستیشی بێت کە قورتار بێت لەو بەڵێن نامەیەی کە دابووی بە سوارە، مەبەستی بوو ئەمیش



ژیانێکی نوێ لە جەنگەڵێکی نوێێ دروست بکات، بۆیە ویستبێتی سۆراغی بزانێت، بۆ چەند جارێکیش لە مێترۆکان، بەلاچاوێک داوای لەمن کرد کە سۆراغی بزانم، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە داوای بلیتم لێ دەکرد. بەڵام من هەر دەمگوت کە هیچ هەواڵێکی نازانم، هەتا دەهات ژیانی" تاڤ" بێدەنگی و تەنیایی و خۆخواردن و دامرکاندنی ئارەزوەکان زیاتر باڵی بەسەردا دەکێشا، زۆر شەو هەبوو دەیویست بخەوێت، بەڵام خەیالاتی ئەو چەند شەوە کەمەی ڕامووسان و پێکەوە خەفتنەی لە گەڵ سوارە لێ دەبووە کابووس و خەوی لە چاو دەفڕاند، ئەو لە بەینی دووڕیانێکدا مابووەوە، تاڤ نەیدەویست کە بەڵێنی خۆی بۆ سوارە بشکێنێت لەهەمان کاتدا نەشی دەویست هەتا هەتایە بە تەنیایی بمێنێتەوە، ئەو دەیزانی کە ڕۆژێکیش دێت نیلۆڕای تاقانە ماڵ بەجێ دێڵیت و دەروات، ئەمیش چوار دیوار لەم تاراوگەیە دەبێتە هاوڕێی خەمەکان، تاڤ ئەو هەموو شتانەی دەزانی، بەڵام بەڕوخساری دەری نەدەبڕی نەیدەویست پەیمان شکێنبێت نەیدەویست ڕووڕەشی بەردەم ڕۆژی حەشروحیساب دەربچێت، زۆرشەو بەو خەفەتەوە دەخەوت کە کەس نییە، باوەشێکی پیا بکات، کەس نییە ماچێکی گەرمی بکات، ئەو ئامادەبوو لەوەی کە هەموو دونیا بفرۆشێت، لە پێناو دەست لەملانێکی تری نسکۆدا، ئەو بە هێمنی ژیانی ساردو سڕی ئێرەی دەبردە بەسەر.

– تا ڕۆژێکیان لەژیانی هێمن و ساکاری چاوەروانیی تاڤدا، مەخلوقێک دەرکەوت هەندێک دەڵێن ئەژدیهاو هەندێکیش دەڵێن ڕزگارکەر، بوونەوەریکی نەبینراو بە هەموو خەیاڵ و خەون "تاڤ"ی گۆڕی، کەوتە ژیانی، بە هەموو هێزێکی ویستی تاڤ لەو بەڵێنەی پەشیمان بکاتەوەو شووی پێ بکاتەوە، هەموو ڕۆژێک وەک دارکونکەرە خەریکی قسە هەڵبەستن بوو، بۆ پۆلاخۆری نسکۆ، هەموو شەوێک بەدیار ئەم دیودیوکردن لە جێ خەوی تەنیایی تاڤدا، خەریکی لە ڕەگ کێشانی وێنەو دیمەنی ئەفسوناویی نسکۆ بوو دەیویست ئاڕاستەی بیرکردنەوەی بگۆڕێت، تەنانەت هەندێک جار باسی شتی گەورەی ژیانیان دەکرد، ئەو بوونەوەرە هەموو ڕۆژێک خۆی دەکردە ماڵەکەو پێی دەگوت کە تۆ دەبێت شوو بکەیتەوەو واز لەو وەهمە بهێنیت کە ناوی نسکۆیە..نسکۆ نەسرەت، مرد هەموو شەوێک هەڵدەستاو وێنەو یادگارییە

بەجێماوەکانی لەئەلبوم و باوڵەکان دەردەهێنا و پارچەپارچەی دەکردن بەم حاڵە چەند ساڵێک گوزەشت، تا دەهاتیش هیچ هەواڵێک لەسەرمانی نسکۆ دەرنەدەکەوت، ڕۆژێکیان خۆی لە بۆشاییەکی سەیر بینییەوەوە، چوار دەوری لە بوونەوەرێک کە ناوی نسکۆ بێت، خاڵی لە مرۆڤێک کە ناوی باوکی نیلۆڕا بێت، ئەو بوونەوەرە پێشتر شەوو ڕۆژی لێ تاڵ کردبوو، هەر ڕۆژەو بەشتێک، دەمێک دەیگوت تەماشاکە براکانی بەخەمیەوە نین تۆ بۆ بەخەمی بیت، خوشکەکانی هەر یەکەو لە باوەشی پیاوەکانیانن تۆ نەبێت!، دایکی لەخۆشی پێکەوە ژیان و ئاسوودەیی ئەمان پۆلاخۆرەکەی لە بیرکردووە، تۆ نەبێت دوای سەرابێک کەوتوویت، تۆ نەبێت دوای تەپوتۆز کەوتوویت، تۆ نەبێت بەقەیرەیی سەر دەنێیتەوە، تۆ نەبێت بێ کەس لەم تاراوگەیە دەمریت، هەر ئەوەش نەبوو، نا ئەو گۆشەگیربووبوو، بێ پیاوی تەواوشەکەتی کردبوو، بێ ماچی وەرەسی کردبوو، نەیدەتوانی لەوە زیاتر بەرەنگاری شەیتانییەکانی بێت، دواجار خەریک بو خەڵک قسەی بۆ هەڵبەستێت، خەریک بوو، بەسۆزانی ناوی بەرن، خەریک بوو، پێوەرەکانی ئەمەکداری و خۆشەویستیی ئەبەدی بە پێچەوانەوە وەربگێڕدرێت، ئەو بوونەوەرە بووبووە ئەژدیها خەوی لێ بڕی بوو، تا دواجار بڕیاری دا نسکۆ لە بیربکات و شوو بکات، شوکردنێک کە ئابڕوبوونی بە دووانەبێت، ئەو زۆرێکی ویست تا توانیی هێز بۆ خۆی پەیدا بکات و بڕیاری شووکردن بداتەوە، ماوەیەک لە حەسرەتی ئەوەدا بوو کە بەکێ و چۆن شو بکات، یەک دوانێک هەبوون، بەڵام پاش پشکنین بۆی دەرکەوت کە ئەمانە هیچی پیاوی خەوەکانی نین، ناتوانن جێگەی وەهمەکەی بۆ بگرنەوە، من ئەوکات لە نزیکەوە، ئاگام لەمشتەومڕەکانی بوو، ئەو کات بۆم دەرکەوت کە ناتوانێت چی تر درێژە بە پەیمانی ئەبەدیەت بدات، کار گەیشتە ئەوەی لە هاوینێکی گەرمدا واز لە هەموو شتێک بهێنێت واز لە هەموو ئەویادگارییانە بهێنێت کە بۆ چەند ساڵێک خۆی پێ خافڵ کردبوو، دەست لە خۆشی هەڵگرێت، ئەو دواجار بڕیاری دا کە لە باوەشی یەکێکی تردا بخەوێت و ماچی لێوێکی تر بکات، من دواتر پێم زانی لە پێناو لە بیرکردنی هەتا هەتایی نسکۆدا هەموو ڕێگایەکی گرتە بەر، هەر لە ڕزاندنی ناوی پیرۆزو نەمری تا ئاستی سڕینەوەی وێنەی قارەمانیەتی باوکی لەبەرچاوهزری نیلۆڕا "تاڤ" هەموو شتێکی



هەرەس پێ هێنا، ئێستاش کەس نازانێت هەرەس بوون بوو. یان شێتی؟ پاڵی بە "تاڤ"ەوە نا بە (نیلۆڕا) بڵێت باوکت بۆ جەردەیی ڕۆیشتووەتە ئەوێندەر، باوکت بۆ شۆڕش نەچووە، ئەوێندەر هەموو هەستێکی قارەمانیەتی بەبەرچاو نیلۆرا هەرەس پێ هێنا، هەرلەپێناولە بیرکردنی ئەبەدی، هەموو پردەکانی پێکەوە بەستنی خۆی لە کەسوکاری نسکۆ نەسرەت، بڕی هەموو جۆرە جوانییەکی ڕابردوو لە دڵی خۆیا ناشرین کرد، تەنانەت وای لێ هات کە قێزبکاتەوە لەو چەند شەوە کەمەی کە لە گەڵ نسکۆ خەوتووە، من لێی دەگەیشتم دەمزانی "تاڤ" بۆ وا دەکات، بۆچی ئەو ژنە ئارامە لەپڕ بووە ژنێکی شەڕەنگێز. دەمزانی دەبێت هەموو ڕێگا چەپەڵەکان بگرێتە بەر، تا بتوانێت بەئاستەم وێنەی نسکۆ لەهزرا ناشرین بکات، دەبێت بیکاتە پیاوخراپ، تا بتوانێت لە تەلیسمەکانی نسکۆ ڕزگاری بێت و شووبکاتەوە. هەقیشی بوو، چونکە گەر شووی نەکردایە تاراوگە دەیکوشت قسەی خەڵک دەیخنکاند، ئەژدیهاکە نەیدەهێشت بۆ هەتاهەتایی" تاڤ" بۆ نەمریی نسکۆ بمێنێتەوەو شووی نەکردایە،.بزانە چەند مانا بەخش دەبوو گەرشووی نەکردایە ڕەنگ بوو ئەو ئەفسانەیە بووبووایە داستانێک و ناوی بنرێت داستانی وەنەوشە. بەڵام بەشووکردنی وەنەوشەیی نەهێشت، دەرکەوت ئەم باوەڕی بە دنیای ئەبەدیی عاشقان نییە.؟! تەنیا لە یەک شت نیگەرانم، ئەویش ئەوەیە کەمن لەیەکەم ڕۆژەوە پێم نەگوت نسکۆ کوژراوە. بۆ ئەوەی ئەو دە ساڵەی چاوەڕوانی، کورت کەمەوە کە ئەم. چاوەڕێی کرد،

ساڵێکی پێ نەچوو لە ساڵیادی موبارەکی، لەگەڵ ساتەوەختی کوژاندنەوەی مۆمی یەکەمی پێکەوە ژیان. لەگەڵ فیرنە گولە تازەکەی. هەواڵی ڕووخاندنی دیوارو شورا بەرزەکانی ستەمیش بەجیهان بڵاوبووە لەماوەی کەمتر لەبیست و یەک کاتژمێر. کاغەز و ژمارە نەبینراو و نەبیستراوەکان بە کیلۆ بە تەن لەناو فەردەکان داگیران و بەناو خەڵکی چاوەڕوانکراو هەڵرژێنران، لەناویاندا ئەوەی کە دوێنی نهێنی بوو هەنووکە هەمووی ئاشکرابوو، نهێنی خۆی لەدەست دا ژمارەو ناوی کوشتنی نسکۆشی تیابوو، بۆیە هەواڵی مەرگی نسکۆ جەژنەکەی تاڤیکردە دووجەژن بۆی ئاشکرابوو نسکۆ سەرابێک بووە، باش بوو گەنجیەتیی خۆی نەکردە قوربانی لەگەڵ

داگیرساندنی مۆمی دووەمی ساڵی پێکەوە ژیان، لەگەڵ میرخاس و فیرنە گولی خەونە هەستیرەکانی.... هەموو جیهانیش زانی نسکۆ و هەزارەهای وەک نسکۆ تیاچوون و نەماون، بەڵام لای کەس ئاشکرا نەبوو، چۆن لەناوبران.، من دوا کەسم ڕوخسارو شیوەن نامەی پۆڵاخۆرەکان، لەڕۆژی هەڵدانەوەی چارەنووسی ڕەش کۆمەڵەکان بینیبێت. لەرۆژی هەڵدانەوەی لاپەرەکان لەگەڵ خۆمدا هاوارم دەکرد.، خۆزگەم دەخواست کە ئەو ئێوارەیە بەنزین لەشار ببارایەو کەس نەگەیشتایەتە سەربازگەکە، ئەو ئێوارەیە، ڕادیۆکان بەڕاستی هەواڵی بەرەکانی جەنگیان بەخەڵک ڕابگەیاندایە ئەو ئێوارەیە سەرکردەکانمان بەڕاشکاوی باسی شکست خواردنی شۆڕشیان بکردایە، هاوارم دەکرد با نسکۆ لەوێ نەبووایە، وەلێ ئەفسووس خۆ خۆزگە خۆی دەربڕینی دەستە وەستانە، ترسنۆکییە، بێ دەسەڵاتییە. هەقە خۆزگە لە فەرهەنگی نوێی شۆرش و بیری هاوچەرخمان نەمێنێ، وەلێ نسکۆ و پەیامی عیشقەکەی بە نەمری و بە زیندووی بمێنێت.



## ٢٠ وەرزەکان بۆیە هاتوونەتە بوون تا بوونەوەرەکان لەسروشت زویرنەبن

دەمێکە من و سەمەنگوڵ بەیەکەوە کار دەکەین، وا دەچێت بۆ پینج ساڵ، هەتا ئێستاش باسی خۆی بۆ نەکردووم، ئەو باسانەی لێ دەرچێت کە جابیەتی پێکەوە دەمان بەستێت، هیچی تر لەسەرژیانی سادەو ساکاری سەمەنگوڵ نازانم، تەواو نامۆم بەژیانی ڕابردووی، زۆر سەیرە لەپاڵ هیچ نەزانی من بۆ کەسیەتییەکەی، سەمەنگوڵ داوای هاورێیەتیم لێ دەکات.. من و سەمەنگوڵ زۆرجار بەیانی باشیش بەزۆر لە یەکتری دەکەین، هەمیشەش گاڵتەی بە من دێت، دەڵێت تۆ ژیانت کورتە.، تۆ بە زۆر دەتەوێت ژیان لەخۆت کورت بکەیت، هەمیشە پرسیارو باس و بەسەرهاتی نامەئلوفم لەلابوە زۆربەیان لای سەمەنگوڵ نوێ بوون، سەمەنگوڵ لەم هەموو وەستان و دابەزین و سەرکەوتنانەی ناومیترۆ وێستگەکانی شیکردنەوەیەکی ژیرانەی بۆ زۆرێک لەڕوداو و بەسەرهاتەکان نییە، کەم کات هەبوو پرسیاری مانای «دیاری ناولێنانی» لێ نەپرسم، ناومان چی دەبەخشێت سەمەنگوڵ ئەو پینج ساڵە بێ وەڵام بووم... رۆژێک گەیشتە تینم پرسیم. ئەرێ سەمەنگوڵ چییە؟ ناوی گوڵە یاخود گورگ! کۆمەڵیک شتی گوت من هیچی لێ تێنەگەیشتم، گوتیشی نامەوێت کەس بزانێت مانای سەمەنگوڵ چییە؟ من لەسەربڕیاری ئەو پێتان ناڵیم سەمەنگوڵ مانای چییە؟ تەنیا ئەوە نەبێت کە پێتان دەڵێم لەڕوخساری ڕۆیشتنی بەنەرمەشەلی دەزانیت، سەمەنگوڵ چی دەگەینێت.، ئەو ئێوارەیە کە دەرکەوت زۆر بەگەرمی سڵاوی لێ کردم، دیاربوو کە شتێکی نوێی لەژێرسەردایە.

– شەیتاری ئەمڕۆ چاودێرین، بەسەر ئەوهێلەی کە بەلای دەریاچەکانی مەلەدا هاتوچۆدەکات.

– ماڵم نەشێواندی گوتم، داخۆچی بێت وا بەشەوق و زەوقەوە بەرەولام هاتوویت.

کاکی برا هەمووی یەک شتە، هەمووی لەژێر ئەرزە، خۆ بە ناشوکری نەبێت، ئەم ئیشەی ئێمە، چوار فەسڵەی لە بیر بردوینەتەوە. نازانین دەرەوەی ئەم تونێلە نسرمانە، دونیا گەرمە ساردە، هاوینە، زستانە، شەوە، ڕۆژە.، ئێمە مەگەر بەجل و بەرگ و هەناسەی موسافیرە بەدناوەکان، بزانین لەکام وەرزی بووندا دەژین. دەنا وەکی دی ئاگامان لەدنیا نەماوە،

قسەکانی پێ بڕیم و گوتی لەمرۆ بە دواوە، بەشتی تریش دەزانین، لەدەرەوە چ باسە.

– گوتم بەچی ؟

گوتی بەڕووتبوون، ڕووتبوونی مرۆڤەکان، بەڵێ شەیتاری دەڵێیت لەم دنیایە نیت.

چۆن ؟

باوەڕێک پەیدابووە. ناویان لەخۆناوە «سروشت خوازەکان»، لەمەلەوانگەو دەریاچەی مەلەکردنەکان خۆیان رووت دەکەنەوە بەبێ جلک مەلە دەکەن، لەشەوانی پێکەوە بوون و خەوتنیشیان رووتوقووتن. بە دووری مەزانە ڕۆژێکیش گەشتیارەکانی میترۆ بە ڕووتی سواری میترۆبن ئیدی دەزانیت دنیا گەرمە.. وادەی خۆ ڕووتکردنەوە یانە.

– بە ڕووتی، سەیرە، ئامانجیان چییە؟

ئامانجیان ئەوەیە کە لە سروشت زویرنەبن، پێیان وایە کە مرۆڤ تاقە بوونەوەرە کە خۆی بەجلوبەرگدا دەپۆشێت..بەم خۆپۆشینەش دەرکەوتووە مرۆڤ چەندین نەخۆشیی لەپیریدا بۆ پەیدا دەبێت، هۆکەشی تەنیا خۆپۆشینە.

– سەمەنگوڵ شتی سەیرباس دەکەیت من بەشێوەیەکی تر لەسروشت گەیشتوم، سروشت لای من ئاوی کانی، شاخ و داخ، درەختەکان، گەڵاکان، وەرزەکان، کانییەکان، نێرگزەکان، نەمامە وشک بووەکان... هتد، بەڵام ڕووت بوونەوەی مەردومەکان، ئەمەیان شتێکی نوێ و نەبیستراوبوو.

– وەک پێم گوتی، چۆنە وابۆت باس دەکەم، ئەم باوەرە نوێیە دەیەوێت لەسروشت زویرنەبیت..تۆ قەد بووە لەسروشت زویرببیت؟.



– ئا،. من هەموو ژیانم زویرییە لە سروشت، لە کوێوە دەست پێ بکەم، ئا، دەکرێت لەوێوە دەست پێ بکەین، لە سووتاندنی دار زەیتون و هەوڵی بێوچان بۆ وشککردنی دارمێوەکان، ئەوکاتەی، کە نازانم لەبەرچی؟ بۆچی؟ من بەدزییەوە نەوتم دەڕشتە ژێر ئەو دار زەیتوونە زەبەلاحەی کە باڵاو تەمەنی هاوکات بوو لە گەڵ زەمەنی هاتنی باپیرم بۆ ئەم شارە. ئەو کات پێم وابوو کە ئەو زەیتوونە دارێکی پیرۆکەو بۆ شاییەکی زۆرو بێ مانای لەماڵەکە گرتووە، من دەمویست، هەموو ئەو ماڵە چیمەنتۆی ڕەق بێت، خولیای ئەوەبووم ئەو ماڵە یەک پارچە کۆنکریت بێت و هیچ شوێنەوارێک بۆ «ئارامیی سروشت» نەهێڵم من ئەوکات دوژمنی سروشت بووم، خۆم بەخاوەنی سروشت دەزانی، پێم وابووکە دەتوانم چارەنووسی دارستان و باڵندەو باخچەو گیانلەبەرەکانی تریش دیاری بکەم، جگە لە باپیر کەسی ترنەبوو لێم تووڕە بێت و بڵێت بۆ وا دەکەیت ؟، پێم بڵێت تۆ نەوت دەکەیت بە مێژووی خۆتەوە،! پێم بڵێت تۆ نابێت چارەنووسی ئەو زەیتوونە بەبێ ڕا وەرگرتنی خۆی و بەر لەوەی ئەو زەیتوونە وشک بکەیت، خۆت وشک بکەیتەوە، من گوێم بۆ ئەوقسانە نەدەگرت، ڕەنگە هی ئەوە بێت کەویستبێتم ئەوە دەربڕم کە لە کەلاوەیەک دەژیم، دەمویست بڵێم من لەکولانە نەنیشتووم، من لەدارستان نیم، دەمویست تۆڵەی سەربانە گڵەکەمان، تۆزاوی" کا" زەردی باهێنراوی پایزان بۆ ناوحەوشەکەمان، لە زەیتوونە سەوزەکەی ماڵەکە بکەمەوە، ڕەگو ڕیشە داکوتراوەکەشیان لەبنەوە هەڵیکێشم، وا تێ گەیشتبووم کە گەر ئەو درەختانە لەناوبەرم ئیدی درەخت و نەمام نامێنێ و خەڵکی بەناچاری سەربان و حەوشەکانیان، کۆنکرێت دەکەن هەرواش بوو؛ چوونکە باوەڕ ناکەم هیچ مەبەستێکی ترم هەبێت، ئەفسووس کاتێک بووینە، خاوەن سەربانێکی کۆنکرێتی و ڕووبەرێکی کەم لەسەوزایی و دارتووە بێ بەرەکان، ئیدی کەوتمەخۆ بۆ کڕینی دارێکی بێبەرو و چاندنی لەناوەڕاستی ماڵەکە بۆ ئەوەی بەدەستووری باپیر بڵێم هاتنی ئێمە بۆ ئەم ماڵە، هاوکاتە لە گەڵ چاندنی ئەم دارە، بەڵام پێ دەچێت فریا نەکەوتبێتم پەندو ئامۆژگاریی باپیر بخەمەکار؛ چونکە ئەو درەختە پاش ماوەیەک وشکی کرد، دوایش بۆم دەرکەوت براله بچووکەکەم بڕیاری سەربڕین و فەوتاندی داوە، ئەویش بەدز کاکیەوە، بەدزیی منەوە نەوتی کردە ژێر نەمامەکە،

وشک بوون و فەوتانی ئەو درەختە نەیهێشت بەهەڵە چوونەکەم راست کەمەوە، ئەمێستا پەشیمانم، بریا دەستم بشکایەو نەوتم نەکردایەتە ژێرئەو دارەزەیتوونە، بریا بمردمایەو براکەم بەدەستووری من لەسەر فەوتاندن دەستی رانەهاتایە، ئەو پەندەشم بەسەرخۆ نەسەپاندایە کە دەڵێت "گەورە ئاو دەڕژێ و بچووکیش بەسەریا پێی تێ دەخا" ماوەیەکی زۆریش بۆ ڕاستکردنەوەی خۆم، بەدوای هەواڵی ئەو دارزەیتوونە دەهاتم و دەچووم وەلێ ئەوەی کە بەسەر ئەو زەیتوونە هاتووە بەسەرکەس نەهاتووە چۆنە وابۆت باس دەکەم؟ لەپاش هاتنە دەرەوەی ئێمە لەو کەلاوە کۆنە بەدناوە، ساحێب خانووەکە بەتەپوتۆزی چیمەنتۆو، کەرەسەی بیناسازی نوێ هێندەی تر زەیتون و گەلامێوەکانی لەڕولارکرد ئێستاش وابزانم هەر ماوە.، نا ببوورە، ڕاست ناکەم خۆم هەڵئەخەڵەتێنم، لەوماوە کرێچییە تازەکان لە جێی ئەو زەیتوونە هەنجیرێکیان ناشت، دەیانگوت هەنجیرێکی، سەیربووە، رەنگی بەرەکەی لەهەنجیرەکانی تر نەدەچوو، باسیان دەکرد گوایە لە بەهەشتستانەوە هێنراوە «هەنجیرە سوورە»یان پێ دەگوت، کەس نەیدەزانی بۆچی «هەنجیری سوور»ی دەگرت، جارجارسەرم دەکرد بەو کۆلانانە و یەکدوو هەنجیرم دەبینی دەدگوت لەجیاتی ئاوخوێنی بۆ ڕۆکراوە، هەر ئەوجارە بوو هەنجیرم بینی، پاش چەند ساڵێک و بەرلەوەی لەبەرەکەی بخۆن، بەرلەوەی بەری هەنجیرە سوورە ببینن، ئەوانیش ئەوخانووەیان چۆڵ کرد، ئەم جارە لە جێی ئەوان یەکێکی تر هاتە جێیان، دیاربوو کرێچیی نوێ، دیمەنی هەنجیرەکەی بەدڵ نەبوو، خۆی و خانەوادەکەیشی باوەڕیان بە ئەفسانەی هەنجیرە سوورەی بەهەشت نەبوو!. پێیێان وابوو کە ئەم ناوەڕاستی حەوشەیە پێویستی بە درەختێکی نایابتر هەیە، بۆیە بڕیاریاندا کە "هەنگی دوونیا"ی تیابچێنێن، ئەوان نەیاندەزانی ئەو گڵە بەرەکەتی تیا نەماوە، وەک ژنێکی نەزۆکی لێ هاتووە، هێندە نەوتی ڕەش و میزی پیاکراوە گەر بەزۆریش لە وەرزی چرۆدا بژی، بەردەر ناکات، بەریشی هەبێت بەرەکەی تامی هەنگی دوونیا نادات تامی مازۆتی ڕەش دەدات. «مەنسووری مەندی» گەلێ بەخزمەت بوو بۆ هەنگی دونیاکەی، دەیویست وەک کۆرپەیەکی خۆی بەخێوی بکات، «مەنسووری مەندی» وجاخ کوێر، سەرەتا نەیدەزانی کە ئەم عاردە تووشی نەعلەتی بووە، هەنگی دونیا بەهیچ گەورە



نەدەبوو، لەفەسڵی بەهاروچرۆ دەرکرندا،. چرۆی دەرنەدەکرد، مەنسوورمەندی، یەکەم جار وا تێ گەیشتبوو کە خەتای ئەمە نازانێت "ناز" بداتە هەنگی دونیا، ئەو وا تێ گەیشتبوو کە سەرمای زستان و کانەکردن بەژێرو دەوروبەری، هۆی لاوازی و گەڕیەتییەتی، وای دەزانی چرتە میزی منداڵە هارەکانی هاوسێ، بەسەر گەڵاوداری هەنگی دوونیاکە، وای کردووە میزئاسا ئەمیش ڕەنگی زەرد هەڵگەڕێت ؟! تا دواجار کۆمەڵێ شارەزای زەوی و زار، بە حیساب خوێنەوارو بیرهۆشیاری هێنایە سەردارەکەو پێی نیشاندان پێیان گوت «مامە» گیان ئەم ئەرزە سووتاوە بەسەد ساڵی ترئینجا دێتەوە سەرخۆ، ئەم درەختەی کەچاندوتەش، وەک داری (سمبەری) بێ بەردەبێت وازی لێ بێنە، ئەو ناوە هەمووی بکە بە حەوشەی کۆنکرێت کەی باوی هەنگی دونیاو ترۆتەشقەڵە ماوە، خۆت بەوە هیلاک مەکە، دنیا گۆڕاوە زەمەنی «عەولەمەونێتە»، کەی باوی ئەمانە ماوە کامە درەختە، کامە گوڵە، کامە نەمامە دەتەوێت لەبەرچاوت گەورە بێت دەتوانی بە کامپیوتەر لە خانەی ماڵداریدا بیچێنیت و گەورەشی بکەیت و بەخەیاڵیش لەبەرەکەی بخۆیت، مەنسوورمەندی ئەم ئامۆژگارییانە نوێ بوو بۆی نەدەچووە عەقڵی زەمەن واپێش کەوتبێت، بنیام بتوانێت خۆرسکەکان، بۆ دەسکرد بگۆڕێت، ئەم نیسحەتانە تازە بوون مەنسووری مەندی پێشتر شتی وای نەبیستبوو، بە چاویشی نەیدیبوو، بە خەیاڵ درەختێک بچێنرێت و گەورە بێت و لە بەرەکەشی بخۆیت. دواجار بڕیاری دا بەقسەیان نەکاو. هەرچی پارەوپوول بوو لەو هەنگی دنیایە سەرفی کرد، من تا سەردەمێکیش لەدوورەوە سەرەتاتکێم بوو، لەو گەرەکە کۆنە دەمبینی مەنسوورمەندی زۆرغەمبارە وەک بڵێیت منداڵیکی کەم ئەندامی چاند بێت و دەستی نەچێتە لە ناوبردن و رەوانەکردنی بۆ زبڵخانەی شار، ماوەیەک بەو دەردەسەرییە ژیانی مەنسوور مەندی گوزەشت، پاشان بیستمەوە بە حەسرەتی بەردەرنەکردنی هەنگی دنیا، سەری نایەوە، هەنگی دنیا بەری نەگرت و مەنسووری بە خەفەتی فەوتاند لەم ساتەوەختی هەوڵەکان بۆ نەمانی درەختەکان.. شانبەشانی هەوڵ و هەستی لەناوبردنی گیانەوەرە لەڕەکان، شارەوانی هەستێکی لادروست بوو کە شار پێویستی بەپاکسازی و چاکسازییەکی تر هەیە، یەکەم کاریش کە بەکرێکارەکان سپێردرا هەڵمەتێک بوو بە ناوی لە ناوبردنی

شوێنەوارە کۆنەکانی شار ئەو خانوانە بەخۆیان و بەداروبەرد، لەناو بردوو لە جێی ئەوان بەناوی جوانکردنی ڕووی شار باڵەخانەو تەلاری مۆنۆمێنتی بەرزبەرزو سوپەرمارکێتیان تیا بونیادنا..بۆ ڕێزی ماندوونەناسی «مەنسورمەندی»یش، لە جێگەی هەنگی دنیای لەسروشت هاتوو هەنگی دنیایەکی بەنایلۆن و پەڕۆ دروستکراو لەناوەڕاستی گۆڕەپان و مەیانەکان ناشت، لە جێی گوڵە باخی بۆنار، گوڵە باخی دەستکردیان هێنا، لە جێی چەپکەنێرگزی لەشاخ و دەشت خۆرسک، ڕواو چڵەنێرگزی دروستکراوی چەرخی عەولەمەیان بەناوخەڵکی گێرا. گوتیان ئەمە گەرچی بۆنی نییە، بەڵام لەوە دەکات، ئیدی لەوێوە هەموومان تووشی نەخۆشیی لاسا کردنەوە بووین، لاسای لەناوبردنی سروشت، لاسای تێکدانی گەردوون سەمەنگوڵ تۆ بڵێیت باوەڕی «سروشت خوازەکان» بیانەوێت مرۆڤ بۆ سەردەمەکانی نەزانی بگەڕێننەوە، یان ئەم سەردەمەی ئێمە نەزانییەو ئەوان سەردەمی زێڕینە. سەمەنگوڵ لەوڕۆژەوە تاکو ئێستا لەو شارەی من، بەدەستە جەمعی بڕیاری داوە لەبۆن، لەدیمەنی سروشتی گوڵەکان بکەوێت، تا بەبۆن نەکەون نەکا ڕۆژێ لەڕۆژان بەو بۆنە عاشق بن و لەخۆشەویستیان بۆ نیشتیمان زاتی نیشتیمان فرۆشی نەکەن لەباسی مەرگی سروشت دەبێت دان بنیم بەوەی کە «سڵەی قەساب»، بێوچانانە دەیویست فێرم بکات سروشتم خۆش بوێت..بەڵام من لێی حاڵی نەدەبووم یان ڕاستر نەم دەویست بێمە سەر ڕێی کۆن و نەفامانەی «سڵە»...خۆشت دەزانی چەند سەختە، دوو نەوە دوو نەسڵ تێفکرێن و تێروانینیان بۆ مەسەلەکان لەیەک خاڵدا هاوتەریب بکەیت.. باپیر بەم دوایانە کفت وپشت کۆم، گەلێک جار من ڕیشم بۆ دەتاشی بۆ، ئەوەی نەهێڵم گوێزانی تیژی ڕیش تاشین بریندای بکات، زۆر جار نەیدەهێشت ڕیشی بۆ بتاشم دەیگوت من نامەوێت کەس ڕیشم بۆ بتاشێ، من خۆم هەتا دەمرم هەموو شتێک دەکەم، جارێکیان پێم گوت خۆ تۆ پیربویت تازە ڕیش بۆ دەتاشیت...کێ دەتبینێت؟ کێ هەیەپرسیاری ڕیشت لێ بکات؟. بەتووڕەییەکەوە سەیری کردم، مووی گۆیی قوت بوونەوە، گوتی، خۆم سەیری خۆم دەکەم، بۆ ئەوەی لەکفت وپیری خۆم قێز نەکەم.، کەمێک وەستاو لە ڕوخساری گەمژییەتیم ڕاما ئەمجارە،، بەتوڕەییەکەوە سەیری کردمو دەنگی گڕکرد و پێی گوتم، "ئێمەو وەرزەکان پەیوەندییەکی بەتینمان هەیە پێکەوە، وەرزەکانیش وەکو بوونەوەرەکانن



لەدایک دەبن و دەمرن" بەر لەمردنیان دەبێت بچووکی و گەورە بوون و کفتی ببینن، گەر هەر بەو شێوەیەی خۆشیان بمێننەوەو ڕەنگ نەگۆڕن مرۆڤ لێی بێتاقەت دەبێت وەرز بۆیە هاتووەتە بوون، تا ئێمە لەسروشت تووڕە نەبین، منیش بۆیە ڕیش دەتاشم، تا خەڵکی و خۆم لەخۆم زویرنەکەم.، دەنا بەڕای تۆ مرۆڤ بۆچی ڕیش دەتاشی؟. سەر بۆ چاک دەکات، گەرخۆی بداتە دەست مردن و بەزیندووی خۆی بمرێنێت.، ژیان چ مانایەکی دەمێنێت، قەت پرسیوتە بۆچی درەختەکان لەپایزدا گەڵایان هەڵدەوەرێت و، بەدرێژایی زستان ڕووتن لەبەهاردا چرۆدەکەن و لە هاوین سەوزن و سەراپا خۆیان بەگەڵا دادەپۆشن.، زۆرم لەگەڵ وتی کوڕی، خۆم نەوت مەکەرە ژێر ئەو زەیتوونەوە. و گوێت لێ نەگرتم بە نەوتی ڕەش ئەو زەیتیوونەت لەناوبرد.، چیت دابوو لەو زەیتوونە؟ چ ڕێیەکی لەتۆ گرتبوو؟ دەتویست بەردەوامیی نەدهێڵیت یاخود خۆت بەساحێبی ئەو درەختە دەزانی، پێت وابوو کە دەتوانی بێ پرسی خۆی لەناوی بەریت.

– پەشیماننیت ؟

...هەرگیزنا، چونکەپەشیمانی خەڵکی ژێر لێی تێ دەگات، کوێرەوەرو نەخوێنەوارێکی وەک من پەشیمانیش بم لەمانای پەشیمانی تێ ناگەم.«جارێ لای ئێمە کاتی بیرکردنەوە نەهاتووە»، وەک چۆن ئێستا لە مانای ڕووتبوونەوەو ئامانجی سروشت خوازەکان، تێ ناگەین ئاوهاش لەمانای پەشیمانی تێ ناگەین، هاوڕێ تۆ بۆ ئەوەی پاک بیتەوە لە گوناهەکانت، دەبێت دەرفەت و هەلێکت بۆ برەخسێت، لەم سەردەمەدا، بەئاوی یۆحەنا کەس پاک نابێتەوە..پاشان ئێمە مەلەوانگەیەکمان نییە..مێکان لەگەڵ نیرەکان بەیەک نەسقو لەیەک گۆماودا مەلە بکەن، قەد بیستووتە "گورگ و مەڕ لەیەک ئاوبخۆنەوە" ئێمە نێرەکان لەمێکانمان جیاکردووەتەوە، گەر مەرێکیش لەمەلەوانگە خۆی ڕووت کاتەوە، گورگ نایبینێت. ئیدی بەڕای تۆ ڕووت بوونەوە، هیچ مانایەک دەبەخشێ؟ هیچ چێژێکی لێ دەبینرێت..سەمەنگوڵ من دڵنیام ئەم باوەڕە تازەیە، گەر بێت و کورو کچی تیا جیابکرێتەوە، کەس نابێتە ئەندام تیایدا، بەڵام بۆ جیایان بکەینەوە، خۆ کە لەدایک بوون هەردووکیان بەڕووتی لەدایک بوون کە دەشمرن بەڕووتی دەمرن..

## ٢١ ئێمەو ژیان گەمە دەکەین، هەردووکمان دەمانەوێت گرەولەیەک بەرینەوە

دوا وێستگەی وەستان و پێدا ڕۆیشتنی مێترۆ، لە بەردەم کۆنە گۆڕستانی شارە، وێستگەکە بە ناوی جەنگاوەرێکی ئەفسوناوی، پۆڵاخۆری شار ناونراوە «سانپاولۆ» هێمایە بۆ ئەو گەشتیارانەی دەیانەوێت سەردانی مەزارو داستانی نەمری بوونیان بکەن. چەندخولەکێک بەرلەگەیشتن بەوێستگەکە، شۆفێری مێترۆ هەمووانی ئاگادارکردەوەکە سانپاولۆ، دوا وێستگەی وەستانی هێڵی مێترۆیەو چیدی لە وەزیاتر مێترۆ بۆ پێش بەڕێ ناکات، بەم ئاگادارییە خەیاڵ بڵاویی خۆم کۆکردەوەو بەسەمەنگوڵم گوت، چی دەبێت گەر سانپاولۆ، دوا وێستگەی مێترۆ نەبێت و شەمەندەفەرەکە لە ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بێت و نەوەستێت ؟! چی دەبێت گەر گۆڕستان و مەزاری نەمران دوا وێستگەی پشوودانی ژیان نەبێت؟ بۆچی مرۆڤ گەشتێک نەکات تەواوبوونی نەبێت؟

– سەمەنگوڵ پشتە کۆمەکەی ڕاست کردەوەو نزمتر لەوەی کەبیەوێت سەربەرزکاتەوە، بەدەعیەو فیزێکی قۆشماوییەوە، پێی گوتم: ئەوەی کەمن دەمەوێت بێتە دی.. لەو ئومێدو خۆزگانە، دەچێت کە بلیمەت و سیاسەتمەدارو زاناو، تیۆرناس و دەروێشەکانی گەردوون بانگێشتی بۆدەکەن، و دەڵێن "چی دەبێت گەر ژیان بەردەوام بێت و مرۆڤ نەزانێت مردن چییە!؟

– بۆنا، سەمەنگوڵ! هەست ناکەیت مەرگ ستەمێکی گەورەیە لە مرۆڤ دەکرێت، هەست ناکەیت مردن ناهەقییەکی مەزنە دەرهەق بەژیان دەکرێت؟ باشە گەر ئێمە ڕێگەمان هەر مردن بێت بۆچی لەیەکەم ساتی لەدایکبوونمان تامەزرۆی ژیانین، بۆچی لەهەڵپەی شتێکداین کە سوور بزانین ڕۆژێک دێت ئەو شتەمان لێ دەسەندرێت





و لە دەستی دەدەین؟ بۆچی سالی نوێ جەژن بێت، نەک مەرگ؟ بۆچی لەیەکەم ساتەوە خۆمان منەتبارکەین، بۆچی لەپاش تێپەڕبوونی کەمتر لەنیوکاتژمێر لە هاتنەبوونمان بێ ئاگا بووینەتە قەرزاری چاکەی دایک، بۆچی شیری دایکمان ببێتە سەرچاوەی منەت و قەرزار باریمان، باشە دایکمان بە تەنیا شیرمان دەداتێ یان شتی تریش لەگەڵدا پێ نۆش دەکات؟ دایکمان تەنیا شیرمان دەداتێ یاخود لەگەڵیا هەزارو یەک خەفەت و مەینەتی و زوخاوو دەردە سەری، گەمژەیی و سەر لیشێواویمان پێ نۆش دەکات، دایکمان کارگەو بەرهەمهێنی قەدەرکانە؟ یاخود تەنیا هەوێنی هەل و ڕێکەوت ڕەخسانیان، دەدات؟ ئەی بۆچی هەتا سەر شیری دایکان نۆش نەکەین، بۆچی ماوەیەکی کەمەو شیری دایکان لەئاست هەڵپەو تاسەی گەورە بوونی ئێمە دەترشێت و هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ. دایکمان شیریشی پێ مابێ، ئارەزووی شیرخواردنمان تیا ون دەبێت، تۆ بڵێیت هی ئەوە بێت. لەساتەوەختی گەورەبووندا شیری دایکمان تێرمان ناکات. سەمەنگوڵ قەد بیرت لی کردووەتەوە لەپیریدا بتوانیت جارێکی تر شیری دایک بخۆیتەوە؟ تۆ بڵێیت گەر لە پیریدا جارێکی تر بەشیری دایک خۆ پڕمنەت کەین، وادەی مەرگ و فەنامان دووربخەینەوەو ژیان دریژبکەینەوە، تۆ بلێیت هێزێک هەبێت بتوانێت بمباتەوە بۆ خولگەکەی جاران و ببینەوە بەشیرخۆرو زارۆکە گوێڕایەڵەکەی جاران.. یاخود لەو عومرەدا «شیری دایک» شەڕی مەرگی پێناکرێت و دەبێت «شیری شێری» بۆ بخۆین باشە کە ژیان هێندە «دزگێن»ە هێندە بێتامە، هێندە بۆنی دەمی بۆگەناوییە.بۆچی دوای کەوتووین؟ تۆبڵێیت بە ئومێدی ڕوو گۆڕین بین؟ باشە بۆچی ژیان هێندە دوو ڕووە، بۆچی گەر بیەوێت بە باری گەش و ئاسوودەییدا دەروانێت و گەر نەشیەوێت دەبێتە خەم بۆ هەمووان، زۆر سەیرە، نازانم بۆچی لە خاپوورە وڵاتی ئێمە «ژیان» تەنیا و تەنیا بووەتە خەم بۆ خاک و خۆڵ و نیشتیمان، بووتە تەپوتۆزی نیشتووی سەر گەڵای دارە سەوزەکان. ئەو گەڵا سەوزانەی کە بەتۆز و خەفەتی ژیان ڕەنگ زەرد هەڵگەڕان و بوونە پایزە گەڵای خەمەکان، کەس لەژیانی پرسیی بۆ وامان لەگەڵ دەکات؟ قۆشمەکانی ژیانە، پرسیاری لە بیربردووین یاخود گەمژەیی و بەدناویی خۆمانە ناهێڵێت، بەڕووی ژیان بتەقینەوەو پێی بڵێین ژیان بۆ وا خۆت گۆڕیوە،؟ دەزانم

ئێستاکێ هەندێکتان حینجەتم پێ دەگرنو بە گاڵتە پێم دەڵێن "هۆ شەیتاری ژیان شووی کرد و سێ منداڵیشی هەیە" هەر بەم گاڵتانەشە لە پرسیارەکان خۆقورتار دەکەن..نا هەقیشتان ناگرم، گەروا بکەن؛ چمکێ ئەو هەموو باسە لەسەر ژیان ئەو هەموو پرسیارو رایەڵە لەسەر ژیان، پرسیارێکم نەکرد بڵێم بۆچی ناوت «ژیان»ە بۆچی؟ ناوت، شاخ، زەیتون، بەرد، کانی، زێ، دەریا، ڕووبار، بەفر، باران، ترووسکە، بریسکە، جەبار، شەیتان....هتد نەبوو؟

کێ ناوی نایت ژیان، کێ بوو بڕیاری دا ماوەی جووڵەی بوونەوەرەکان بەژیان بانگبکات، شێربوو یاخود کیسەڵ؟ یاخود سیسەمار؟ یاخود شامپازیی خزم و ئامۆزا؟ تۆ بڵێیت شامپازی بێت؟ باوەڕ ناکەم، شێرو کیسەڵ و ماسی و نەورەسەکان ئەو بڕیارە قورسەیان پێ درابێت، ئەوان ناتوانن ببنە بڕیاردەر لەسەر ناولێنانەکان، ئەوان بڕیاری وەها چارەنووسازیان پێ نادرێت من دەڵێم هەربنیامە ناوی ژیانی لێ نایت چمکی هەر ئەوە سوڵتانی کائینات و ناولێنەری هەموو شتەکان هەموو بوونەوەرەکان، مرۆڤە بەناوەکان، شتەکان، لەبوونەوەرو گیاندارو بێگیان، مەخلوق و باڵفرِ و جاڵجاڵۆکەکان جیادەکاتەوە. هەر ئەویشە بە "ئەزەل" ی گوت، تۆی خوداو میهرەبان تۆی پادشای جەبارمان.

– سەمەنگوڵ، چی دەبێت ژیان بە سەتەلایتێک بگۆڕینەوە.؟ چی ڕوودەدات گەر سەتەلایت جێگەی ژیانمان بۆ بگرێتەوەو هەموو ئەو تیۆرانەی کە لەسەر ژیان نووسراون دەسێکیان پێابهێنین؟. لە جیاتی ئەوەی ناوی ژیان بێت ناوی سەتەلایت بێت! باشە گەر سەتەلایتە بۆچی لەمەشیانا کەناڵە خۆشەکەی بەهەشت ناهێنێت؟ بۆچی بێ بەش بین لە دیتنی کەناڵە خۆشەکەی بەهەشت، خەمساردیی خۆمانە، یاخود بیانووگری و گرینۆکیی سەتەلایتە.؟ سەتەلایت، ئێمە زۆر لێت بەگلەیین. جارێک بە بیانووی شاخستانیمان مەودای پەخشی کەناڵەکەت پەرش و بڵاودەکەیت، جارێکیش بەبیانووی گزگلە دزی گوزەر، خۆتمان لێ گوم دەکەیت، بەم دواییەش چاو چنۆکی و حەسادەتی دەرو دراوسێکانت کردووەتە بیانووی خۆشاردنەوەو نیشان نەدانی کەناڵە خۆشەکەی بەهەشت، ئێمە زۆرمان کرد، زۆرمان هەوڵ دا بێیتە ژێربار بەڵام هیچ فایدەی نەبوو، تۆ لە کەلی شەیتان نەهاتیتە خوارێ و ئێمەش سەبری



ئەیوبمان لەئاست خراپ دەرکەوتنت، لە ئاست لێڵیی دیمەنی دەشەت لێ پسا، بۆیە دواجار بڕیارمان دا پشت ئەستوور بەنەریت و دەستووری نەژادی پێش خۆمان، بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بە بەرچاوی هەمووان تیغ بە ڕووی سافی سینییەکەت بەهێنین و تەزوو کێبڵی کارەباکەت لێ ببڕین و هەلا هەلات کەین و لە کاولترین و کۆنترین زبڵخانەی میژوو، بەنرخی فافۆن و مسی شکاو لەگەڵ نەعل و دەرپێی دڕاوی ژنان، وردت بکەینەوەو پوولەکەشت بدەین بە شەکرۆکەی منداڵان ئەو منداڵانەی پێشتر تازەمەنی فەوتانی تۆ شەکرۆکەیان نەدیتبوو، ئێمە هەر ئەو جارەش نەبووە وادەی دەرکەوتنی کەناڵە خۆشەکەی بەهەشتمان لە خۆ حەرام کردبێت، ئێمە چەندین جارو لەچەندەها بۆنەدا، دەمان فەوتاندی هەرجارەو بەبیانوویەک کەناڵە خۆشەکەمان لە کیس خۆدەدا، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز لە پێشوتر هەواڵی مەرگی ئەبەدیت بەهەموو جیهان بڵاوکردەوە، تازە جارێکی تر، نە ئێمە تۆمان دەوێت، نەتۆش دەتەوێت بگەڕێتەوە لامان. «ژیان» تۆ دەمێکە خۆتت لێ ئاڵۆزکردووین تا ئێستاش نازانین ئەو نۆ مانگەی سکی دایکان بەچی حیساب بکەین، ئەو نۆ مانگە ژیانە، یاخود هەڵپەیە بۆ ژیان؟، بۆچی ژیان نەبێت خۆ دەڵێن کۆرپە لە سکی دایکیدا دەزانێت گریان چییە، لە خواردنی دایکی دەخوات، دەخەوێت..هتد، تۆ بڵێیت گەر کۆرپەی شیرخۆر لە گەڵ هاتنەبوونیدا زمانی گۆکردنی هەبووایە بیتوانیایە باسی بکات لەو نۆ مانگەدا چۆن ژیا، زانیویەتی گریان چییە؟ خەوی بینیوە؟ حەزی بەسەماکردووە؟ جێ خەوی نسرم بوو، یاخود گەرم و خۆش. بە لە دایکبوونی نسرمی لە کۆڵ بووەوە، یاخود بەهاتنە بوونی لەگەڵیا ئەوانیش لەدایکبوون و تاسەرەمەرگ پێیان دەناڵێنێت؟. باشە گەر نسرمەکان لەگەڵماندا لەدایک بن؟ کێ دروستکەریانە؟ تۆ بڵێیت نسرمەکانی بوونمان بە پشتاوپشت بۆمان مابێتنەوەو بە میراتی هەڵگریان بین، یاخود شیری دایکمانە، نسرمیی لەگەلا تێکەڵە نسرمەکانمان بەشێکە لە بوونمان، یاخود ئێمە بەشێکین لەسێبەری نسرمەکان گلەیی بێت لێت «یەسووع» تۆ تاقە موعجیزە بویت کە دەتوانی وەلامی ئەم پرسیارانەمان بدەیتەوە، کەچی خۆتت لێ گێل کردو مێشکمانت بەشتی تر خافلکرد، دەڵێن گوایە تۆ یەکەم کەسیت بە لە دایکبوونت قسەت کردووە، بۆچی باسی ژیانی ناوسکی مریەمت بۆ نەکردین؟ کە لە دایک بوویت ژیانی نۆ مانگی سکی

مریەمت لە بیرچوو بوو یاخود ترسای لەوەی کە لێت تێ نەگەین.؟ گەر تۆ بتگوتایە چی لەو نۆ مانگەدا رووی داوە ئێستاکێ هەموو ئەوتیۆرانەی کەلەسەرت نووسراون هەڵاو گێر دەکرد. هەرکامێکیان بیت، هۆکانی بێدەنگیت گلەی بێت لێت «یەسووع» "ئەی باشە خۆ تۆ خۆت فەرمووت خودایە لێیان مەگرە، چونکە نەزانن" باشە ڕێی زانین و زانیاریت بۆ لێ ئاڵۆزکردین. ئەمێستا دەڵیم "بۆ ئەوەی بتوانین تام و چێژ لە ژیان ببینین، پێویستە لەگەڵیدا بیر لە مردن بکەینەوە"، بەشێک لە خۆشگوزەرانیمان سنوورە بۆ زەمەنی جووڵەو هەڵپەمان، ئێمەو ژیان لەگەمە داین، هەردووکمان، دەمانەوێت ئەوی تر ببەزێنین،

– زۆر بە دوای ئەو هۆیە گەڕام کەوای کردووە، مرۆڤ ئارەزووی هاتوچۆی هەبێت لەنسرموبن عارد، لەناو تونێلە خنکاویەکان، تیکەڵ بەبۆن ساردی کورسییە بەجێ ماوەکانیش بکاتە جێ ژووان و سەفەر، یەکەم جاریش کە مێترۆم بینی، ئەو پرسیارەم لادروست بوو کە بۆچی مرۆڤەکان دەیانەوێت بە نێو مێترۆکان هاتوچۆ بکەن و زۆرترین کاتیشیان بەخوێندنەوەی ڕۆژنامەی مێترۆ خەساردەکەن، هەنووکە ئێستا بە بانگێشی ئەو شۆفێرە نەعلەتییە بۆم دەرکەوت کە «مێترۆو ژیان، مرۆڤ و مردن» پەیوەندییەکی بەتین و لێکچوویان هەیە، تۆ بڕوانە شەمەندەفەرەکان کە وێستگەیەک جێ دەهێڵن، ناتوانن بگەڕێنەوە دواوە، دەبێت هەر بەرەو پێش بڕۆن گەر یەکێکیش لەنیوەی ڕێگا بەجێ مابێت دەبێت چاوەڕێ بێ شەمەندەفەرێکی تر لەکات و زەمەنێکی تردا لێ دەرکەوێت و بەجێی بگەینێتە وێستگەیەکی تر، مرۆڤەکانیش کەشیری ترشاوی دایکیان بەجێ هێشت لەپیرە وەختیدا، ناتوانن بۆ گەنج بوونەوە بگەڕێنەوە لای شیری دایک، ناچار شیری شێر دەکەنە دەرمان بۆ گوزەر، دواجار خاڵێک هەیە مرۆڤ و مێترۆ، لەیەک کاتدا کۆ دەکاتەوە، خاڵی دەستپێک و کۆتایی، خاڵی لەدایکبوون و مردن، بڕوانە سەمەنگوڵ ئەم موسافیرانە چەند بیانەوێت خۆیان لەگێلی بدەن و لەمێترۆ دانەبەزن، دواجار وێستگەیەک دەبێت بە ناچاری دایان دەبەزێنێت و ناهێڵێت لەوە زیاتر درێژە بە سەفەرو فێڵەکانیان بدەن، وەستان لەوێستگە یەکی دیاریکراو، زەمەنی حیلەبازی ڕادەگرێت.

– سەمەنگوڵ، کاتی خۆیی لەمەکتەب لەو کاتانەی کە باوی ململانێی رەنگ و



ناوەکان بوو، ڕۆژێکیان مامۆستا «ئیشەڵا» لەوانەی ئایندا پرسیارێکی سەیری کرد، کەس لەو باوەڕە نەبوو، مامۆستا پرسیاری وا قورسمان لێ بکات، کەس خۆی بۆ حازر نەکردبوو هەموو ئایەتەکان، وەک ئاو و دۆ لەبەریبوون ئەمیان نەبێت، دوو سێ جاریش لەسەریەک پرسیارەکەی دووبارەکردەوە. مردن چییە.؟ کوڕینە کێ دەزانێت مردن چییە ؟ مردن چییە؟. هەموو پۆلەکە لە حەیبەت و ڕێزی مردن دەقیقەیەک بێ چپە نەفەسی لەخۆ بڕی کەس هیچی نەگوت، لەپڕ گەوجانە لە دەمم ترازا گوتم مامۆستا «مردن جیابوونەوەی ڕۆحە لە جەستە»! مامۆستا «ئیشەڵا» زۆر بەلایەوە سەیر بوو منداڵێکی شیرخۆر ئەو وەڵامەی لەلابێت. لە پاش تەواوبوونی دەرسەکەو لێدانی زەنگی تەواوبوون بەدەنگێکی نزم لەسووچێکی پۆلەکە بە گیری هێنام و لێی پرسیم قسەی خۆتە.؟ گوتم نا قسەی کتێبەکانە. مامۆستا «ئیشەڵا» سەرێکی باداو هیچی نەگوت، هەتا ئەمڕۆش منی بەو حەسرەتە کوشتووە دەمویست بزانم بۆچی ئەو سەری باداوە، بۆچی هیچی نەگوت؟ دەمویست تێ بگەم، ڕاستم گوتووەیان نا...زۆرم لەگەڵدا کرد وەڵامی نەدامەوە. ئێستا ئەم پرسیارە لە تۆ دەکەم سەمەنگوڵ مردن چییە؟ گەر وەڵامت پێ نییە لە هاوڕێکانت بپرسە، با هەموومان لەیەک بپرسین مردن چییە؟ باوکت لەدایکت، خوشکت لەبراکەت، رەعیەت لەسەرۆکەکەی، نەنکت لەباپیرەت، هاوسێ لە دراوسێکەی، دولبەر لە دڵ بەچووەکەی، پشیلەش لە بکوژەکانی بپرسێت.. مردن چییە؟

گەر هیچ کامێکیشتان وەڵامی نەدامەوە، پرسیارەکە بە ڕووی خۆم بکەنەوەو لەخۆم بپرسنەوە، مردن چییە؟

– زۆر چاکە شەیتاری. با لەخۆتەوە دەست پێ بکەین مردن چییە؟

– سەمەنگوڵ من دەڵێم، چەند زیاتر سەرنج و ئاوڕ لە وردەکارییەکانی ڕابردوو بدەینەوە هێندە لە بەهاو نرخی ژیان کەم دەکەینەوە بۆیە «دەشێت مردن بەردەوامی بێت».

– قسەی خۆتە؟!

– نەخێرقسەی شێتەکانە. شێتیش بۆیە شێتە چونکە بۆی دەلوێت.!

وێستگەکانی هاتوچۆی مێترۆ

وێستگەی یەکەم : مێترۆو شەیتاری

وێستگەی دووەم: گرێبەستی من وتۆ

وێستگەی سێیەم: ناوەکان پەیوەندییان بەڕەنگ و باوەڕی بوونەوەرەکانەوە هەیە. ڕەنگەکان. حزب و باوەڕو وەرزی هاتنەبوونیان دەردەخەن.؟

وێستگەی چوارەم: ترس تا ئەوکات جوانە کە مۆتەکەی لێ نەبێتەوە، تا ئاستێکیش باشە هەبێت کە نەبێتە ئامرازێک بۆلە ناوچون.

وێستگەی پێنجەم: هەمووخاتر خواکان لەچواردەدا لە دایک دەبن و لە پانزەدا دەمرن.. گوڵ و نامە بۆنارەکانیش، تەنیا لە چواردە، بازاڕیان گەرمە.

وێستگەی شەشەم: دووچەرخە(پاسکیل) و دووکەڵی جگەرەکەم. تاقە یادگار بەجێماوی مەملەکەتی سەرخۆڕیمە.

وێستگەی حەوتەم: کاتێک بە وەهم دەبیتە برای خوشکە ئۆقرە لێ بڕاوەکان....بەلەناوچونیان لەتۆ زیاتر کێ بێت ماچکەری «کێلی» بێ نازیان.

وێستگەی هەشتەم: گەرکوشتنی باوکەکان، حەسانەوەی لێ بێتەوە، دەشێت شکاتی باوک (بەختەوەری)ی لێ بێتەوە.

وێستگەی نۆیەم: توڕەبوونی خودایە، یاخود بەدکاریی «مەلەکتاوسە»،، ڕۆحی مردووەوکان زیندودەکاتەوە.

وێستگەی دەیەم: بۆ دەبێت لای ئێمە شووکردن و ژنهێنان، گەڕانەوەی سەرکەوتووان، هەڵبژاردنی سەرۆکەکان. بۆنەیەک بێت بۆ هەژاندن و هەوەسی سەما؟ بۆچی شێرەکان نەتوانن لە جێ ژوانی ماسییەکان مەلەبکەن؟.

وێستگەی یانزەهەم: چییەتی لای ئێمە، «ئەو گوڵەیە کە نابێت بێ ئینجازەو مۆڵەت، بۆنی بکەیت، دەستی لێ بدەیت».

وێستگەی دوانزەیەم: ئەو شەوەی، پیاو ژنەکە(ی)، مندالٌ گالیسکەکە(ی)،قەحپەتێرکردنی زەوقی(ی)نیگارکێش تابلۆ تەواو نەبووەکە (ی)، سەرکردە. کورسییەکە(ی)، مەلامێزەر و مزگەوتەکە(ی)،"داشلانە"یش کلێساو(یەسووعەکەی) بەجێ هێشت



وێستگەی سیانزەیەم: شەوان ئێمە، حاکمی، شارین.

وێستەی چواردەیەم: کاتێک کەبەنزین فرۆشەکان دەیانەوێت ببنەگوڵ فرۆش،کەس نییەگوڵیان لێ بکڕێت.خاوەن مردووەکانیش نایانەوێت گوڵ بۆسەر گۆڕەکانیان بکرن.. نەکا ئازیزان بەبۆنی گوڵەکان زیندووببنەوە.

ویستگەی پانزهەم: شتێک نییە بەبچووکی لەدایک بێت، هەموو شتەکان بەگەورەیی لەدایک دەبن بەڵام لەسەرەتادا ئێمە بە بچووکی دەیان بینین!

وێستگەی شانزەهەم: ڕەشکۆشێرکوژ، هەرزوو ترسنۆکیی خۆی لەمەڕ مەخلوقاتەکانی دونیا نیشان دا...

وێستگەی حەڤدەهەم: بۆچی بڕیاڕی ڕۆیشتنتان دا؟ بۆچی وازتان لەگوڵ فرۆشتن هێنا؟ بۆچی شارتان بەجێ هێشت ؟

وێستگەی هەژدەهەم: ئەفسانەی هام پیاڵەکان، لە هەڵدانی پێک و ڕەنگی مەی نۆشیدا دروست نابێت، ئەوەی کەپێی وایە شتێک هەیە ناوی هاوڕێ، هاوخەمە، بەهەڵەداچووە... لەبەرئەوەی ژیان وەک سەردەمە کۆنەکانی نەزانی جێگیر نییە.؟

ویستگەی نۆزدەیەم: پایزێکم دەوێت گەڵازەردەکان بەنەمری خۆیان لە لقوپۆپی درەختەکان بهێڵنەوە هاوینێکم دەوێت، بەلیزمە باران ببارێنێت وخاکم بۆڕەنگ بکات. بەهارێکم لاپەسەندە نێرگز زاتی چرۆکردنی نەبێت

وێستگەی بیستەم : وەرزەکان بۆیە هاتونەتەبوون تابوونەوەرەکان لەسروشت زویرنەبن

وێستگەی بیستوویەکەم: ئێمەو ژیان گەمەدەکەین، هەردووکمان دەمانەوێت گرەولەیەک بەرینەوە

دەستنووسی یەکەم. شەوی پلنیوۆم، دواپاکنووسیش لەزەمەنی گەڕانەوەی نێرگز ی ٢٠٠٦ دا تەواکراوە